# بیرەوەری پێشمەرگەیەك

عاصی حوسێن محمود

كەركوك .................................... ٢٠١٧

ناوی کتێب : بیرەوەری پێشمەرگەیەك
نووسەر : عاسی حوسین مەحمود
تایپ : نووسەر
هەڵەچن : رزگار سابیر
چاپ : چاپخانەی ئاڤێستا / کرکوك
تیراژ : ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردنی ( ٤١ ) کتێبخانەی گشتی کەرکوك / بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی / کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٥ پێدراوە

# خوێنەری بەڕێز

نووســینو گێڕانــەوەی ئــەم بیرەوەریانــە، لەبــەر چــەند هۆیــەك بــوو، یەکەمیان: تا ئێستا هیچ پێشمەرگەیەك بیرەوەریـەکانی خـۆی نەگێڕاوەتـەوە، یـان مـن بەرچـاوم نەکـەوتووە، نووسـینەوەی بـیرەوەری بـووە بـە جۆرێـك لـە تـاپۆی مەسـئولو سـەرکردەکانی شـۆڕشو بەرپرسـە باڵاکـانی نـاو پارتـەکانی کوردستان، نووسـینو یادەوەری ئـەو سـەرکردەو بەرپرسـە باڵایانـەش، زۆرتـر پاکانە کردن بووە لە خۆیو، ئەو لایەنـەی کـە خـۆی کـاری تێـداکردوە، زیـاتر خەریکی بێ گوناهکردنی خۆیو تاوانبارکردنی لایەنەکانی تر بـووە، هیچیان یـان زۆر کـەمیان، باسـی ژیـانی پێشـمەرگەی سـادەی خـوارەوەی نـەکردوە، پێشـمەرگە چـۆن ژیـاوە؟، هەسـتە ئینسـانیەکانی پێشـمەرگە، مانـدوویتی، بێـزاری، خــەونی، شــەهید بــوونی، ســەرمابوون، ترســی، قســەی خــۆشو نوکتەکانی.

من نازانم تا کوێ سەرکەوتووم!، بەڵام هەوڵمداوە ئەوەی لە یادوەریما ماوە وەك خـۆی، بــێ لێ بــڕینو زیــاد کــردن تۆمــاری بکــەم، ئــەوەی لێــرەدا دەیخوێنیتــەوە بەشــێکە لــە بــیرەوەری ژیــانی پــڕ لــە چەرمەســەری پێشمەرگەیەك، ئەگەر خوای گەورە یـار بـێ بەشـی دیکەشـی بـە دوادا دێ..... سەرکەوتووبن.

**بۆ تۆ چوومە ژوانی مـەرگ، ئەی وولاّت مەرگ، خۆی پەیمان شکێن بوو، نەهات..**

## بیگەیێنە.....بێ دەنگی...

ئەگەرچی لە سەرەتای ساتەكانی یەكەمی شەوداین، بەڵام شەوێكی تاریكو ئەنگوستەچاوە، پێشینیان هەروا بە بەلاش نەیانگوتووە، تاریكە شەو سەر لە ئێوارە دیارە، شەوێكی تاریك تاریكە، بەپێی ئەم سەر لە ئێوارەیە بێ، بۆ ڕۆژبوونەوە ئاسمان پێویستی بە چەند خۆرێك هەیە تا ڕۆژی تێدا هەڵبێ بڕوا ناكەم ئەم هەموو تاریكیە بە تاقە خۆرێك بڕەوێتەوە، ڕۆژ چەند سەعاتێكە ئاوابووە بەو هەموو ڕووناكیەی كە هەیەتی نەیتوانیوە ڕووناكیەكی كاڵ، بۆ چەند سەعاتیكی كەم لە دوای ئاوابوونی بەجێ بێڵێ بۆ هیچ نا، تەنیا بۆ ئەوەی ڕێبوارانی وەك ئێمە بەر پێی خۆیان ببینن‌و بەس، من ئەگەر بەهۆی ترپەی پێ‌و تەقەتەقی بەریەك كەوتنی مەخزەن و تفەنگەكەیەوە نەبێ قەت ناتوانم ئەو پێشمەرگەیەی پێش خۆم بدۆزمەوەو شوێنی كەوم، ئێمە ئێستا ژمارەیەكی زۆری پێشمەرگەین لە ئاست گوندی حاجی قەڵاوە بە شاخی هەیبەت سوڵتاندا هەڵگەڕێین، دەنگی پێی پێشمەرگەو تەقەی ناڵی هێسترو بەریەك كەوتنی مەخزەن‌و تفەنگەكانی شانمان تێكەڵ بە پڕمەی ناوە ناوەی وڵاغەكان‌و غل بوونەوەی تاك‌و تەرای بەردی ژێر پێی كاروانەكەمان بێدەنگی ئەم شەوە تاریكەی شكاندووە، ئەم دەنگانە بەم تێكەڵ‌و پێكەڵیە ئاوازێكی زۆر خۆشە، بۆ كەسێك هێندێك لە دوورەوە گوێی لێبێ، بۆ كەسێك كە ڕێی بەم ڕێیە كەوتووە دەنگێكی ورە بەخش و ژیان بەخشە بۆ ئەوانەی دوو دڵن لە ڕاستی و ناڕاستی ڕێگەكە، بۆ ئەوانەش كە بە هۆی تەمەڵی یان ئیشی لابەلاوە دوواكەوتوون دەنگی نزیك بوونەوەو گەیشتنەوەیە بە كاروان، ئەمە دەنگی پێی كاروانی پێشمەرگەیە كە بەناوچەیەكی ئەمیندا تێدەپەڕێ، دەنگێك لە دواوەی كاروانەكە هات.

- بیگەیەنە پێش ئەوەی بگەینە سەر شاخ لادەن.

دوای ماوەیەکی کورت هەموو ڕماینە مل یەکتردا ، دەنگێکی تر.

- دانیشن، هەر کەس لە شوێنی خۆی دانیشێ.

دەنگێکی تر.

- پێکەن، جگەرە پێکەن.

حەزی جگەرە کێشان دەکەوێتە پێش حەزی حەسانەوە، لەم لادانو پشووە کورتانە، ئەوەی جگەرەکێشیش نەبوو لەم شوێنو حەسانەوە کورتە حەزی بە پێکردن و کێشانی جگەرەیەك دەکرد.

- وەڵا جگەرە هیچ تامێکی نیە ئەگەر دووکەڵەکەی دیارنەبێ.

ئەم دەنگە دەنگی ڕێبوارە چەند کەسێکمان نێوانە ئەو کەوتۆتە خوار منەوە لە شوێنەکەی خۆم هەستام.

- ڕێبوار ئەوە لە کوێی؟.

- وا لێرەم وەرە بۆ ئێرە.

چووم لەوێ دانیشتم هەموو جگەرەکانمان لە سەرەتای داگیرساندن بوونو مژی توندمان لێدەدانو ئاگری بە شەوقیان دەدایەوە.

- ڕێبوار چاوم بۆت گێڕا دیار نەبویت؟

- لەگەڵ کاك هەڵۆ لە دواوە بووین، وتمان نەك یەکێکتان پەکی بکەوێو جێ بمێنێ .

- ئینجا ئەگەر یەکێك پەکی بکەوتایە ئێوە چیتان لێی ئەکرد؟.

- ها..... وەڵا بەدیاریەوە دائەنیشتین تا ئەحەسایەوە.

دەنگێکی تر.

- ئەرێ ڕێبوارو کاك هەڵۆ هاتوون؟.

- بەڵێ ئەوە نێرەین.

ئەم وەڵامە وەڵامی هەڵۆ بوو، هەڵۆ هەمیشە لە باتی ئەوەی بڵێ لێرەین، دەیگوت (نێرەین) ئەمەش بەشێك بوو لە قسە خۆشەکانی کاك هەڵۆ، دەنگێکی تر.

- ڕێبوار ئەوە بۆ بێدەنگی؟.

- وەڵا گوتم مژێ لە جگەرەکەم دەم باشترە.

لە هەموو لایەکەوە بوو بە پێکەنین ، پێکەنین‌و جگەرە دوو هاوڕێی زۆر نزیکی پێشمەرگەن، ئەگەر ئەو دوانەو قسەی خۆش‌و قوتی ڕێبوارو ڕێبوار ئاساکان لە پێشمەرگە بسەنیتەوە، مەلا مستەفاو مام جەلالیش بی، چوار ڕۆژ بە شاخەوە خۆت ناگری، دوێنێ ئەم کاتە، لە گوندی تیژە بووین، تیژە ئاواییەکە لە قەدیما لە گوندی تلیان جیابۆتەوە پێ ئەچێ هەر لەبەر ئەم جیابوونەوەیان، تلیانیەکان ناویان نابن تیژە!، وەك تۆڵە کردنەوەیەك، لە ئەنجامی جیابوونەوەیان گوایە تیژییان بووبێتە هۆی جیابوونەوە، بەڵام تیژەییەکان نەك هەر تیژ نین!، بەڵکو خەڵکێکی زۆر نەرم‌و میهرەبانن، دوێنێ شەو لە تیژە نامەیەکی تیپمان پێ گەیشت لە نامەکەدا، داوا کرابوو لە ماوەیەکی کورتا بگەینە لای تیپ لە گۆپتەپە سەید برایم کە فەرماندەی کەرتەکەمان بوو فەرماندەیی خۆی سەلماندو هەر ئەو شەوە گەیاندمانیە گوندی گۆپتەپە، کە گەیشتین هێزێکی دیکەی وەك خۆمان لەوێ بوون، ماوەیەکی کورتی دوای گەیشتنی ئێمەش هێزێکی دیکەمان گەیشت، هەر سێ هێزەکە، بەبێ ئەوەی کەسمان نوێژ بکەین!، لە مزگەوتی گوند کۆبوینەوە، مام ڕۆستەم کە فەرماندەی تیپ بوو، ئەویش لە مزگەوت بوو، مام ڕۆستەم

هەندێك ئامۆژگاریو ڕێنو ێنی داینێ کە هەموومان وەك ناوی خۆمان لە بەرمان بوو.

سەرکردایەتی شۆڕش داوای هێزێکیان لێمان کردوە ئێمە بڕیارماندا بۆ ئەم جارە کەرتی یەك و کەرتی سێو کەرتی تیپ کۆبکەینەوە لە هێزێکداو بینێرین بۆ لای سەرکردایەتی، ئەگەر جارێکی تر داوای هێزیان لێ کردین کەرتەکانی دوو و چوار و پێنج دەنێرین، ئێوە لە سنوورەکە دەمێننەوە ئەوەش بۆ ئەوەی سنووری کەرکووك خالّی نەبێ لەپێشمەرگە، بۆ ئەم هێزە کە ئێستا کۆبوونەتەوە، سەید برایم لەم ساتەوە فەرماندەی هەر سێ کەرتەکەیە، کە کراون بە یەك هێز، داواتان لێ دەکەم هەموو گوێ ڕایەڵی بن‌و هەر کارێکیان پێتان سپارد وەك پیشەی هەمیشەییتان قارەمانانە، جێبەجێی بکەن.... هتد.

شەو لەوێو لەو مزگەوتە خەوتین‌و بەیانی شۆڕ بووینەوە بۆ دەم زێی گۆپتەپە، دوای نیوەڕۆ لە زێ پەڕینەوە بۆ بەری کۆیە لە گوندی (کانی بیە)وە بەسواری تراکتۆرو عارەبانە بەرەو بناری شاخی هەیبەسوڵتان بەرێ کەوتین، پێش بانگی مەلای مەغریب گەیشتینە گوندی حاجی قەلا، ئەم ناوە، ئەم گوندە، بۆ من ناوێکی تازە نەبوو، دەیان جاری تر ناوی ئەم گوندەم بەر گوێ کەوتبوو، بەلاّم یەکەم جارە وا نزیك بومەوتەوە لە بینینی قەت، بەخەیاڵشمدا نەدەهات لە شەوێکی وەك ئەم شەوە، ڕێم تێی بکەوێ، حاجی قەلا کەوتۆتە ناو قوڕگی چیای هەیبەت سوڵتان‌و هەڵکەوتەی شوێنێکی سەخت‌و شاخاویە دۆڵی قوڵ‌و شاخ‌و هەڵەت‌و پەڵەتێکی زۆری تێدایە، پێشمەرگەکانی پێش ئێمەو سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، زۆر جار هاتوونەتە ئەم دێیە، بۆ نان خـــواردن‌و پشووی کورت‌و کاتی بە کەڵك

بـووه هـەر لـەو سـەرو بەنـدەداو لـە سـاڵی ١٩٧٧ خـاڵم جمیـل لەگـەڵ دوو پێشمەرگەی هاوڕێی ڕێیان دەکەوێتە حـاجی قـەڵا، نـازانم وەخـت کـەی دەبـێ بەڵام بە ڕۆژەوە بـووە، کەسێك خەبـەریان لـێ دەدات، تـا ئێسـتاش نـەزانـدراوە ئـەو کەسـە کێیـە، هێزێکی زۆر لـە جاش و جـەیش بـە هێـزی عاسمانیشـەوە دێنێتـە سـەریان ئـەمان تـەنیا سـێ پێشـمەرگە دەبـن، دەگێڕنـەوە بـە قـەدەر ژمارەی دەیان شـــارە مێروولـە عەسکەر وجاشیان دێتـە سـەر، زیـاتر لـە دە کۆپتەرش لە ئاسمانەوە ئاگر بارانیان دەکات ئـەمانیش تەسلیم بـە هێزەکـەی دووژمن نابن، دەگێڕنەوە شەڕێك قەوماوە لە بـەینی ئـەو سـێ پێشـمەرگەیەو لەشکری جاش‌و عەسکەرا سەرو بنی دیار نابێ، هەر دوو پێشمەرگەکەو خـاڵم جەمیلش دەکوژرێن، بەڵام بەر لە کوژرانی خۆیان، لـە ژمـارەی خۆیـان زیـاتر، لە دوژمن دەکوژن، لە ناو کوژراوەکانی دوژمندا، ئەفسەرێکیان تێدا بـووە، ڕۆژ لـە ئـاوابوون دەبـێ لەشـکری جاش‌و عەسـکەر دەکشێنەوەو تـەرمی هـەر سـێ پێشمەرگەکەش لە مەیدانی شەڕەکەدا جێ دەمێنێ، خەڵکی ئاوایی هەر چۆن دەبـێ تەرمـەکان بـەبێ شـۆردن‌و کفـن کـردن دەشـارنەوە، بـۆ ڕۆژی دوایـی نەعمانە گۆچ کە ئـامۆزای خـاڵم جەمیلـەو خۆشـی سـەر دەسـتەی دەسـتەیەك پێشمەرگەی ئەو سەردەمە دەکات، دەچێتە حاجی قـەڵاو مـەلای دێ‌و خـەڵکی ئـاوایی دەوری لـێ دەدەن، ئـەویش لـە تـەرمی شـەهیدەکان دەپرسـێ خـەڵکی ئاوایی دەڵێن.

- سێ پێشمەرگە شەهید بوونە دووانیان خەڵکی دێیـەکانی نزیـك خۆمـانن و کەس و کاریان تەرمەکانیان بردۆتەوە تەنیا جەمیل ماوە، نەعمانیش دەڵێ ئـەو جەمیلـە کـوڕی مـامی منـە هـاتووم تەرمەکـەی کفـن و دفـن بکـەین‌و بینێژین، خەڵکی ئاوایی کارئاسانی‌و هاوکاریەکی چاکی خاڵـە نـەعمان دەکـەن

له تاقەت کردنی تەرمەکە، مەلای گوندش بەپێی شەریعەتی ئیسلام کاری پێویستی بۆ دەکات، خاڵە نەعمان دوای ئەو مەراسیمە دەڕوات‌و ناوچەکە جێدێڵێ، بەڵام هیچ کەس لەخزمانی دایکم، ئەم هەواڵەیان بەڕاست‌و دروستی بە دایکم نەدەووت، هەر یەکەو شتێکی دەگووت ، یەکێك دەیگوت ، جەمیل دەرچووە دوانەکەی کە لەگەڵی بوونە کوژراون، یەکێکی تر دەیگوت جەمیل هەر لەگەڵیان نەبووە، یەکێکی دیکە، دەیگووت جەمیل بریندار کراوەو بە برینداری پێشمەرگە لە دەست دووژمن دەربازیان کردووە، بەم شێوەیە، کەسێك نەبوو هەواڵێکی ڕاست بەدایکم بگەیەنێ، بۆیە دایکم بەردەوام لە شین‌و گریان بوو بۆ خاڵم، ئێمەش لە کەرکووك پێمان وابوو حاجی قەڵا کەوتۆتە چیای قافەوە ئەگەر پێشمەرگە نەبی ناکرێ بیدۆزیتەوە، وەك پاکانەیەکیش بۆ خۆم من لە سەرەتای تەمەنی هەرزەکاریا بووم بەزەحمەت دەگەیشتمە ئەحمەداغاو چایخانە حەسیرەکەی ناو شاری کەرکووك، وا ئێستا لە ڕاستی ڕووداوەکە نزیك دەبمەوە، خاڵم لە گەڵمایەو ڕۆژانی ڕابردووی دێتەوە بەر چاوم، زەمانی پێشمەرگایەتی بە بەرگە خاکی‌و دوو ڕیز فیشەکدانەکەیەوە لەگەڵما ڕێ ئەکا، لە چاوی منا خاڵم بەو شێوەیە زۆر جوان بوو هەزار جار خۆزگەم دەخواست لە چەند سەعاتێکا گەورەبم‌و وەك خاڵم بەرگێکی بۆر لەبەرکەم‌و برنەوێکم هەبێ‌و دوو ڕیز فیشەکدان لە خۆم ببەستم، پاش نسکۆو سەرلێشێوان‌و نەمانی شۆڕش‌و تەسلیم بوونەوەی بە کۆمەڵی پێشمەرگە خاڵم دەبینم کرێکاری دەکات، من لە پۆلی یەکی سەرەتاییم دەچم بۆ مەکتەب، خاڵم دەبینم بەرد ئەکێشێتەوە بۆ ئەو ماڵەی تازە خەریکی خانوو کردنن سێ چوار ماڵ لەو لای ماڵ خۆمانەوەن، بۆ ماوەیەك خاڵم وون بوو لەپڕ هەواڵ هات ، پێشمەرگە

سەریان هەڵداوەتەوە، جەمیل چووە بۆتەوە بەپێشمەرگە، پاش ماوەیەك هەواڵ هات ، جەمیل و دووان لە هاوڕێکانی لە گوندی حاجی قەڵا، جاش و عەسکەر چوونەتە سەریانو کەس نازانێ چییان بەسەر هاتووە!، من زیاتر ترس دەمگرێ نازانم سۆراخی بکەم یان نا، ئەترسم هەواڵی شەهید بوونەکەی ڕاستبێ، ئەی کێ نالێ ئەوە ڕاست نیە، کە زیندووەو چەند پێشمەرگەیەکی نزیکی ئەو ناوە فریای نەکەوتوونەو دەربازیان نەکردووە، پێشترو لە زەمانی مندالی ئێمەدا زۆر باسی خدری زیندەیان دەکرد، دایکم دەیگوت، هەر کەسێك لێی بقەومێ یان ڕێگا بزرکات، هاوار بۆ خدری زیندە ببات، خدری زیندە، بە هاواریەوە دێت و نەجاتی ئەدات لەو تەنگانەیەی کە تێی کەوتووە، من ئەم گووت.

- دایە خدری زیندە کێە و چۆنە؟

- رۆڵە خدری زیندە پیاوێکی پیری زۆر نورانیو خاوێنە، بەرگێکی ئاودامانی سپی لە بەردایە، کلاوێکی سپی پاك پاکی لە سەر ناوە، هەر کەسێکی لێ قەوماو هاواری بۆ بکات، دەسەو عەجەل ئەگاتە سەریو نەجاتی ئەدات .

- دایە ئەی بۆ ناوی زیندەیە؟.

- چوونکە زیندوە و قەت نامرێ ئەوە لە ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە، ئاوی زم زم.

- دایە گیان ئەوە نیە مام عەزیز چوو بۆ حەجو لە ئاوی زم زمیشی خوارد و کەچی لە حەج نەگەڕایەوەو مرد؟!.

- ئـاخر خـدری زنـده داوای لـه خـوای گـەوره کـرد، نـەیمرێنێ، خـواش فەرمووی خدر بڕۆ ئاوی حەیات بخۆ، قەت نامری ئەو بە ئەمری خوای خالق ئاوەکەی خواردۆتەوە، تێگەیشتی؟.

خۆزگە خالّم جەمیل لەو لێ قەومانە، هاواری بۆ خدری زیندە کردباو خدری زیندەش بۆ ئەوەی خۆی لەبەر چاوی جاشو جەیش ون کا، بەرگێکی خاکی پێشمەرگانەی لە بەر کردبێو خالّمی ڕزگار کردبێ، دوای ئەوەی گەیشتینە بەردەم مزگەوتی ئاوایی فەرماندەی هێزەکەمان سەید برایم دڵنیا بوو لەوەی هەموو پێشمەرگەکان گەیشتوون داوای لە ئەنجوومەنی گوند کرد، بۆ نان خواردنێکی بەپەلەی ئێوارە بەسەر ماڵەکانی ئاواییدا دابەشمان بکات.لەگەڵ پێشمەرگەیەکی ترا بەر ماڵێك کەوتین نایەتەوە بیرم پێشمەرگەکەی هاوڕێم کێ بوو، بەلام کابرای خاوەن ماڵم قەت لە بیرناچێتەوە، کابرایەکی کورتە بالای چوار شانەی ڕەنگ مەیلەو ئەسمەر بوو، شەروالو چۆخەیەکی رەشی لەبەر بوو، پشتێنی لەپشت نەبوو، من زۆر دوو دڵ بووم لە پرسیار کردن، لەوە دەترسام هەواڵی کوژرانی ڕاستەقینەی خالّم ببیستم زۆرم هاوردو برد خۆشم نەمزانی چۆن، بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم پرسیارەکە هات بەسەر زمانما بەدەم نان خواردنەوە لە خانەخوێم پرسی:

- ئەرێ خالۆ پێنج شەش ساڵ پێش ئێستا شەڕێك لەم دێیەی ئێوە بوو، سێ پێشمەرگە لێرە بوون، هێزی جاش و جەیش دابووی بە سەریانا، تۆ لەو کاتەیا لێرە بووی، یان هیچ دەزانی دەربارەی ئەو شەڕە ؟.

خۆزیام دەخواست خانەخوێ بڵێ هیچ شەڕێك لێرە نەبووەو هەواڵی واشم نەبیستووە ، کابرای خاوەن ماڵ زۆر بە هێمنیو بە دەم نان خواردنەوە گوتی:

- بەڵێ وابوو، ئەرێوەڵا منیش لە ئاوایی بووم سێ پێشمەرگە لێرە کەوتنە بەر هێرشی جەیشوو شەڕێکی باشیان کردو هەر سێك شەهید بوون یەکێکیان ناوی جەمیل بوو ناوی ئەوانەی دیکەشی گووت، بە دوورو درێژی وەك پێشتر چۆنم باس کرد، باسی چۆنیەتی شەڕەکەی گێڕایەوە، ئێمە چاشمان خواردو خەریکی خۆ تووندکردنەوە بووین، کابرای خانەخوێ هەر لێ نەببۆوە، تفەنگەکانمان دا بەشانداو لە ماڵئاواییا بووین کابرای خاوەن ماڵ پرسی:

- کاکە، خۆ کەسی ناسیاوو خزمی ئێوە لەو شەڕەدا نەبوو؟!.

- بەرەوەڵا خاڵە گیان، ئەو جەمیل ناوە خاڵم بوو .

خانەخوێ زۆر پەرۆش‌و پەشیمانیش بوو لەو بەڵێ و گێڕانەوەی بەسەرهاتە بەڵام ئێمە سوپاسمان کردو بەرەو مزگەوت کە شوێنی کۆبوونەوەی هەموومان بوو، بەڕێ کەوتین، بەجەستە لەگەڵ هاوڕێکەم بەرەو مزگەوتی ئاوایی دەڕۆیشتین، بەڵام خەیاڵ، گێڕابوومیەوە بۆ چەند مانگێ بەر لە ئێستا.

لە گوندێکی نزیك ئاوایی، گۆپتەپە بووین، خۆر لە ئاوابووندا بوو هەموو پێشمەرگەکان لە خڕبوونەوە بووین، بۆ دابەشبوون بەسەر ماڵانی ئاوایی، بۆ نان خواردنی ئێوارە، شۆڕش قەرەهەنجیری جیهازێکی ڕەشی دوو بست، درێژی بە دەستەوە بوو خۆشی سمێڵێکی ڕەشی زلی هەبوو، هات بەرەو ڕووی من بە پێکەنینێکی دۆستانەوە گووتی:

- تۆ دەبێ بچی بۆ گۆپتەپە داواتیان کردووە.

هەواڵێکی سەیر و غەریب بوو ،

- کێ داوامی کردوە ؟! .

له سەر هەمان ڕیتمی پێشوو گووتی .

- کەس و کارت هاتوونە بۆ لات لە گۆپتەپە چاوەڕێتن بچۆ بۆ لایان.

- باشە ئێوە هەر لێرە دەمێننەوە؟.

- نا ئەگەر هاتیتەوە وەرە بۆ تەکباسان ئێمە لەوێین.

بەڵێ باشەو خواحافیزیەکم لێی کردو کەوتمە ڕێ، تا من لەو ئاواییەی لێی بووین دەرچووم، دنیا بوو بە شەو، لە ناوتاریکی شەودا بە تەنیا ڕێم دەکرد، جگەلەو ڕێگایەی کەپێیدا دەڕۆیشتم سپی دەچۆوە، هەموو شتێك کەوتبووە ژێر تاریکیو بێدەنگی شەوەوە، خەیاڵی زۆر بە مێشکما هاتووچۆیان بوو، چۆنیان زانیووە ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ سنووری کەرکووك؟!، ئێمە ئەوە چەند مانگێکە خەریکی شەڕی خۆکوشتنو خۆ سووککردنین خۆکوشتن بە تفەنگو خۆ سووککردنیش لە ڕێگەی ئیزگەو ڕادوێکانمانەوە، ئەم شەڕی خۆبەخۆییە بەجۆرێکی وا داگیری کردبووین کەسوکاری خۆشمان لە بیر نەما بوو تا هەواڵ یان نامەیەکیان بۆ بنێرین ، دوای شەڕو کوشتاریش، هێشتا نەمانتوانیوە ئاگاداریان بکەینەوە لە گەڕانەوەمان ، ئای کاتێك ئێمەی براکان، چنگمان ناوەتە خوێنی یەكو خەریکی ڕاو ڕاوێنی یەکتر بووینە ئەمان کەس و کاری پێشمەرگەی هەموو ڕەنگەکان ئەبێ چەند سەغڵەت بووبێتن بۆ گەوجێتیمان!، ئەگەر دڵیان هاتبێ ئەبێ چەند دووعای حەقیان لێمان کردبێ، نا قەت دایكو باوك دڵیان نایە دووعا لە کوڕەکانیان بکەن، بەڵام دڵنیام زۆر دووعایان لە سەرکردەو مەرکردەکانمان کردووە ، حەقیانە ئەگەر بڵێن ، ئێمە کوڕمان گەورە کردو ناردمانن بەرگری لە شەرەفمان بکەن کەچی ئێوە لەو شاخە چۆڵو دوورە دەستانە بەدەستی یەکتر بەکوشتیان دەدەن؟!، تۆ وەرە سەیری دڵی دایك و

باوك كە، كوڕێكی پێشمەرگەی بەدەستی پێشمەرگەیەكی تر بكوژرێ، ئەو پێشمەرگە بكوژەش بەدەستی جاشێك بكوژرێتەوە!!، باوكم ئەگەر شتێكی وەك ئەمە سەخیفو بێ سەروبەری بدیتایە دەیگووت: ئەمە چەنی بە چەن؟!!، دڵنیام باوكم چەندین جار ئەم چەنی بە چەنەی گوتووە، بەدەم ئەم خەیاڵانەوە گەیشتمە گۆپتەپە، نازانم پێتان بڵێم چۆن چۆنی دۆزیانمەوە ئەوەی دێتەوە بیرم لە حەوشێكی گەورەی ڕۆشن بە گڵۆپی كارەبا دانیشتبوون بەخۆشیەكی زۆرەوە چاوەڕێی گەیشتنی من بوون، چومە حەوشەو بەتاسەیەكی زۆرەوە باوەشمان بۆ یەك كردەوە، ئەو شەوە من بیرم چوو بۆوە كە گەورە بوومەو پێشمەرگەشم، كاتێك كە لە پاڵ دایكمەوە دانیشتبووم ببومەوە بە منداڵەكەی جاران، چاوەڕوانی دەستی دایكم بووم كەی دەس ئەكا بە گیرفانی كەواكەیاو نەعنا یەكم ئەداتێ، ئینسان چەن گەورە بێ لە تەمەنو لە ئاستی كۆمەڵایەتیو ئاستەكانی دیكەی ژیان، لە هەر ئاستێكی بەرز یان ئاسایی بێ، كە دایك و باوك دەبینێ هەر منداڵەو دەبێتەوە منداڵەكەی پێش گەورە بوون، من ئێستا چاوەڕێی دەستی دایكمم نەعنایەكم بداتێ لەو نەعنا سەوزو سوورە تام تفتانەی كە بەردەوام لە گیرفانی كەواكەی دابوون، ئای چەن خۆشو بە تام بوون ئەو نەعنایانە، قەت تامی ئەو باڵۆڵەیەشم لە بیر ناچێ كە دایكم لە كاتی كفتە كردنا كەوچكێ گۆشت و پیازی لە مەنجەڵە گچكەكەی بەر دەستی بۆم ئەكردە ناو ئەو پارچە نانەوە، كە بۆیم ڕاگرتبوو، توو بڵێی دایكم نەعنای بۆم نەهاوردبێو بڕوای وابێ گەورە بوومە؟!، نا.... كەی دایكو باوك بەچكەی خۆی بە گەورە زانیووە، ئەگەر سەرو ڕیشیشی سپی كردبێ، ئەوا دایكم لە شوێن خۆی هەستاو ڕۆیشت بۆ لای ئەو پریاسكانەی كە لە شارەوە لەگەڵ خۆی

هێنابوونی زەرفێکی کاغەزی لێ جیا کردەوەو هێنای ها کوڕم ، نەعنا نەبوو لوقمی شوروبیو کونجی تێدا بوو، شەوێکی خۆشو منالانەم لەگەڵ ماڵەوە بەسەر برد، بەیانی ئەوان بە پیکابەکەی ئاوایی گەڕانەوە بۆ شارو منیش هەر ئەو ڕۆژە پەیوەندیم بە هاوڕێکانمەوە کرد لە گوندی تەکباسان.

ئەگەر ئەمجارە دایکم بێتەوە بۆ لام، ئەو لوقمو کونجیم بۆ دێنێ، منیش هەواڵی مەرگی خاڵمی ئەدەمێ!!

- تاوێکی تر مانگ هەڵدێ.

ئەمە دەنگی پێشمەرگەیەکی لەئێمە گەورەترو شارەزاتر لە هەڵاتنو ئاوابوونی مانگو ڕۆژ بوو، پێشمەرگەیەکی تر

- ئەی لە ئێوارەوە لە کوێ بوو ئێمە هەموو نووخانەکانی پامان شکا ئەوەندە شەق لە بەرد هەڵدەین.

ئامانج چالاوی، وەك بایەکی هێمن لە پێشەوەی کاروانەکەوە بەرەو خوار ئەهات، هەر چەند هەنگاوێك ئەمەی دوو بارە ئەکردەوە ،

- برادەران جگەرەکانتان تەواو کەن هەستن ئەڕۆین .

هەموو پێشمەرگەکان هەستاین خۆمان تەکاندو ئامادەبووین بۆ ڕۆیشتن، دوای بەڕێکەوتنی کاروانەکەمان بە چەند هەنگاوێك دەنگێکی تر لە پێشەوەی کاروانەکەوە هات.

- (بیگەیێنە) هەمووتان پێشو دوای خۆتان بناسنو جێ گۆڕکێ مەکەن.

- هێشتا مابوومان بگەینە سەر شاخو ئاوابین بەدیوی دۆڵی خەلەکانا دنیا وردە، وردە ڕووناك ئەبۆوە، لە ماوەی چەند دەقیقەیەکی کەما مانگ گەیشتو کەوتە ئاسمان ، مانگێکی گەورەو ڕووناك جوانو درەوشاوە ئاسمانی وڵاتو بەر پێمانی رۆشن ئەکردەوە، ئیتر نەك هەر بە دەنگ و ناو یەکترمان

ئەناسیەوە، بە ڕەنگو ڕوخساریش چوار پێنج کەسی پێش خۆمانو چەندین کەسی پشت خۆشمان ئەناسیەوە.

- یاخوا بەخێر بێیت، ئەمە توو لە کوێ بوویت، ئەمە دەنگی نیوە بیستراوو ناخی هەموو پێشمەرگەیەك بوو، لە کەلە ملێکی سەر شاخەوە ئاوابووین بە دیووی دۆڵی خەلەکانا، خەلەکانو پەڵە پەڵەی ئاواییەکانی سەر جادە گلۆپەکانیان ئەدرەوشایەوە دیمەنێکی زۆر جوانو سەرنج ڕاکێشی هەبوو، تەمێکی تەنك نیشتبووە سەر شاخەکانی ئەوبەرمان لە ژێر تریفەی ئەو مانگاشەوە ئەوەندەی تر جوانی بەو شەوە بەخشی بوو، دەنگێکی تر لە پێشەوەی کاروانەوە هات.

- بیگەێێنە ، تفەنگەکانتان بکەنە شانی چەپ.

ئەم پەیامە گەیشتە منو منیش گەیاندمە پێشمەرگەکەی دوای خۆمەوە، ئەم دەنگەو بیگەێێنەیە بە شێوەی چرپە دەووتراو کەمتر لە ماوەی یەك دەقیقەدا، ئەم سەر و ئەو سەری کاروانەکەی ئەکردو، هەموومانیش گوێ ڕایەڵی بووینو لە کورترین ماوەدا جێبەجێ ئەکرا، (بیگەێنە) لە شێوەی فەرمان لەسەر یان لە پێشەوەی کاروانەوە ئەهاتو هەر بەم شێوە فەرمانە تا دوا پێشمەرگەی کاروانەکە ئەڕۆیشت، هەندێك جاریش لە دواوەی کاروانەوە (بیگەێێنە) ئەهات وەك، بیگەێێنە یەکێك لە پێشمەرگەکان پەکی کەوتووە، یان بیگەێینە فلان پێشمەرگە جێماوە یان نەهاتووە، بیگەێنە، باشترینو خێراترینو سەلامەترین ئامرازی پەیوەندی نێوان کاروانی ڕۆیشتنی پێشمەرگە بوو، هیچ جیهازێکی پەیوەندی نەی ئەتوانی ئەو پەیوەندیە تاك بە تاکە دابین بکات، چونکە جیهازی بێتەل خشەخشی هەبوو، پێویستی بە دەنگ بەرزکردنەوە بوو کاری تێپەڕینی کاروانی پێشمەرگە بە نێوان هێزی

دووژمـن و پەڕینـەوە لەسـەر جادەی گشتی، پێویستی بـە بێدەنگیـەکی زۆرو پەیوەندیەکی بێ دەنگ هەبوو ، من وەك هەموو پێشمەرگەکان تفەنگەکـەمم لە شانی ڕاستەوە گۆڕی بۆ شانی چـەپ، بـەڵام نـەشمزانی حیکمـەت لـەم شـان گۆڕینە چیە!، چەندین جاری تـر بـە شـوێنی مەترسـیدارو پەڕینـەوەی سـەر جادە گشتیەکانا تێپەڕ ببووم، هۆی بیگەێنـەکانی وەك، بیگەێنـە، کـەس قسـە نـەکا، کـەس نـەکۆکێ، کـەس نەپشـمێ، زۆر جـار پێشـمەرگە قسـە خـۆش‌و سوعبەتچیەکان ئەمەشیان بۆی زیاد ئەکرد، بیگەێنە کـەس قسـە نـەکا، کـەس نەکۆکێ، کەس نەتڕێ.

هەندێك ئاگاداری تر هەبوو، پێش ئەوەی بگەینە ناوچەی مەترسیەوە بـە پێشمەرگە ئـەگوترا، وەك: لێـرەوە کـەس جگـەرە نەکێشێ، هـەمووتان پـێش‌و دوای خـۆی خۆتـان بناسـن، پـاتری لایتـەکانتان ئەمـدیوو ئـەو دیووکـەن، بـۆ ئـەوەی لـە مەترسـی هـەڵبونی لایتـی نەویسـتراو بـەدووربین، لایتـی گیرفـان‌و قــەدی پێشــمەرگە ئــەلێم، قســە کــردن‌و دەنگــە دەنــگ قەدەغەیــە، نێــوان پێشـمەرگەیەك‌و پێشـمەرگەیەکی تـر لـە یـەك مـەتر زیـاتر نـەبێ، زۆر جـار لـەوەش کـەمترە بـوو، تـا لـە جادەی گشتی‌و لـە مەترسـی نزیـك ئەبووینـەوە بیگەێنەکان خێراترو زۆرتر ئەبوون، ماوەیەکی تر ڕۆیشتین.

- بیگەیێنە بێدەنگی.

دەنگێکی تر،

- بیگەیێنە پێ هەلگرن.

ڕۆیشتنمان خێراترو توندتر کـرد، بـوو بـە نیمچـە غـاردان دوای یـەك دوو دەقیقەی ڕۆیشتنی غاراوی، پێی ڕاستم گەیشتە سەرجادەی قیرو دوای چـەند دەقیقەیەکی کـەمی تـر، گەیشـتینە گونـدی بـاداوانی بنـاری شـاخی کۆسـرەت،

خـانووی یەکـەمی ئاواییمـان لـێ دەرکـەوت، گەیشـتینە نـاو گونـد پێشـینەی کاروانەکەمان گەیشتۆتە مزگـەوت و ڕێنـوێنی پێشمەرگەکانی تـر ئـەکات بـە دەنگێکی نزمتر لە بانگ کردنی ئاسایی،

- وەرن کاکە وەرن لێرە ئاو بخۆن.

غەڵبـە غـەڵبێکی زۆرو ڕوونـاکی یـەك لایـت ئەبێتـە ڕێ نیشـاندەری ئـاو خواردنەوە، دەنگێکی بەرزتر.

- بـرادەران هـەموو بڕۆنـە نـاو مزگەوتەکـەوە ئیسـراحەتێك بکـەنو نیـو سەعاتی تر ئەڕۆین .

کـە چـووینە نـاو مزگەوتـەوە لەبـەر ئـەوەی ژمـارەی پێشـمەرگەکان زۆر بووین بە زەحمەت جێمان دەبۆوە، ئەوانەی زۆر هیلاك بوون هەر بە تـاخمو تفەنگەکانیانــەوە ڕاکشـانو بەشـێکش بـە چـوار مشـقیو بـە پـاڵ یەکـەوە دانیشتبووین،

ڕووم لە ساڵح سەیدانی کردو ووتم:

- کاك ساڵح، بۆچی تفەنگەکانمان ئەم شان و ئەو شان کرد؟ .

سـاڵح سـەیدانی یـەکێك بـوو لـەو تێکۆشـەرانەی، ماوەیـەکی درێـژ بـوو پێشمەرگەو سەر دەستەش بـوو، پیـاوێکی دنیـا دیـدەو خـاوەن تەجروبەیـەکی زۆری ژیانی پێشمەرگایەتی بوو، سەیدانی فەرمووی:

- ئەوە لەبەر ئەوە بوو ئێمە ژمارەیـەکی زۆر بـووینو کاروانەکـەمان درێـژ بـوو، مـانگ لـەلای شـانی ڕاسـتمانەوە هـەڵاتبوو ئەگـەر شـانمان نەگۆڕیایـە تفەنگەکانی شانمان شەوقی مانگی ئەدایەوەو ئەبووین بە یـەك ڕیـزی درێـژی ڕوناکی بۆ دووژمنو هەستیان پێمان ئەکرد. وەڵامێکی موقنع و مـەنتقی بـوو لـەلام، دوای پشوویەك کـە دووەم پێشـمەرگەش حەرەسـیاتی تـەواو کردبـوو،

هەر پێشمەرگە ئیشکگرەکە بەدەنگێکی هەندێك بەرز ئاگاداری پێشمەرگە ڕاکشاو و دانیشتووەکانی ناو مزگەوتەکەی کردەوە:

- برادەران هەڵسن ئەڕۆین.

دوای ئەم نیمچە بانگە هەموو هەستاین و لە مزگەوت هاتینە دەرەوە، غەڵبە غەڵبی بەردەم دەرگای ژووری مزگەوت، کوا ئەو لایتە بۆ ئێرش لێدە، کوا پێڵاوەکانم، ئەرێ تاکێ لەپێڵاوەکەی منیش دیار نیە، توخوا ئەوە پەڕیوەتە ئەو لای تووەوە بمدەرەوە، کاکە توزێ لەسەرخۆ بن ئەو دەنگە دەنگە چیە، کاکە مەیکەن بە چراخان هەربا یەك لایت بێ، غەڵبە غەڵبێکی زۆر بۆ ماوەیەکی کەم و هەموو هاتینە دەرەوەی مزگەوت و لایتیش کوژایەوە، لە مەیدانە گچکەکەی بەردەم مزگەوتەکە کۆبووینەوە.

- دەی کاك دلاوەر بە ڕێکەون، کاك هەڵۆ تۆش لە ئاخرەوە بە، کاك پۆلا، کاك سەربەست هەموو تەواون.

ئەمە دەنگی سەید برایم بوو، فەرماندەی هێزەکە، دوو سێ دەنگ پێکەوە وەڵام ئەداتەوە .

- بەڵێ کاك سەید بکەوینە ڕێ؟

- بەڵێ کاکە بە ڕێ کەون .

جارێکی تر کەوتینەڕێ، ئەو پێشمەرگانەی کە زۆرتر تێکەڵاوی یەکتر بوون سەریان ناوە بە یەکەوە چرپە چرپیانە بکەونە پێش و دوای یەکترەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگا پێکەوەبن، وا گوێم لێیە عەلی عاسمان و ڕێبوار بە دوای مندا ئەگەڕێن، بە دەنگێك کە گوێیان لێ بێ بانگم کرد، عەلی، ڕێبوار، وەرن با بکەوینە ڕێ، هەردووکیان هاتن من خۆم خستە نێوانیان، خۆشبوو لە ڕێگا ئەمتوانی لەگەڵ هەردووکیان قسە بکەم و وەڵامیشیان بدەمەوە.

- ڕێبوار بۆ کوێ ئەڕۆین؟.

- نازانم لە عەلی بپرسە، دوایی بە منیش بڵێ.

- عەلە بۆ کوێ ئەچین؟،

- عاسمان من چوزانم.

پێش ئەوەی من هیچ بڵێم ڕێبوار لەبەر خۆیەوە گووتی تڕحێوو، تێگەیشتم ڕێبوار گوێی لە وەڵامەکەی عەلی بووە، بەڕێ کەوتین و مانگ بە هەموو جوانیو ڕووناکی خۆیەوە لەسەر سەرمانە، توولە ڕێو بزنە ڕێو شاخ و دۆڵو بن بەردیشمان بۆ ڕووناك ئەکاتەوە، لەم کاتەیا عەلی ووتی:

- عاسمان خۆ ئەم مانگە نەبوایە ملمان ئەشکا.

- زۆری نەماوە مانگ ئاوابێ .

ئەمە دەنگی پشتیوان کوچك نەخشینەیی بوو، کەوتبووە پێش عەلیەوە. عەلی ووتی:

- ئێ عاسمان توو چوزانی؟،

- چۆن نازانم خۆ من وەك ئێوە منالی شار نیم، ژیانم لەبەر تەلەفیزۆنو گلۆپ سەرف کردبێ، با سەرکەوینە سەر شاخ، مانگ لە عاسمانیش ئاوا نەبێ لە ئێمە ئاوا ئەبێ، کاتێ کە شوڕ ئەبینەوە بەو دیوودا، عەلی قسەکانی پشتیوانی پێ خۆش نەبوو بۆیە وتی:

- باشە شارەزای مانگ و ڕۆژو عاسمان، لەودیوو ئەم شاخەوە کوێیە؟

- تووشی دێیەکی بچکۆلەی چەند ماڵە ئەبین. بڕوا ناکەم لەوێ بمێنینەوە، خدران دێیەکی گەورەیەو لەوێوەش زۆر دوور نیە، ڕەنگە بچینە خدران، یان لەبەر ئەوەی زۆرین لە دوو سێ دێ ئەبین بەدەم یەکەوە.

ڕێگەکەمان هیچ مەترسیەکی لەسەر نەبوو لە ڕەبیەو دوژمنەوە دوور بووین، ئێمە بە شاخی سەختو بەرداوی کۆسرەتا هەڵئەگەڕاین، بۆیە نە کەس بێدەنگی ئەکردینو نە( بیگەیەنەش) لە گۆڕێ مابوو، بەڵام بە ناو هێنانی، خدران زنجیرە تەمسیلیەکەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەم هاتەوە یاد، کە لە تەلەفزیۆنی کەرکووکەوە پەخش ئەکراو ئێمەش شەوانە یەك بست دەممان بەشەوە کردبوو بە دیاریەوە دائەنیشتین، پیاوێك هەبوو لە تەمسیلیەکە ناوی سەرتیپ بەگ بوو ، ئەم سەرتیپ بەگە پیاوی کاکە میر بوو ، کاکەمیرو کاکەشێخ دوو برا بوون، کاکەمیر لە پیلانێکا بە هۆی سەرتیپ بەگو یەك دوانێك لە پیاوەکانی کاکە شێخیان کوشت، کاکە شێخ پیاوێکی چاكو دۆستی هەژارانو جوتیاران بوو، بۆیە باوکیان لە سەرەمەرگا وەسیەتی کرد، کاکە شێخ جێگەکەی بگرێتەوە، کاکەمیریش برا گەورەی کاکە شێخ بوو ئەمەی پێ قووت نەدراو کاکە شێخی کوشت.

ژنەکەی کاکە شێخ کە تاقە کوڕێکیان هەبوو ئەویش ساواو بەرمەمکان بوو، کورە ساواکەی کردە باوەشو بەو شەوە هەڵات، لە کاکەمیرو پیاوەکانی خۆی وون کرد، کاکەمیریش هەوڵی ئەدا بیاندۆزێتەوەو کوڕەکەی بکوژێ و ژنەکەش لە خۆی مارە بکات، بۆیە زوو زوو بە سەرتیپ بەگی ئەوت:

- سەرتیپ بەگ بڕۆ بۆ خدران.

چونکە کاکەمیر بڕوای وابوو، کە براژنەکەی لەگەڵ منداڵەکەی لە خدران خۆیان شاردۆتەوە، هەر لە ماوەی ئەو گەڕانەدا بە شوێن، ژن و کوڕەکەی کاکەشێخدا، کاکەمیر دەیان جار سەرتیپ بەگی نارد بۆ خدران هەر نەشی دۆزیەوە، خدرانیەکان چاکیان شاردبوونەوە، لە ئەنجامدا منداڵەکە گەورە

بوو، بوو بە فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەو کاکەمیری کوشت، سەرتیپ بەگیش بە یەخسیری کەوتە دەستی.

دوای بزەیەك گوتم:

- ڕێبوار ئەمجارە ئێمە لە جیاتی سەرتیپ بەگ ئەچین بۆ خدران.

- وەڵا سەرتیپ بەگ شارەزا بوو سڵیان لێی ئەکردەوەو جامێ دۆیان ئەدایێ، ئێمە نەشارەزاینو سڵیشمان لێ ناکەن، هەر تێڵاترپینمان نەکەن باشە.

پاش ماوەیەك ڕۆیشتن شاخی کۆسرەتمان بڕیو لە کەلە ملێکی سەر شاخەوە بە دیوی مەرگەیا شۆڕبووینەوە، ئینجا وەرە شۆڕبەوە، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی شۆڕبوونەوەمان هەنگاوێك ڕوناکیشمان جێ دەهێشت، تەواو شۆڕبووینەوە، بەتەواویش مانگمان وون کرد، بەڵام هێشتا مانگ بەشی ئەوە ڕووناکی ئەدایێ تا بەرپێی خۆمانی پێ ببینین، بڕۆ، بڕۆ ماندووین، بەڵام هەر بڕۆ تا گەیشتینە دۆڵێکی باریكو درێژ درێژ، لەو سەری ئەم دۆڵە درێژە، تارمایی چەندماڵێکمان لێ بە دیار کەوت، تا نەگەیشتینە بن ماڵەکان، خانوەکانمان نەدەدی، ئۆخەی گەیشتینە خانووو ئاوەدانی، بڕواناکەمەکەی کۆچەك نەخشینەیی بەڕاست نەگەڕاو فەرماندەی هێزەکەمان بڕیاری مانەوەیدا، لەم گوندەی کە ئێستاش نازانم ناوی چیبوو، بەڵام گوتیان ئەمە یەکەم گوندی سنووری مەرگەیە، لێم مەپرسەو نازانم چۆنیش جوابت بدەمەوە، کە چۆن ئەو هەموو پێشمەرگەیە، لە مزگەوتە گچکەکەی ئەو گوندەو دوو ژووری (عەلاحەدە) جێی خۆمان کردەوە، ئەگەرچی لە سەرەتای پایزدا بووینو هەوا هەندێك سارد بوو، بەڵام بێ نوێنو پەتوو خۆمان دا بە عەرداو بێ ئەوەی هەست بە سەرما بکەین کاتێك خەبەرم بۆوە ڕۆژ ڕمێك بڵند بوو، لەگەڵ دە دوانزە پێشمەرگە لە

ماڵێك نـانو چامان خـوارد، لـه گەڕانـەوەمان بـەرەو مزگـەوت، عـەلی عاسمـان گوتی:

- تۆ ئەمشەو حەرەسیاتت هەبوو؟

- ناوەڵا بۆ حەرەس داندرا؟!.

- ئـەی چـۆن عاسمـان بـەڵام کـاك دلاوەر هـەر یەکـەو نیـو سـەعاتی بۆمـان دانابوو.

مەمنوونی کاك دلاوەر بـووم کە ئەمشـەو لـە ئێشـکگری بەخشـی بوومـی، دوای نان خواردن بەشێکی هێزەکەمان هەر لەو گونده مایـەوە، دووبەشـەکەی دیکەمان چووین بۆ دوو گونـدی دیکە کە یـەکێك لـەو گوندانـە خــــدران بـوو، کەرتەکـەی ئێمـە، بـەر خـدران کـەوتبوین، وەك سـەرتیپ بـەگ ئێمـەش چووین بۆ خدران، خدران، ئاوایيەکی گەورەو خۆشو ئاوەدان بـوو، بـەڕۆژەوە ماوەی هەڵسوڕانی پێشمەرگە هەبوو، لـە ناوچـەکەدا بـەڵام خـەڵکی گونـدەکان ئاگاداریان کردینـەوە، ئاگاداری کۆپتـەر بـین، چونکە کۆپتـەر ڕۆژانـە دەهاتـە سـەر ناوچـەکەو تەقـەی دەکـرد، بـە تایبـەتی دەهاتـە سـەر ڕاوچـیەکان، ڕاوەچیەکان، ڕاوە ماسیان لەسەر ئاوەکە دەکرد، ئەو ئاوە بەشێك بـو لـە ئـاوی دەریاچەی دووکان، هەر چۆنێك بوو ئەو ڕۆژەمان بە ئارامیو بێ دەنگـو، بـێ کۆپتـەر بـەڕێکرد، پـێش مـەغریب هـەمووان لـە خـدران کۆبوینـەوە ئـەو دوو بەشەی هێزەکەشمان هاتنە خدران، هەمووومان ئامـادەی ڕۆیشـتن بـووین، دوو، دوو بە مەسافەیەکی کەمی نێوانمان بەرەو گوندی گرجـان کـە دەکەوتـە سـەر جادەی گشتی ڕانیـە- کۆیـە، بەڕێکـەوتین، بـە ورياييـەکی زۆرەوە دوای بـانگی مەغـریب بە نیو سەعاتێك گەیشتینە گوندی گرجان، گرجـان شارۆچکە بـوو شەوقی گڵۆپی کارەباو دەنگی t.v لـە ماڵەکانـەوە بـەر گوێمـان دەکـەوت، لـەو

شارۆچکه پاك‌و ڕووناك‌و پڕ له t.v یـه‌دا، نـانێکی بـه پـه‌لـه‌ی پـڕ لـه ترسمـان خواردو له ماوه‌یه‌کی کورتـا گه‌یشـتینه‌وه شـوێنی دیـاری کـراو، بـه چاوساغـی خـه‌ڵکی ناوچـه‌که که‌وتینـه ڕێ ڕووه‌و بـاکوری گرجـان، هـه‌ر کـه لـه ماڵـه‌کانی گرجـان تـرازاین، ملـی ڕچـه ڕێیـه‌کمان گـرت بـه دوای یـه‌کا وه‌ك قـه‌تاره‌و ڕێچکه‌ی مێروله ئه‌ڕۆیشتین، شه‌و هه‌ر تاریکه شـه‌وه‌که‌ی دوێنـێ شـه‌وه‌و ئـه‌م شـــه‌و شه‌واره‌بونی به‌ر گڵۆپه‌کانی گرجانیشی هـاتبوه سـه‌ر، هـه‌ر بـه جـارێ چاومان لـه بیـنین کـه‌وتبوو، ئه‌وه‌نـده‌ی نـه‌برد لـه جاده‌یـه‌کی قیـر پـه‌ڕینـه‌وه جاده‌ی قیری نێوان چوار قوڕنه- حاجیاوه بـوو، پـاش تـاوێکی تـر لـه ڕێکـردن گه‌یشـتینه به‌سـتێك، چ به‌سـتێك، به‌سـتێکی پـان‌و بـه‌رداوی‌و ڕووه‌و هـه‌وراز، ئه‌گه‌ر چی زۆر هه‌ستمان بـه هه‌ورازه‌کـه‌ی نـه‌ده‌کرد، بـه‌ڵام به‌ردێنه‌کـه‌ی زۆر سه‌خت‌و ناخۆش بوو که‌م به‌ردی ئـه‌و به‌سـته مـا ئێمـه شـه‌قی تێهه‌ڵنـه‌ده‌ین، بڕۆ هه‌ر بڕۆ، تارمایـی دوو شاخی سه‌خت و زه‌به‌لاح له پێشمانه‌وه دیـار بـوو ئێمه ڕووه‌و که‌لێنی ئـه‌و دوو شـاخه سـه‌خته ڕێ ده‌کـه‌ین، ئێستاو لـه‌م کاتـه‌دا زانیـاری دوو کـه‌س بـۆ ئێمـه زۆر پێویسـت بـوو، بـه‌ڵام ده‌نگمـان نه‌ده‌گه‌یشـته هیچ کامیان، یه‌که‌م پێشمه‌رگه باڵابه‌رزه‌که‌ی کۆچـه‌ك نه‌خشـینه‌یی، پشـتیوان شاره‌زای مانگ‌و ڕۆژو عاسمان، تا پێمان بڵێ کـه‌ی مـانگ هه‌ڵدێ لـه‌م تاریکیـه نه‌جاتمان ده‌بێ، دووه‌م، کابرای چـاو سـاغی ڕێگـا، پێمـان بڵـێ چـه‌ندمان مـاوه له‌م ڕێگــــا به‌رداویه ڕزگارمـان بـێ، تـا دێ لـه کـه‌لێنی دوو شـاخه‌که نزیـك ده‌بینـه‌وه، وا دیار بوو، هه‌موومان یه‌که‌م جار بوو بـه‌م ڕێگایـه‌دا ده‌ڕۆیشـتین، یان ئێمه ئه‌وانه‌ی نزیکی یه‌کتر، ئه‌وانـه‌ی ده‌نگـی چپه‌مان ده‌گه‌یشته یـه‌کتر، شاره‌زا نه‌بووین به‌م ڕێیه، به‌ڵام ده‌مان زانی ئـه‌ودیوی ئـه‌و شـاخه‌ی وا بـه‌ره‌و ڕووی ده‌ڕۆیـن و زۆرمـان نـه‌ماوه بیگـه‌ینێ گونـدی سـه‌ر که‌پکانـه، لـه دۆڵـی

شاورێ، ئەو سەرکەپکانەی بەبێ عەباساغا نەناسراوە، برۆ برۆ لای نیوە شەو گەیشتینە سەرکەپکانی عەباس ئاغا، بەڵام بەشەکەتی، ئەوەندەی مزگەوت گرتی، لە مزگەوت خەوتین ئەوەی لە مزگەوتیش زیاد بوو، بەسەر ماڵەکاندا دابەشکران، خۆشبەحاڵی ئەوانەی لە ماڵان خەوتن بەبێ خەمی ئیشکگریو دابەشبوونی بەیانی چاویان چووە خەو، من یەکێك بووم لەوانەی بەر مزگەوت کەوتم، دووەم ئێشکگرش بووم بەیانی هەستاین پێوپلمان هێشتا ئازاری تیا مابوو هەندێك لە پێشمەرگەکان تووشی نەرمە شەلینێکش ببوون، دابەشبووینە سەر ئەو ماڵانەی کە شەو پێشمەرگەیان بەر نەکەوتبوو نانێکی گەرممان خوارد بە ماستو چایەوە، لە کوردستان، بە شارو دێهاتیەوە بە ئاغاو جوتیاریەوە، بە دەوڵەمەندو فەقیرییەوە، ژەمی بەیانیان نانو ماستە، ئەمە دابو نەریتە، خووە، هەرچیەکە، ئەمە ئەی سەلمێنی یەکێتیەکی خواردن هەیە لە کوردستان، لای نیوەڕۆ بوو سواراغای کوڕی عەباساغای سەرکەپکان هاتە مزگەوت بۆ لامان، و بەخێر هاتنی کردین بۆ ناوچەکەیان، سواراغا فەرماندەی چواردەی ئاکۆیان بوو دوای ماوەیەکی زۆر هەرێمەکەی ئەو کرا بە تیپ، سواراغا دوای بەخێرهاتن و هەندێك قسەی گشتی وتی:

- ئێوەی کەرکووکی عارەبی باش دەزانن کاغەزێکم بۆ بنووسن بۆ ئەم ئامر لیوایە، لیوایەکی سوپای عیراق لە ڕانیە بوو دیار بوو ڕەفتاری بەرامبەر خەڵکی ناوچەکە خراپ بوو، ئەگەر چی ئەم سنوورە لەلایەن حکومەتی عیراقیشەوە جۆرە نەرمیەك هەبوو بەرامبەری، بەڵام وادیار بوو ئەم ئامر لیوایە تازە هاتبووە سنورەکەو ئەم نەرمیەی فەرامۆش کردبوو، سواراغا لە ڕێگای پێشمەرگەیەکی عەرەبی زانی ئێمەوە بۆ ئامر لیوای نووسی: (ئەگەر ڕەفتاری خۆت نەگۆڕی بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەکە، ئەوە بەو پێشمەرگە

لاوانــه هێــرش دەکەمــە ســەرت کــە مــەعنای مــردن نــازانن)، پــاش نووســین‌و پێچانەوەی نامەکەی ئامـر لیوا، ئێمە ڕۆیشتین بۆ قووڵایی دۆڵی شاووڕێ، یان دۆڵــی ئاکۆیانشیــان پێــی دەگــووت، خــەڵکی گونــدەکانی دۆڵــی شــاووڕێ لــە عەشیرەتی ئاکۆیان بــوون، بۆیە جار جار بە دۆڵی ئاکۆیانیش نـاو دەبـرا، ئـەم سنوورو ناوچـەیە ئەگـەر بـۆ هـەموو پێشـمەرگەکان غـەریب بـووبێ بـۆ مـن‌و ڕێبوار ئاشنا بوو، ڕێبوار چەند مانگێ پـێش مـن هاتـە دەرەوەو لـەم ناوچـەیە جێگیربببوو لە سەردانێکی دایکی بۆ لای نامەیەکی بۆ من نووسـی بـوو ، داوای کردبـوو منـیش بچـم بـۆ لای ئـەوان لـەو سـنورە، دوای گەیشـتنی نامەکـە بـە ماوەیەکی کەم، منیش چوم بۆ لای ئەوان لەو سنوورە، ئەو کاتـەی مـن چووم بۆ دۆڵی شاوڕێ مانگەکانی کۆتایی سـاڵی ١٩٨٢ بـوو، بـۆ چاودێری‌و دڵنیـابوون لـە سـەلامەتی گەیشـتنم بـاوکم هـات لـە گـەڵما، یەکـەم گونـدی ئـازاد کـراوی پێشـمەرگە کـە مـن پێـی گەیشـتم سـەرکەپکان بـوو ، سـنورێکی زۆر جـوان و دڵگیرە نموونـەی کوێسـتانی کوردسـتانە، خـەڵکی ناوچـەکە بەگشـتی مرۆڤـی چاك و میهرەبان و دۆستی پێشمەرگە و گوێ ڕایەڵی سواراغا بوون.

لێــرە لــە دۆڵــێ زســتان، بــە هــەموو مانــاوە زســتانە، وڵات بــە بــەفرێکی ئەستوور دائەپۆشرێ، هەموو شتێ لەم هەرێمە دەکەوێتە ژێر بـەفرەوە، دار و درەخت شاخ و کێـوو بـەرد و جۆگـەی ئـاو و تولەڕێیـەکان ، هـەمو شـتێ سـپی دەبـێ، سـپی سـپی وەك چـۆڕی شـیر، وەك ڕوخسـارو قـۆڵ و باسـکی ناسـکی خونچـە، ئـای لـە شـەوی مانگـا شـەوی وڵاتـی بـەفراوی، مـانگ لـەو شـەوانەدا ئەوەندە گەورەو نەویە بچۆرە سـەربان و تۆزێـك خـۆت هـەڵبڕە پەنجـەت بـەر مــانگی تــەزیو ئەکــەوێ، مــانگ لێــرە زۆر جوانــە زۆر ڕوونــە زۆر پاکــە وەك چاوە پڕ لە ورشەکانی خونچە، شـەوێك لـەو شـەوانەی کـە دارو بـەردی دۆڵـی

شاوڕێ لە ژێر بەفرا وەنەوزیەدا تیلماسکە هەورێك بەری ئاسمانی شین و پڕ لە جریوەی ئەستێرەی نەگرتووە، ساماڵ ساماڵ، مانگ بە هەموو جوانی و گەشی خۆیەوە لە ئاسمانی دۆڵێـدا خۆی ئەنواند، هاتبوو بەراوردێك لە نێوان، خۆیو خونچەدا بکات، بەلام خونچە بۆ ئەوەی مانگ خەجاڵەت نەبێ بە هێمنی خۆی لەو شەڕە دەپاراست، لە خەوێکی قوڵو شیریندا بوو خۆی ئامادە دەکرد لەگەڵ بەیانا ئەو شەڕە لەگەڵ خۆرا بکات، خونچە خۆی بە ڕکابەری مانگ نەدەزانی و شانی لە شانی هەتاو دەدا، دایکم دەیگوت، لە گەڵ هەمو دڵۆپە بارانێ لەگەڵ هەمو کڵۆ بەفرێك فریشتەیەك دێتە خوارێ، خونچە لە شەوێکی بەفر بارینا لەگەڵ کڵۆ بەفرێکا دێتە خوارێو ئیتر لە هاوڕێ فریشتەکانی دادەبڕێ و ڕێگای چوونەوە نازانێ لەو شەوەوە ئیتر خونچە دەبێ بە خەڵکی دۆڵی شاورێ، خەریکە خونچە لە هەموو بە سەرهات و یادەوەریەکم دادەبڕێ ئەمویست پێتان بڵێم، چەند ڕۆژێك لە دۆڵی گێژ و خولان بوو زۆربەی دێهاتەکانی دۆڵێمان کرد و لە هەموو گوندێك شەو و ڕۆژێك دەماینەوە، بەلام ئێستاو ئێستاش ڕێمان بە گوندەکەی خونچە نەکەوتەوە، پاش چەند ڕۆژێك سوڕانەوە دەمەو مەغریبانێك لە گوندی دارەبەن هەموو یەکمان گرتەوە، کەرتی چواری جەباریش کە فەرماندەکەیان مامەڕیشە بوو کەوتنە پاڵ هێزەکەی ئێمە، لە دارەبەن نانێکی بە پەلەمان خواردو لە تەختاییەکی تەنیشت ئاوایی کۆبوینەوە، سەید برایم قسەی بۆ هێزە تێکەڵەکە کردو مەبەستی هاتنمانی بۆ ئەم سنورە ئاشکرا کردو ووتی:

- سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری داوە ناحیەی بێتواتە ئازاد بکات، ئێمە وەك تیپی بیستویەکی کەرکوكو ئەوە کەرتەکەی (مامە ڕیشەش) هاتوون

لەگەڵ ئێمەبن، بۆ بەشداری کردن لەم چالاکیە، گرتنی ڕەبیەکانی سەر شاخی ماکۆکمان پێ سپێردراوە کە نۆ ڕەبیەن، پاش ئەم قسە سەر پێیانە نهێنی شەو داندراو هێزەکە کرایە نۆ بەشەوە بۆ ئەوەی لە یەك کات و لە سەعاتی سفرا لە هەمو ڕەبیەکان بدرێ، بە بڕوای سەرکردایەتی شۆڕش وەك سەید برایم باسی کرد گرینگترین ڕەبیە، ڕەبیەی کلاّوی دێوانەبوو، بۆیە سەید لە هێزەکە چەند پێشمەرگەیەکی جیا کردەوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی کەرتەکەی مامە ڕیشە تێکەڵکراین، سەید خۆی و بە هاوکاری مامە ڕیشە سەرکردایەتی گرتنی کلاّوی دێوانەی دەکرد، منیش یەکێك بووم لەو پێشمەرگانەی بەر کلاّوی دێوانە کەوتم، دوای نوێژی خەوتنان مەبەستم ئەوە نیە نوێژمان کردبێ مەبەستم کاتە، ناوی خوامان لێهێناو بە هەورازی سەخت و تاقەت پڕوکێنی ماکۆکا هەڵگەڕاین، زۆر بە بێدەنگی و بێ چرپە بە شاخا هەڵدەزناین، لە سەرەتای گەیشتنمان بە سەر شاخ لە نەدیوێکا بۆ جارێکی تر فەرماندەکان هەندێك ئامۆژگاری و ڕێنوێنیان داینێ کە زیاتر لە ناوی خۆمان گوێمان لێ ببوو ، وەك، لێرە بە دواوە کەس دەنگە دەنگ نەکات، ئاگاداربن هیچ ڕوناکی و لایتێك بەکار نەهێنن، کاتی دەس پێکردنی تەقە بە بیر هێندرایەوە کە پێی دەگوترا (سەعاتی سفر)...هتد

هەر هێزەو بەڕێکەوت، بەرەو ئەو ڕەبییەی کە پێشتر بۆی دیاری کرابوو، ڕێی ئێمە، کە بۆ کلاّوی دێوانە دەچووین لە هەموو ڕێیەکانی تر دوورتر بوو، پێش سەعاتی سفر بە دە پانزە خولەکێك گەیشتینە شوێنی دیاری کراو، ئەو شوێنانەش دەستنیشان کران کە لێیەوە هێرش دەکرێتە سەر دووژمن، ئێستا چەند خولەکێکی کەم ماوە بۆ سەعاتی سفرو تەقاندنی

یەکەم تەقە، لەم کاتە زۆر کەمەدا، ترس و دوو دڵیو سەرما بە تێکەڵی چنگ لە ناخی هەموو جەنگاوەرێك گیر ئەکا، ئەو کەسە هەر کەسێك بێ، ئازابێ یان ترسنۆك، بێ بەش نیە لەم هەستە، لەم کاتە زۆر ناسك و زۆر کەمەدا هەندێك جار ڕوخساری کەس و کار، دۆست و ئاشنا، ئەگەر کەسی چاوەڕێی دەستپێکردنی یەکەم تەقە، خێزاندار بێ، ڕوخساری ژن و منداڵ زۆر بەخێرایی بەپێش چاویا گوزەر دەکەن، بەڵام لەگەڵ تەقینی یەکەم فیشەکا هەموو ئەم هەستانە ئەڕەوێنەوە، ئەوەی لە ناخی جەنگاوەرا ئەمینێتەوە تەنیا حەزی سەرکەوتنە لە جەنگا، حەزێکی شێتو هار، هانی جەنگاوەر ئەدات بۆ سەرکەوتن بەسەر کەسێکا کە ئێستا بووە بە دوژمنیو نازانی کێیەو ناوشی چیە، !.

کاتی دەسپێکردنی تەقە هات، لە سەعاتی سفرا لە کلاوی دێوانەوە یەکەمین فیشەك ڕوەو دوژمن تەقێندرا، ئیتر با سەرتان نەهێشێنم بەوەی چۆن هێرشمان کردو فیشەك بە فیشەك و تەقە بەتەقە بۆتان بژمێرم، بەڵام ئەوەی نابێ لە بیر بکرێ شەهید بونی هاوڕێیەکمان بو لە کەرتی یەکی تیپی ۲۱، بە داخەوە یەکێك لە هاوڕێکانمان لە سەرکەوتن بۆ سەر شاخ لە هاوشانمان دەڕۆیشت بەڵام لە دابەزین وا بەسەر شانمانەوەیە...

مردن بە هەر شێوەو جۆرێك بێ، لە ڕێی ڕزگاری نیشتیمان، لە پێشمەرگایەتی یان سەربازی یان هەر جۆرێکی دیکە، مردن ناخۆش و خەم هێنەرە بەلای کەس و کارو دۆست و خزم و هاوکارەکانیەوە، من ئەگەرچی بە ڕوخسار ئەو پێشمەرگەیەم نەدەناسی بەڵام وەك هاوڕێ نزیکەکانی بە داخبووم بۆی یادی بە خێرو جێگای بەهەشت بێ، ناوی (ئاکۆ) بوو، بۆ ڕۆژی دواتر کە لە سێ ئاراستەوە هێرشمان بۆ بێتواتە دەکرد، هێزێك کە ئێمە

بـووین لـە سـەر شـاخی ماکۆکـەوە هێزێـك لـە بنـاری ماکۆکـەوە، کـە هـەموو ئاواییـەکانی بنـاری مـاکۆکی دەگرتـەوە، هێزێکـی دیکـە، لـە بنـاری شـاخی هـەورێوە، هـەموو هێزەکـان، لـە بێتواتـە یـەکمان گرتـەوە، مـام جـلال سەرکردایەتی هێرشەکەی دەکردو هـەنگاو بـە هـەنگاو لەگـەڵمان بـوو، مـاوەی چەند ڕۆژێکیش لە گونـدی جوانو دلگیری هەرتـەلی بنـاری مـاکۆك مایـنەوە چاوەڕوانی دژە هێرشی دووژمنمـان دەکـرد، بـەڵام ئـەو هێرشـە هـەر نـەکرا، ئێوارە ئاگاداریان کردینەوە خۆتان ئامادەکەن بەیانی دەگەڕینەوە بۆ دۆڵێ بـۆ مەملەکەتەکـەی خونچـە، هـەواڵێکی خۆشـبوو نـەك هـەر لەبـەر ئـەوەی دەچینەوە مەڵبەندی جوانی، لەبەر ئەوەش ئەم سنوورەی تێیداین، ماڵی تێدا نـەماوە شـەڕو تەقـە بچێتە هـەر شـوێنێك چۆڵ دەبـێ لـە ئـاوەدانی، ژیـانی ئاسایی نامێنێ، بەشێکی دێیەکان ڕۆیشتبون بـۆ لای ئـەنوەر بـەگ و بەشـێکی دیکەشـیان لـە ترسـی دژە هێرشـی جـاش و جـەیش دێهاتـەکانی خۆیـان چـۆڵ کردبوو، بەیانی زوو هەموو سازو ئامـادەبووین دوای گردبونـەوەو دڵنیـابوون لە هاتنی تەواوی هێزەکەمان جارێکی تر بە ماکۆکدا هەڵگەڕایـن بـەرەو دۆڵـێ بـە هـەمان ڕێگـەی خۆمانـداو لـە گونـدی دارەبـەن کۆبوینـــەوە، لـەوێ لـە دارەبـەن مـام جـلال هاتـە سـەردانمان چـەن سـاتێکی کـەم لـە لامـان مایـەوە، هەندێك پارەشی داینـێ بـەو پارەیـە سـێ کـاوڕی بەسـەزمانی قـوڕ بەسـەرمان کڕی و سەرمان بڕین، عەسرە گۆشـتێکی خۆشمـان خـوارد، دوای سـەردانەکەی مام جلال بە سەعاتێك هاوسەرەکەی هاتە لامان، بەکامیرەی ڤیـدیۆ هەنـدێك وێنـەی گـرتین، پـێش بـەکارهێنانی کـامیرە ڤیدۆکـەی داوای کـرد، هـیچ پێشـمەرگەیەك تەقـە نـەکات چونکە سـەماعەی کامیراکـەی بەرگـەی دەنگـی تەقـە نـاگرێ، بـەڵام بـە داخـەوە لـە سـاتەکانی کۆتـایی گرتـە ڤیدیۆییەکـەدا

سەید برایم چەند فیشەکێکی تەقاند، نازانم سەماعەی کامیراکە زەرەری پێگەیی یان نا، هەر ئەو ئێوارەیە ماڵئاواییمان لە دۆڵی شاورێ کردو بەرەو بناری کۆسرەت و بەری مەرگە بەڕێ کەوتین، ئەمە جاری دووەمە خواحافیزی لە دۆڵێی نازدار دەکەین، جاری یەکەم من و ڕێبوار لە ناوەندی شەڕی براکان و ئەو کاتانەی پەنجەکان یەکتریان دەشکاند بڕیارماندا، داوای (نەقڵ) گواستنەوە بکەین، بۆ سنوری کەرکووك، ڕێکەوت وابوو پێشمەرگەکانی کەرکووك هێندرابوون بۆ ئەو شەڕانەو لە مزگەوتەکەی گوندی ( کانی بەرد ) یەکمان گرتو هەر لەوێوە تفەنگی بارەگامان داناو تفەنگی جەولەو بێ بارەگاییمان کردە شان ئەمە لە ناوەندی ساڵی نۆسەد و هەشتاو سێ بوو.

# مەملەکەتی خۆر

خۆر کە لەم هەرێمە هەڵدێ، بە گەرمی هەڵدێ هێشتا بەیانیـەو بەشێکی خۆریش لە پەنای شاخی دەربەندایە، ئەو دەربەندەی شێخیان لێی دیل کرد، تیشکە بەیانیانیەکانی خۆریش گەرمە لێرە، دەشتێکی پان و بـەرینو پڕ لـە گردۆلکەو دۆڵی کورت و نیمچە درێـژی سور هەلگەڕاو لەبـەر خـۆری گـەرم، زۆربەی دۆڵە سوتاوەکانی ئەم مەملەکەتە وشكو بێ ئاون، لە هەندێك شـوێن و دۆڵ، ئـاو دەبینـی، ئـاوێکی کـەم و ڕەك تـاڵ، ئـەو نیمچـە کـانیو کـوێرە کانیانەی لەم هەرێمە هـەڵتۆقیون ئاوەکانیـان لـە چـەند هـەنگاوێك زیـاتر بـڕ ناکـەن، خـۆڵی گـەرم و سـوورەوە بـووی بـەر هـەتاو هـەڵیان دەمـژێ، کـوێرە کانیەکانیش دوو مشت ئاوی پڕ لە زالوی ڕەشو بۆرەو بە سـەدان مێشولەشـی تێدا خنکاون، کەسێك ئەگـەر خـەڵکی ئـەم هەرێمـە نـەبێو بـە ڕێبـواری ڕێـی تێبکـەوێ ئـاوی مـەتارەو جەوەندەکەشـی خـاڵی بـوبێو تـوێنێتی زۆریشـی بـۆ بێنێ زاتی ئەوە ناکات قومێك ئاوی ئەو کانی و کوێرە کانیانـە، بخواتـەوە کـە پڕن لە مێشولەی خنکاوو سەرە مێکوتەو زالوو، بەڵام ئەگەر کەسەکە خـەڵکی هەرێمی بەر هەتاو بێ ئەوە بێ تـرسو دوو دڵی لا ئەداتـە سـەر ئـەو کـانی و کـوێرە کانیانــەو بــە لچـکێکی پشـتوێنەکەی یـان جەمەدانیەکـەی ئاوەکـە ئەپاڵێوێ و بێ ترس خۆی تێر ئاو ئەکات، ئەم وڵاتە لە هەنـدێك شـوێن ئـاوو ئاوێژگەیان هەیە، بەڵام بۆ بەدبەختی ڕێبواری غەریبو پێشمەرگە ئەو ئـاوو ئاوێژگانـە کەوتوونەتـە پـەناوو پەسـێوو شـوێنە شاراوەکانی بـەر دیـدە، لـە مـانگی مایسـەوە ئـەم هەرێمـە تووشـی ئـەم ئـاو قڕانـە دێـت، ئـەو کـانی و

کوێرەکانیانەش خوداوەند بۆ سوێسکەو چۆلەکەو کلاّو کورەکانی پاراستوە، قومقمۆك و بزن مژۆك لەم مەملەکەتە بە زۆری دەبیندرێن لەسەر کەپك‌و تاوێرە شاخەکانەوە ملە قوتێیانە بە ئەندازەی ئەنگوستێك ملیان بلّند کردووە چاوەدێری ڕێبواری ڕێگا خۆلاّویەکە دەکەن، وریان‌و سلّ لە هەموو جولّەیەك دەکەن، لە پەنای دڕك و بنچکە کفرو پەلّۆشەکانەوە پێش گەیشتنی پێی ڕێبوار بە چەند هەنگاوێك بە فرتێك ئەمبەرو ئەو بەری ڕێ تەی دەکەن، شوانەکان بوونە بە دووشمنی گیانی ئەم مێروانەو ڕۆژی بە سەدانیان لێدەکوژن و هەر تەواو نابن ، ئەم زیندەوەرە خشۆکانە ڕەنگیشیان چۆتەوە سەر رەنگی خاکی مەملەکەتی خۆر، ئەم گیانلەبەرانە پێویستییان بە کەمترین ئاوی خواردنەوەیە، بۆیە تا ئێستا لە مەملەکەتی خۆرا ئەژین‌و ماون، ئەگەر لە مانگی مایسا سەوزایی یان شینایی بەر چاو کەوت لەم هەرێمە، بێشك بە، ئەوە گەنمی داچێندراوی پایزە بێجگە لە گەنم‌و جۆ، سەوزایی بە دی ناکەیت، لەم چمکەی خۆرهەلاّتی ناوچەی شوان، ئەم مەملەکەتە لە مانگی مایسەوە ئەبێتە مەملەکەتی پوشستان، هەموو ولاّت ئەکەوێتە بن تەبارەی پوش‌و دڕك‌و دالّی زەرد هەلّگەڕاوەوە قونجڕکە لەم مەلّبەندە لە هەموو شت زۆرترە گیان بەوەیە لەم هەرێمە نێوانی دوو دێ چەند درێژبێ لە یەك دەمژمێر تێپەڕ ناکات لە ڕێگا قونجڕکە بە هێرش هێرشت بۆ دێنن هەر ڕێبوارێك کە بگاتەجێ پێش هەموشت دەبێ لە خەمی قونجڕکە لە خۆ کردنەوە بێ، هەر تاکێکی پێلاوەکەت بە دەیان قونجڕکەی تێچەقیووە پووزەوانەو دامێنی شەرواڵ تا نزیك ئەژنۆ هەر قونجڕکەیە، سەرە شەکەرۆك‌و نوکی تیژی ڕنك کە لە پێوپلت دەچەقن ئازارێکی وەك خۆیان تیژو بە سوێت پێدەگەێینن، بەهار لەم مەملەکەتە تەمەنی زۆر

کورتــه لــه نــەورۆزەوە دەســت پێــدەکاو بــە تێپــەڕینی نیســان بــەهاریش تێدەپەڕێ، ترسناکترین شت لەم هەرێمە کۆپتەرە، لە نێوانی دوو دێ کۆپتـەر بێتە سەرت ئەگەر خودا لە ئـاو دڕێکـا، یـان لـە بـن تـاوێرە شـاخێکا جێت بۆ نەکاتەوە، عومری نوحشت بۆ نووسرا بێت، ڕووح دەرناکەیت.

ئـەم هەرێمـە بەشـێکە لـە ناوچـەی شـوان، لـە سـنووری چەمچـەماڵ، ئـەم مەملەکەتە دەیان گوندی گەورەو بچووکی کەم ئـاوو بـێ ئـاوی گرتـۆتـە خـۆی، گەزەڵانو پەڵکەڕەشو تلیـانو فـەقێ مـیرزاو مەحمـەخان، لـە گونـدە گـەورەو کەم ئاوەکانن، تیژەو کانی عارەبانو چاڵاوو چیا سەوز لـە گونـدە بچوكو بـێ ئاوەکانن، دانیشتوانی سنووری ئەم ناوچەیە هەتا حەزکەی ڕوخـۆش و میـوان دۆستن.

بــەیانی زوو لەگــەڵ خۆرهــەڵاتا لــە گونــدی تەوەکــەڵی بنــاری شــاخی دەربەندەوە کەوتومە تەڕێ ئێستا لای نیوەڕۆیە من لە گونـدی چاڵاومو یـەك بین هاتووم ئەگەر کەسێك شارەزابێت، دەزانێ ڕێگایەکی درێژم بـە ماوەیـەکی هەندێ کورت و بە پشوویەکی باشی ڕۆیشـتن بڕیـوە، لـە چاڵاو لامدایـە مـاڵ (ئامـنج) کە یەکێکە لە پێشمەرگەکانی چاڵاوو هاوڕێیـەکی نزیکـی یـەکترین، پیرێژنێکی دایکیو خوشکێکی گـەنجی لـە ماڵـەوە بـوون، خوشـکەکەی جامێـك ئـاوی زەردی کونـدەی بـۆم هێنـا، پـاش ئـاو خواردنـەوەو کوژاندنـەوەی یەکـەم جگەرە ماڵئاوایيم لێکردن بەرەو سەیدان، سەیدانی سـەر خاسـەی تـەڕو پـاراو سەیدانی پڕ خەیار و تەماتەو کاڵەك و ترۆزی ناسك، سـەیدان یەکـەم گونـدی شـوانی سـەر خاسـەیەو دیـوێکی دیکـەی ناوچـەی شـوانە بـە بـاری تـەڕی و سەوزاییدا، بەستی خاسەی شاری کەرکووك، لێرەوە دەست پێـدەکات، سـەیدان دوو سەیدانن سـەیدانی خـوارو ژوورو نێـوانی هـەردوو گونـد، دە خولـەك پـتر

نیە، من ئەگەرچی ماندوم و مەملەکەتی وشکانی شوانم بڕیوە، ئەوا یەکەم گوندی شوانی سەرخاسەش جێدێڵم، بەرەو سەیدانی خوارو بەڕێوەم، دە خولەکێکی تر دەگەمە گوندو ڕاستەڕێ دەچمە ماڵی دلاوەر، دلاواری هەر بەراستی دلاوار، دلاوەری هەم پێشمەرگەو هەم ئاشق، ئەوا یەکەم ماڵی گوندم جێ هێشت و بەرەو ماڵ دلاوەر هەوراز بوومەوە، دلاوەر وەك هەمیشە دەم بە پێکەنینو ڕووخۆش هات بەپیرمەوە دوای پێشوازی گەرم و بەخێرهێنانی زۆر دانیشتین، نیوەڕۆیەکی درەنگەو دلاوەریش تازە لە ناو زەرعات گەڕاوەتەوە، پێکەوە تێگوشەیەکی خەستی بامیەو تەماتەمان خوارد، دوای تێربوون لە تێگوشەی تەماتەو بامیە، نۆرەی تێکدانی چای خەستو پێکردنی جگەرەیە، پێکە جگەرە پێکە، تەپڵەکی پێشت پڕکە لە ئاخزو ستوی جگەرە تا مڕبوون و قانگدانی ژوور مەیکوژێنەوە، با بێ چای با بێ تا قۆری بەتاڵ ئەبێ، پاش تاوێك هەستام بۆ خۆ توندکردنەوە دلاوەر بە سەر سوڕمانەوە پرسی:

- ئەوە خەریکی چیت؟،
- ڕێگەم دوورە کاکە ئەبێ بڕۆم.
- ڕۆیشتنی چی؟ ئەچی بۆ کوێ؟
- ئەچم بۆ چیمەن،
- ئەم شەو لای من بە، بەیانی زوو هەستەو بڕۆ.
- سوپاس ماڵمان هاتوون لە چیمەن چاوەڕێی من.
- بیخە بەیانی.
- ناتوانم کاکە ناتوانم هەر ئەبێ بڕۆ.

تـا دلاوەر ڕازی ئەکـەیت ئیزنـت بـدات بـەرد ئـەبێ ئـاو، مـن پێڵاوەکـانم هەڵکێشاوەو ئەو هێشتا مشتو مڕیەتی تا دەرەوەی ئاوایی هات بۆ بـەڕێکردنم، دوا ماڵی ئاوایشمان بڕی دلاوەر هەر کۆڵی نەداوە، هەر چۆنێ بـوو ماڵئـاواییم لـە دلاوەرو سـەیدان کـرد، دوای ماوەیـەك ڕۆیشـتن بـە ئاڕاسـتەی باشـوور گەیشتمە سەر ئەو جادە قیرەی کە لـە قەرەهەنجیرەوە دەهات و بەسـەرووی سەیدانەکانا تێپەڕ دەبوو، ڕۆیشتن بـە سـەر جادەی قیرا ئەگـەر بەپیادەشـبێ هەر خۆشەو بۆنی شاری لێدێ، ئەرێ کەس پرسی من بـۆ وابـێ دەربەسـت لـە تەوەکەڵەوە کەوتوومە ڕێ و ئێستاش وا بێ ترسـی کۆپتـەر بـە ڕۆژی ڕوونـاك بەسـەر جـادەی قـیرا ئـەڕۆم؟، بـێ دەربەسـتیم لـەوەوە نیـە کـەمن ترسـم لـە کۆپتـەر شـکابێ نـا، هـۆی بـێ ترسـیەکەم ئەوەیـە ئێمـە ئێسـتا لـە مانگـەکانی یەکـەمی وەرزی گفتوگـۆداین، گفتوگـۆی نیـوان شـۆڕش و مـیری، ئـەو ڕژێمـە دڕنـدەو ڕەفتـار فاشـیەی چـەند مانگێکـە گفتوگـۆ کردوویـەتی بـەمیری، ئـەو میریەی ناوی پەپولەشی لێبنـێن هـەر گازمـان لێ دەگـرێ، ئێوارەیـەکی درەنـگ گەیشتمە چیمەن، چیمەن ئاواییەکی گـەورەو ئـاوەدان خـەڵکێکی ڕووخـۆش و ڕووگەش و میوان دۆست، چوار پێنج ڕۆژ لەو ئاواییە نزیکـە شـارە مامـەوە لـە ناو دایك و باوك و کەس و کار، کاتێکی خۆشم بەسەر برد، ئەو سـاڵ و چـەند مانگەی گفتوگۆمان بە هێمنی و بێ زرمەی تۆپ و هاڕەی کۆپتەر بەرێ کـرد، ئەگەرچی هەندێك جار توشی شەڕو شۆڕو تەقو تـۆق دەهـاتین لەگـەڵ جاشـا، بەڵام بەگشتی ماوەکە بە هێمنی ڕۆیشـت، وەرزی گفتوگۆمـان بـڕی و هیچمان بـە هـیچ نـەکرد، میریـش بـوەوە بـە ڕژێمـە دڕنـدەو ڕەفتـار فاشـیەکەی پـێش وەرزی گفتوگۆ.

# ئەو پشمینەی گفتوگۆی بەدوای خۆیدا هێنا!

ئێمە چۆن چۆنی هەواڵی گفتوگۆمان پێ گەیشت، عەسرێکی درەنگ هەر لەسەر ئەم جادە قیرەو لە سەر سێ ڕێیانەکەی (گورگەیی)، ئەم جادە قیرە لە قەرەهەنجیرەوە، دێ بۆ گوندەکانی شوانی سەر خاسە، دەچێ لە ئاستی گوندی گورگەیی، لقێکی لێ جیا دەبێتەوەو ئەڕوات بەرەو گوندەکانی، گورگەیی‌و ساتی، گۆران، ڕاستە جادەکەش ئەڕوات لە سەروی سەیدانەکانەوە، نزیک گوندی چاڵاو، سێ ڕێیانکیتر پێکدێنێ، ڕێگایەك بەرەو چەمچەماڵ، ڕێگایەك بەرەو گوندی کلاوقوت، ئەم سێ ڕێیانەش پێی دەڵێن سێ ڕێیانەکەی چاڵاو، ئێمە لەسەر سێ ڕێیانەکەی گورگەیی هەموو پێشمەرگەکانی، کەرتی سێ‌و کەرتی دووی شوان یەکمان گرتبوو، بووبە مەقۆمەقۆو چاك‌و چۆنی‌و ژاوەژاوێك ڕاست وەك ئەو ژاوە ژاوەی لە پێکگەیشتنی دوو شارە زەردەواڵە دروست دەبێ، لە پڕاو بە دەنگی بەرزی سەید برایم، ژاوە ژاو نەماو هەموو کپ بوین، ئەمان ڕوانیە دەم سەید، سەید وتی:

- برادەران ئێمە کە لێرە کۆبووینەتەوە، ئەم دوو کەرتەی تیپی بیستویەکی کەرکووك دەمانەوێ ئەم شەو هێرش بکەینە سەر سەربازگەو مۆڵگەکانی جەیش لە قەرەهەنجیر، بۆ ئەم هێرشە شارەزاو چاوساخمان لەگەڵە.

سەید نەیگوت چاوساخەکەمان کێیە، لەبەر باری ئەمنی دەلیلەکە، بەڵام ئێمە دەمانزانی دەلیلەکەمان، (جەلیلە)، جەلیل پیاوێکی شڕو شەپڕێو بوو، دوو سێ ڕۆژێك بوو هاتبووە لامان، قەمیس‌و پانتۆڵێکی چڵکنی لەبەرا بوو،

نموونـەی پیـاوێکی دوو سێ ڕەگـی کـەرکووکی بـوو، لـە کـەرکووک بـەم جـۆرە کەسانە دەگوترا (دووڕە)، دووڕە بەو کوردانە دەگوترا، کـە لـە ناوچـە عـەرەب یـان تورکماننشـینەکەی کـەرکووک نیشـتەجێ ببـوون، ئـەو کوردانـەی لـەو ناوچانە نیشتەجێبوون هەنـدێکیان هەسـتی نەتەوایـەتیان زۆر بـە هێـز بـوو، بەڵام هەندێکیان لەگەڵ گەورە بوونیان زمـانی زگمـاکی خۆیـان وردە وردە لـە بـیر دەچـوەوە تـا دەگەیشـتە ئـەوەی تورکمانیەکـە، یـان عەرەبیەکـەیان، لـە کوردیەکەیان ڕەوانتر دەبوو، زۆرجار لەلای تورکمانو عەرەبەکان پێیان شـەرم بوو بڵێن کوردین، چونکە پێیان وابوو کوردبوون بەواتای شاری نەبوون دێـت، جەلیل یەکێك بوو لەو دووڕانە، کە کەس نەیدەزانی کێیەو بەڕاسـتی خـەڵکی کـام گـەڕەکی کەرکووکـە، سـەید لەگـەڵ شـۆڕش قەرەهـەنجیری هێزەکـەیان دابەشکرد، بەسەر هەموو ڕەبیەکاناو هێـزێکش بـۆ سـەر سـەربازگەکە دانـدرا، مـن بـەر ئـەو هێـزە کـەوتم کـە هێرشـی دەکـردە سـەر سـەربازگەکە، شـارەزاو دەلیلی قۆڵەکەی ئێمە فریاد قەرەهەنجیری بوو، من نازانم جەلیل لەگـەڵ کـام بەشی هێزەکەدا ڕۆیشت، فریاد شارەزایەکی زۆر باشـی سـنوورەکە بـوو، خـۆی خەڵکی قەرەهەنجیر بوو، دوای مەغریبێکی درەنگ ناوی خوامان لێهێنـا، هـەر هێزە بۆ ئەو شوێنەی بۆی دیاری کرا بوو، کەوتینەڕێ، فریـاد کەوتـە پێشـمان ڕێیەکەمان ئەکەوتە بەینی گوندی جلفەو قەرەهـەنجیرەوە، فریـاد بـەلاپاڵێکی نـەدیوا بردمـانی تـا ئاسـتی سـەربازگەکە، لـە ئاسـتی سـەربازگەکەوە ئـاودیوو بـووین، بـە دیـوی قەرەهـەنجیرا، بـە دۆڵێکـی پێچـاو پـێچ شـۆڕبووینەوە، ئـەم شۆڕبوونەوەیە پڕمەترسـی بـوو، لەلایـەك ئـەو نیمچـە دۆڵـەی کـە ئێمـە پێـدا شۆڕدەبووینەوە، ڕێك دەکەوتە بەرامبەر سەربازگەکە، لەلایـەکیترەوە شـەوقی دوو ڕوونـاکی گـەورەی سـەربازگەکەی ئاڕاسـتەکرابوو، بۆیـە دەبـوو زۆر بـە

وریایی بجولێین، (بیگەیینە) لەم دۆڵە لە هەموو شوێنێك زۆرتربوو، تا زیاتر شـۆڕدەبووینەوە زیـاتر لـە سـەربازگەو جـادە قیرەکـەی کـەرکووك — قەرەهەنجیر، نزیکتر دەبووینـەوە بیگەیینـەکان زیادی دەکرد، لەگەڵ هـەموو کورتـە هـەنگاوێك بیگەیینەیـەك دەگەیشـت، بیگەێنـە بێـدەنگی، بیگەێنـە دانیشـن، بیگەێنـە کـەس قسە نـەکات کـەس نـەکۆکێ، دەیـان بیگەێنـەی تـر، هـەموو بـە چیچـکانەوە دەڕۆیشـتین، ئەوەنـدەمان نـەمابوو بـۆ سـەر جـادە قیرەکە، بە وریایەکی زۆرەوە لە جادەکەمان دەڕوانی لە پڕا جوڵەی یـەك دوو مغاویرمان دیت خەریکی شوێن گۆڕینو سـەنگەرگرتن بـوون لێمـان، نێوانمـان جادە قیرەکەو ئەو دە هەنگاوەی کە لە قوڕگی دۆڵەکەوە بۆ سەر جادەکە بـوو، ئێمە زیاتر لەشوێن خۆمان مات بوین، جموجۆڵی سەربازە مغاویرەکـان زیـاتر بـوو، بیگەێنەیـەکی تـر لـە پێشـەوەی هێزەکەمانـەوە هـات، بیگەێنـە کـەس نەجولێ بە تەواوی دەنگ لە خۆتـان ببڕن، هەناسەدانیشمان لـە خۆمـان کـەم کردەوە، ئەو ماوە چەند مەتریەی کەوتبوە نێوان ئێمەو جادەکـەوە تـەختانی بـوو نـەمان دەتـوانی لـەوە زیـاتر بڕۆینـە پێشـەوە، هـەموو جوڵەیـەکمان کەوتبووە ژێر چاودێری دووژمنەوە، بە تەواوی هەموو جوڵەو دەنگێکمـان لـە خۆمـان بڕیبـوو، لـەم کاتـە زۆر حەساسـەدا یـەکێك لـە پێشـمەرگەکان کـە کەوتبووە دوای ئێمەوە یـەك پشمین پشمی، پشمینی وا دەنـگ گـەورەم قـەت گوێ لێنەبووە، بڕوام وایە دەنگی ئەو پشمەیە گەیشتە سەربازە نوسـتووەکانی ناو سەربازگەکەش، لـەو کـاتو شـوێنەدا، نەکـەس وێـرای خـۆی بکاتـە خـاوەن ئـەو پشـمەیەو نەکـەس وێـرای بـە تـەواوی لێـی بپرسـێ کـێ بـوو، تـەنیا بـە چپەیەکی زۆر زۆر نزم هەموو پێشمەرگەیەك ئەیگووت:

- ئەوە کێ بوو !!.

بەڵام کەس نەبوو جوابی ئەو، ئەوە کێ بووە بداتەوە، هیچ کەسێکش ئەو ئەوە (کێ بووەی) دووبارە نەکردەوە، یەك دوو دەقیقە لە دوای پشمینەکە بیگەێنەیەکی تر لە پێشەوەی ڕەتڵەکەوە هات، بیگەێنە، هەر کەس لە شوێنەکەی خۆیەوە بە بێدەنگی بگەڕێتەوە، هەر بە ڕۆیشتنی چینچکانەوە گەڕاینەوە بەرەو دوا، تا لە دۆڵە ڕووناکەکە دەرچووین‌و کەوتینە نەدیوو ئینجا هەموو هەستاین‌و پشتمان ڕاستکردەوە بۆ ڕۆیشتن، دیسان بە دەنگێکی نەوی بەڵام بەرزتر لە چپەی ناو دۆڵەکە کەوتینە پرسین، ئەوە کێ بوو پشمی؟، کەس نەبوو بڵێ من بووم، بە کورتی هێرشەکەمان سەرکەوتوو نەبوو. لەبەر ئەوەی لە سەرجەم ڕەبیەو ئەو شوێنانەی قەرار بوو هێرشی بکرێتە سەر، کەمینی دووژمن هەبوو، هەموو دڵنیابووین لەوەی کەسێك ئاگاداری داوەتە دووژمن کە ئەم شەو هێرشیان بۆ دەکرێ، کەسمان نەمانزانی کێ بوو پشمی، بەڵام هەمووومان گومانمان لەو جەلیلە پەڕپوتە بوو کە ئاگاداری دابێتە دووژمن، دوای کەمتر لە دەمژمێرێك گەیشتینەوە سێ ڕێیانەکەی (گورگەیی) چەند پێشمەرگەیەك‌و سەیارەکانمان لەوێ جێهێشتبوو، ئێمە گەیشتین چەند دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی، کە بۆ ڕەبیەکانی تر داندرا بوون گەیشتبوونەوە لای سەیارەکان، یەك دوو دەستەش مابوو بگەڕێنەوە، ئەوانەی گەڕابوونەوە، وەك ئێمە کەمینیان لە پێش بوو، مەلا حەسیب، کە یەکێك بوو لە پێشمەرگە جێماوەکانی لای سەیارەکان، پێشتر لە شەڕێکا بریندار کرا بوو هێشتا برینەکەی تەڕ بوو بۆیە جێما بوو، مەلا حەسیب هات بەرەو پیرمان‌و گوتی:

- بەخوا چاك بوو کەستان تەقەتان نەکردووە.

وتمان:

- بۆ؟!!،

مەلا حەسیب وتی:

- دوای ڕۆیشتنی ئێوە بە نیو سەعات کاك شێرزاد هات، بە شوێن ئەم دوو کەرتەیا زۆر گەڕابون لە پاشان زانیبویان کە ئێمە لێرەین، هاتبوو ئاگادارمان بکاتەوە، کە لە بەینی شۆڕش و حکومەت گفتوگۆ هەیەو خۆتان بپارێزن لە هەموو هێرشێك بۆ سەر دامودەزگاکانی دەوڵەت، چونکە بڕیاری (تەقە وەستاندن) هەیە لە نێوانمان دا، سەید برایم لەگەڵ ئێمە بوو بەڵام شۆڕش کە فەرماندەی کەرتی دوو بوو، لەگەڵ دەستەیەکی تر ڕۆیشتبون و نەگەڕابوونەوە، چاوەڕوان بووین تا ئەوانیش گەڕانەوە، ئەوانیش وەك ئێمەو هێزەکانی ترمان تووشی کەمین ببوون، سەید هەواڵەکەی بە کاك شۆڕش دا، ئەو کاغەزەی شێرزاد لای مەلا حەسیب جێی هێشتبوو، مەلا حەسیب دایە دەس سەیدو سەیدیش ووتی:

- کاك شۆڕش ئەو کاغەزە بۆ هێزەکە بخوێنەوە..

هەموو کۆبووینەوەو بە ڕیز وەستاین لە شکڵی بازنەیەکا، شۆڕش کاغەزەکەی خوێندەوە کە بە مۆری تیپ مۆرکرابو، ناوەڕۆکی کاغەزەکە شتێکی لەم بابەتە بوو ئاگاداری نامەیەك بوو ئاڕاستەی هێزی پێشمەرگە کرابوو، کە تەقە لە نێوان شۆڕش و میری وەستاوە داوای کردبوو کە هێزی پێشمەرگە ئەو ئاگربڕە نەشکێنێ، چونکە وەفدی هەردوولا لە گفتوگۆدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەی گفتوگۆ، بەپێی ناوەڕۆکی نامەکە هەردوولا حەقی بەرگری لە خۆکردنیان هەیە لە حاڵەتی هێرشی لایەکەی بەرامبەر. ئەمە هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراوو خۆشبوو، ڕەنگە ئەم ئاگربڕەی نێوانمان وایکردبێ کە هێزو کەمینەکانی دوژمن تەقەیان لە ئێمە نەکردبێ،

چونکه هەمووومان لەوە دڵنیابووین کە دوژمن نەك هەر هەستی پێمان کردبوو، بەڵکو هێزەکانمانیشی دەدیت، کە دەچووینە سەریان ڕەنگە ئەو جموجوڵانەش کە سەربازەکان دەیان کرد بۆ ڕەواندنەوەی ئێمە بوو بێت، ئەگەر تەقەیان بکردایە ڕەنگە شەڕ بە قازانجی ئەوان تەواو بوایە چونکە ئەوان لە کەمینـدابوون ئێمەش بە پێی خۆمان چووبووینە بەردەستیان، شەڕیش تا نەکرێ نازاندرێ ئەنجامەکەی چۆن دەبێ، بە هەرحاڵ ئەو شەوە هەموو لایەکمان سەلامەتبووین، بەڵام سەید بڕیاریدا جەلیل دەست بەسەر بێ و لای خۆمان بیهێڵینەوە، هەر ئەو کاتە، کە کات، کەوتبوە دوای نیوە شەو بڵاوەمان لێکرد، کەرتی دوو گەڕانەوە بۆ سنووری کەرتەکەی خۆیان کە دەکەوتە گوندەکانی بان شوانو ئێمەش بەرەو گوندی گوڵمکەوە ئەو گوندەی ناوی گوڵمکەوەیەو لە ژیانی ئەو گوندەدا تەنیا گوڵێکی ناو ئینجانەشی لێنەڕواوە کەوتینەڕێ.

دوای نیوە شەوێکی درەنگ و پێش بەیان گەیشتینە گوڵمکەوەی بێ گوڵ، بەڵام مرۆڤەگوڵی زۆریان هەبوو، وابڕیار درا دابەشببینە سەر ماڵەکانو لە ماڵان بخەوین چونکە کاتی ئەوە نەمابوو بێینەوە بۆ مزگەوت نەشمان ئەتوانی بەبێ پێخەف بخەوین لە مزگەوت چونکە لە ١٣ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٣دا، بووین دنیا سارد ببوو، دوو دوو یەکمان گرتوو خۆمان کرد بە ماڵێکا هەستانی بەیانیشمان دەکەوتە سەر میزاجی خاوەن ماڵ، چەند هەفتەیەك تێپەڕی جەلیل هەر دەس بەسەرە، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکمان دەس نەکەوتووە بیسەلمێنێ کە جەلیل خائینە، گومانی زۆریشمان لە سەری ڕێگر بوو لە بەرەڵاکردنی، دێ بە دێ لە جەولەداینو کابرای گوماناوی لەگەڵ خۆمانا ئەگێڕین، ڕۆژێك لە گوندی (دەلۆ) بووین نیوەڕۆ دوای نان خواردن

بـوو تـاكو تەرانـەبێ هـەمو پێشـمەرگەكان گەڕابووينـەوە مزگـەوت كـاتی ئیسـراحەت و خۆكردنـەوە بـوو، لـە پـڕا دوو ژن و پیاوێـك خۆیـان كـرد بـە مزگەوتەكـەیا، بـە عـەبای ڕەشـی تروسكەداریانەوە لـە دوورەوە دیـار بـوو كـە شارین، دوای ماندونەبوونو بە خێرهێنانیان دەركەوت كەس و كـاری جـەلیل بوون هەمووشیان بە كوردییەكی سەرو پۆتەلاك شكاو قسەیان دەكـرد یـەكێك لـە ژنـەكان خوشـكە گـەورەی جـەلیلو دەم سـپی هـاو سەفەرەكانیشـی بـوو، ژنێكی پانو پۆڕو سپیلكە بوو كراسـێكی كـورتی خـوار ئـەژنۆی لـە بـەر بـوو ، دوای قسەو وتووێژێكی زۆر ووتی:

- ئێوە جەلیل بۆ گرتووتانە؟.

برادەرێكمان جوابی دایەوە گووتی:

- لە بەر ئەوەی شكمان هەیە جەلیل خائین بێ.

ژنەكە زۆر بە گەرم و گوڕی ئەدوا وتی:

- وەڵاهی جەلیل خائبن نییە، جەلیل زۆر فـەقیرە لـە پشـیلە ئـەترسـێ، بـە قورعان ئێمە پێشمەرگە زۆر خۆشمان ئەوێ حەز ئەكەین پێشمەرگە بێـت لـە بان زگمان.

یەكێك لە پێشمەرگەكانمان كە زۆر حەزی لە گفتوگۆ بوو لەگەڵ ژنـان، بـە پێكەنینەوە گوتی:

- توو بڵێی بە ڕاستی بێ!.

هـەر چـۆنێك بـو میوانـەكانمان بـە قسـەی خـۆشو بـۆرە هیوایەكـەوە بەڕێكرد، پاش چوار پێـنج ڕۆژێـك لەبـەر نـەبوونی هـیچ بەڵگەیـەك جـەلیل-شمان ئازاد كرد.

ئێستا چەند مانگێك تێپەڕیوە بەسەر هێرشە سەرنەکەوتووەکەمان بۆ سەر قەرەهەنجیرو ئێمە لە مزگەوتەکەی گوندی (دانەسۆڤ)ن، دوای نانی نیوەڕۆیەو هەموو پێشمەرگەکان لە مزگەوتین، ئەوەی خەوتووە خەوتووە، ئەوەی نەخەوتووە، خەوی نایە، دوو دوو بە سرتەو دەنگی نزم چپە چپمانە نە خەوتوەکان نامەنەوێ خەوتوەکان بێزار کەین، لە ناکاو یەکێك لە پێشمەرگە نەخەوتوەکان پشمی هەمان پشمەی پەنای سەربازگەکەی قەرەهەنجیر، ئەو پشمینەی لە ناو هەزار پشمینو دوای سەد ساڵی دیکەش دەیناسمەوە، ئەو پشمینەی تا ئێستا کەس خۆی نەکردووە بە خاوەنی، بە هۆی هەوای گفتوگۆوەش کەس لە بیری نەما هەواڵی بپرسێ، ئێستا پاش چەند مانگێك وا خاوەنی پشمەکە خۆی خۆی ئاشکرادەکات، من لەگەڵ برادەرێکا ڕاکشابووین، چپەچپمان بوو لەگەڵ دەنگی پشمەیا ڕاستەوەبووم، خاوەنی پشمەم دۆزیەوە خالید بوو، ئەو خالیدەی لە دوای مانگی یەکەمی پێشمەرگایەتیەوە ناوەکەی لە خالیدەوە گۆڕاو کرا بە (خەلق) وتم:

- خەلق ئەوە توو نەبویت ئەوشەوە لە قەرەهەنجیر پشمیت؟

بە پێکەنینەوە ووتی:

- بەرەوەڵا من بووم، چۆنت زانی، بەم پشمینەم؟.

- ئەی چۆن پشمین وەك پەنجە مۆر وایە قەد ناگۆڕێ لە شێنەیی و لە مەترسی یەك دەنگ و سەدای هەیە، عەلی سابیر کە لە یەکەمین مانگی پێشمەرگایەتیەوە سابیرەکەمان لێ لابردوەو عاسمانمان خستە شوێنی، ئەویش لەبەر ئەوە بوو هەر قسەیەکی بکردایەو لەگەڵ هەر کەسێك بدوایە، ئەو کەسە پێشمەرگە بوایە یان دانیشتوانی گوند، لە پێشمەرگە بەرپرس بووایە یان بێ پرس، لە خەڵکی گوندەکان گەنج بوایە یان پیرو بە ساڵاچوو، ژن یان

پیاو بۆ ئەو عەلی عاسمانە فەرقی نەدەکرد، لەگەڵ هەموو قسەیەکا عاسمانێکی پێوە دەلکاند، وشەی عاسمان لە پێش یان لە پاش هەموو وتەیەکی عەلی عاسمانەوە دەوترا، ڕۆژێك لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە دەرگای ماڵێك دەدەن پیرێژنێك دێت بە پیریانەوەو فەرموویان لێ دەکات عەلیش دەڵێ:

- عاسمان میوان دائەکەن.

عەلی عاسمان پێشمەرگەیەکی چوستو چالاك و قسە خۆشو ڕووخۆش بوو.

عەلی عاسمان ڕووی لە خەلق کردو، وتی:

- عاسمان ئەوە توو بووی خۆ ئەو شەوە ڕوح هەموومانت برد.

ڕێبوارش یەکێك بوو لە پێشمەرگە نەخەوتوەکان هەر بە ڕاکشانەوە هاتە ناو قسەوە لچکێ لە پشتێنەکەشی دابووە بان چاویا.

- وەڵا کوردەواری دەبوو پشمینشیان بخستایەتە پاڵ، شەڕو تڕەوە.

بۆ ئەوەی ڕێبوار زیاتر بێنینە ناو قسەوە، گوتمان:

- مەسەلەن چۆن چۆنی؟.

ووتی:

- ئەزانم ئەتانەوێ لە خەوم کەن، ئێستا نا، کەی لە خەو هەستام، پێتان ئەڵێم چۆن چۆنی.

دکتۆر حەمید لە بن جەمەدانیەکەوە هەڵیدایێ...

- عافەریم ڕێبوار وەڵاهی تو لەوان سەگتر بووی.

بوو بەپێکەنین، ڕێبوار وتی:

- باشه نا دکتۆر، با له خەو هەستم، ئەبێ واز لەو پشمینو تڕینە بێنمو جوابی توو بدەمەوە.

زانیمان لەمە زیاتر لە سەری بڕۆین، نوستۆکانیش بەخەبەر دێنین، بۆیە ئێمەش بێ دەنگیمان لێ کردو ڕاکشاین.

ئەی ئێوە پشمینتان نایە؟..

**من نامەوێ لە وڵاتی نامۆیی و دوور**
**لە یاران بمرم و سەر بنێمەوە،**
**من دەمەوێ وەك بەفری كۆن لە كەژێكی كوردستاندا**
**نەختە نەختە بتوێمەوە**
**بڕژێمە بن ڕەگو ڕیشەی دار هەناریێ**
**كە سبەینێ گوڵەكانی بۆخۆی دەكا بە ملوانكە**
**كچی ماڵە هەژارێ.**

## سەید برایم لە شەڕی دابان...

ئەوە چەند ڕۆژێكە ئەمسەرو ئەوسەرمانە بە دۆڵی سورداشا، گوند نەماوە سەری پێدا نەكەین، دێ هەیە دوو سێ جار دامانی كردوە، هیچ پێشمەرگەیەكمان ئیزن نادرێ بۆ ئیشو كاری زۆر پێویستیش، كەسمان نازانین مەسەلە چیە، یەكێك لە پێشمەرگەكان ناوی (عەبدوڵا) بوو، پێمان دەگوت عەبەی باوەفەتی، عەبەی باوەفەتی گوتی:

- برادەران من بۆن دەكەم، بۆنی باروتو تەقە..

- مەرج نیە هەموو بۆنكردنێك ڕاست دەرچێ، كابرا بە بۆنی كەبابەوە چوو كەچی سەیری كرد كەر داخ كردنە.

ئەمە وەڵامی یەكێك لە پێشمەرگەكان بوو، كە تۆزێك لە ئێمە بە تەمەنتر بوو، ناوی شاڵاو بوو، پێمان دەگوت مام شاڵاو، نازانم ئەم وەڵامەی مام شاڵاو لەوەوە بوو كە حەزی بە بۆنی باروتو تەقە نەبوو، یان لە ئێمە باشتر بیری

دەکـردەوە، بـەڵام نـەك هـەر عەبـەی باوەفـەتی، زۆربـەمان بـۆنی باروت بـە لوتماندا دەهات، خۆ ئێمـەش زۆر حـەزمان بـەو بۆنـە نـەبوو، چی بکـەین بـە حەزی ئێمە نەبوو، بۆنی باروت دەهات، دیار بوو، عەبە قسەکانی مام شاڵاوی بە دڵ نەبوو، بۆیە بێ ئەوەی ڕوو بکاتە مام شاڵاوو تۆزێکش بە ڕەقی وتی:

- بە خوا حەزەکەم شەڕبێتەوە..

ئەمە رەئی تەواوی عەبەی باوەفـەتی بـوو، هـەر بەڕاستی حـەزی لـە شـەڕ بوونـــەوە بـــوو، عەبـــە کاتێـــك تـــاخمو تفەنگەکـــەی لـــە خـــۆی دەبەســـت، جەمەدانیەکەشی هەمیشە بە دیوە سـپیەکەیدا لـول ئـەداو ئـەیکردە سـەری و بە ناو لەپ ئەیکێشا بە مەخزەنەکانی قەدیاو ئەیگوت، یـاخوا ئـەم مفاوەزاتـە زوو تەواوبێ، زۆرم حەز بە شەڕە، ئەوە بۆ شەڕ نابێتەوە؟.

مام شاڵاو لـە وەڵامـی بـەخوا حەزەکـەم شـەڕبێتەوەکەی عەبـەی باوەفـەتیا گوتی: - بۆ کاکە عەبە خۆ خەباتو پێشمەرگایەتی هەر شەڕ نییە.

- ئەی خۆ پێشمەرگایەتی دامەو سێ ڕیسکان نیە.

- من وا ناڵێم، من ئەڵێم ئێمە بۆ ڕزگاری میللەتەکـەمان خـەبات دەکـەین، گفتوگۆش جۆرێکە لـە خـەبات، ئەگـەر ئـەو ئامانجە بـە گفتوگۆ بێتـەدی بـۆ شەڕی بۆ بکەین.

- کورە ئەوە بە شەڕ نایەتەدی ئینجا بە قسە دێتە دی؟!.

- ئاخر شەڕ کردنیش هەر بۆ قسە کردنە.

- وەڵاهی پێشمەرگایەتی بێتە سەر قسەکردن من ئەو پێشمەرگایەتیە هـەر ناکەم، پێشمەرگە بە شەڕەوە جوانە.

دکتۆر حەمید هاتە ناو قسەوە...

- هەردووکتان ڕاستەکەن و بەسە بیبڕنەوە.

بەم هەردووکتان ڕاستەکەنە، دکتۆر حەمید کۆتایی بە گفتوگۆی نێوان ئەم دووانە هێنا، تۆ بڵێی یەکێکش نەهاتبێتە نێوان شۆڕش و حکومەتەوە، بە ڕستەیەکی وا کورت، کۆتایی بە گفتوگۆی نێوانیان هێنابێ؟!، کۆتایی هێنان بە گفتوگۆی نێوان عەبەو مام شالاو شەڕو کوشتاری لێ نەکەوتەوە، بەلاّم کۆتایی هێنان بە گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەت شەڕی خوێناوی لێ دەکەوێتەوەو بە هەزاران کەسیش لەو شەڕە دەکوژرێن، توو بڵێی هەر بە ڕاستی گفتوگۆ کۆتایی پێ هاتبێ، کە زۆر پێی دەچێ؟

ئێستا عەسرێکی درەنگە، ئێمە لە گوندی (شیلەخان)ی دۆڵی سورداشین و لە خۆ ئامادەکردن و ڕۆیشتنین بۆ گوندێکی تر، ئەو گوندە لە کوێیەو کەوتۆتە کوێی ئەم دۆڵەوە، نەکەسمان دەیزانین و نە کەسیش، پرسیار لە بارەیەوە دەکات، دوو، سێ، تراکتۆر بە عارەبانەکانیانەوە ئامادە کراون بۆ گواستنەوەمان، هەموو سەرکەوتین و تراکتۆرەکانیش کەوتنە ڕێ، ئاڕاستەی ڕۆیشتنمان بەرەو سەر جادەی قیری نێوان سلێمانی دووکانە، گەیشتینە سەر جادە، بە ناو ڕەبیەو بازگەی سوپادا تێپەڕین بێ ئەوەی کەس دەس بخاتە ڕێمان، سەیرە!، ئەگەر بڕیارێك هەبێ بۆ شەڕ هەلگیرسانەوە، بۆ ئێمە بە ناو هێزی دوژمندا تێدەپەڕین؟!، ئەی ئەگەر بڕیارێکیش نیە بۆ شەڕ دەستپێکردنەوە، بۆ ئێمە لێرەین و لە سنوری دیاری کراوی خۆمان نین؟!،

لە ئاستی گوندی حاجی تان تێپەڕین و گەیشتینە ئاستی گوندی سابوراوە، لاماندایە ئەو گوندە، لەبەردەم مزگەوتەکە دابەزین، خەلکی ئاوایی هاتن بۆ بەخێرهێنانمان، دوو دلی بە خەلکەوە دیار بوو، پێی دەچوو ئەوانیش بۆنی باروتیان کردبێ، پرسیاریان لە وەزع کرد، گوتمان:

- ئێمەش وەك ئێوەی لێ دەزانین، ئێمە لە سنووری کەرکووکەوە هێندراوین بۆ ئێرە، ئەبێ شتێك هەبێ، ئەو شتە چیە؟، ئێمەش نایزانین!،

لەگەڵ بانگی مەغریبدا دابەشبووینە سەر ماڵەکان، سەید برایم ئاگاداری کردین، کەس بەتانی لەگەڵ خۆی نەهێنێ، بەڵام گوتی هەر یەکەو چەند نانێك لەگەڵ خۆتان هەڵگرن‌و لە ماڵان زۆر تاخیر مەبن، دوای نان خواردن، خێرا وەرنەوە بۆ مزگەوت، دوو دوو دابەش بووین‌و، دوای نان خواردن، بە قەدەر ماوەی جگەرە خۆرێك دانیشتین، پێش هەستان داوامان لە ماڵی خانەخوێ کرد، چوار، پێنج نانێکمان بدەنێ، خێرا نانەکان ئامادە کران، خانەخوێ پرسی:

- ئەی پێخەفتان ناوێ ؟،

- نە سوپاس،

کابرای خاوەن ماڵ بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- بۆ ئەی لە مزگەوت ناخەون؟!

- نازانین ڕەنگە لێرە نەمێنینەوە.

خانەخوێ زیاتر پەرۆشی هەواڵبوو ،

- کاکە ئەگەر شتێك هەیە پێمان بڵێن، بەشکم ئێمەش تەگبیرێکی حاڵی خۆمان ئەکەین.

- بڕوابکە هەر ئەوەندەیان پێمان گوتووە، نان بخۆن‌و چەند نانێك لە گەڵ خۆتان هەڵگرن‌و وەرنەوە بۆ مزگەوت.

کابرا بەدوو دڵیەوە بە ڕێی کردین‌و ئێمەش بەدوو دڵیەوە خواحافیزیمان کرد، بۆنی باروت زۆرتر دەهات.

ورده ورده پێشمەرگەکان لە مزگەوت خڕبووینەوە، چەند سـەعاتێکمان لـە شـەوی ساردی شـوبات بڕیـووە هێشـتا هـیچ نـازانین، ماوەیـەکی تـر تێپـەڕی، دلاوەری کوێخـا شــەریف کـە نەمانــدەزانی کــەی چــۆتە دەرێ، هاتــە ژووری مزگەوت و گوتی:

- برادەران سەید برایم ئەڵێ هەمووتان وەرنە دەرەوە.

عەبەی باوەفەتی بەخۆشیەکی زۆرو بە پێکەنینەوە گووتی:

- ئەرە بەخوا قەوما.

هەموو کەوتینە خۆ کۆکردنەوەو خۆ توندکردنەوە، بەچەند دەقیقەیـەکی کەم هەموومان لە مزگەوت دەرچووین و لـە دەوری سـەید بـرایم و نەبـەز، کـە ماوەیەکی کەم بوو، کرا بـوو بـە فەرمانـدەی تیپەکـەمان کۆبووینـەوە، دەرەوە تاریـك بـوو، بـای ساردی شـوبات هـەموومانی بـەنیوە لـەرز خسـتبوو، دوای دڵنیابوون لە هاتنی دوا کەسمان، سەید قسەی بۆ هێزەکە کردو، ووتی:

- برادەران دەمەوێ پێتان بڵێم کە مفاوەزات لـە بـەینی ئێمـەو حکومـەتی بەغد تەواو بـووە، سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیـاری داوە بـە چالاکیەکی گـەورە شـەڕ دەسـپێبکاتەوە، چونکە ڕژێـم لـە مـاوەی ئـەم سـاڵەی مفاوەزاتـدا هـیچ مـافێکی کـوردی نەسـەلماندوە، ئـەم شـەو، شـەڕ دەسـپێدەکاتەوە، لـە هـەموو قۆڵێکەوە هێـرش دەکرێتـە سـەر ڕەبیـەو مەعەسکەرەکانی دوژمـن لـە شـاخی دابـان و دۆڵـی شـەدەڵەو دۆڵـی خەلـەکان و هـەموو دۆڵـی سـورداش، ئێمـەش ڕەبیەی سەر شاخی قوڵە پوشینەمان بۆ دیاری کراوە.

کـەسمان نەمانــدەزانی قووڵــە پوشــینە چـیەو لــە کوێیــە، نەمانــدەزانی ناوەکەشی بڵێینەوە، سەید خۆشی ناوەکەی باش لەبەر نەکردبوو، شـتێکی وت لـە بـەینی، قەڵـەو پوشـین و شـتێکی وابـوو، ئـەم قووڵەپوشـینەیە نـەبوو، کـە

ئێستا من ناوەکەی بە ڕەوانی دەڵێم، سەید برایم، بیستو پێنج پێشمەرگەی لە کەرتی سێ جیا کردەوە، کەرتی یەك نازانم چەند کەس بوون، هەر دوو کەرتەکە بە تێکەڵیو بە فەرماندەیی سەید برایمو بە چاو ساغی کەسێك لە دانیشتوانی ناوچەکە، کە پێشتر نەماندەناسی کەوتینە ڕێ، ڕۆیشتنو جوڵان، بۆ ئێمە زۆر باش بوو، چونکە لە سەرما ڕزگاری دەکردینو بەهۆی ڕێو ڕۆیشتنەوە گەرمایی دەگەڕایەوە بۆ جەستەمان، بە دەم ڕۆیشتنەوە خەیاڵم لای کابرای خانەخوێ بوو، چەن بە پەرۆشەوە لە وەزعی دەپرسی!!، دوا ڕستەی خانەخوێ تا ماوەیەکی زۆر لە گوێمدا دەزرینگایەوە، (کاکە ئەگەر شتێك هەیە پێمان بڵێن بەشکم ئێمەش تەگبیرێکی حاڵی خۆمان دەکەین) زۆر بەداخەوە هیچمان نەدەزانی تا پێی بڵێین، دڵنیام کاتێك بە دەنگی تەقەی ئەم شەو بە ئاگادێیت، بە گلەییەوە لەبەر خۆیەوە ئەڵێت: ( خۆ من ڕجام لێتان کرد ئەگەر شتێکتان بەدەستەوەیە پێم بڵێن، هیچتان پێم نەگوتو درۆتان لەگەڵما کرد)، ئەی خانەخوێی بەڕێز، هەرچی جنێوو هەیە پێمان بدەیت حەقی خۆتە، بەڵام بڕوابکە ئێمەش وەك تۆ هیچمان نەدەزانی تەنها بۆنی باروتمان دەکرد، سوپاس بە قەدەر دەنك بە دەنکی ئەو ساوەرە گەرمو بە لەزەتەی لەماڵتان خواردمان سوپاس، ببورە ئەی خانەخوێی بە لوتفو خاوەن کۆشێ مناڵی سەلکەوبنکە ببورە، ببورە ئەی ئەو کەسەی نمەکتم کردو ناوشت نازانم ببورە، گەردنت ئازابێ لە هەموو ئەو گلەییو جنێوانەی لە ناچاریا پێمانەدەیت.

ئێستا ئێمە گەیشتوینەتە بنارو وا بە شاخی هەزار بە هەزاری پیرەمەگرونا سەر دەکەوین، بایەکی سارد هەڵی کردوە دار و بەردی پیرەمەگرونی بە لەرز خستووە، بیگەێنەیەك لە دواوەی کاروانەکەوە هات:

- بیگەێنە پێش قوپڵە پشیلە دانیشن.

منیش گەیاندم بەبێ ئەوەی بزانم ئەو ڕستەیە چیەو مەعنای چیە!!، ئەو پێشمەرگەیەی لە پێش منەوە بوو ڕستەکەی لێم وەردەگرت عەلی عاسمان بوو کە ڕستەکەم پێی گەیاند عەلی عاسمان نیوە ئاوڕێکی دایەوەو ووتی:

- عاسمان پشیلەی چی؟!.

منیش نەمدەزانی ئەوەی وتبوم دووبارەی بکەمەوە، بۆیە گوتم:

- منیش نازانم، چیم گوت تووش ئاوها بیگەێنە.

نازانم عەلی عاسمان چۆنی گەیاندبوو، بەڵام تا گەیشتبووە پێشمەرگەکانی پێشەوە ببوو بە (قوپڵە پشیلە) کەسی یەکەمی پێشەوە لەگەڵ کابرای شارەزایا ڕێی دەکرد، کە ئەم ڕستەیەی پێ دەگا، ئەویش بە دەلیلەکەی دەگەێنێ، کابرای دەلیلیش دەڵێ:

- چییی؟، کە پشیلەمان دیت دانشین؟!، .

ئەویش دەڵێ:

- نازانم لە دواوە وا دەڵێن.

تا قوفڵە پشیلە کرایەوە، بە قووڵە پوشینە تەواوێکی وەخت برد، وای پێدەچوو شارەزاکەی ئێمە شارەزایەکی باش نەبێ، چونکە هێشتا لە دەشتەکە بووین کابرا یەك دوو جار ڕێگەی بناری لێ بزر بوو، کە گەیشتینە سەر شاخ لە پەنای قوتەیەکا داینایین و گووتی:

- ئیتر ئەبێ زۆر بێ دەنگبن، ئەو کەڵەکە بەردەی سەر قوتەکە ڕەبیەکەیە.

- بەڵێ باشە.

هەموو بەبێ دەنگی لە پەنایەکا دانیشتین، ئەو کاتەی دیاری کرابوو بۆ دەسپێکردنی تەقە چەند دەقیقەیەکی کەمی مابوو، سەید خەریکی جیاکردنەوەی ئەو پێشمەرگانە بوو کە دەبوو هێرش بکەنە سەر ڕەبیەکە، بەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە دەگوترا، دەستەی هوجووم.

کابرای شارەزا هاتە پاڵ سەیدو گوتی:

- کاك سەید من لە دۆڵەکە لێم تێك چووە، دۆڵەکەی ئەو دیوترە.

سەید بەم قسەیە زۆر تێك چوو، ئەمە دەیکردە دواکەوتن لە سەعاتی سفر، سەید بە نیگەرانیەك کە تێکەڵ بوو لە توڕە بوون بە کابرای دەلیلی گووت:

- لێرەوە بۆ ئەوێ چەنێك وەختی دەوێ؟.

کابرا ووتی:

- چارەکە سەعاتێك.

سەید کەوتە پەلە پەل لە کابرای شارەزاو لە ئێمەش، بەرەو دۆڵی ئەو دیووتر کەوتینەڕێ، دە خوولەکێك دەبوو بەرێوەبووین لەهەموو شوێنەکانەوە بوو بە تەقە، لە ماوەیەکی کورتا دەسڕێژی تفەنگو زرمەی R.B.G هەموو سەر شاخی دابانو دۆڵی شەدەڵەی پڕکرد، سەید زیاتر شپرزە بوو، زۆرتر پەلەپەلی لە کابرای نەشارەزا کرد، سەید بە تەواوی کۆنترۆڵی لە دەسدا بوو.

- کاکە کوا ڕەبیەکە هەر نەگەیشتین؟، ئەرێ توو ئەمرۆ چیت بە ئێمە کرد؟.

کابراش کەڵەکە بەردێکی نزیکی نیشاندایןو وتی:

- ئەوە ڕەبیەکەیە.

سـەید داوای کـرد ئـەو پێشـمەرگانەی لـە دۆڵەکـەی ئـەودیو تـر جیـای کردبونەوە ئامادەی هێـرش‌و سـەنگەر گـرتن بـن، خۆشـی داوای R.B.G کـەی کرد، سەید هەر بەو پەلەپەلیە گولەیەکی R.B.G نا بە کەڵەکە بەردەکـەوە، دەرکـەوت ئـەو کەڵەکە بـەردە ڕەبیـە نیـەو شـوێنێکی نزیکـی ڕەبیەکەیـە، بـۆ ئیشکگری ڕۆژ بـە کـاری دێـنن، ڕەبیەکـە تـەواوێك لـەلاترەوە بـە دەسـڕێژێك وەڵامی تەقەکانی ئێمەیان دایەوە، هەر چۆنێك بوو بـە دەم تەقەکردنـەوە لـە ڕەبیەکە نزیك بوینەوە، سەید برایم لە هـەموو پێشـمەرگەکان زیـاتر تەقـەی دەکـرد، زۆربـەی یـان هـەموو نارنجۆکـەکانیش خـۆی دەی هاویشـت، شـەڕێکی توونـد لە نێوان ئێمەو سەربازەکانی ناو ڕەبیەکە دەستی پێ کرد، ئەوان پـێش ئەوەی ئێمە بگەین ئاگادار ببوونـەوەو شـوێنی خۆیـان گرتبـوو، بۆیـە زۆر بـە تونـدی کەوتبوونـە شـەڕ لەگـەڵمان، ئێمـە پـەنای گـا بـەردێکمان کردبـووە سـەنگەر، لـەو سـەنگەرەوە بـەو چـەکانەی پێمـان بـوو تەقـەمان لـە ڕەبیـە دامەزراوەکـە دەکـرد، سـەیدیش زوو زوو لـە پـەنای گـا بەردەکـە دەردەچـوو، نـارنجۆکێکی دەهاویشـتە نـاو ڕەبیەکـەوە، ماوەیـەکی درێـژە شـەڕ بـە سـەختی بەردەوامە، سەربازەکانی ناو ڕەبیەکە بە توندی بەرگری دەکەن، ئێستا سـەید لـە دەرەوەی سـەنگەرە گـا بەردەکەیـەو ئەڵقـەی نارنجۆکەکـەی نـاو مشـتی ڕاکێشاوە دەیـەوێ بیخاتـە نـاو ڕەبیەکـەوە، ڕێـك لـەم کاتـەدا ڕیزێـك فیشـەکی گـڕدار لـە ڕەبیەکـەوە دەرچـوو ڕوەو ئێمـە هـات، سـەید فریـای هەڵـدانی نارنجۆکەکـەی نـاو مشـتی نەکـەوت، دووان لـەو فیشـەکە گڕدارانـەی پێکـەوت، سـەید بـە پشـتا کـەوت‌و پـێش کەوتنەکـەی نارنجۆکەکـەی نـاو مشـتی هەڵـدا، نارنجۆکەکـە نەگەیشـتە ڕەبیەکـە، لـە نێـوان هـەردوولادا بـە عـەرد کـەوت‌و تەقیەوە، خێرا دوان لە پێشمەرگەکانی نزیـك سـەید خۆیـان گەیانـدە سـەیدو

گەڕاندیانەوە پەنای گا بەردی سەنگەر، بەشێك لە پێشمەرگەكان تەقەیان دەكردو چەند پێشمەرگەیەكیش خەریك مشورخواردنی سەیدو دكتۆر بوون، دكتۆر حەمید لەو نزیكانە بوو بە گورجی هات، دەرزی خوێن بەربوونی لە سەید دا، بەڵام دكتۆر حەمید بێ هیوا بوو لە ژیانی سەید، سەید خۆشی بێ هیوا بوو لە چاكبوونەوەی، ساتەوەختێكی خەماوی بوو، سەید هاوڕێیەكی نزیكی هەموومان بوو ڕەفتاری برایانەو پێشمەرگانە بوو، قەت هەستت نەدەكرد مەسئوولە، چونكە مەسئولەكان كەمو زۆر هەندێك سیفەتی مەسئوولانەی ناشیرینیان پێوە بوو، هەر ناوی مەسئوول خۆی ناشیرین‌و ڕەزاگرانە، ئینجا ئەگەر ئەو كەسەی مەسئووله هەندێك خۆی بە مەسئوولیەتەكەیەوە بابدات هەر زۆر ناشیرین تر ئەبێ، مەسئوولەكان ئەوەندە مەكربازو بێ لەزەتن ئەگەر لە دوورەوە سەیری خۆیان بكەن، بێزیان لە خۆیان ئەبێتەوە، هەمیشە وا بووە، گەلانی دواكەوتوو نەخوێندەوار ئەبنە كارگەی بەرهەم هێنانی مەسئوول‌و سەركردەی بودەڵەو مشەخۆر، پیاوانی بودەڵەو مشەخۆری بەناو مەسئوول و سەركردەش حیزفرسەتانە سادەیی ئەو خەڵكە خۆشباوەڕە ئەقۆزنەوە تا زیاتر داگیریان بكەن و زۆرتر بیانخەنە ژێر ڕكێفی خۆیانەوە.

بەڵام سەید ئەو سەیدەی ئێستا وا لە گیانەڵادایە پێشمەرگەیەكی خاكی و تێكۆشەرێكی ڕاستگۆو سەرڕاست بوو، سەید برایم كەمتر لە دە خولەك ژیا فیشەكێك بەر شادەمارێكی سەرووی ڕانی كەوتبوو، خوێن لەبەر ڕۆیشتنی زۆر بووە هۆی شەهید بوونی، دوای شەهید بوونی سەید ئەوەندەی نەبرد دوونیا كاڵەوە بوو، بەو بەرە بەیانە هێشتا تاریك‌و سەرمایە تەرمی سەیدمان سپاردە كەلۆەزێكی بەینی دوو گا بەردەوە، ئەو كەسانەی دوای سەید

فەرمانــدەیی شــەڕەکەیان دەکــرد، فــەرمانی ڕاگرتنــی تەقــەیان دا، پــێش خۆرهــەڵات پێشــمەرگەکان بــە شــاخی پیرەمــەگروونا دابەشــبووین لــە ئاســتی قووڵەپوشینەوە، لە خوارتریشەوە، گوندی حاجی تانو سابوراوە بوو، بەشێك لە پێشمەرگەکانمان شەو لەو دوو گونـدە هێڵدرابوونـەوە، ئـەو پێشـمەرگانەی بە شاخەوە بـووین تێکەڵەی چـەند کـەرتێکی تیپـی 25 ی خاڵخاڵان بـووین، پێشــمەرگەی ئــەو کەرتانــەی کــە تێکــەڵ بــە یــەك کرابــووین فەرمانــدەی کەرتیشیان تێدابوو، بەڵام لە ساتی پێکرانی سەیدەوە ئەوان لـە ئێمـە دابـڕان، ئێمـە ئەوەنـدەی مـابووین دابـەش بووینـە سـەر شـاخو چاودێری بـارودۆخی دۆڵی سورداش-مان دەکرد، لە پردی تابینەوە، تا نزیکی تاسلوجەمان دەبینـی، پـێش خۆرهـەڵات کـاروانی سـوپا بـە هـەموو توانـای سـەربازیەوە لـە نزیکـی تاسـلوجەوە دەرکـەوتن، بـەفریای ئـەو هێزانـەیان دەهـاتن کـە شـەو هێـرش کرابووە سەریان، بـە دەیـان تانـك و تۆپـەوە دەهـاتن بـە گرانـیو بـە ترسـێکی زۆرەوە ڕێیان دەبـڕی، سـەرێکی کاروانەکـەیان گەیشـتە ئاسـتی گونـدی حـاجی تــانو ســابووراوەو پاشــی کاروانەکــەیان لــە گونــدی حەســەن تەپــە لەلایــەن پێشمەرگەوە پەلاماردرا، ئەو بەشەشیان کە گەیشتبونە ئاستی گونـدی حـاجی تـانو سـابوراوە، کەوتنـە بـەر هێرشـی ئـەو پێشـمەرگانەی شـەو لـەو گوندانـە هێڵدرابوونەوە، ئەو پێشمەرگانەی لـەو دوو گونـدە بـوون، پێشـمەرگەی تیپـی ۲۱و ۲۵و بەشێك لە پێشمەرگەکانی تیپی ۲۳ش لەوێبوون، بـە درێـژایی جادەی سورداش- سلێمانیو لە ئاستی هەموو ئاواییەکانی سەر جادە شـەڕ گـەرم بـوو، پێشــمەرگە لــە هــەموو ئــەو شــوێنانەوە پــەلاماری کاروانــە ســەربازیەکەی دوژمنیان دەدا، مەبەستی سـەرەکی هێزەکـەی دوژمـن گرتنـەوەی سـەربازگەی گونـدی شـەدەڵەو زنجیـرە شـاخی دابـان بـوو، کـە شـەو لەلایـەن پێشـمەرگەوە

دەستی بەسەردا گیرابوو، هێزی سەربازی دوژمن لە گوندی سابوراوە، گیری خواردو نەیتوانی تێپەڕێ، شەڕ زۆر توند بوو لەو دوو گوندە، هەشت تانك هێرشی دەکردە سەر ئەو چەند پێشمەرگەیەی لەو گوندە بوون، ئێمە چەند جارێك ویستمان لە شاخ دابەزین‌و بە هانای هاوڕێکانمانەوە بچین لە سابوراوە، بەڵام دلاوەر کە لە دوای سەیدەوە فەرماندەیی دەکردین، ڕایگرتین‌و ئیزنی دابەزینی نەداین، لە دوای نیوەڕۆوە دوژمن بێ هیوا بوو لە تێپەڕین لە گوندی سابوراوە، هێزێکیان کە هەموو سەربازی بەرگ بەڵەك بوون، بە ئاراستەی ئێمەو ڕوەو شاخی پیرەمەگرون ڕچکەیان بەستو کەوتنەڕێ، بە مەزەندە چل سەربازێك دەبوون، سەردەستەکەمان فەرمانی دا دوو پێشمەرگە سەرکەوت بنەیی‌و من، شۆڕبینەوە بۆ بن بنارو هیوا ڕەش‌و فارس تیژەیی کە یەکەمیان: R.B.G دووەمیان: B.K.C ی، پێ بوو، ئەو دوانە دەبوو چاودێری ئێمە بکەن‌و لەگەڵ تەقەی ئێمەدا ئەوانیش تەقە لە هێزە پیادەکەی دوژمن بکەن، لەگەڵ سەرکەوتدا شۆڕبووینەوە ئەوەندەی بەردێك مابوو بۆ سەنگەرو بنار داربەڕوی پێوە بوو شۆڕبوینەوە، پەنای گا بەردێکمان کردە سەنگەرو چاوەڕێ بووین تا هێزە بەرگ بەڵەکەکەی دوژمن کەوتنە پێ دەشتەکەی بەر دەستمان، ئینجا ناوی خوامان لێ هێناو ئەوەندەی تفەنگ تەقەی پێ دەکرێ‌و ئەوەندەی فیشەکمان لێ نەبڕێ تەقەمان لێ کردن، دە خولەکێك بە توندی لێماندان، ئێمە لە گەرمەی تەقە کردنا بووین، لە ناکاو گرمەیەکی گەورە چاوی پێ بەرزکردینەوە لەسەر سەربازە بەرگ بەڵەکەکان‌و نواڕیمانە ئاراستەی گرمەکە، چیمان بینی خێر بە سەر ئێوەیا باری‌و شەڕیش بەسەر ئێمەیا، سێ تانکمان بینی بە خێراییەکی زۆرەوە بە ئاراستەی ئێمە دەهاتن، گرمە لە دوای گرمە، گرمەی

تۆپی تانك شاخی هەژاندو ئێمەشی ناچاری پاشەكشێ كرد بۆ لای هاورێكانمان، ئیتر نە سەربازە بەرگ بەڵەكەكان جارێكی تر هێرشیان كردەوە، نە ئێمە توانیمان لە شاخ بێینە خوارەوە، بۆیە تا عەسرێكی درەنگو پێش مەغریب هەر بە شاخەوە بووین.

ئێستا ئێوارەیەكی درەنگە، بایەكی ساردی پێش باران هەڵی كردووە، كارەباو گڵۆپی هەموو دێیەكانی سەر جادەی نێوان تاسلوجەو سورداش كوژاوەتەوە، دنیا بەرەو تاریكی هەڵدەكشێو سەرماش دەستو پێمانی تەزاندوە، لە برسێتیش هەر مەپرسە، لە دوێنێ شەوەوە هیچ كەسێك نانی نەخواردوە، تەنیا ئەو یەك دوو نانە نەبێ كە لە ماڵان وەرمان گرتوو لە كۆڵە پشتەكانمان ئاخنی بوو، ئەوەش ئەو كاتە نۆشی گیانمان كرد، كە هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو تەماشای هاتنی لەشكری بێ شوماری دوژمنمان دەكرد، دوو سیفەتەم هەیە كە دەبوو لە هەموو پێشمەرگەیەكدا هەبێ، بەڵام من هیچ یەكێ لەو دوو سیفەتم تێدا نەبوو، یەكەم: نان هەڵگرتنو هێشتنەوەی بۆ كاتی پێویست.

دووەم: بەتانی هەڵگرتن.

هەر شەوی ڕابردوو ئەو كاتەی كە لە مزگەوتەكە دەرچووینو كاتێك كە سەید قسەی بۆمان دەكرد من خەریكی نان جاوین بووم عەلی عاسمان بەو تاریكیە دەمووچاوی هەندێك هاوردە پێشەوەو لێم وردەوە بوو، ووتی:

- عاسمان ئەوە چی ئەخۆی؟.

- نان؟

- نانی چی عاسمان؟.

- ئـەی سـەید نـەیگووت نـان لـە مـاڵان وەرگـرن، ناکـا عەلـە تـو نانـت نەهاوردبێ؟!.

- عاسمان چۆن نانم نە هاوردوە، بەس بۆ ئێستا ئەیخۆی؟!.

- ئەی کەی بیخۆم؟.

- عاسمان هەڵیگرە بۆ کاتی پێویست.

- عەلە گیان هەلگرتن، هـەر هەلگرتنـە، چ لـە زگمـا هـەڵیگرمو چ لـە کۆڵـە پشتەکەما فەرقی چیە، حەیاتم.

- کەیف خۆتە بەس کە برسـیت بـوو، داوای نـان لـە مـن نەکـەی یـەك تـۆز نانت نادەمیٚ.

- ئەی دەیت، خۆت ئەی دەیت،

ئەوە سیفەتی یەکەم بوو، کە لە مندا نەبوو، بۆ سیفەتی دووەمش با کاتی بێت ئەویشتان بۆ باس دەکەم، کەواتە جگە لەو نانەی کە بۆم باسکردن کەس هیچی نەخواردووە، ئێستا هەموو برسین هەتا بڵێی مانـدووین تـەرمی سـەید بـرایم، کـە لـە نێوان دوو گـا بـەردی پیرەمـەگرونا حەشـارمان دابـوو، دەرمـان هێنـا، تەرمەکـەی سـەید بەسـتبوی بـەهۆی ئـەو سـەرمایەوە هـیچ بـۆنێکی ناخۆشـی لیٚ نـەدەهات، تەرمەکـەی سـەیدمان خسـتە سـەر شـانو لـە شـاخەوە داگـەڕاین بـەرەو خـوارەوە، لـە ڕێگـا دەیـان جار کـەوتینو هەسـتاینەوە، ئـەو گونـدەی بـۆی دەچـووین سـابوراوەو هـەموو گونـدەکانی دیکـەش ئاگریـان گرتووە، دووکەڵو ئاگر لـە هـەموو خانوویـەکی ئاواییـەوە بـەرز دەبـۆوە، بـۆن کرۆزی پەڕۆی سوتاوو لۆکەی ناو لێفـەو جـاجمی لـە مـوو چندراو لـە هـەوادا بـڵاو دەبـۆوەو هەناسـەی مرۆڤـی تـەنگ دەکـرد (دیٚ دەسـوتاو بـۆن کـرۆزی دەگەییـە ئاسمـان) ئێمـەش کۆمـەڵیٚ پێشـمەرگەی مانـدوو برسـیو سـەرما

تەزاندوو، بە تەرمی فەرماندەکەمانەوە گەیشتینە خانووی یەکەمی ئاوایی سوتاو، بەو حاڵەوە کە ئێمەی تێدابووین نە خانوویەکمان پێ دەکوژایەوەو نەخۆراکێکمان دەس دەکەوت، بۆیە ڕێمان گۆڕی بەرەو گوندیکی دیکە، کە دەکەوتە خوار سابووراوەوە، ئەو دێیەی کە ئێستا بۆی دەچین هێشتا ئاگری شەڕ، نەیسووتاندووە، بەڵام نازانین ئاوەدانی تیایە یان نا، دوای نیو سەعاتێك گەیشتینە ئەو ئاواییە کە ناوەکەیم لە بیرچۆتەوە، ئاوایی چۆڵو حۆڵ بوو، ڕاستە ڕێ، ڕێی مزگەوتمان گرتەبەر، دارەمەیتی مزگەوتەکەمان هێناو تەرمی سەیدمان خستە دارەمەیتەکەوەو لە ئاوایی دەرچووین بەو ئاڕاستەیەی لێوەی هاتبوینە ناو دێیەکەوە، لە پشت ئاواییەوە کە دنیا بە تەواوی تاریك ببوو، هەڵوێستەیەکمان کرد بۆ راوتەگبیر، چی بکەین‌و بەرەو کوێ بڕۆین، ئەم تەرمەی سەر شانمان بنێژین یان بیبەینەوە بۆ لای کەس‌و کاری، ئێمە لەم ڕاوێژانەدا بووین گوێمان لە دەنگە دەنگیك بوو لە نزیکمانەوە، چوار پێنج پێشمەرگە بەرەو دەنگەکە چووین، چەند هەنگاوێکمان بڕی تارمایی کۆمەڵێ زەلام دەرکەوتن دەنگمان دان:

- زەلام کێن؟.

دەنگەکان خۆیان ناساند.

- خۆمانین پێشمەرگەین.

نەبەزی سەر تیپ‌و دە پانزە پێشمەرگە بوون، نەبەز بە دڵ تەنگیەکی زۆرەوە لە مەرگی سەید برایم دواو، وتی:

- بە تەمان تەرمی سەید بۆ کوێ بەرن؟.

کاك دلاوەر جوابی دایەوە:

- نازانین لێرە بە ئامانەت بینێژین، یان بیبەینەوە بۆ سنوری خۆمان؟.

نەبەز ئەوەی پێ باشتر بوو تەرمەکە ببەینەوە بۆ لای کەس‌و کاری‌و وتی:

- منیش پێم باشە تەرمی سەید بەرنەوە بۆ لای کەس‌و کاری‌و ئەگەر بکرایە خۆشم دەهاتم لەگەڵتان، خۆتان دەزانن وەزعەکە ڕێگەی ئەوە نادا من لەگەڵتان بێم، بەڵام ئێوە لەگەڵی بڕۆن‌و لە باتی منیش سەرەخۆشی لە براو کەس‌و کاری بکەن.

دوای ئەوەی بڕیاری بردنەوەی تەرمەکەی سەید درا، بۆ سنووری خۆمان، دەبوو بەرێیەکی ئەمیندا لە جادە بپەڕینەوە، ڕێگایەکی نزیک هەبوو لە سەرووی پردی تابینەوە لە جادە دەپەڕینەوە ڕوەو گوندی زەرزی، بەڵام دوای مەغریب بەشێك لە پێشمەرگەکانی کەرتی یەك، کە سەربەستە سور فەرماندەیان بوو لەو ڕێگایەوە پەڕیبونەوەو تووشی هەندێك تەق‌و تۆق ببوون لەگەڵ هێزی جەیشا، هێزەکانی سەربازو سوپا هێشتا پاشەکشەیان نەکرد بوو لەسەر جادەی گشتی، ماوەی پەڕینەوە سەخت‌و کەم ببۆوە، ئەو ڕێگایەش بە کەڵکی پەڕینەوە نەما بوو بە هۆی ئەو تەقو تۆقەوە، بۆیە بڕیار درا لە ئاستی گوندی قەرەچەتان‌و خوار گوندی چەرمەگاوە لە جادەی سەرەکی بپەڕینەوە، بڕوامان وابوو ئەو ناوچەیە ئەمڕۆ شەڕی تێدا نەبووەو جۆرێك لە ئارامی تێدایە، ئەم ڕێیە، ڕێگایەکی زۆر دوورو تاقەت پڕوکێن بوو، سەرەڕای نەخەوتن‌و برسێتی‌و ماندووبوونی شەوو ڕۆژێکی شەڕو شۆڕ ئەم ڕێگا دوورەشمان کەوتەبەر، ناوی خوامان هێنا، لە نەبەزو هاوڕێکانی جیا بوینەوەو کەوتینەڕێ، نیو سەعاتێك ڕێگەمان نەبڕیبوو، وردە وردە پڕوشەی باران دەسی پێ کرد، سەرەتا بە نەرمی‌و پاشان باران بە خوڕ دایکرد، ڕێ و ڕۆیشتن ئەوەنەی تر سەخت و دژوار بوو، ئەو ڕێیەی پێدا دەڕۆیشتین هەمووی وەرد بوو، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکا پێمان بستێك دەچووە ناو قوڕەوە

دەیان جار پێڵاوەکانمان لە ناو قوڕا ون دەبوونو بە لەپە کوتێ دەمان دۆزیەوە، باو ڕەهێڵەی باران بڕستی لێ بڕیبووین، نزیکی بەرەبەیان بوو گەیشتینە گوندی قەرەچەتان، ئاواییەکە شەڕی ئەو ڕۆژە، نەگەیشتبوو پێی، بەڵام دانیشتوانەکەی بەزۆری بڵاوەیان کردبوو، تاكو تەرا خەڵکی لێ مابوو، تەرمەکەمان بردە مزگەوتی ئاواییو خۆشمان لە دەرگای چەند ماڵێکماندا کە ڕووناکیەکی کز لە ماڵەکانیان دەبیندرا، بەدوای کەسێکا دەگەڕاین هەواڵو دەنگ و باسی ناوچەکەمان پێبڵێ، تووشی پیاوێك بووین، هەواڵی جادەمان پرسی، گوتی:

- شەڕ لێرە نەبووە، هەستیشمان نەکردووە سەر جادە کەمینی عەسکەری لێ بێ.

بەداخەوە، ئەم هەواڵەو ماندوبوونی لە گوتن نەهاتوومان، بڕیارێکی هەڵەی پێداین، ئەوەش ئەوە بوو بڕیارماندا بە تراکتۆر لە جادە بپەڕینەوە، هەر ئەو پیاوەی لەگەڵمان وەستابوو، وتی:

- من تراکتۆرم هەیەو ئەتاندەمێ بەڵام خۆم مناڵەکان ئەبەم بۆ ئەشکەوتەکانی پیرەمەگرون، بۆیە ناتوانم لەگەڵتان بێم، ئەگەر خۆشتان تراکتۆرەکە ئەبن بیبەن، لە گوندی حەسەن تەپە جێی بێڵن دوایی خۆم بە شێنەیی دەچم دەیهێنمەوە.

تراکتۆرەکەمان لێی وەرگرت، دلاوەر پێش ڕۆیشتنمان چوار پێنج پێشمەرگەی ناردە سەر جادە، ئەوەی لە بیرم بێ یەکێك لەو پێشمەرگانە فارس تیژەیی بوو، کە لە پێش ئێمە بەڕێ کەوتن بەرەو سەر جادە، ئێمەش دوای ڕۆیشتنی ئەوان تەرمەکەی سەیدمان خستە ناو عاربانەی تراکتۆرەکەو هەموو سوار بووین، یەکێك لە پێشمەرگەکان، ستار گەزەڵانی ئەرکی

ئاژووتنی تراکتۆرەکەی گرتە ئەستۆ، بەهێمنیو خێراییەکی کەم لە ئاوایی دەرچووین بەرەو جادەی قیری نێوان تاسلوجە – دوکان شۆڕ بووینەوە، گەیشتینە سەر جادەی گشتی هاوڕێکانمان کە پێش ئێمە گەیشتبوونە سەر جادە چاوەڕوانمان بوون، لای هاوڕێکانمان وەستاین.

- ها دەنگوباس چی هەیە؟ .

- هیچ نیە، کشو ماتە.

- دەی ئێوەش سەرکەون.

ئەوانیش سەرکەوتن، چەند خولەکێك بە جادەی قیرا ڕۆیشتین، بە ئاراستەی گوندی چەرمەگا، لە پڕاو لە دووری چەند مەترێکی کەم دوو ڕوناکی شەوق تیژ، دەوروبەرمانی ڕووناك کردەوە، هێشتا واق وڕماوی ڕووناکیە شەوق تیژەکە بووین، نەڕەیەکی گەورەو بە سام لە سەرچاوەی ڕووناکیەکەوە هەڵسا، بە تەکانێك جوڵاو هات بەرەو ئێمە، ئەو پێشمەرگانەی لە پێشەوەی تراکتۆرەکەوە سوار ببوون دەنگە دەنگیان لێ بەرز بووەوە.

- دەبابەیە ئاگاداربن.

چەندین دەنگی تر تێکەڵ بەو دەنگانە بوون.

- خۆتان فڕێدەن دەبابەیە.

هێشتا ئەم دەنگانە نەڕەوی بوونەوە، گرمەیەکی گەورە لە هەموو گرمەیەك گەورەتر، لە تانکەکەوە دەرچوو، ئەم گرمەیە گرمەی تۆپی سەر تانکەکە بوو.

بەڵام ئێمە ئەوەندە نزیك ببووینەوە لە دەبابەکە گرمەکەی سەری کردو سەد مەترێك لە پشت ئێمەوە بە عەرد کەوت، هەر لەگەڵ گرمەکە، دۆشکەی سەر دەبابەکەیان خستە کار، ئێمە گرمەکەمان بەسبوو نەك بەسبوو، هەر

لێشمان زیاد بوو، ئینجا دۆشکەشی هاتە سەر، فیشەکی گڕداری دۆشکە مشتێك ئاگر بوو، کە لە جادەی قیری ئەداو بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە، هەر سەرت لێ دەشێوا، ئێمە هێشتا زۆربەمان لە عارەبانەی تراکتۆرەکەدا بووین، تراکتۆرەکە سوڕا، سوڕانەوەیەکی خێرا، ئەو سوڕانەوەیە بۆ ڕزگار کردنی تەرمی سەیدو تراکتۆرەکە بوو، بە هۆی ئەو سوڕانەوە خێرایە، تراکتۆرەکە بە عارەبانەکەیەوە وەرگەڕایە ناو ئەو ئاوو قوڕاوەی ببووە گۆماوێك لە قەراخ جادەکەوە، هەموو ڕماینە مل یەکاو هەر کەس لە هەوڵی ڕاستبوونەوەو دەرباز بوون بوو، لەو ئاوو قوڕاوە، گرمەی تۆپو قرمەی دۆشکە، کە لە تانکەکەوە دەردەچوو ئاوو قوڕو تراکتۆری دەبێژا، هێشتا هەندێك پێشمەرگە لە ئاوو قوڕاوەکەدا لە هەوڵی خۆ دەربازکردن بوون، یەکێك لە پێشمەرگەکان عەبدوڵای ناو بوو ئەو عەبدوڵایە، R.B.G پێ بوو، بە خێرایی گولەی سەر R.B.Gەکەی جووت کردو هەر بە پێوە پەنجەی لەسەر پەلاپیتکە توند کرد، چرك، چرکەیەکی کرد نەتەقی، ئەو چرووك کردنو نەتەقینە ئەوەندەی تر بێ هیوامانی کرد، نەتەقینەکەی بە هۆی تەڕی پاڵنەری (حەشوەی) گولەکەوە بوو، مرۆڤ ماندویێتی چەندە بێ هێزی کردبێ، هێشتا هێندێك هێزی تێدا دەمێنێ، ئەو بڕە هێزەی لە ئەژنۆماندا مابوو، سەرماو برسێتیو ماندووبوون پەی پێنەبردبوو، ترس پەی پێ بردوو دۆزیەوە، ترس ئەو هێزە کەمەی نایەوە ئەژنۆمان بۆ خۆ قوتارکردن، قوتار بوون لەو تانکەی چەند مەترێکی ماوە بگاتە سەر سەرمان، سێ، سێو چوار، چوار، یەك کەوتین، لە خەمی قوتار بووندا پەلەقاژەمان بوو، بێ هیچ قسە کردنو ڕێك کەوتنێك هەموو بەو ئاڕاستەیەدا هەڵدەهاتین کە چەند خولەکێك بوو پێیدا هاتبووین، هەموو بەڕێگەی جیاجیادا بەرەو گوندی

قەرەچەتان دەگەڕێینەوە، من نازانم چەندمان پێ چوو، چۆنیش لەو ئاگربارانە ڕزگارمان بوو، چەند تۆپ بە سەرمانا لورەی کردو، چەند فیشەکی دۆشکەش لە بن دەستو پێمان بە عەرد کەوتو چۆنیش خۆم گەیاندە گوندی قەرەچەتان، ئەو پێشمەرگانەی پێکەوە قوتار بووین ئەمانە بووین، دکتۆر حەمید، ڕۆکان، ڕزگار، من، ئێمە گەیشتینە بەر مالانی ئاوایی چەند پێشمەرگەیەکی تر پێش ئێمە گەیشتبون، ئەوەی لە بیرم بێ یەکێکیان سەرکەوت بنەیی بوو، وردە وردە ئەوانەی دیکەش پەیدابوون، کە خۆمان ژمارد دوو کەسمان دیار نەبوون، سالح سەیدانیو پشتیوان کوچك نەخشینەیی، دوای ماوەیەك چاوەڕوانیو دوو دلی ، دلاوەر گوتی:

- ئێمە چۆن بڕ بڕ یەکمان گرتبوو، ڕەنگە پشتیوانو سالحیش پێکەوە بن، خەمی سالح-تان نەبێ، ئامۆزامەو من دەیناسم دلنیام کە سەلامەتن، ئێمەش هەموو لەگەل ئەم ڕەئیەدا کۆك بووین، نەك لەبەر ئەوەی چاوەڕێیان نەکەینو زووتر بڕۆین، ئێمە گەیشتبوینە شوێنێکی ئەمین، چاوەڕێکردن هیچ مەترسیەکی بۆ ئێمە نەبوو، لەبەر ئەوە بوو سالح سەیدانی تەمەنو تەجروبەی پێشمەرگایەتی لە هەمووومان زیاتر بوو، ئێمە لەو قسانەدا بووین ڕۆژ ببۆوە، هەموو بە بێدەنگی ملی ڕێمان گرت بەرەو شاخی پیرەمەگرون، ئاواییمان تێپەڕاندو لە پشتی دێیەکەوە بوین وردە وردە بەفر دەستی بە بارین کرد، کەس بە هۆی بەفر بارینەوە پەلەی نەدەکرد، بەفرە باریو ئێمە هێواش هێواش ڕێمان دەبڕی، گەیشتینە شاخ، ئاوڕێکم بۆ دواوە دایەوە هەمو ئەو ڕێیەی جێمان هێشتبوو بەفر سپی کردبوو، لە پیرەمەگرون نیمچە ئەشکەوتێکمان دۆزیەوەو ستارمان تیا گرت، بەفر ڕێزە ڕێزەو بە هێمنی دەهاتە خوارێ، کاتێك کە بەفرەبارێ، دنیا کپو بێ دەنگە، ئەم کپی و

هێمنیە بۆ ئێمە پێویست بوو، ئێمە برسێتیو سەرماو ماندوێتی تا ئێسقانەکانمان داچۆڕا بوو، ئەم کپیە باری قورس‌و خەماویمانی سووکتر دەکرد، توانای قسە کردنیشمان نەمابوو، تا ئەوسەری برسێتی برسی بووین، تا سەر ئێسك سەرمامان بوو، تا ئەوسەری ماندووبوونیش، ماندووبووین، هەر بەبێ دەنگی‌و بە بێ ئەوەی کەس ورتەی لە زار، بێتە دەرێ، جولاین جوڵەیەکی هێمن‌و کپ، حەزی ئاگر جولاندمانی، من یەکێك بووم لەو کەسانەی بە قەدەر کەسێکی ئاگر پەرست ئاشقی ئاگربووم، لەگەڵ کاك دلاوەرا جولاین بەبێ دەنگی کۆمەڵێ دارو چیلکەمان کۆ کردەوە، شقارتەکەم دەرهێنا، شقارتەکەم شێی تەڕی هەبوو، بەلام تەڕێکی وا نەبوو ئاگری پێ نەکرێتەوە، دوای هەندێك ماندوو بوون‌و خەسار کردنی یەك دوو دەنکە شقارتە ئاگرێکی گەورەمان کردەوە، هەر بێدەنگین‌و کەس، کەس نادوێنێ، ئەگەر لە هەموو ڕووداو بەسەرهاتێك کەسی یەکەم، خەتا باربێ!، ئەوا لەم ڕووداوەی ئەم بەرە بەیانە کە بەسەر ئێمەدا هات‌و تەرمی سەیدمان تێدا گورگان خوارد کرد، کەسی یەکەمی تێدا، خەتابار نیە، هەمووومان وەکو یەك تەرمی سەیدمان لە کۆڵ گرتوو، وەکو یەکیش خەتامان هەیە لە بە گورگان خواردنی، هەموو مات‌و بێ دەنگین کەسێك شتێکی نیە بۆ باسکردن، من مێشکم وەك شارە زەردەواڵە ژاوە ژاویەتی بە قەدەر ژمارەی زەردەواڵەی ناو شارە زەردەواڵەیەك قسەو ڕستەو، وتە لە ناخما دەرو ژووریانە، دڵنیام هاوڕێ کانیشم وەك من بیر دەکەنەوە، هەموومان لەگەڵ ڕابردوودا ئەژیاین، ڕابردووی کۆن‌و دوێنێ‌و پێرێ‌و شەوی ڕابردوو، ڕابردووی دوو دەمژمێر پێش ئێستا، دوو دەمژمێری پێش ئێستا، بوو بە ڕابردوو، هیچ هێزێکی ئەرزی ناتوانێ چرکەیەکیش لە ڕابردوو بگێڕێتەوە، ئای ڕابردوو، چەن لێت

پەشیمانم، بەفر بەهێمنیو بەچڕی دێتە خوارێ پیرەمەگرونو دەشتەکەیو بنارشی سپی کردووە، ئەو کلۆ بەفرانە چەن پاكو سپیو بێگەردن، وەك منالی ساوای تازە زاو وان، ئێمەش تا لە باوەشی دایکمانا بووین وەك ئەو کلۆ بەفرانە پاكو بێ گەرد بووین، هەر کە لە کۆشی دایك ترازاینو کەوتینە کۆشی دنیاوە هەر یەکەو بارتەقای پیرەمەگرونێك گوناهمان لە کۆڵ ناوە، ئێستا لە نیوەڕۆ نزیك بوینەتەوە برسێتیو چاوەڕوانی دوو هاوڕێکەمان زۆری کێشا، دەنگێگی غەریب، ماندوونەبوونی لێکردین، دووان لە هاوڕێکانمان وەڵامی ماندوو نەبوونی دەنگە غەریبەکەیان دایەوەو چون بەرەو پیری دەنگەکەوە، پیاوێکی جوامێری قەرەچەتانی بوو، مەنجەڵێك ماستو باوشێك نانی بۆمان هێنابوو، هاوڕێکانمان زۆریان هەوڵدا ئەو جوامێرە دانیشێنن، بەلام ڕازی نەبوو بە دانیشتنو گەڕایەوە بۆ لای منالەکانی، گوتی:

- تاوێکی تر خۆم دێمەوە بۆ مەنجەڵەکە.

ئێمە هەمو بەبێ دەنگی نانمان ئەخوارد، دەنگێکی دیکەی ئاشنا وتی:

- سەلامو عەلێیکوم.

هەموو ڕاستبووینەوە.

- کورە وەی عەلێکەسەلام.

کاك ساڵح بوو، ساڵح سەیدانی یەکێك لە دوو هاورێ ون بووەکانمان بوو، شەپۆلێکی خۆشحاڵی ڕووی هەموومانی گرتەوە، بێدەنگی چەند سەعاتەمانی شکاند.

- یاخوا بە خێربێیتەوە کاك ساڵح.

ساڵح سەیدانی لە تەوقی سەریەوە تا نوکی پێی لە قوڕا بوو، شتاقمان، کەسێکی وا قوڕاویمان نەدیتبوو، عەلی عاسمان هاتە قسەو وتی:

- ئەوە چیە عاسمان ئەڵێی لە قوڕ هەڵتیان کێشاوە.

ساڵح سەیدانی کەمترین ماندوێتی پێوە دیار بوو، هەموو بە پەرۆشەوە پرسیمان.

- ئێ کاك ساڵح توو چیت لێهات؟، چۆن ڕزگار بوویت؟،

ساڵح سەیدانی زۆر بە هێمنی ئەدوا، وتی:

- کاتێك تراکتۆرەکە وەرگەڕا، من خۆم فڕێدا بووە سەر جادەکە، بە تەکانێك پەڕیمەوە ئەو بەری جادەکەوە، ماوەیەك خۆم مات کرد، گوێم لە خوڕەی ئاو بوو، هەندێکی تر داگەڕام ڕوەو دەنگی ئاوەکە چووم، پردێکم بینیو، چوومە بن پردەکەوە، لەوێ مامەوە تا تەقە بە تەواوی نەما، دیتم کە ئێوە هەموو بەرەو قەرەچەتان بوونەوە، منیش بە شێنەیی هەر بە دەم ئاوی بن پردەکایا هاتم ئەو دۆڵەم بەر نەدا تا گەیشتمە لای ماڵەکانی قەرەچەتان، کە لە ناو دێ نەتانم دیتەوە، گوتم چوونە بۆ پیرەمەگرون، منیش بەرەو ئێرە کەوتمە ڕێ، لەو خوارەوە تووشی پیاوێك بووم، هەواڵی ئێوەم لێپرسی، وتی:

- ئەوەتەن وا لەو ئەشکەوتەن، من ئێستا نان و ماستم بۆیان برد.

ئاوها ئێوەم دۆزیەوە.

هەموو گوتمان:

- یاخوا بەخێر بێیتەوە، ئەی کوا پشتیوان؟،

زۆر بە سەر سوڕمانەوە وتی:

- پشتیوانی چی!، من پشتیوانم نەدیوە.

- چۆن ئەی پشتیوان لەگەڵ توو نەبوو؟!،

- نەوەڵا من هەر خۆم بووم‌و کەسم لەگەڵ نەبوە، بۆ پشتیوان تا ئێستا دیار نیە؟!.

- نەوەڵا دیار نیە ئێمە پێمان وابوو کە تۆو پشتیوان پێکەون.

جارێکی تر بوەوە بە غەڵبە غەڵب‌و چی بکەین‌و ئەبێ پشتیوان چی بە سەرهاتبێ، چۆن ئەو هاوڕێیەمان بدۆزینەوە، عەلی عاسمان یەکێك بوو لەوانەی زۆر لە پشتیوانەوە نزیك بوو، عەلی پێشنیاری کرد، چوار پێنج پێشمەرگە بچین بەرەو جادەو سۆراغێکی پشتیوان بکەین، کەس لەو کاتەیا پێشنیارێکی لەوە باشتری پێ نەبوو، هەر زوو بە پێشنیارەکەی ڕازیبووین‌و لەگەڵ عەلی عاسمانا کەوتینە ڕێ، چەند هەنگاوێك لە ئەشکەوتەکە دوور کەوتینەوە، یەکێك لە هاوڕێکانمان بانگی کردین.

- وەرن کاکە وەرن مەڕۆن، با ئێوەش نەفەوتێن.

زۆر حەپەساین، هەمو سەیری ئەو کەسەمان دەکرد کە ئەم قسانەی کرد.

- تو ئەزانی پشتیوان چی لێهاتوە؟!.

- ئا، ئەزانم!.

- ئەی بۆ تا ئێستا هیچت نەگوتووە؟!.

- کاکە، من‌و پشتیوان پێکەوە بووین، هەردووکمان لەسەر ئەو ڕایەڵە ئاسنە وەستا بووین کە تراکتۆرو عاربانەکەی پێکەوە دەبەستەوە، کە تراکتۆرەکە وەرگەڕا پشتیوان قاچی کەوتە بن ئەو ئاسنەوەو قاچی شکا، جارێك دووان ڕامکێشا بۆم دەرنەهات، من کە جێم هێشت پشتیوان لە بن تراکتۆرەکە بوو، بۆیە لەوێش دەنگم نەکرد بەخوا بگەڕاینایەتەوە سەری هەمووومان ئەکوژراین.

**لە ئاستی ئەم قسانە نەمانـدەزانی چـی بلێین، بۆیـە هـەمووومان بـێ دەنـگ بووین، کپیەکی وەك کاتی بەفر بارین کپی کردین.**

# بەفرەبارێ، بەفر

بەفر، بەفر، بەفر خۆشناکاتەوە، لە تاریکو ڕوونی بەیانیەوە، کڵۆ کڵۆ وەك لۆکەی هەلاجی کراو لە ئاسمانەوە، لە ناو زگی ئەو هەورە سپی پاتەوە، هێدی هێدی بەفرەبارێ، جار جارە وەك شەستە باران چۆن شەستە باران بە لێزمە دێتە خوارێ، ئاوهاش بە لێزمەو بە زۆری بەفر دێتە خوارێ، بەڵام بەفر چەند بە پڕیو بە زۆریش بباری، هەر بە بێدەنگی دەبارێ، بەفر ئاسمانەکەشی فەرقی هەیە لەگەڵ ئاسمانی باران، ئاسمانی بەفر ئاسمانێکی سپی و ماتە، هەوری بەفر ئەگەر بەشی سپیکردنی هەموو دونیاش بەفری پێبێ هەر بە ئاسپاییو بە شێنەیی دێتو دائەکا، هیچ کەسێك لە هەوری بەفرا نەگوێی لە گرمەی هەورێ بووە، نەهەورە تریشقەیەکشی دیووە، هەوری بەفر بەوە خۆی لە هەوری باران جیا کردۆتەوە هێمنی کردۆتە یاسای خۆیو ڕوو لە هەر شوێنێکیش بکات، بەئارامی ڕووی تێدەکاتو ئارامیش بەسەر ئەو هەرێمی بارینەی خۆیدا دەسەپێنێ، بەفر تەنها ئارامی لەو کەسانە هەڵدەگرێ کە بەڕێوەن، ئەگەر بە ڕێدا بڕۆیتو هەوری بەفر بتگاتێ، بە شاخەوە بیت، یان بە دەشتاییدا بڕۆیت، ڕێت دوور بێ یان نزیك، هەر بە پەلەیت بۆ گەیشتن، ئەگەر لە ڕێ بیت لەگەڵ بەفربارینندا ترس دەتگاتێ، خۆ ئەگەر بەفرەکە بە باوە بباری ئەوە ترسەکە چەندقات دەکاتەوە، ترسی ڕێ ون بوون، ترس لە ڕەق بوونەوە، ترس لە ڕێگیران، بەفر ڕێ لە هەموو گیاندارو بێ گیانێك دەگرێ بە تانك و کۆپتەریشەوە، لە بەفربارینندا هەمو شتێك لە جوڵە دەکەوێ، تەنیا ئەو باڵندە بچکۆلە ڕەنگ خاکیانە نەبێ، ناوە ناوە تاکو تەراو تیژڕەوانە بە ناو ڕێزە ڕێزەی بەفرا

تێدەپەڕن، ئەویش یان خەمی جووت بوون باڵی پێگرتوون، یان بەرهەمی جووت بوون، هەرکە بەفرباری‌و عەردی سپی کرد پشتی لێبکەوەو بێ خەمبە، لە دەم بەعزێ پێشمەرگەی ڕەخنەگر نەترسی ئیشکگرتن، هەر پێویست نیە، سەیرە لەگەڵ زانینی ئەم هەموو ڕاستیەشدا ئەوە دە ڕۆژ زیاترە ئێمەیان لەم گوندە ڕاگرتووە، ئەم گوندە، ناوی دۆڵمازەڵەیە، کەسمان لە مەعنای ناوی ئەم گوندە تێناگەین بە خەڵکی گوندەکەشەوە، پێش ئەوەی ئێمە بێینە دۆڵمازەڵەو ئەو کاتەی لە قەرەچەتانەوە بە ڕێوەبووین بۆ ئەشکەوتەکەی پیرەمەگرون بەفر دایکرد، سێ ڕۆژ بە شەوەکانیەوە بەفر باری‌و بۆ یەك چرکەش بەفر خۆشی نەکردەوە، ئێمە ئەو ڕۆژە تا عەسرێکی درەنگ لە ئەشکەوتەکەی پیرەمەگرون ماینەوە چاوەڕێ بووین کەشێکی بداتێ، وەك چۆن نائومێد بووین لە گەڕانەوەی پشتیوان، ئەوهاش نائومێد بووین لەوەی ئەم بەفربارینە کەشێکی بداتێ، لەوەش زیاتر بماینایەتەوە شەومان بەسەردا دەهات، بۆیە پێش مەغریب‌و لە ژێر بەفربارینا بەرەو گوندی زێوێی ناو دڵی شاخی پیرەمەگرون کەوتینەڕێ، دوای مەغریبێکی درەنگ گەیشتینە زێوێ، دابەشبووینە سەرماڵان، نانمان خواردو دوای نان خواردن گەڕاینەوە مزگەوت، مزگەوتی زێوێ مزگەوتی ناو مزگەوتانە، لە هیچ دێیەکی کوردستان، مزگەوتی وا خۆش‌و پاك‌و خاوێنم نەدیوە، مزگەوتێکی گەرم‌و گوڕو کاشی ڕێژکراو، ئاوێکی زۆرو ئاودەستی پاك‌و خاوێن، تەنانەت گەرماوشی تێدابوو، بەلام ئێمە کەسمان حەوسەڵەی خۆ شۆرینمان نەبوو، سێ ڕۆژ لەو مزگەوتە خۆشە ماینەوە یان بەفر ڕێی نەدەداین، ئەو گوندە میوان پەروەرە جێبێڵین، سەری چوارەم ڕۆژ بوو، لە خەو هەستاین عاسمان، عاسمانێکی بێ هەورو سامان، نەك هەر عاسمان، سامان‌و

بێ هەور بوو، دەتگوت ئەم عاسمانە قەت پەڵە هەورێکشی بە خۆیەوە نەدیوە، دوای نان خواردنی بەیانی بەرەو گوندی قزلەر زێوێمان جێهێشت، دارو بەردی پیرەمەگرون بەفر دایپۆشیبوو، بۆ سوێندش ڕەشاییت نەدەدیت، ئێمە دەبوو هەورازێکی زۆر سەخت ببڕینو ئاودیوبین بە دیوی قزلەردا، ئێمەو ئەو پێشمەرگانەش کە ڕۆژی پێشوو گەیشتبوونە لامان هەموو پێکەوەو بە ڕەتلێک ڕوەو گوندی قزلەر کەوتینە ڕێ، لە قزلەرەوە بۆ بەرگەڵو، لە بەرگەڵوشەوە بۆ ئەم گوندەی کە ناوی دۆڵمازەڵەیە، تەنها ئەو یەك دوو ڕۆژە بەفر نەباریووە، کە ئێمە بەڕێوەبووین، لەو ڕۆژەوەی کە ئێمە گەیشتوینەتە دۆڵمازەڵە، بێ پسانەوە بەفر دەبارێ، هیچ ڕێگایەك نیە بێتە ئەم گوندەوەو بەفر نەیگرتبێ بە ڕێگەی عاسمانیشەوە، ئەوە دە ڕۆژ زیاترە ئێمە لەم دێیەین، کەسێکم لە دانیشتوانی ئاوایی نەدیت، مەڕێك، بزنێك، کەرێك، هێسترێك، لە ئاوایی دوور خاتەوە، تەنیا پێشمەرگەیە بە ڕۆژ ئیشکگریو بەشەو ئیشکگری، پێش تاریكو ڕوونیش کەمینی سەر شاخ، هەموو لە سەرما ڕەش هەڵگەڕاوین، پێستی دەستو دەموو چاومان، وشك وشك، بۆتەوە بە کرێمو نیڤیای شارێکش چەورایی بۆ ناگەڕێتەوە، دۆڵمازەڵە، کەوتۆتە شوێنێکی ئەوەندە سەختو دوورە دەستەوە، ئەگێڕنەوە ئەڵێن لە ئەنفالی سفرا خالید و سەعد و قەع قاعیش ڕێیان بەم دێیە نەکەوتووە، کەچی سەرکردەکانی ئێمە پێیان وایە نەوەکانی سەعدو قەع قاع، ئەم گوندەیان دۆزیوەتەوەو بە تەمان هێرشی بۆ بێنن، ئەمە دە ڕۆژەو زیاتریشە، دوو، دوو، سێ، سێ، دابەش بووینەتە سەر ماڵانی ئاوایی کەس ماڵەکەی خۆی ناگۆڕێ، هەموو وەك کوڕی ماڵەکانمان لێ هاتووە، نە خواحافیزی دەکەینو نەدیاریشە کەی، خواحافیزی دەکەین، کە لە

مزگەوتەوە دەڕۆینەوە بەرەو ماڵی خانەخوێ، لە حەوشی ماڵ هەر ئیشێ بێتە ڕێمان دەیکەین، وەك، دار شكاندن بۆ سۆبەو دار گواستنەوە، لە ماڵەوەش سۆبە دەردانو سفرە كۆكردنەوە، بە كورتی هەر ئیشێك ببێتە هۆی ئەوەی ڕەزامان پێی سوك بێ، دەیكەین، ئێمە سێ پێشمەرگەین بەر ماڵی حاجی محەمەد كەوتووینە، حاجی محەمەد خۆیو حاجی ژن، لەگەڵ كوڕێكی مێردمنداڵ، كە ناوی تەحسینە، تەحسین كوڕێكی ڕوح سوكو لەش سوكو بە گوێ كەرە، خێزانی حاجی محەمەد هەر ئەوەندە نین خۆیان لەوە زیاترن بەڵام هەر ئەوەندەیان لێرەن، ئەوانی دیكەیان لە شارۆچكەی دوكانن یان وەك خۆیان دەڵێن، لە زێڕاندۆڵن، مەلا حەسیبو دكتۆر حەمیدو من، بەر ماڵی حاجی كەوتووین، ئەوەی ڕەزامانی سوكتر كردووە دەرمانەكانی دكتۆر حەمیدە، خۆ حاجی ژن هیچشی نەبێ، ڕۆژی جارێك هەر ئەڵێ:

- دوختەر وەڵاهی سەرمام بووە، بڕێك ئەوكم ئەستوور بووە، داخوا چەند دەنكە حەپێكم نادەیێ، حاجی ژن قەت نەیوێراوە باسی دەرزی بكات، دكتۆر حەمید خەریكی جیا كردنەوەی دەرمانەكانی حاجی ژنە، حاجی ژن هێشتا خۆی دەنكە حەبێكی وەرنەگرتوە، ئەڵێ، دوختەر دەنكە حەپێكش بدە بە تەحسین ئەم شەو هەر دەكۆكی، ئێمە نەك ئەمەمان پێناخۆش نیە، حەز دەكەین حاجی ژن داوای حەبو دەرمان بكات، بۆ ئەوانەی زێڕادۆڵشیان، تا داواكاری حاجی ژن لەسەر دەرمانەكانی دكتۆر حەمید زیاتر بێ، مانەوەی ئێمەش مسۆگەرترو بێ منەت تر ئەبێ، مەلا حەسیبش هەرچی ئایەتوحەدیسێك كە لە زەمانی فەقێیەتیەوە فێری بوەو دەیزانێ بۆ حاجی محەمەدی باس دەكاو لێكی دەداتەوە، مەلا حەسیب زیاتر ئەو ئایەتو حەدیسانە باس دەكات، كە لەسەر میوانو خانەخوێ، دابەزیون یان گوتراون،

من له مه‌یانه به‌ختم هه‌بوو، چونكه ببووم به هاوڕێی مه‌لایه‌كو دكتۆرێك، كه هه‌ردووكیان له كورده‌واریدا زۆر به‌ڕێزو خۆشه‌ویستن.

ئه‌مڕۆ سیانزه ڕۆژی ته‌واوه له دۆڵمازه‌ڵه‌ین، وا ڕێككه‌وت ئێمه ئه‌م سێ پێشمه‌رگه‌یه له‌گه‌ڵ سێ پێشمه‌رگه‌ی دیكه‌دا كه‌مینی به‌ره‌به‌یان بووین، وای له ماندووبوونو سه‌رمای كه‌مینی به‌یانیان، سێ ده‌مژمێری ته‌واو ده‌بێ به پێوه له به‌فرا بوه‌ستی، هه‌ر بوه‌سته‌و بوه‌سته بۆ چركه‌یه‌كیش به‌فر ڕێگات ده‌دات دانیشی؟!، دانیشتنی چی، بۆ كه‌س له به‌فرا دانیشتوه، نیو ده‌مژمێری یه‌كه‌م كه تێده‌په‌ڕێ بۆ كه‌س ده‌توانێ به‌بێ جوڵه جوڵ، به پێوه‌ش بوه‌ستێ، به‌بێ جوڵان بوه‌ستی له به‌فرا ڕه‌قه‌بیته‌وه، ده‌بێ بكه‌ویته جوڵه جوڵ بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ماره‌كانی خوێنی ناو له‌شت نه‌مه‌یێن، له‌گه‌ڵ ئه‌و جوڵه جوڵه‌ش له پاژنه‌ی پێته‌وه تا كه‌ڵه‌نگوستی پێ وه‌ك تاشه به‌ردێكی لێدێ، له سه‌رما زۆر جار هه‌ست به بوونی پێیه‌كانت ناكه‌یت سڕسڕ ده‌بن، كه دێیته‌وه بۆ مزگه‌وتو به‌ر ئاگرش هه‌ر له دووره‌وه پێت ده‌ڵێن، نه‌یه‌ی، جارێ پێت مه‌خه‌ره به‌ر ئاگر، له‌و كاته‌یا به تووبێت وه‌ك داری ناو سۆبه‌كه بچیته سۆبه‌كه‌وه، كه‌چی به‌و نه‌یه‌ی، نه‌یه‌یه ده‌تترسێنن، ده‌بێ ماوه‌یه‌ك دووره ئاگربیت، گوایه تووشی نه‌خۆشی گانگری ئه‌بیت.

یه‌كێك له پێشمه‌رگه‌كان ناو خۆی نابوو، قه‌ندیل، هیچ سفه‌تێكی قه‌ندیلیشی تیدانه‌بوو، ئه‌م قه‌ندیله هێشتا بیست مه‌ترله مزگه‌وت دوور نه‌كه‌وتبۆوه، ده‌یگوت:

- ئه‌ی هاوار له سه‌رما ڕه‌ق بوومه‌وه و هتد.

قه‌ندیل ڕۆژێك به‌ر كه‌مینی به‌یانی كه‌وتبوو، ئه‌وه‌نده‌مان زانی قه‌ندیلیان به چوار ده‌سته هێنایه‌وه ناو مزگه‌وت، قه‌ندیل-مان له‌سه‌ر لبادێك له نزیك

ئاگرەکەوە دانا، ئـەم قەندیلـە لـە سـەرما زمـانی شـکابوو، نـەك هـەر زمـان لـە پەلوپۆش کـەوتبوو، پـاش، دە، پـانزە، خولـەکێك قەنـدیل چـاوی هـەڵێنا دوای ماوەیەکی دیکـە قەنـدیل کەوتـە جوڵـە جولّ، ئینجا بـە تـەواوی لـە سـۆبەکە نزیکمـان کـردەوە، پـەرداغێك چـای گـەرمان دەرخـواردی دا، قەنـدیل کەوتـە قسەو وتی:

- برسیمە.

هەندێك نان ساجیمان لە گونیەیەکا مابوو کە چـەند ڕۆژێـك لـەوەو پـێش ئیدارەی شۆڕش بۆمانی ناردبوو، نان ساجیەکەمان بۆی گەرم کـردەوەو دامـان پێـی، دوای نانسـاجیو چـای خـواردن قەنـدیل عـەیبی نـەما، سـەیرمان کـرد قەندیل دەس لە ناو گەڵی لانابات.

- ئەوە چیە قەندیل هەر سەرماتە؟

- نەوەڵا گەرمم بۆتەوە.

- ئەی بۆچی وا خۆت کورژەوە کردوە، دە دەست لە خۆت دوورخەرەوە.

- ئاخر وەڵا (......)م ڕەق بووە.

- قەندیل وەڵا چیت لێبکەین، ئەم دەردەمان بۆ دەرمان ناکرێ.

ئەو بەیانیەی ئێمە کەمین بووین دوای تـەواو بـوونی مـاوەی دیـاری کـراو، ڕاستە ڕێ گەڕاینەوە ماڵە خانەخوێ، لە هەیوانەکەوە باوشێك دارمـان لەگـەڵ خۆمان بردە ژوورەوە، حاجی ژن لەشی ساخبێ سۆبەی ئاگردابوو، سۆبە نێڵـە نێڵ ئەسووتا.

- وەرن بابم وەرن دایکتان کوێر بێ ڕەق بونەوە.

دەورمان لە سۆبەی داردا، حاجی ژن کترێە ڕەشەی پـڕ ئـاوو کـردو خسـتیە سەر سۆبەکە، ئەوەندەی نەبرد چای دەم بوو، ئـەو چایە خۆشـەی حـاجی ژن

بـەو بەيانيـە تـەزيوە هـەر مەپرسـە چـەنێ خۆشـبوو، خـۆ كـەس نەيـدەگوت بەس، پاش نـان‌و چاى خـواردن بـەرەو مزگـەوت بووينـەوە، هێشـتا مابوومـان بگەينـە مزگـەوت بـەختيار چـيمەنى هاتـە سـەر ڕێمـان، بـەختيار ڕووگـەش دياربوو، مەلا حەسيب، ڕوو لە بەختيار، وتى:

- ها بەختيار گەش ديارى.
- ئەگەڕێينەوە.
- بۆكوێ؟.
- ئەچينەوە بۆ سنورى خۆمان.

بە خۆشيەكى زۆرەوە خەبەرەكەمان وەرگرتوو بەرەو مزگـەوت بووينـەوە، لەوێ لە مزگەوتيش دەنگوباسـى چـوونەوە گـەرم بـوو، دواى ماوەيـەكى كـەم نەبـەز هـات بـۆ مزگەوتەكـەو ئاگادارمـانى كـردەوە، خۆمـان ئامادەبكـەين بـۆ ڕۆيشتن، ئێمە لەگەڵ دكتۆر حەميـدو مـەلا حەسـيب بـە پەلـە گەڕاينـەوە بـۆ ماڵ حاجى محەمەدى خانەخوێمان بۆ ماڵ ئاوايى، حاجى محەمـەد هێشـتا لـە ماڵـەوە بـوو، خواحافيزيمـان لێـى كـردو هـەر بـەو پەلـە پەليـە گەڕاينـەوە مزگـەوت، پـاش چـەند خولـەكێك، دوو، دوو بـە مەسـافەيەكى كـەم خـوا حافيزيمان لە گوندى دۆڵمازەڵە كرد، ماڵ ئاوا ئـەى دۆڵمازەڵـەى تـەزيوو، ئـەى دۆڵمازەڵەى سپى، ماڵ ئاوا ئەى دۆڵمازەڵەى پەڕيوەى ناو شاخ‌و دۆڵـى سـەخت، خوا لە هەموو دەردو بەڵايەك بە دوورتان كا، ئـەى ئـەو گونـدەى سـى‌و چوار ژەم نان‌و داڵـدەى ئێمـەتان دا، بـە نـاو بـەفرا كەوتينـە ڕێ بـەرەو بەرگـەڵووى پايتـەختى شـۆڕش، لاى نيـوەڕۆ گەيشـتينە بەرگـەڵو، لـە بەرگـەڵووەوە سەركەوتين بـەرەو سـەرگەڵوى بـۆن شارى، بەڕاستى گونـدى سـەرگەڵو بـۆنى شـارى دەدا، هەرچـيەكت بويسـتايە لـە سـەرگەڵو دەسـت دەكـەوت، دوكـان‌و

بـازاڕێکی خـۆش‌و پـڕ، دوکـانی وێنـەگرو کەبابخانەشـی لێبـوو، ئەوەنـدە نەماینەوە لە شارە دێیی سـەرگەڵو، بـە پەلـە نانێکمـان خـواردو بەڕێکـەوتین بەرەو سێکانیان‌و سەرمۆردو قەمچوغە، سـەختی ڕێگاکـەمان لـە سـێکانیانەوە دەستی پێدەکرد، لـە سـێکانیانەوە بـۆ سـەرمۆرد ڕێگایـەکی دوورو پـڕ مانـدوو بوونە، هەورازێکی کوورڕو دوورو درێـژ بـەفر تـا پشـتێنەی زەلامـی تێکردبـوو، هێسترێك بەبارێکی نەختێ سوکەوە لەگەڵ دوو، سێ، پێشمەرگەی چوار پـەل ئەستور کەوتنەڕێ، لە پێش کاروانەکەوە بۆ ڕێ کردنەوەو بـەفر شـکاندن، ڕێ کردنەوە لە بەفرا کارێکی زۆر سەخت‌و دژوارە، پیاوی بە تاقـەت‌و چـوار پـەل ئەستوری ئەوێ، ئەو کەسانەی ڕێ ئەکەنەوەو بەفر ئەشکێنن، ئـەبێ شـارەزای پێچ‌و پەنای ڕێگاکەشبن، بۆ ئەوەی ڕێ ون

نەکـەن، هـەر ڕێ ون کردنێـك ئەبێتـە هـۆی زیـان گەیانـدنی گـەورە بـە کاروانەکـە، زۆر جـار کەسـانی کـەم جـورم‌و بـێ هێـز، بـە هـۆی ون بـوون‌و مانــەوەی زۆر لــە بــەفرا بەرگــەیان نــەگرتووەو مــردوون لــە ســەرماو لــە مانـدوێتیا، ئـەو مـردووەش ئەبێتـە بـارێکی گـران بـۆ هاوسـەفەرەکانی، پـێش ئــەوەی بگەینــە شــێخ بــاخ کــە دەکەوێتــە نێــوان ســێکانیان‌و ســەرمۆردەوە کاروانەکەمان وەستا من لەگەڵ ڕێبوارو هیوا ڕەشا، بۆ ئـەوەی بـزانین چـی لـە پێشــەوەیەو بــۆ کاروانەکــەمان وەســتا، پێمــان هــەلگرت، بەشــێکی پــێ هەلگرتنەکەمان لەبەر ئەوە بوو نەوەستین، وەستان لە بەفرا کـارێکی یـەکجار هەڵەیـە، چـونکە ئەبێتـە هـۆی سـارد بوونـەوە لـە ڕۆیشـتن‌و ساردەوە بـوونی لەشش، کە ئەمە وا لـە مـرۆڤ دەکات توانـای ڕۆیشـتنی نـەمێنێ، دوای ئـەوەی گەیشـتینە پێشـەوە تێگەیشـتین وەسـتانی کاروانەکـەمان لەبـەر ئەوەیـە کـە بەفرێکی زۆر ڕێگای گرتووەو ڕێ شکێنەکانمان زۆر ماندوو بوونـەو ئەیانـەوێ

هەناسـەیەك هەڵكێشـن و پشـوویەك بـدەن، تەمەشـای هێسـترەكەمان كـرد هێستری بەستەزمان چوار پەلی لە بەفرا چەقیبوو تا بن زگی بـەفر گرتبـوی، هێسترەكە جگە لەوەی لە بەفر چەقیبوو لـە ڕێگـەش لایـدابوو، هـەر چۆنێك بـوو هێسـترەكەمان بـە ڕاكـێش ڕاكـێش هێنایـەوە سـەر ڕێ، برادەرانـی ڕێ شكێنیش دەسیان كـردەوە بـە ڕێ شكاندن، ئەگەرچی ئـەو ڕۆژە زۆر مانـدوو بـوین، بـەڵام هـەر چـۆنێك بـوو نزیـك مـەغریب، گەیشـتینە سـەرمۆردو قەمچـوغە، لـە سـەرمۆرد بـە خـوارەوە بـەفر نـەیگرتبوو، چـونكە بـەینی سەرمۆردو قەمچوغە دۆڵێكی قوڵەو بەو دۆڵـەش دەڵـێن گـەرمیان، دیـارە ئـەو دۆڵە، گەرمیان نیـە، بـەڵام لـە چاو سـەرمۆردو شـێخ باخـەوە گەرمیانـە، ئـەم ناوانـە ئاسـایین، لاتـان سـەیر نـەبێ لـە قەنـدیل شـوێن هەیـە پێـی دەڵـێن گـەرمیان، لەبـەر ئـەوەی ڕێگایـەكی سـەختو دوورمـان بڕیبـوو زۆر مانـدوو بووین، بڕیارماندا ئەو شـەوە لـە قەمچوغە بمێنینـەوە، ئـەو شـەوەو زۆربـەی كاتی ڕۆژی دواییشمان بەخەو بەڕێكرد، بۆ شـەوی دووەم لـە جادەی سـەرەكی دوكـان- سـلێمانی پەڕینـەوە، لای نیـوە شـەو گەیشـتینەوە گونـدی عەسـكەرو سنوری چالاكی خۆمان لە ناوچەی كەركوك.

بەفر ماندووی كردین بەفر.

## گفتوگۆو ژن هێنانی پێشمەرگە.

ساڵی گفتوگۆی شۆڕش‌و بەعس، ساڵی ژن هێنانی پێشمەرگەش بوو، لەو ساڵەدا زۆرێك لە پێشمەرگەکانی کەرتەکەمان ژنیان هێنا، دەتگوت شۆڕش بۆ ژن هێنانی پێشمەرگەکانی، گفتوگۆی لەگەڵ حکومەت کردووە، سەیرەکە لەوەدابوو هەر پێشمەرگەیەك دەستی لەسەر هەر کچێك دابنایە، هەم کچەکە ڕازی دەبوو هەم باوك‌و کەسوکاری کچەپێشکەشیان دەکرد، فرسەتێکی باش بوو، بۆ ژن هێنان، پێشمەرگە خۆشەویستی ناو خەڵك بوو، هەر لەو ساڵەدا، سەید برایم ژنی هێنا، جەماله سوور ژنی هێنا، دکتۆر حەمید ژنی هێنا، عەلی عاسمان‌و هەژار ناوێکمان هەبوو ژنیان هێنا، کورە کێ ما ژن نەهێنێ، بەخوا منش حەزم لێبوو، بەڵام خۆم لێی پاراست، لە ترسی بەرپرسیارێتی‌و کێشەی ماڵدانان‌و هەمو ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی کەسێکی خێزاندار، کە گفتوگۆ تەواو بوو شەڕ دەستی پێکردەوە، ئەو پێشمەرگانەی کە ژنیان هێنابوو تووشی هەندێك کێشەو گیروگرفت بوون، وەك کێشەی ماڵ گواستنەوە لە دێیە ئاوەدان‌و نزیك شارەکانەوە بۆ دێیە دوورە دەستەکان، ئەو دێیانەی کە دوژمن بە ئاسانی دەستی نەدەگەیشت پێیان، ئێمەومانان سوپاسی ئەقڵی خۆمانمان دەکرد، کە بە مشتە ئاوەکەی مفەوەزات نەکەوتینە مەلەو خۆمان تووشی ئەو گیروگرفتانە نەکردبوو، بەڵام ئەم بێ گرفتیەی ئێمەومانانیش زۆری نەبرد، بەعس تووشی کێشەو گیروگرفتێکی دیکەی کردین، سەد خۆزگەمان بە پێشمەرگە خێزاندارو ژن هاوردەکان دەخواست، بەعسیەکان هەرچی خێزان‌و کەس‌و کاری پێشمەرگە بوو، کە لە شارو لە ژێر دەسەلاتی حکومەت دائەنیشتن، هەموویانی گرتوو خستیانیە ناو ئەو

پاسانەوە کە دایکم پێیانی دەگوت، ئامانە درێژەکانو لە نزیک سورداش بەرەڵای کردنو پێیانی گوتبوو:

- فەرموون بڕۆن بۆ لای کوڕەکانتان.

هەر چەندە باوکم نەی هێشتبوو ئەمنەکان بگەنە ماڵ ئێمە، ئەمنەکان خەریکی گرتنو بارکردنی کەسو کاری ماڵە پێشمەرگەکانی کۆڵانەکەی پشت ماڵ ئێمەوە دەبن، باوکم خێرا دەستی دایکمو باقی منداڵەکان دەگرێو لە گەڕەكو کۆڵانەکەی خۆمان هەڵدێنو دوور دەکەونەوەو، خۆیان دوایی بە نیمچە شێنەیی خۆیان گەیاندە سنوری ئازادکراوی پێشمەرگە، بەڕاستی ئەمە خەبەرێکی ناخۆشو گیروگرفتێکی ڕاستەقینە بوو، هەر کەسەو کەوتە مشورخواردنی کەسو کاری خۆی، ماڵ ئێمە سەرەتا لە گوندی تیژە، گیرسانەوە، پاشان گواستمانەوە بۆ گوندی، گردخەبەر، ئەگەرچی خەڵکی تیژە مرۆڤی چاكو میوان دۆست بوونو زۆر هاوکاری ئێمەیان کرد، بەڵام، تیژە، دێیەکی بێ ئاو بوو، سەوزەو تەڕەو میوەی لێ دەست نەدەکەوت، گردخەبەر، دێیەکی دەم زێ بوو هەموو جۆرە سەوزەو تەڕیەکی هەبوو، ئاوی زۆرو دێیەکی خۆشبوو، ماڵە پێشمەرگەی وەك خۆشمانی زۆر لێبوو، بەیانی کاتی چێشتەنگاو تازە ماڵمان لە تیژەوە گواستبۆوە بۆ گردخەبەر، دایکمو منداڵەکان خەریکی ماڵ ڕێکخستن بوون، منو باوکم لە هەیوانەکە دانیشتبووین باوکم بەلاچاوێك تەمەشامی کردو دەستی کردە پێکەنین، باوکم تەبیعەتی وابوو، ئەگەر بیویستایە قسەیەك بە کەسێك بڵێو ئەو قسەیەش، شایەنی پێکەنین بوایە، ئەوە خۆی پێش ئەوەی قسەکەی بکات پێدەکەنی، باوکم هەروا بە پێکەنینەوە، گوتی:

- ساوەر ناخۆی، ژنت نەهێنا بۆ ئەوەی خۆت لەسەر ئێشەبە دوورخەی؟.

# گرد خەبەر ..

ئاوی زێ لە بەنداوو دەریاچەی دوکانەوە دەڕژێ، دوکان شارۆچکەیەکە، لە بنەڕەتدا پێیان گوتووە زێڕاندۆڵ، ئێستاش پیرەمێردو پیرەژنی ئەو هەرێمە هەر بە ناوە قەدیمیەکەی ناوی دەبەن کە زێڕاندۆڵە، گۆماوی زێڕاندۆڵ ئاوەکەی لە عەرزەوە هەڵناقوڵێ وەك ئاوی زرێباری مەریوان، ئاوی گۆماوی زێڕاندۆڵ ئاوو بەفراوی کێوە بەرزو سەختەکانی قەندیلو مامەندەو ئاسۆس‌و ناوچە شاخاویەکانی دۆڵی جافایەتی‌و شوێنەکانی دیکەیە، کە هەندێك لەو ئاوو بەفراوانە جۆگە دەبەستن‌و هەندێکشیان لە چەندین جۆگەلە پێکدێن‌و دەبنە ڕووبار ڕووەو گۆماوی زێڕاندۆڵ بە ڕێگای پێچاو پێچا، هەندێك لەو ڕووبارو جۆگەلانە بە دەیان‌و هەندێکیان بە سەدان میل دەبڕن تا دەڕژێنە گۆماوی زێڕاندۆڵەوە، ئاوی ئەو جۆگەو ڕووبارانە لەوێ لە زێڕاندۆڵ گۆماوێکی گەورەو فراوان پێك دێنن، ئەگەر زستانی ساڵ بە بەفرو باران بێ، ئەوە گۆماوی زێڕاندۆڵیش بەرین تر دەبێ، هەندێك ساڵی وا بووە ئاوی گۆماوەکە ئەوەندە پان‌و درێژ بۆتەوە سنووری ناوچەی مەرگەو بتوێنی بڕیوەو گەیشتۆتە سنوری پشدەر، لەلای خوارەوەی ئەم گۆماوە، کە ڕاست دەکاتە شارۆچکەی زێڕاندۆڵ، ئینگلیزەکان لە ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوا بەنداوێکی نیوە بازنەیی تۆکمەیان دروست کردوە، ئەم بەنداوە چەند کونێکی گەورەی تێدایە، کونەکانی بەنداوەکە دەکرێنەوەو دادەخرێن، لەکونەکانی ئەم بەنداوەوە ئاوی زێ دێتە خوارێ، ئاوەکە، کە لە بەنداوەکەوە دەڕژێ، بە پێچێکی کەم دەگاتە سەری ئەم سەری چەمی ڕەزان، لێرە لەو

نزیكانه گوندێك هەیە، ناوی ئەو گونـدە، سوورقاوشـانە، چەمو دۆڵەكـە لێـرە بە ناوی ئەو گوندەوە ناو دەبرێ، پێی دەڵێن چـەمی سوورقاوشان، ئاوێك كـە لە دۆڵی شەدەڵەو دۆڵی سورداشـەوە شۆڕ دەبنـەوەو لـە ڕاسـت گونـدی زەرزی یەك دەگرنو دەبنە ڕووبارێك، ئـەم ڕووبـارە بـە چـەمی ڕەزانـا دێتـە خـوارێ تۆزێك لە خوار گوندی سوورقاوشانەوە تێكەڵ بـە ئـاوی زێ دەبێـت، بـە ئێـرە دەڵێن دووئـاوان، چـەند شـەقاوێك لـە سـەرووی دووئاوانـەوە، گۆمیچكەیەك هەیە ئەم گۆمیچكەیە پڕپڕە لە ماسی پانەڵەی تام خۆش، هەندێك ماسی كـە بە تۆڕی ڕاوكەرەكانەوە دەبێ لەم گۆمیچكەیە نزیـك بـە بسـتێك پانـە، ئـاوی زێ لێرەوە وەك مارێكی درێـژ بـە ڕێگای پێچاو پێچا ڕوەو خـوارەوە دەڕوات، پێچـەكانی ڕێـڕەوی زێ لـە هەنـدێك شـوێن تـەواوێك لـە ئاوایيـەكانی سـەر ڕێڕەوەكەی دوور دەكەوێتـەوەو لـە هەنـدێك شـوێنیش دەچێتەوە بـن مـاڵانی دێ، بەمبـەرو ئەوبـەری لێـوار ئاوەكـەوە دارەبـی خـوارو خـێچو زەلو بنـە توتڕكی چڕو پڕ ڕواوە، لە هەندێك شوێنەوە زەلو توتڕك ئەوەندە بـە چڕی ڕواون ماری تێناخزێ، لە هەندێك شوێنەوە لێواری زێ ئەوەندە بڵنـد بۆتـەوە كـە مـرۆڤ بـە هـیچ جـۆر ناتوانێـت لـە ئاوەكـە نزیـك بێتـەوە، لـە هەنـدێك جێگاوەش ئاوەكە بە جـۆرێكی وا پـان دەبێتـەوەو منـداڵێكش دەتـوانێ بچێتە نـاو ئاوەكـەوە، هـەموو ئـەو گوندانـەی كـە دەكەونـە سـەر لێـواری زێیەكـەوە، زەحمـەتێكی زۆریـان كێشـاوە تـا توانیویانـە زەویـەكانیان ئامـادە بكـەن بـۆ كشتووكاڵ، ئەو زەویانـە بـژاركراون، پاكراونەتـەوە لـە بـەردی گچكەو گـەورە، كشتووكاڵ لە هەموو دێیەكانی ئەمبەرو ئەوبـەری ئـاوی زێ دەكـرێ، تەماتـەو بامیەو هەموو جۆرەكانی دیكەی تـەڕە، تـووتنو لۆكـە لـەو دێهاتانـەی دەم زێ بە زۆری دەكرێ، ئـاوی زێ تـا دەگاتـە گونـدی گردخەبـەر دەیـان دێ لەمبـەرو

ئەوبــەری خــۆی جێــدێڵێ، ئاوەکــە لــەلای گردخەبــەرەوە زۆر لــە دێ دوور دەکەوێتەوە، یەکێك لە ئاغاکانی قەدیم بە زۆریو بە شانو بێڵی جوتیارەکان بەشێك لە ڕێڕەوی ئاوەکە دەگۆڕێ، ئـەو بەشـەی ئاوەکە کە بـە شـانو پیلی جوتیارەکان ڕێڕەوەکەی گۆڕدراوە، ئێستا ئاوەکە دێتە بن ماڵانی دێ، ناوەنـدی هەردوو ئاوەکـەش بـووە بـە دوڕگـە، ئـەو دوڕگەیـە گۆمـاوی گچکە گچکەی لێ پەیدا بووە، ڕاوە ماسی لەو گۆمیچکانە ئاسانو خۆشـە، بـەڵام کـەم بەرهەمـە، پۆڕو مراوی ناوە ناوەو لێرەو لەوێ دەبیندرێن، بـەڵام ڕاوکردنـی ئـەو مراویـە سرکانە کارێکی زەحمەتەو پیـاو مانـدوو دەکـات، سـیفەتێکی دیکـەی ئـاوی زێ ئەوەیـە کـە بـە هـاوین ئاوەکـەی سـارد ساردەو لـە زسـتانش ئاوەکـەی مەیلـەو گەرمە، گردخەبەر ڕێك لەسەر ئـەم زێیـە بنیـات نـراوە، جوانترین کـاتی ئـەم دێیە کـاتی بـەیانیانێتی، لـە کـاتی تاریـكو ڕوونـی بـەیانی، ئـەو کاتـەی شـوان مێگەلە مەڕ، ڕائەدات بـۆ گردۆلکـەو شـاخە دوورەکـان، بـەرزترین شـاخی ئـەم هەرێمە خاڵخاڵانـە کـە تـەواوێك لـە گردخەبـەرەوە دوورە، دیمـەنێکی جـوانی دیکـەی ئـەم دێیـە بەرزبوونـەوەی دووکەڵـە لـە لولـەی سۆبەکانەوە، لـە کـاتی بەیانیدا، کە نیشانەیەکی ڕوونـی لـە خـەو هەڵسانی ئـاواییو بـەردەوامبوونی ژیانە، دێی گردخەبەر، پڕ پڕە لە جوانیو لە ژیان.

ئەوە دوو ڕۆژە ئێمە لە گردخەبەر جێگیربووینە، چەند جارێکیشـە گـوێم لێیە باوکم باسی بڕنەو دەکات، ناحـەقی نیـە ئـەم چـەمو دەم زێیـە بڕنـەوی دەوێ، بۆرە وەعدێکم دا بە باوکم کە بڕنەوێکی بۆ پەیدا بکـەم، بـەڵام دایکم زوو لێی هاتە جواب.

- بڕنەوت بۆچیە؟، ئەچی شەڕی پێ ئەکەی؟!،

باوکم تەمەنی هی ئەوە نەبوو بچێتە شەڕو، شەڕ بە بڕنەو بکات، بەڵام واپێی ئەچوو باوکم یادگاریەکی لەگەڵ بڕنەو هەبێ، بۆیە وا بە گەرمی باسی بڕنەو ئەکات.

دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕۆژەی کە باوکم باسی بڕنەوی ئەکرد من گەڕامەوە بۆ لای هاوڕێکانم، من لە گردخەبەرەوە بەرەو گۆپتەپە ڕۆیشتم چونکە ئەو ڕۆژە دەبوو پێشمەرگەی هەموو کەرتەکان لە گۆپتەپە کۆببنەوە، پێش نیوەڕۆ کەرتی دوو، و کەرتی سێ گەیشتنە گۆپتەپە، کەرتی یەکیش، لە گوندی عەسکەری سەر ڕێمان بوون، دوای نیوەڕۆ هەردوو کەرتەکە لە گۆپتەپەوە، بەڕێ کەوتین بەرەو عەسکەر، لە عەسکەر هەواڵی کەرتی یەکمان پرسی، وتیان:

کەرتی یەك چوونە بۆ چەم لەوێ چاوەڕێتان ئەکەن، مەبەستیان لە چەم، چەمی سوورقاوشان بوو، ئێمەش ڕووەو چەمی سوورقاوشان بەڕێکەوتین، لەوێ لەگەڵ کەرتی یەکدا، یەکمان گرتەوە، دوای عەسرێکی درەنگو پێش ڕۆژئاوا هەر سێ کەرتەکە لە چەمەوە بەڕێکەوتین بەرەو گوندی تەلان، تەلان گوندێکە لە تەلانی شاخێکی سەوزی پڕ لە دار بەڕوو، دار بەڕو دارێکی بەژن کورتی گەڵا پانە، ڕەنگی گەڵاکانی سەوزێکی تێرە، بەڕوو، کە بەری دار، بەڕوە، بە ئەندازەی ئەنگوستێك درێژەو لە پەنجە کەڵە ئەستوورترە، ڕەنگی بەڕوو قاوەییەکی تێرە، شەو لەبەر تریفەی ڕووناکی مانگا شەوو، بە ڕێگایەکی باریکی پێچاو پێچدا، بەناو دار بەڕوەکانی شاخی تەلانا شۆڕبوینەوە، بۆ سەر جادەی گشتی نێوان دوکان و سلێمانی، بەوریاییو بە ڕۆیشتنێکی خێرا لە جادە پەڕینەوە، پردێکی کۆنی ئاوەڕۆی دۆڵێكو هەورازێکی کورت ئەبڕینو ڕێگایەکی خۆڵی بێ عەزێت ئەمانباتە گوندی

قەمچووغە، قەمچووغە لە قوڕگی دەربەندی دوو شاخی سەختا هەڵکەوتووە، لای ڕاستی شاخی ئەژدیهاو لای چەپی شاخی سارایە، شەو لە مزگەوتەکەی دی قەمچووغە، خەوتین‌و بەیانی دوای نان خواردن، بە هەورازی سەختی سەرمۆردو مەیدانا سەرکەوتین، لای نیوەڕۆ بە هەناسە سواری گەیشتینە سێبەری دار گوێزەکانی شێخباخ، شێخباخ قۆناخی حەسانەوەی کاروانی قاچاخچی‌و ڕێبوارو پێشمەرگەیە.

جگەرە خۆرێك لاماندایە سەرکانی‌و ئاوە ساردەکەی شێخباخ، دوای حەسانەوەیەکی کورت‌و خۆ توندکردنەوە، بەرەوە سێکانیان کەوتینەڕێ، نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە سێکانیان ، سێکانیان دێیەکی سەرە ڕێی، کاروانی پێشمەرگە بوو، لە میوان بێزارو ناوچەوان گرژ بوون ، ناحەقیش نەبوون، ئەوەی ڕۆژێك پێشمەرگایەتی کردبێ نانێکی لە سێکانیان خواردووە، پێشمەرگەی هەموو شۆڕشەکانیان بەرێکردبوو، بە شۆڕشەکەی شێخ مەحمودیشەوە، دوای نان خواردنێکی خێراو پشوویەکی کورت کەوتینەوە ڕێ، ئێمە دەبوو ئەو ڕۆژە بگەینە گەڕەدێ، کاك ئازاد، مەبەستم ئازاد هەورامییە، لە گەڕەدێ چاوەڕێمان بوو، کاك ئازاد سەرپەرشتی شەڕەکانی شاخی حەسەن بەگ‌و بەری ماوەتی ئەکرد، ئازاد هەورامی نموونەی سەرکردەی شۆڕشگێربوو، پێشمەرگەیەکی ئازاو بە ورەو نەرم‌و گونجاو بوو، پیاوێکی پشوو درێژو قسە خۆش‌و هونەردۆست بوو، کاك ئازاد تاکە سەرکردەی کەرکووکی بوو لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کاك ئازاد لە گەڕەدێ لەسەر ئاوو ئاگربوو بۆ گەیشتنمان، سوپای داگیرکەری دوژمن لە هەندێك شوێنەوە پێشڕەوی کردبوو، و یەك دوو بەرزایی لە بناری شاخی حەسەن بەگەوە گیرابوو، شەوی پێشوو پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی

کەرکوك دژە هێرشێکیان بۆ کردبوونەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەببوون، چەند پێشمەرگەیەکی تیپی ٢١ شەهید کرابوون، یەکێك لەو پێشمەرگانە ناوی، مارف بوو، مارف ناسیاری سەردەمی منداڵیم بوو، مارف ماوەیەکی کەم بوو، هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، پێشمەرگەیەکی ئازاو گورجوگۆڵ بوو، ئێمە شەوێکی درەنگ گەیشتینە گەڕەدێ، کاك ئازادمان لە گەیشتنمان ئاگادار کردەوە، کاك ئازاد هاتە لامان، ئێمە لە ماڵەکانی خوارەوەی ئاوایی بووین، دوای بەخێرهێنانمان کاك ئازاد داوای کرد لە گەڕەدێ، نەوەستینو بەرەو گوندی وڵاخلوو بکەوینە رێ، وڵاخلوو دێیەك بوو، ئەکەوتە بناری شاخی حەسەن بەگەوە، بەڵام لە گەڕەدێوە دوور بوو، ئێمە زۆر ماندووبووین، ئەو ڕۆژە ڕێگای دوورو درێژی پڕ لە هەورازو نشێوی نێوان قەمچوغەو گەڕەدێمان بڕیبوو، داوامان لە کاك ئازاد کرد:

- با ئەم شەو ئیسراحەتێك بکەین.

کاك ئازاد سوور بوو لە سەر ڕۆیشتنمان، داواکەمان دوو بارە کردەوە.

کاك ئازاد وتی:

- بۆ ماندوون لە کوێوە هاتوون؟.

هەڵکەوت جێگری فەرماندەی کەرتی دوو، پێشمەرگەیەکی باڵا بەرزی کەلۆری بوو، لە وەڵامی کاك ئازادا وتی:

- کاك ئازاد بڕوا بکە تەفلیش بووینە، لە قەمچوغەوە بەڕێوەین، تەنیا نیوەڕۆش نانمان خواردوە.

کاك ئازاد وتی:

- باشە ئەم شەو لێرە ئیسراحەتێك بکەن، بەیانی زوو بە ڕێکەون بۆ لای هاوڕێکانتان، ئەوەتا خۆتان گوێتان لێیە هاوڕێکانتان وا لە بن ئەو تۆپ

بارانـەن، پـێش ئـەوەی بگەینـە گـەڕەدێ، لـە مالوومـەوە گوێمـان لـە دەنگـی تۆپبـارانی دوژمـن بـوو، تـا نـزیکتر دەکەوتینـەوە دەنگـی تـۆپ زیـاتر دەهـات، لەگەڵ کاك ئازادا وەستا بووین دەنگـی تۆپـەکان وەك گرمـەی هـەوری بـەهارو بێ پسانەوە بەردەوامبوو، جار جـار تـۆپ بـۆ گـەڕەدێش دەهـات، ئێمـە هێشـتا تــەگبیرێکی شــوێنی حەســانەوەمان نــەکردبوو، گوتیــان: ئــەوە تــەرمی شـەهیدەکان گەیشـتنە مزگەوتەکـە، بـە پەلـە ڕۆیشـتین بـۆ مزگـەوت، تـەرمی چوار، پێنـج، پێشمەرگە لە هەیوانی مزگەوتەکـە بـە ڕیـز درێـژ کرابـوون، مـن گەڕام بۆ تەرمەکەی مـارف، مـارفم بـە کاکۆڵـە زەردەکـەیا ناسـیەوە، هـەروەکو جاران گورجوگۆڵ بوو، پوزەوانەکەی تا نزیك ئەژنۆی هەڵکێشابوو، ئەوەندەی مزگەوت گرتی پێشمەرگەکان لە مزگەوتەکە ڕاکشانو ئـەوەی لـە مزگـەوتیش زیـاد بـوو، کـە مـن یـەکێك بـووم لەوانـەی لـە مزگەوتەکـە جـێم نـەبۆوە گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنەی پێشوومان، وەختیش ئەوەندە درەنگ بوو بۆ ئەوە نەئەبوو لە دەرگای ماڵان دەین، هەر دوو دوو، لەسەر پێبلقـەی پـێش دەرگـای ماڵێـك هەڵتروشـکاین، خانووەکـانی گـەڕەدێ بـەرز درووسـت کرابـوون، بۆیـە دەرگای حەوشەکانشیان بەرز بوو، بۆ گەیشتن بە دەرگای حەوشـە پێبلقـەیان دروسـت کردبـوو، هـەر دەرگایـەك دوو سـێ پێبلقـەی هـەبوو، لـە سـەر ئـەو پێبلقانـە دانیشـتین، پـێم وانیـە هـیچ پێشـمەرگەیەك خـەوی لێکـەوتبێ، نـە پێشـمەرگەکانی مزگـەوتو نـە پێشـمەرگەی سـەر پێبلقـەکان، بـەو دانیشـتنە هەندێك ماندوێتی لەشمان دەرچوو، من برسێتی تینی بـۆم هێنـا، بـێ ئـەوەی بەدوای شتێکی دیاری کراوا بگەڕێم، یان بە تەمای ئەوەبم بەو شەوە تاریـكو درەنگوەختە شتێك بدۆزمەوە چاوم بـە دەوروبـەری خۆمـا گێـڕا، گونیەیـەکی سپیم دیت، بەنیەتی ئەوەی دانیشتن لەسەر گونیە ڕەنگە نەرمترو خۆشـتربێ،

شوێنی خۆم گۆڕیو چووم بۆ لای گونیە سپیەکە، لەسەر گونیەکە دانیشتم، هەستم کرد شتێکی خڕو بچوك لە گونیەکەدا هەیە، بە قشپلم زانی، بێ ئەوەی لە سەر گونیەکە هەستم، دەرگی گونیەکەم دۆزیەوە، دەسم گێڕا شتێکی خڕو ساردو نەرمتر لە پشقل کەوتە بەر چنگم، مشتێك لەو شتەم لە گونیەکە دەرکرد، تەمەشام کرد گێوژە، گێوژێکی شیرینو بەتام، هاوڕێکانم ئاگادارکردو کەوتمە گێوژ خواردن، ئەوانیش کەوتنە گەڕان، ئەوانیش گێوژیان دۆزیەوە، بەر دەرگای هەموو ماڵێك گونیەیەك گێوژی لێبوو، باشترین خۆراکی ئەو شەوەمان دۆزیبۆوە، هەموو خۆمان تێرکرد لە گێوژ، گێوژی پێش دەرگای مەکتەبم بیرکەوتەوە، هەردوو گێوژەکە وەك یەك بە تام بوون، ئەویان هی سەردەمی منالیو ئەمیان هی سەردەمی برسێتی.

دونیا وردە وردە ڕوونەبێتەوەو ئێمە هەر دانیشتوین، دونیا بە تەواوی ڕووناك بۆوە، دەرگای حەوشی ماڵەکان تاكو تەرا ئەکرانەوە، هەر زەلامێك لە دەرگای هەر حەوشیێکەوە دەرەچوو ڕەشمەی هێسترێکی بە دەستەوە بوو، هێسترەکان ڕاستە رێ ئەچوونە سەر گونیە گێوژەکان، تومەز ئەم گێوژە خواردنی بەیانیانی هێسترەکانە، تاکە جیاوازی لە بەینی ئێمەو هێسترەکان ئەوە بوو، هێسترەکان گێوژیان بەناوکەوە ئەخواردو ئێمە ناوکە گێوژەکەمان فڕێ ئەدا، دوای ئەوەی دڵنیا بووین، خەڵکی دێ لە خەو هەڵساون، هەر دوو، دوو، سێ، سێ، پێشمەرگەو خۆمان کرد بەماڵێکا، خەڵکی ئاواییش کەم لە دێ مابوون، تۆپباران بەشێکی خەڵکی گوندی ناچارکردبوو کە دێ جێبێڵن، هەر چۆنێك بێ ئەو خەڵکەی کە لە ئاوایی مابوون بەشی ئەوەیان دەکرد کە نانو ماستێك بدەنە ئێمە، سەرەڕای دژواری بارودۆخەکەی تێیدا بوون، بە گەرمیو لوتفەوە پێشوازیان کردینو بە ڕێیان کردین، نانو چامان خواردو

چــووینەوە بــۆلای کــاك ئــازاد، کــاك ئــازاد بــە گــەرمیو زەردەخەنــە هەمیشــەییەکەیەوە وەریگــرتین، چــوار پێــنچ دەقەیــەك باســی بــارودۆخی گشتیو شەڕگەی شاخی حەسەن بەگی کرد، کاك ئازاد وتی:

- بەرگری کـردن لـەم شـاخانە، بـەرگری کردنـە لـە شۆڕشـەکەمان، نـەمانی شۆڕشـەکەمان بـە مـەنای نـەمانی میللەتەکـەمان دێـت بـە خـاكو خەڵکـەوە، داواتان لێئەکەم دلێرانە خەڵكو خاکی کوردستان بپارێزن.

دوای تەواو بوونی قسەکانی خواحافیزیمـان لـە کـاك ئـازاد کـردو دوو، دوو، بـە مەسـافەیەکی کـەم کەوتینـە ڕێ، ئێمـە بـەڕێوەبووین کـاك ئـازاد، دەسـتی ڕاستی هەڵبڕیو وتی:

- لە بیرتان نەچێ هەموو کورد، چاوی لە دەستو تفەنگی ئێوەیە.

ئێمـە بـە ڕیـز ئەڕۆیشـتینو لـەدێ دەرچـووین، بـە ڕێگـای باریـكو پێچـاو پێچـی شـاخی گـەڕەدێیا سـەرکەوتینو ئـاودیوی دۆڵـی وڵاخلـوو بـووین، شـانی چـەپمان کێـوی بـەرزی گۆجـاڕەو شـانی ڕاسـتمان شـاخی حەسـەن بـەگی پـڕ هێـرشو گرمـەی تۆپـە، ڕۆژێکـی خـۆشو سـامالە، عاسمـان پەڵـە هـەورێکی پێوەنەبوو، گرمەی تۆپ بێ پسانەوە حەسەن بەگ ئەکوتێ، سەدان لولـە تـۆپ ڕووی لەو شاخەیەو هەزاران گولە تۆپی پێکـەوتووەو، خـۆیو پێشمەرگەکانی سەر شانی هەر بە پێوەن، پێش نیوەڕۆ گەیشـتینە وڵاخلـوو، وڵاخلـوو چـۆڵ و هـۆڵ وەك بـەری دەسـت بـۆ سـوێندش مـاڵێکی لێ نـەمابوو، کـێ ئـەتوانێ لـەو ئاگربارانـە بمێنێتـەوەو خـۆی بگـرێ؟!، تـەنیا حەسـەن بـەگ و پێشـمەرگە لـە مەملەکەتی تۆپستان مابوون، حەسەن بەگ، شێرکۆیانە ئەیگوت:

- لە ئاگردام و ئەسوتێم ، ئەسـوتێمو گـۆرانی بـۆ کوڕەکـانی سـەر شانیشـم ئەڵێم.

بارەگایەکی پێشمەرگەکانی سەر شاخ لە ناو دێ بوو، ئەو بارەگایە بۆ ئیدارەی پێشمەرگەکانی سەر شاخ داندرابوو، هەموو ڕوومان لەو بارەگایە کردو نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، دوای یەك دەمژمێر ئەو بارەگایەی نانمان لێی خوارد بوو بە بارەگای ئیدارەی خۆمان، بەرپرسی ئیدارەی بارەگاکە هەموو کەلوپەلێکی بارەگاکەی ڕادەستی بەرپرسی ئیدارەی هێزەکەی ئێمە کرد، بە هێسترەکەشەوە، ئەوان خەریکی سەرفو سوونی بارەگاکە بوون، ئێمەش وردە وردە خۆمان توند کردەوەو لە ئاوایی ولاخلوو دەرچووینو ڕێی سەر شاخی حەسەن بەگمان گرتەبەر، ئەو ڕێیەی ئێمەی دەگەیاندە سەر شاخ بەدەیان گولە تۆپی گەورە لەمبەرو ئەوبەرو هەندێکشیان لە ناوەندی رێیەکەی دابوو، پارچەی ئەو گولە تۆپانەی کە بە عەرد کەوتبوونو تەقیبوونەوە، کەمیان لە دەمە خاکەناسێك، یان پێمەڕەیەك گچکەتر بوون، ڕێیەکی پڕ ترسو سام بوو، دەنگی تۆپ لێرە قەت نابڕێتەوە، بەردەوام دەنگی تۆپ دێت، لە ناو قەدی شاخەکە، کانیو ئاوێکی گەورەو خۆش هەبوو، بەلام پڕ مەترسی ترین شوێن سەر کانیو ئاوەکە بوو، چونکە تۆپباران سەر کانییەکەی بە زۆری دەگرتەوە، ئەگەر ئیشێکی سەرکانیەکەت هەبوایە دەبوو زۆر پەلە بکەیت لە جێبەجێکردنی، کاری وەك خۆ شۆرینو بەرگ شۆرین هەر زۆر بڤە بوو، ڕێی سەرکەوتن بۆ شاخەکە لە کانیەکەوە تێئەپەڕی، کاتێك چووینە سەر کانیەکەو چاومان بەو دارە قایمە کۆنەسالانە کەوت، کە بە تۆپباران شەقو پەق بوونە، ترسەکەمان دوو قات بۆوە، بێ ئەوەی لادەینە سەر ئاوەکە بە هەنگاوی گەورەتر، ڕەوو شاخەکە سەرکەوتین، کە گەیشتینە سەر شاخ عەسر نەببوو، ئەو

پێشمەرگانەی لـەوێ بـوونو ئێمـە شـاخەکەمان لێ وەرگـرتن، هـەموو پـیسو چڵکن بوون، برادەرێکمان هەر بۆ خۆشیو گفتوگۆ وتی:

- ئەرێ لەو هەموو ئاوە زۆرە، بۆ وا چڵکنن؟!،

یەکێك لەو پێشمەرگانەی، ئێمە دەچوینە شوێنەکەیانو ئەو خەریکی خـۆ ئامادەکردن بوو بۆ دابەزین، لە ڕیتمی قسەکانی برادەرەکەی ئێمە تێگەیشت، لە وەڵاما وتی:

- ئێمە نەمان وێراوە بچینە سەر کانیەکە بـۆ خـۆ شوشـتن، ئێـوە لـە ئێمـە قارەمانتربنو بچن خۆتان بشۆن.

به پێکەنینەوە پێم وت:

- نـا بـرا نـا.....، ئێمـە هـەر بـەلای کانیەکـەیا هـاتین چـۆکمان شـکا، ئـەو قارەمانێتەیەی بە ئێوە نەکراوە بە ئێمەش ناکرێ.

ئـەم قسـەیەم بـۆ دڵنـەواییو هێورکردنـەوەی ئـەو کـرد، بـەڵام ئـەو ڕاسـتی ئەکرد ئەوەندەی لەوێ ماینەوە ئێمەش نەمان وێرا بچینە سـەر کانیەکـە بـۆ کوڵکردن، ئـەوان دابـەزینو هـەموو ئـەو شـوێنانەیان نیشـانداین کـە دەکەوتـە بەرچاوی دوژمـنو مەترسـیان هـەبوو، بـە شـوێنی ئیشـکگری ڕۆژەوەش، بـۆ شەوان هەموو پێشمەرگەکان بە سـەر شـاخەکەیا دابـەش دەبووین، هـەر سـێ، چوار پێشمەرگەو لە سەنگەرێکا دەماینـەوە، یـەکێك ئیشـکی دەگـرتو ئـەوانی تـر دەخـەوتن، بـەڵام گورگـە خـەو، نـەك وەك خـەوی ماڵـەوە، خـەوی پێشمەرگانە، بە پێڵاوو تاخمو تفەنگەوە، لەگەڵ تۆبارانـا ڕاهـاتبووین، کـەس نەیدەپرسـی ئـەو تۆپـە بـەکوێ کـەوت، گـرنگ ئـەوە بـوو تۆپەکـە بـەخۆت نەکـەوێ، یـان بـە هاوڕێیەکـەت نەکـەوێ، دەنـا نـەدەبووە جێگـای پرسـیار، ناخۆشترین ڕۆژ ئەو ڕۆژە بـوو، کـە نـۆرە ئـاو هێنانـت بـوو لـە کانیەکـە، بۆ؟،

چوونە سەرکانیو ئاو هێنان هەروا خۆشو ئاسان بوو، وەك شاعیرەکان باسی دەکەن؟!، شاعیری بەرزی کورد گۆرانی مەزن، لە شعرێکیا باسی ڕێی کانی ئەکاتو ئەڵێ:

- ئیوارەیە هەلگرە سا گۆزەی تازە، ڕێی کانی قوربان مونتەزری جیلوەی نازە، ئێمەش ئەم شیعرەمان وا هەلگێڕابووەوە:

- ئێوارەیەو ڕوح کێشانە کات کاتی ئاو هێنانە،

ڕێی کانی قوربان مونتەزرە و تۆپ بارانە.

نزیکی دە ڕۆژێك ئەبێ ئێمە لێرەینو هیچ هێرشێك نەکراوەتە سەرمان، هێرشی عەرزی ئەڵێم، هێرشی عاسمانی ئەوە هەر بەردەوامە، بۆ ساخکردنەوەی ئەم مەسەلەیە ، ئایە تۆپباران ئەکەوێتە خانەی هێرشی عاسمانی یان عەرزی، لەگەڵ کاروان پرسیارمان لە هەردی کرد، هەردی ناوە ڕاستیەکەی (حەسەن) بوو، بەلام بۆ کەسێك هەبوو بوێرێ بە حەسەن، بانگی بکات؟، ئەو کەسە چەند ئازاو قارەمانیش بوایە هەر زاتی نەدەکرد بە هەردی بلێ حەسەن، بە هەردی مان گوت:

- کاك هەردی بە پێی زانیاری توو، تۆپباران بە هێرشی عەرزی حیسابە یان عاسمانی؟،

- تۆپباران هێرشی زەمینیە.

- ئەی بۆ کاروان ئەڵێ هێرشی عاسمانیە.

- کاروان چووزانێ، کۆپتەرو فرۆکە هێزی ئاسمانینو هێرشی ئەوان بە هێرشی ئاسمانی حیسابە.

- دەسا وەلاهی تۆپبارانیش هێرشی عاسمانی حیسابە، ئەی تۆپیش لە عاسمانەوە نایەت.

- کاروان توو هەر ئەتەوێ عەکسی بکەیت، تۆپباران لەلایەن جەیشەوە ئەکرێت.

- بۆ بابە هێرشی کۆپتەرو فڕۆکە لەلایەن مەدەنیەوە ئەکرێت؟،

- کاکە من بەشداری موناقەشەیەك ناکەم کاروانی تیابێ،

گرمەی تۆپێکی نزیك پەرتەی پێمان کرد، خۆمان دابووە پەنای گا بەردێکی گەورە، چاوەڕێی گرمەی تۆپی دووەم بووین، کاروان بە دەنگێکی بەرز وتی:

- هەردی ئەمە لە عەرزەوە هات یان لە عاسمانەوە.

هەر ئەو ڕۆژە نزیك نیوە شەو لە گەڵ عوسمان حەساری لەپەنای شاخێکی نەدیوا، بە دیار ئاگرو کترێەکی ڕەشی چایەوە دانیشتبووین، عوسمان حەساری، نوکتە خۆشەکانی حەساری بۆم ئەگێڕایەوە، تۆپەکانش بێ پسانەوە لورەو گرمەیان ئەهات، گولە تۆپەکان ئاڕاستەکەی ڕوو لە کانیو سەر ڕێیەکە بوو، لەناو سەدان گولە تۆپا، یەکێك لە گولە تۆپەکان نەتەقیەوە، عوسمان بەنەرمیو لەبەر خۆیەوە وەك ئەوەی گوێی لە دەنگی ترێك بووبێ گوتی:

- ئەها.

هەردووکمان بە ئەهاکەی عوسمانو گولە تۆپە نەتەقیوەکە پێکەنین، زۆر پێکەنین، بەشی دوو سەعاتی دڵ گوشرانی تۆپباران پێکەنین، ئێمە لە گەرمەی پێکەنینا بووین، دەنگی تەپەی پێی کەسێك هات، تەمەشای ئاڕاستەی دەنگەکەمان کرد، ئاسۆ بوو، ئاسۆ قەڵەو نەبوو بەڵام وەك کەسێکی قەڵەو بە ڕێدا ئەڕۆیشت، کە ئەڕۆیشت لە دوورەوە گوێت لە دەنگی پێی ئەبوو، ئاسۆ، وتی:

- ئەوە بە چی پێ ئەکەنن؟، خوا خوام بوو حەرەسیاتەکەم تەواو کەمو بێم بۆ لاتان.

- کورە وەڵا بەو گولە تۆپە پێکەنین، کە نەتەقیەوە.

ئاسۆ هاتە بەر ئاگرەکەو لە لامان دانیشت، شەوقی ئاگرەکە ڕوخسارمانی ڕووناك دەکردەوە، ڕەنگی ڕوخسارمان لەبەر شەوقی ئاگرەکە ڕەنگێکی سووری مسیی گرتبوو.

- ئاسۆ چایەکت بۆ تێکەم؟،

- ئا، با بزانم گونیەکە نانی تیا ماوە.

ئاسۆ هەڵسا تفەنگەکەی لە شوێن خۆی داناو بەرەو گونیە نانەکە چوو.

- نانی تیایە؟،

- ئا هەندێك لێوارو مێواری تیایە.

- دە بیهێنە هەر باشە.

ئاسۆ پڕ هەر دوو مشتی لێوارە نانی هێناو لەسەر تەختە بەردێك لە نزیك ئاگرەکەوە دانیشت، کەوتە نان‌و چای خواردن، ئاسۆ ئەوەندە بە ئشتیهاوە نان‌و چایەکەی ئەخوارد، ئێمەش حەزمان چووە نان‌و چای، یەك دوو مانگێ پێش ئێستا لەسەر شاخی قەیوان بووین، ئەو شوێنەی ئێمە لێی بووین پێیان ئەگوت کەڵکی قەیوان، ماوەیەکی زۆر لە گوندی قەیوانەوە دوور بوو، ستار کاتی ئیشکگریەکەی دەکەوتە پێش ئاسۆوە، کە ماوەکەی خۆی تەواو کرد هات ئاسۆی بانگ کرد، بە چەند جارێك بانگ کردن ئاسۆی هەڵساند، ستار گەڕایەوە شوێنی ئیشکگری خۆی، دوای دوو سێ خولەك ستار جاریکی دیکە هاتەوەو کەوتە، بانگە بانگ، ئاسۆ وتی:

- ئێ دەباشە واهاتم.

ستار وادیار بوو، وا هاتمەکەی ئاسۆی بە دڵ نەبوو، وتی:

- دەی خێراکە، هێشا تەقەیەکت لە دوژمن نەکردووە قسەت ئەوەندە ڕەقە.

ئاسۆ بە پێکەنینەوە، وتی:

- تەقەم لە دوژمن نەکردووە، بەڵام میلم لە دوژمن هاوردۆتەوە.

منیش بۆ خۆشکردنی بەزمەکە وتم:

- یەعنی ئەگەر دوژمن زیاد قسەی بکردایە تەقەشت لێی ئەکرد.

- ئا ئا بە تەئکید.

هەر لەو سەفەرەی قەیوان، کوڕێکمان لەگەڵ بوو ناوی، ڕەحیم، بوو ئەو ڕەحیمە لە دەستەی کاك دانای ئەحمد مەجید، ڕەحیم یەك ئەرکی هەبوو ڕۆژی باری کەرێك نانو خواردنی بۆمان سەرەخست، هەموو ڕۆژێك ڕەحیم کاتژمێر دە بە دواوە ئەگەیشتە لامان، ئێمە دەبوو چاوەڕێی ڕەحیم بکەین، چونکە نانی بەیانیو نیوەڕۆو ئێوارەمان لەسەر پشتی کەرەکەی ڕەحیم بوو، ڕەحیمش ئاوها بە درەنگ ئەگەیشت، ڕۆژێکیان دانا گوتی:

- ڕەحیم توو بۆ ئەوەندە دوائەکەوی؟.

ڕحیم وتی:

- کاك دانا ئەم کەرە تاخیرمەکات.

- بۆ.

- کەرەکە ڕێگا ناگرێ، لە ڕێ لائەدا، تا ئەیهێنمەوە سەر ڕێ ئاوها تاخیر ئەبم.

کاك دانا گوتی:

- ئەم کەرە هیی خاوەنی ئەم عەرزو ڕەزە نیە، کە ئێمە بارەگامان تیا داناوە:

- با.

دانا وتی:

- ڕەحیم گوێ بگرە، سبەینێ کە هاتی حەقت بە سەر کەرەکەوە نەبێ، بکەوە دوای کەرەکە، کەرەکە هەر ڕێگایەکی گرت توو مەیگێڕەوە، توو بە دوای کەرەکەیا وەرە، باشە.

- کاك دانا ئاخر هەڵەتەم ئەکات، مل ئەنێ بە ڕێگای ترا.

- قەیناکە ڕەحیم، من چیمگووت: تۆ وابکە.

- بەڵێ باشە.

بەیانی ڕەحیم کاتژمێر هەشت، گەیشتە لامان.

دانا گووتی:

- ها ڕەحیم ئەمڕۆ زوو گەیشتی؟!.

ڕەحیم وتی:

کاك دانا بە قسەی تووم کرد، بە دوای کەرەکەیا هاتم:

- ڕۆڵە کەرەکە شارەزایە، توو سەرت لێی تێکداوە.

کەر، ئاژەڵێکی وریایە، یەك، دوو جار بە ڕێیەکا بڕوات شارەزای ڕێیەکە ئەبێت، ئەگەر ڕەحیمەکان سەری لێ تێکنەدەن، هێستر هەمان شارەزایی کەری هەیە، چونکە لە توخمی کەرە، ماین لە نێرە کەر چاك ئەکرێ، جاش هێستر ئەهێنێ، هێستری نێرو مێ لێك ئەپەڕن، بەڵام زاوزێ ناکەن، ئەو ڕۆژەی نۆرە ئاو هێنانی ئاسۆ بوو، ئاسۆ بۆ خۆشیو بە پێکەنینەوە گوتی:

- خۆزگە هێستر وەك شارەزای ڕێگا ئەبێت، فێری ئاو پڕکردنیش ببوایە.

برادەرێکی تر کە گوێی لەم قسەیەی ئاسۆ بوو، وتی:

- کوڕە تۆ بڵێ، ئەگەر فێرە بوو دوو کەوچک شۆرباى لێ بنایە، پێویستمان بەژن هەر نەئەما،

- کاک عوسمان کاتمان گەیاندە چەند؟.

عوسمان حەساری سەیرێکی سەعاتەکەی کرد.

- وەڵا درەنگە، یەکو چارەك لایداوە.

- نەیکەینە شەو؟.

- بەرە وەڵا.

هەڵساین‌و بڵاوەمان لێ کرد، هەر یەکەو کونێك یان بن گەوەڕە شاخێکمان چاك کردبوو، بۆ خەوو کاتی ئیسراحەت بەڕۆژەوە، جارجار ئەگەر مەترسی هێرشی دوژمن کەم بوایە، شەوانیش لەو کون‌و بن گەوەڕانە دەخەوتین، کە هەندێکیانمان بە نایلۆن‌و لقوو چڵی دار بەڕوو داپۆشیبوو، چەند هەنگاوێك لە ئاگردانەکەمان دوورەوە کەوتین، ئاوڕێکم بۆ ئاگردانەکە دایەوە، ئاگرێکی بڵێسە کەم بە تەنیا دەسووتا، گا بەردەکەی تەنیشتی‌و دەوروبەری خۆی ڕووناك دەکردەوە، چوومە ناو ئەو بن گەوەڕە شاخەی کە چەند ڕۆژێکە بە خاکەناسە کلك شکاوەکە، چاکم کردووە، واپێی دەچێ لەوەتەی خوا ئەم شاخەی بنیاد ناوە ئەم خاکەناسەش لێرەبێ، خاکەناسێکی کلك شکاوو کۆڵ، ئەوەندە ڕاوەشێندراوەو بە بەرد کەوتووە، دەم‌و لێوەکەی هەموو بەسەر یەکا قوپاوە، دوور نیە چەتەکانی شێخ مەحمودیش لەم شاخە سەنگەریان لێدابێ‌و خۆڵیان بەم خاکەناسە دەردابێت، بەنیەتی خەوێکی خۆش ڕاکشام، دەی خوایە ئەم شەو شەیتان لە بەرگی ژنێکی جوانا بنێریتە پاڵم، زرمەی تۆپێك کە لەنزیك کونە شاخەکە بە عەرد کەوت ڕایچەڵەکاندم، خەوو

شـەیتان‌و ژنـی چی!، بـۆ شـەیتانیش ئـەوێرێ ڕووبکاتـە ئـەم شاخە؟، ئینجا خۆشی بکاتە ژن، تڕحێو، بۆ تڕحێو؟!، ئەی ئەوە نیـە زرار هـەموو بەیانیـەك ئەڵێ:

ئەم شەو شەیتانی بووم، بە نیازی خەونێکی وەك خەونە خۆشـەکانی زرار چاوم لێکنا. سبەینێ تا عەسرەکەی، بێجگە لە تۆپەکانی هاوڕێی خۆمان، ئـەو تۆپانەی ئەگەر یـەك دەمـژمێر دەنگیـان نەهاتایـە پرسـیارمان دەکـردن، هـیچ خەبـەرێکی تـر نـەبوو، تـازە ئـەو هێسـترەی خـواردنی بۆمـان سەردەخسـت، هێستری ئاو هێنانەکە ناڵێم، هێسترێکی تر بە دوو پێشمەرگەوە ڕۆژی جارێك لـە نـاو گونـدی وڵاخلـوەوە بارێـك خـواردن‌و پێدویسـتی تـری بۆمـان دەهێنـا، ئەمڕۆ لە ناو بارەکەیا پاکـەتێك جگـەرەی منیشی تیـابوو، لـەو پاکەتـە پێـنج شەش جگەرەم نارد بۆ جوتیار.

نزیکی عەسر کاك سیروان کوێخا نەجم، کە زیاتر بە کوێخا ناومان دەبـرد، لەبەر ئەوەی کوڕە کوێخا بوو کەیفی بەو نـاوە دەهـات، کۆێخـا لـە دوای دانـای ئەحمد مەجیدەوە، کرا بوو بە فەرماندەی تیپی خاڵخاڵان ، کوێخا وتی:

- بە پێی هەواڵی مەڵبەند ئەم شەو دوژمن هێرشمان بۆ دێنێ.

ئـەم هەواڵـە هـەمووومانی خسـتە ئاگـاداری پلـە، یەکـەوە، شـەو کـەسمان نەچووینەوە جێ خەوەکانی کە چاکمان کردبوو، هەموو لـە سـەنگەرەکانمان‌و دەس لەسـەر تفـەنگ چـاوەڕێی هێرشـی دوژمـن بـووین، شـەو ڕاکشـا تۆپبـاران هەر تۆپبارانی شەوانی پێشووە، ئێمە چوار پێشمەرگە لـە سـەنگەرێکا بـووین، هاوکار، جوتیاری حەمە شوان، هەردی، من، چوار کەس لەو سـەنگەرە جێمـان نـەدەبۆوە، مـن‌و هـەردی واڕێککـەوتین ئـەو سـەنگەرە بـۆ ئـەوان جێبـێڵین‌و سـەنگەرێگ لـە نزیـك ئـەو سـەنگەرەوە بـۆ خۆمـان دروسـت بکـەین، لەگـەڵ

هەردی دەسمان دایە بێڵە کلك شکاوەکەو ناوی خوامان لێ هێنا، تۆپەکان بەسەر سەرمانا لوورەیان دەکردو لە دەوروبەری کانیەکە زرمەیان ئەهات، لەگەڵ هەردی هێشتا بەشی ئەوە عەرزمان چاڵ نەکردبوو قولەقاچمان بزرکات، وەك هەور تۆپ گرماندیو، وەك باران گولە تۆپ بە سەرماندا باری، ئەی خوایە ئەوە چی بوو!، سەد تۆپ لە عەرزی ئەداو، دوو سەد گولە تۆپ لە عاسمان لورەی دەهات، سەنگەری چی، بەدەردێك گەیشتینە پەنای ئەو بەردەی کە سێ شەقاو لێمانەوە دوور بوو، حەوت بەشی مەرگ بێ، بە قەدەر ژمارەی ئەستێرەی عاسمان، ئینجا عاسمان کوا ئەستێرەی پێوەیە؟!، عاسمان نیوەی ئەو گولە تۆپانە ئەستێرەی پێوە نەبوو کە لە عەردەکەوتن، چرکەیەك سەرم هەڵبڕی، گولە تۆپێك ڕێك لەو شوێنەیدا کە بە ڕۆژەوە، ئێشکمان لێی دەگرت ، وەك بروسکە، هاتەوە فکرم کە شوێنی ئیشکگری ڕۆژ سەنگەری ئەم شەوی عوسمان حەساریو نازانم کێی ترە، بەڵام ئەوەندەی بڵێی یەكو دووەکەی تەواو نەکەیت، ئەو بروسکە تیژ ڕەوە، لە مێشکم نەما، ڕەنگە لەگەڵ لوورەی تۆپێکا ڕۆیشتبێ، ئاخر ئەو کاتە هیچ دەنگێ لەو شاخە نەدەهات، تەنیا لورەو گرمەی تۆپ نەبێ، نازانم ئەو تۆپبارانە چەندی پێچوو، ڕەنگە عومرێك بەردەوام بووبێ، لە پڕا تۆپباران لە سەرمان نەما، ئاڕاستەی تۆپبارانەکەی گۆڕی بۆ ناو دێو ئەو ڕێیانەی لە ناو دێیەکەوە دەهاتن بۆ سەر شاخ، ئێستا نۆرەی هێرشی پیادە بوو، لەگەڵ گۆڕینی ئاڕاستەی تۆپبارانەکە، من بە پەلە خۆم گەیاندەوە لای جوتیارو هاوکار، هێشتا دووکەڵو تەپووتۆزی تۆپەکان نەڕەویبوونەوە، هێرشی پیادەی مخاویرو جاش لە هەموو قۆڵەکانەوە دەستی پێکرد، پێشمەرگەش لە هەموو سەنگەرەکانەوە بەرەنگاری دوژمن بوونەوە، بە درێژایی شاخی حەسەن بەگ

هاژەی دەستڕێژی پێشمەرگە بوو ئاراستەی سینگی دوژمن ئەکرا، هێرشەکانی دوژمن لە ماوەیەکی کورتا تێکشکێندرا، لە قۆڵی باڵخەوە هێزەکانی دوژمن هاتنەپێشەوە، ڕێگای سەرەکی گوندی وڵاخلوو یان لێمان گرت، ئەو ڕێیە تاکە ڕێگایەك بوو، کە سەیارە هاتو چۆی پێدا دەکرد، هەموو پێویستیەکانی شەڕو خۆراکمان لەو ڕێیەوە بۆ دەهات، ئەو ڕێیەش گیراو دەبابە گەیشتە سەر بەرزاییەکانی پشتی باڵخو ڕێی هاتوچۆی لێمان بڕی، لەسەر شاخ دۆشکەیەکمان هەبوو، ئەگەر هەڵە نەبم، دۆشکەکە لە بارەگاکەی کوێخا بوو، مەلا فەرمان تەقەکەری دۆشکەکە بوو، دۆشکەکەمان ڕووەو باڵخ ڕیزێك فیشەکی تەقاند، هەر ئەو ڕیزە بوو، یەك ڕەتڵ تۆپ بە دۆشکەکەمانەوە نرا، ئیتر نەمان زانی دۆشکەکە چی بەسەر هات، تۆپەکان بەری کەوتن یان نا، بەڵام ئیتر گوێمان لە دەنگی تەقەی دۆشکە نەبۆوە، من گەڕامەوە بۆ لای هەردی لەپاڵ شاخەکە، مەترسی هێرشی دوژمن لەسەرمان نەما بوو، ناوە ناوە، تۆپ لوورەیەکی دەکرد، بە سەرماناو لە قەد پاڵی شاخەکەو نزیکی ناو دێ ئەتەقیەوە، خۆمان دابووە پەنای شاخەکە، لە سەرما هەڵئەرزین، هەڵ لەرزینەکەمان، هەڵ لەرزینی سەرمابوو، دنیا سارد بوو، پایز لەسەر بارکردن بوو ئەوەندەمان نەمابوو پێشوازی لە زستان بکەین، لەگەڵ هەردی چووینە بن تاوێرە شاخێکی گەورەوە، ئەوێ پەنا بابوو، هەندێك ئارام بووینەوە، ئەوەی لەو کاتەشدا لە بیر ناکرێ، جگەرەیە، جگەرەیەکم داگیرساند، لە لای گا بەردی ئاگردانەکەوە، گوێمان لە دەنگە دەنگێ بوو، دەنگەکە، دەنگی نەهرۆ قەسرۆکی بوو، چووم بۆ لای نەهرۆ، ئەوەندە لێمانەوە دوور نەبوو، پێش ئەوەی بگەمە لای نەهرۆ بانگم کرد:

- کاك نەهرۆ.

- كاك عاسى ئەوە خۆتى.

- بەڵێ.

ئەویش بەرەو لای من هات.

- دەنگ و باستان؟،

- ئێمە سەلامەتین، ئەی ئێوە؟،

پێش ئەوەی نەهرۆ وەڵام بداتەوە، غەڵبە غەڵبێك لای پشتمانەوە پەیدا بوو، هەردووكمان بە پارێزەوە بەرەو غەڵبە غەڵبەكە چووین، تارمایی هەندێك چەكدارمان لێ دەركەوت، دەنگمان دان.

- زەلام كێن؟.

- خۆمانین، پێشمەرگەین.

تفەنگەكانمان كردە شانو بەرو پیریان چووین، كۆمەڵێ پێشمەرگە نزیك بیست كەسێك دەبوون، ماندوونەبوونمان لێ كردن.

- كاكە ماندوونەبن، بەخێربێن.

- خۆتان ماندوونەبن، دەنگو باستان چیە؟،

- وەڵا ئێمە زۆر باشین.

- هیچ جێیەك نەگیراوە؟،

- نەخێر نەوەڵا هیچ جێیەك نەگیراوە.

زۆر ماندوو دیار بوون، كە قسەیان دەكرد هەناسەبڕكێیان بوو.

- كاكە ئێمە بەفریای ئێوەوە هاتووین، چیتان بۆ بكەین؟، كوێمان دەدەنێ لێی دەبین.

- كاكە یاخوا بە خێربێن، بەڵام ئێمە هیچ پێویستیمان نیە، زۆر مەمنوون بۆ هاتنەكەتان.

- وەڵا برا ئێمە هاتووین‌و ناگەڕێینەوە، شوێنێکمان بدەنێ لێرە لەگەڵتان دەمێنینەوە.

کاك نەهرۆ ڕووی لە من کرد وتی:

- ئێمە پێویستمان پێیان نیە، بۆ نایانبەی بۆ لای تیپی ٢١.

- باشە با بێن ئەیان بەم.

نەهرۆ قەسرۆکی بەو برادەرە ماندووانەی وت:

- ئەتوانن لەگەڵ ئەم برادەرەیا بڕۆن بۆ لای تیپی ٢١، ئەوەتەن وا لە شان ئێمەوەن، ئەوان ڕەنگە پێویستیان بەهێز هەبێ.

پیاوێکی چوار شانەی بەژن کورت دەم سپیان بوو، وا پێی دەچوو هەر ئەویش بەرپرسیان بێ، وتی:

- فەرموو کاکەپێشمان کەوە.

پێشیان کەوتم، ڕێیەکەمان نزیك بوو، لە ڕێ هەر بیرم لە ئازایەتی‌و دڵسۆزی ئەم پێشمەرگانە دەکردەوە، بەم ئاگر بارانە چۆن توانیویانە سەرکەونە سەر ئەم شاخەو بگەنە لای ئێمە، لە دڵ خۆمەوە گوتم: هەزار ئافەریم بۆ ئێوەو بۆ قارەمانێتیتان، بەداخەوە لە بیرم نەماوە پێشمەرگەی کام تیپ بوون، لە پێشمەرگەی تیپەکانی، جوتیاران‌و چەکوچ، ئەوانەیان دەکرد.

پێشمەرگە بەژن کورتەکە بەدەم ڕێوە، پرسی:

- کاکە، ئەو برادەرانەی دەچینە لایان دوورن؟.

- نا.. نا، دوور نین ئەوەتەن لەسەر ئەم قوتەیەن.

بە هەورازی قوتەکەیا سەرکەوتین، گوێیان لە دەنگمان بوو، دەنگیان دای.

- زەلام کێن؟.

- خۆمانین.

گەیشتینە لایان سێ، چوار پێشمەرگە خۆیان دابووە پەنای شاخێك، ئەگەر هەڵە نەبم، یەکێکیان، ناوی فەعد بوو، دوای ماندوونەبوون‌و دەنگو باس پرسین، وتم:

- کاکە ئەم برادەرانە، بۆ یارمەتی دانی ئێمە هاتبوون، ئێمە پێویستمان پێیان نەبوو، وا هاوردویانمە بۆ لای ئێوە.

ئەوەی من بە فەعدم زانی لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیا بوون، بەگەرمی بەخێرهاتنی پێشمەرگەکانیان کردو سوپاسی منیشیان کرد بۆ گەیاندنیان، من ئیزنم خواست‌و گەڕامەوە.

دنیا وردە وردە، لەسەر ڕووناك بونەوە بوو، چوومەوە بۆ بن شاخەکە، بۆ لای کاك هەردی، هێشتا سەلامم نەکرد بوو، هەردی وتی:

- ئەزانی کاك عوسمان شەهید بووە!.

- کورە وانەڵێی!.

- بەرەوەڵا، زۆر بەداخەوە.

لەگەڵ هەردی، پێکەوە چووین بەرەو خوار، کاك نەهرۆو ئاسۆو خەبات‌و چەند پێشمەرگەیەکی تر لە پاڵ گا بەردی ئاگردانەکە وەستا بوون، پەژارە بە ڕوویانەوە دیار بوو، پرسیم:

- کاك عوسمان شەهید بووە؟.

نەهرۆ وەڵامی دایەوە:

- ئەرەوەڵا شەهید بووە.

- چۆن؟

- تۆپێك لە ناو سەنگەرەکەی داوە!.

- ئەی كوا تەرمەكەی؟

- وا لە ناو سەنگەرەكەیە.

- كاكە با بچین دایگرین، وا ڕۆژ بۆوە، دوایی بۆمان داناگیرێ.

ئەو سەنگەرەی تەرمی عوسمانی لێبوو، شوێنی ئیشكگری ڕۆژ بوو، بە ڕۆژەوە دەكەوتە بەر چاوی دوژمن، دەبوو لقە دار بەڕوویەك بە دەستەوە بگرین و لەپەنای گەڵاو گۆڵی لقە دارەكەی دەستمانەوە یەكتر بگۆڕین، بەڵام بە شەو شوێنەكە ئەمین بوو، ئێستا ڕۆژ هەڵاتووە، ئەوەی لە فكرم بێ ئاسۆو نەهرۆ، خەبات، چووین بۆ داگرتنی تەرمەكە، گەیشتینە سەنگەرەكە، تەرمەكەی شەهید عوسمان كەوتبووە ناو سەنگەرەكەوە، ئەو تۆپەی بەر سەنگەرەكەی كەوتبوو بەشێك لە سەنگەرەكەشی ڕوخاندبوو، سەنگەرەكە كەوتبووە بەینی دوو شاخی تەنگەبەرەوە، هەتا تەرمەكەمان لەو تەنگەبەریە دەرهێنا چەند خولەكێكمان پێچوو، لە جەیشەكەوە دەركەوتین، بە قەناس چەند فیشەكێكیان پێوەناین، بەڵام گوێمان پێ نەدا، تەرمەكەمان داگرت و، لە پەنای شاخەكە دامان نا، نەهرۆ ڕووی لە من كردو، وتی:

- تووە تەرمەكەی شەهید عوسمان بەرەوە.

- كاك نەهرۆ با كەسێكی تر بیباتەوە، با من نەیبەمەوە.

- كاكە ئەو لە هەمووومان زیاتر لە تووە نزیك بوو، چۆن ئەبێ تووە لەگەڵی نەڕۆی؟!

- كاك نەهرۆ منیش لەبەر ئەو نزیكییە ئەڵێم با من نەیبەمەوە.

ئێمە لەم مشتومڕە بووین، كاك سیروان گەیشت، ماوەیەك بە دیار تەرمەكەوە وەستا، كاك نەهرۆ، كاك سیروانی هەندێك لە ئێمە دوور

خستەوە، نازانم چیان گوت، بەڵام هاوڕێ سیروان کە گەڕایەوە، هات بۆ لای منو گوتی:

- کاکە، عوسمان لە منو تۆ نزیکتری لێرە نیە، یان ئەبێ من تەرمەکەی بەرمەوە، یان ئەبێ توو بیبەیتەوە.

- کاک سیروان، پێم خۆش نیە من بیبەمەوە.

- ئەزانم کاکە پێت خۆش نیە، دوایی گلەیی دێتە سەرمان، ئەبێ توو لە باتی منیش لەگەڵیا بڕۆیت، قسەکانی سیروان ڕاست بوو، منو عوسمانو سیروان، کوڕی یەك گەڕەكوبانی ڕەحیماوە بووین، بەڵام ئەوان لە من هەراشتر بوون، ئێمە بە عایلە یەکترمان دەناسیو تێکەڵ بووین، نەدەبوو من لەگەڵ تەرمی عوسمانا نەڕۆم، بۆیە بە ناچاری ڕازی بووم، نەجمەدینیشیان لەگەڵما نارد، نەجمەدینو عوسمان هەردووکیانماڵیان لە گوندی تیژە بوو.

هێستری ئاو کێشانەکەمان شەوانە بە دار بەڕوویەکەوە دەبەستەوە، چووین هێسترەکەمان لە دارەکە کردەوە، سەیر بوو، هێسترەکە لەو ئاگر بارانەی شەو پارچەیەکیشی پێنەکەوتبوو!.

هێسترەکەمان هێناو تەرمی شەهیدەکەمان خستە سەریو لەگەڵ نەجمەدینا شۆڕبووینەوە بۆ وڵاخلوو، دەبوو لە وڵاخلوەوە، هێسترەکە بنێرینەوە بۆ سەر شاخ، وڵاخێکی تر پەیدا بکەین، تەرمی شەهیدەکەی پێ بگوازینەوە، دوای نیو سەعاتێك گەیشتینە ناو دێی وڵاخلوو، وڵاخلوو چۆڵبوو هیچ ماڵێکی لێنەمابوو، زۆر لە خانووەکانی ئاوایی تۆپ ڕوخاندبوونی، تەرمی شەهیدەکەمان لە هەیوانی ماڵێك درێژ کرد، ئەو پێشمەرگەیەی بۆ بردنەوەی هێسترەکە، لەگەڵمان هاتبوو، سوار هێسترەکە بوو گەڕایەوە بۆ سەر شاخ، منو نەجمەدین کەوتینە گەڕان بە ناو ئاواییدا، هەرچی تەویلەو

ژێرخــانی دێ هــەبوو ســەرمان پێیــاکرد کــەرێکی گەڕیلــەمان دۆزیــەوە، کەرەکەمان هێناو تەرمی شەهید عوسمان-مان خستە سەرپشتی، لە هەیوانی ماڵەکە دەرچوین، سێ پێشمەرگەی تیپی ٢١، بە هێستڕێکەوە دەرکەوتن، یەکێك لەو پێشمەرگانە نەجاتی ناو بوو، نەجات کوڕێکی گەنجی چاوڕەش بوو، پێیان دەگوت نەجات چاو جوان، نەجات چاو جوانم لە ڕەحیماوە دەناسی، ئەوانیش تەرمی شەهیدێکیان پێبوو، هەواڵی جوتیارو برادەرانم لە نەجات پرسی، من وعوبید،کە لە پێشمەرگایەتی ناو خۆی گۆری بوو بە جوتیار،هاوڕێی منالّی و کوڕی یەك گەڕەك بوین.

نەجات وتی:

- هەمووومان سەلامەتین، تەنیا ئەم پێشمەرگەیەمان شەهید بووە.

ناوی پێشمەرگە شەهیدەکەی گوت، بەڵام من ناوی ئەو پێشمەرگە شەهیدەم لە یاد نەماوە، ڕێیەکەمان یەك بوو، پێکەوە کەوتینە ڕێ، ڕێیە سەرەکیو بێ عەزێتەکەمان دەچووەوە بن گوندی باڵخ، شەو ئەو ڕێیەمان لێ گیرابوو، ناچاربووین ڕێگایەکی تر بگرینە بەر، بەرامبەرمان هەورازێکی بەرزو ڕووتەن بوو، ڕێیەك لەو هەورازەوە سەردەکەوت، ئەو ڕێیە دەمانی گەیاندەوە شاخی گۆجاڕ، هیچ چارێکی دیکەمان نەبوو، دەبوو بەو ڕێیەدا بڕۆین.

تەرمی دوو شەهیدو پێنج پێشمەرگەو کەرێكو هێسترێك، کەوتینەڕێ، ئێستا بە هەورازە ڕووتەکەی بەرامبەر گوندی وڵاخلوا هەڵئەگەڕێین، ڕێگایەکی پێچاو پێچو هەندێك جارش تەنگو باریك، برادەرەکانمان ترسیان نیە، هێسترێکی بەهێز بارەکەی بۆ هەلگرتوون، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبێ یەکێکمان چاومان بە کەرەکەوە بێ، لە پێچی هەورازە کووڕەکانیش دەبێ

هاوکاری کەرەکەمان بکەین، دەنا بە تەنیا ناتوانێ تەرمەکەی سەر پشتی هەڵگرێ، بڕۆ، بڕۆ هەورازی کووڕی پێچاو پێچ بڕەو هەر بڕۆ، ئەوەندەمان نەمابوو بگەینە سەر لوتکەی شاخە ڕووتەکە، ڕێیەکە تیلاو تیل دەبۆوە، وەك ئەوەی بە ڕێیەکی ڕاستا بڕۆین ئاوها بوو، هەندێکمان لەو ڕاستە ڕێیە بڕی پێچێکمان لێ دەرکەوت، لەو پێچەوە دەکەوتینە بەر چاوی ئەو تانکانەی شەوی ڕابردوو بەرزاییەکانی پشتی گوندی باڵخیان لێمان گرتبوو، ڕێیەکی ڕووتەن‌و لە بەرزی، چونکە زۆریش بووین، نەمان دەتوانی خۆمان لەبەر چاوی تانکەکان ونکەین، پێنج پێشمەرگەو دوو وڵاخ، بەهەر ڕێیەکا بڕۆن، ڕێیەکە ڕووتەنیش نەبێ دەردەکەون، کات لە نیوەڕۆ بە دواوەیە، چارمان نەبوو هەر دەبێ بڕۆین، لە پێچی پێش دەرکەوتنمان لە چاوی تانکەکانەوە پشوویەکماندا، وەك ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ باز بدەن‌و پێش بازدانەکەیان هەندێك دەگەڕێنە دواوە بۆ ئەوەی بازەکەیان بازێکی باشبێ، ئێمەش وامان کرد لە جیاتی گەڕانەوە بۆ دواوە پشوومان دا، خۆمان توند کردەوە، ناوی خوامان لێهێناو لە پێچەکە دەرکەوتین، دوو تانك ڕێك لە بەرامبەرمان بوو، خێراکەن پێ هەڵگرن، نیوەی ڕێیەکەمان زیاتر بڕیبوو تانکەکان لێمان ئاگاداربوونەوە، گرمەی ڕەقی تۆپێکی تانك تۆزی لە سەرروومانەوە هەستاند، گرمەی دووەم بەینی ئێمەو گرمەی یەکەمی گرت، گرمەیەکی تر تەواوێك خوارمانی گرتەوە، وەڵاخەکانمان لە خۆمان خێراتر ئەڕۆیشتن، پێنج ، شەش، هەنگاوێکمان مابوو لەبەر چاوی تانکەکان بزربین گرمەیەکی تر لە سەر ڕێیەکە بەڵام زۆر لە پشتمانەوە بە عەرد کەوت، لە پێچەکە ئاوابووین، ئۆخەیش ئاهێکمان بە بەردا هاتەوە، ئێستا لە نەدیو دەڕۆین، تۆپیش هەر دێ، تۆپەکان لە قەدپاڵی شاخەکانی ئەم بەرو

ئەوبەرمان تۆز دەكات، ئێمـە بـە دۆڵێكا ڕووەو هـەوراز هەڵدەكشێین نـازانین ئەم ڕێیە بۆ كوێمان دەبات!، تـۆپ هـەر دێـت بـەڵام كاریگـەری تۆپـەكانی قـەد پاڵە ڕووتەكەی لە سەرمان نیە، یەكێك لە هاوڕێكانمان، وتی:

- ئەها ها، ئەوە زەلامە، دەیبینن؟!.

- نەوەڵا!، كوا زەلام؟.

- ئەها ها ئەوەتا.

زەلامەكەمان دیت شتێكی سەیرو غەریب بوو لامان، زەلامێك بەتـەنیا لـەو شاخە چۆڵو هۆڵە چی دەكات؟!، هەبێو نـەبێ جاسوسـە، گومانمـان كـرد ئـەو زەلامە پەیوەندی بێ تەلی لەگەڵ تۆپەكان هـەبێ، ئـەی ئەگـەر وانیـە بـۆ ئـەم تۆپانە لە كۆڵمان نابنەوە؟!.

كابرامان بانك كرد.

- ها، كابرا چیەكەیت لەم چۆڵەوانیە؟!.

خۆشی نەیدەزانی چی ئەڵێ، گومانی جاسوسبوونمان لەسـەری زیـاتر بـوو، لەشـی گـەڕاین، كاتـژمێرێكی خـڕی گـەورەمان لەبـەر پشـتێنەكەیا دۆزیـەوە، كاتژمێركە كاتژمێری ماڵ بوو، لـەو كاتژمێرانـە بـوو كـە وێنـەی مریشكێكی تیایە، مریشكەكە دەنوك لە عەردەدات، لە كابرام پرسی:

- ئەم كاتژمێرە چیە بۆ پێتە؟!.

- وەڵا ئیتر وا هەڵم گرتووە.

- باشە، ئەم ڕێیە بۆ كوێ ئەچێ؟

- ئەمە ڕێ نیە.

- ئەی ئەمە چیە؟!.

- مەخسەدم، ئەوەیە ئەم ڕێیە بۆ هیچ دێیەك ناچێ.

کابرا ئەو پەندە کوردییەی لە بیرکردبوو، کە دەڵێ: (هەر ڕێیەك ئەچێ بۆ دێیەك).

- توو خەڵکی ئەم ناوچەیەی؟

- بەڵێ.

- ئەی چۆن ئەڵێی ئەمە ڕێ نیە، ئەی ئەوە نیە ڕێیە؟.

- بەڵێ ڕێیە، بەڵام ئەم ڕێیە بۆ کوێستانەکانی گۆجاڕ ئەچێ، حەفتەیە دیکەش بەم ڕێیەدا بڕۆن ناگەنە ئاوەدانی!.

- باشە، مادام توو خەڵکی ئەم ناوچەیەیت ڕێیەکمان پێ نیشاندە، بمان گەێنێتە ئاوەدانی.

- هیچ ڕێیەك لێرەوە بۆ ئاوەدانی ناچێت!

- ئێمەش توو ئیزن نادەین، ئەگەر مردین ئەبێ تۆش لەگەڵ ئێمە بمری،

کابرا ترساو کەوتە پاڕانەوە، ئێمەش بە هیچ جۆرێك نەماندەتوانی دەسبەرداری بین، لەبەر ئەوەی ئێمە نەشارەزا بووین، ڕێگەشمان ون کردبوو، ئەم زەلامەشمان بە شارەزاو جاسوس ئەزانی، لەبەر ئەوە پێم گووت:

- فەرموو پێشمان کەوە.

- بۆ کوێ؟!

- بەم ڕێیەیدا.

- پیاوی چا بن، ئەم ڕێیە ئەچێ بۆ سەری گۆجاڕ، وەڵاهی لە بەفرا ڕەق ئەبینەوە، دەرناچین.

- بەفری چی، بەفر کوا؟!.

- کاکە ئێستا لە سەری گۆجاڕ بەفرە باری.

کابرا بەناچاری پێشمان کەوت، کات عەسرێکی درەنگ بوو، نزیک دەبووینەوە لە مەغریب، هێواش هێواش بە هەورازی گۆجاڕا سەر دەکەوتین، هەنگاو بە هەنگاو هەوا ئەگۆڕا، وردە وردە دنیا بەرەو تاریکیو سارد بوون ئەچوو، بڕۆ، بڕۆ هەوا بە تەواوی ساردی کردو پڕوشەی بەفر دەباری، هەندێکی تر چووینە پێشەوە کەوتینە ناو گێژەلۆکەی بەفرەوە، ئێمەش ترسمان لێ نیشت، بەڵام ڕێگەی گەڕانەوەمان نەمابوو، هەر ئەبێ بەرەو پێش بڕۆین، سەرکەوە، سەرکەوە، گەیشتینە سەر لوتکەی گۆجاڕ، سارد هەتا بڵێیت ساردە، دنیا تۆزێك ڕووناکی تیا مابوو بەشی ئەوەی دەوروبەری خۆت ببینی، شەش، حەوت هەنگاوێك لە لووتکەکەوە داگەڕام بە دیوی گەڕە دێیا، لە خوار لووتکەکەوە گۆڕاییەك هەبوو، لەو گۆڕاییە کۆمەڵێ زەلامم دیت، زەلامەکان هێسترو وڵاخشیان پێبوو، بە برادەرانم گووت:

- من ئەچم بۆ لای ئەو زەلامانە، بزانم کێنو چین، ئەگەر عەشایر بوون داوای هێسترێکیان لێ دەکەمو دێمەوە بۆ لاتان، ئێوەش هێواش هێواش، وەرنە خوارەوە.

خۆم خل کردەوە ئەوەندەی نەبرد گەیشتمە نزیك زەلامەکان، هەر لە دوورەوەو، نزیك لە بەردێك وەستام، پێشمەرگە لە هەر شوێنێك بێت، دەبێ چاو بۆ بەرد بگێڕێ، ئەگەر وای نەکرد ئەوە بە دەستی خۆی خۆی دەرخواردی دوژمن دەدات.

لە نزیك ئەو بەردەی کە تیلەی چاوێکم دابوپێی، بانگم لە زەلامەکان کرد،

- ئێوە کێن؟.

- ئەی توو کێی؟

- من پێشمەرگەم، ئێوە کێن؟

- ئێمەش خەڵکی وڵاخلووین.

ئـەمانیش شـەڕو تۆپبـاران پەڕاگەنـدەی کردبـوون، ئینجـا تـۆپ کـێ تـەرە ناکات؟، تفەنگەکەم کردەوە شانو بەرەو لای زەلامەکان چووم، یـەك دووانێـك لە زەلامەکان جیا بوونەوەو بەرەو پیرم هاتن.

- ماندوونەبن.

- خۆت ماندوونەبی، بەخێر بێی، فەرموو کاکە فەرموو.

ئـەوان وایـان دەزانـی مـن بـە تـەنیام، بۆیـە خـوڵکی لادانو فـەرموویان دەکردم، بە زەلامەکانم گووت:

- کاکە من تەنیا نیم ئەوەتا چوار پێشمەرگەم لەگەڵە، بـەڵام ئەگـەر بکـرێ هێسترێکمان بدەنێ لەم هێسترانە، تەرمی شەهیدێکمان پێیە پێی بگوازینـەوە هەتا گەڕەدێ ، یەکێك لە زەلامـەکان کـە لـەوانی تـر زیـاتر هـاتبووە پێشـەوە، وتی:

- بەسەر چاوو، بەڵام گەڕەدێ لێرەوە دوورە، هەتا گەورە دێ بۆتـان بـەرین باشە؟

گـەورەدێو گـەڕەدێ، گـرنگ نـەبوو، گـرینگ ئـەوە بـوو ئێمـە بگەینـە ئاوەدانی.

- باشە زۆر مەمنونتان دەبین.

کابرای وڵاخلوویی ڕەشمەی هێسترێکی ڕاکێشاو گوتی:

- توو ماندوی وەرە سواربە.

- قەیناکە مەمنونم، بۆ خۆت سواربە.

کابرا خۆی هەڵدایە سەر پشتی هێسترەکەو کەوتینە ڕێ، کە وەرسوڕاین ڕووەو گۆجاڕ، برادەرانی خۆمانم دیت لە خوارەوەو ئەوەندەیان نەمابوو بگەنە لای ئێمە، بە خۆشیەوە بە کابرام گووت:

- ئەوەتەن، برادەرانیش گەیشتن.

پێم سەیر بوو چۆن وا زوو گەیشتن!، لە برادەرانم پرسی:

- ئەوە چۆن وا زوو هاتنە خوارەوە؟!.

نەجمەدین وتی:

- هەر کە تو ڕۆیشتی تەرمی شەهیدەکەمان لە کەرەکە داگرتوو، خۆمان کردمانە کۆڵو خل بووینەوە،

زۆر خۆشحاڵبووین بەوەی لەو دژواریە ڕزگارمان ببوو، گەیشتبوینە ئاوەدانی، زەلامە گوماناویەکەی کە لەگەڵمان بوو تێکەڵ بە وڵاخلوویەکان بوو، تەرمی شەهید عوسمانمان خستە سەر پشتی هێسترەکەو شۆڕبوینەوە بۆ گەورەدێ، من هیچ ماڵێکی دێهاتیم لە گەورەدێ نەدیت، گەورەدێ بارەگای دەفتەری سیاسیو سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ بوو، بارەگاکانیان لە دۆڵێکی پەناو بەرداوی بنیاد نابوو، گەیشتینە ناو بارەگاکانی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات، یەکەم کەس کە دیتمان دکتۆر عبدالرحمان قاسملوو بوو، یان ئێمە بە دکتۆر قاسملوومان زانی، ئەو دکتۆر قاسملووەی ئێمە دیتمان لە سەر بانی یەکێك لە بارەگاکانیان پیاسەی دەکرد پاڵتۆیەکی سەربازی لە چاکەکانی لە بەردا بوو، هەتا لێی تێپەڕین ئەو سەرنجی بە دوای ئێمەوە بوو، دیتمان بانگی پێشمەرگەیەکی کردو پێشمەرگەکەش بە خێرایی چووە نزیکیو بە خێرایی تر گەڕایەوەو بەرەو بارەگاکانی خوارەوە چوو، ئێمە تێپەڕین لەو کەسەی بە قاسملوومان دەزانیو چەند خانوویەك لە خوار

ئـەوەوە، دوو پێشـمەرگە بـەرەو پیرمـان هـاتن، زۆر بـە لوتـفو مەحیبەتـەوە پێشوازیان لێ کـردین، نـەمانزانی ئـەم هـەموو میهرەبانیـە لەسـەر ڕاسـپاردەی دکتـۆر قـاسملوو بـوو یـان نـا، پێشـمەرگەکانی دیمـوکرات کەوتنـە پێشـمانو ژوورێکیـان پێنیشـانداین بـۆ دانیشـتن، هـەتا نەچـووینە ژووری بارەگاکـەو فـەرشو ڕاخـەرمان نـەدی، دانیشـتنو حەسانەوەمان لـە بیر نـەبوو، هـەر کـە دانیشتین هەستمان کرد زۆر ماندوین، بە یەکێك لەو پێشمەرگە ڕووح سوكو بە لوتفانەم گووت:

- کاکە ئێمە تەرمی شەهیدێکمان پێیە، لەسەر ئەو هێسترەیە.

پێشـمەرگە ڕووح سـوکەکە زۆر بـە هێمنـی، دەنگـی ئـەو پێشـمەرگەیە وەك ئاو نەرم بوو، پێشمەرگە دەنگ ئاویەکە وتی:

- دەزانین برا، خەمی ئەوەتان نەبێ، ئێمە لە خەمی ئەو کارەداین.

هـەر خۆیـان تـەرمی شـەهیدەکەیان داگرتـوو، پێشمەرگەیەکشیان بـە دیـار تەرمەکـەوە دانـا ئاگـاداری تەرمەکـە بکـات، داوایـان لـە ئێمـەش کـرد دەس بشۆین، دەس شۆرینمان بیر چوبوو، ماڵیـان ئـاوابێ دەسـتیان پـێ شوشـتین، تـا دەسمان شۆردو هاتینەوە خواردن ئامادەکرابوو، ئەوەندەی خواردمـان تێرمـان نەدەخوارد، ئێمە لە دوێنێ ئێوارەوە نانمـان نـەخوارد بـوو، ئـەوە سورِایەنەوە شەو، دوای نان خواردن هەر یەکەو دوو، سێ چاشمان خوارد، هـەر پێشـمەرگە دەنگ ئاویەکە لێی پرسین:

- ئێوە پێشمەرگەی کوێنو ئەو شەهیدە دەبەنە کوێ؟

- ئێمـە پێشـمەرگەی کـەرکووکینو ئـەو شـەهیدە دەبەینـەوە بـۆ سـنووری کەرکووك.

- ئێمە دەتوانین چیتان بۆ بکەین؟

- ئێوە ئەگەر ماشێنتان لایە تەرمی ئەو شەهیدەمان بە ماشێن هەتا گەڕەدێ، بۆ بەرن زۆر مەمنوون دەبین، پێشمەرگە دەنگ ئاویەکەی کە هیچ پەلەی نەبوو لە قسەکردن، وتی:

- دەبێ بمانبوورن ناتوانین بەو شەوە کار بە ماشێن بکەین‌و ڕوەو گەڕەدێ بتان بەین، شایەد ئێوە ئاگادار نەبن، حکومەتی عێراق زۆری بۆ هێناوین ئەو بارەگایانەش لێرە بگوازینەوە، ئەڵبەتە حکومەتی عێراق ئاگای لەوە هەیە کە ئێمە هاوکاری ئێوە دەکەین، بەڕاشکاوی ئەمەی پێ گوتووین، ئەوە چەند ڕۆژە بارگاکانی ئێمەشیان لە تۆپباران نەبواردووە.

- ڕاست دەکەیت، بەڵام ئێمە لەگەڵ خاوەنی ئەو هێسترە قەرارمان وابوە هەتا ئێرەمان بێنێ، ئەی چی بەو پیاوە بڵێین؟!، باشە ئەگەر هەتانە هێسترێکمان بدەنێ.

- ئێمە داوا لەو پیاوە دەکەین لەگەڵتان بێ، هەتا پێتان دەوێ.

- باشە ئەگەر ئەو ڕازبێت، ئێمە مەمنوون دەبین.

کابرای خاوەن هێستر ڕازی بوو لەگەڵمان بێت، تەنیا ئەوەندەی گووت:

- هەتا کوێ لەگەڵتان بێم؟

- هەتا ئەو جێیەی بە ئاوەدانی دەگەین.

- باشە.

نەم دەزانی ڕادێم لەگەڵ تەرمی مردووشا بژێم، دایکم دەیگووت، ئینسان چاوی قایمە لەگەڵ جەهەندمیشا ڕادێ، ئەو کاتەی دایکم وای دەگوت، من نەمدەوێرا پڕ بە چاوی خۆم لە دوورەوەش سەیری تەرمی ئەو مردووانە بکەم کە لە کۆڵانەکەمان دەمردن، بەڵام شەوو ڕۆژێکی تەواو، لە نێوان تەرمی عەلی عاسمان‌و هیوا ڕەش‌و عەبەی باوەفەتی‌و ئامانجا مامەوە، بەبێ

ئەوەی وا هەست بکەم ئەمانە مردوون، تەرمی سەید برایمان دە کاتـژمێر بـە کـۆڵ هــەلگرت، ڕەوف چەمچــەماڵی یەکــەمین شــەهید بــوو لــە ژیــانی پێشمەرگایەتی منا، چەندین‌و چەندینی تـر، لـە هاوڕێکانی پێشمەرگایەتیم شەهید بوون، ئەوا ئێستاش تەرمی یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانم لەسەر پشتی هێسترێك قایم دەکەین، ئەبێ ئەم هێسترە تەرمی چەند شـەهیدی دیکـەی لـە کۆڵ کردبێ؟!.

تەرمی شەهید عوسمانمان بە هاوکاری پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لـە هێسترەکە بار کردو ماڵئاواییمان لە پێشـمەرگە دەنـگ ئاویەکەو هاوکارەکـانی کرد، کەوتینە ڕێ بەرەو خـوار، دوای چـەند هـەنگاوێ لـە تاریکیـا ون بـووین، کە لە دۆڵە بەرداویەکەی حزبی دیمـوکرات دەرچـووین، کەوتینـە سـەر ڕاسـتە ڕێیەك، ئەو ڕێیە ئێستا پێیدا دەڕۆین ڕێی ئۆتۆمبێلە، لەو ڕێیە بـێ هـەورازو مەترسیە جگەرەیەکم داگیرساند، جگەرە بـۆ ئێسـتا نـەبێ بـۆ کەیـە؟!، نـازانم لـەو ڕێیــە چــەن جگــەرەم کێشـا بــەڵام تـا نەگەیشـتینە گونـدی هەڵـەدن، ڕووناکیمان لە هیچ گوندو ئاوەدانیەك نـەدیت کـە دەکەوتنـە سـەر ڕێمـان، لـە هەڵەدن ئـاگری کـزی چـەند فانۆسـێکمان دیـت، پەنجـەرەی ماڵـەکانی ڕوونـاك کردبۆوە، بەو نیوەشەوە بە پێوستمان نەزانی لە دەرگای هیچ ماڵێـك بـدەین‌و کەس لە خەو بکەین، ڕاستە ڕێ چووینە مزگـەوت، لـە هـەیوانی مزگەوتەکـە تـەرمی شـەهیدەکانمان درێـژکردو بەسـووتاندنی چـەند دەنکـە شـقارتەیەك فانۆسی مزگەوتەکەمان دۆزیەوە، ڕووناکی ئەم فانۆسە نیشانەی ئاوەدانی بـوو لە مزگەوتەکە، فانۆسەکەمان لە دیار تـەرمی شـەهیدەکان دانـاو خۆشـمان لـە ژووری مزگەوتەکە ڕاکشاین، بـەیانی دوای خۆرهـەڵات هەڵسـاین، هـەر چـۆنێ بـوو هێسـترێکمان پەیـدا کـرد، لـە هەڵەدنـەوە هـەتا سـەرگەڵوو بمانبـات، لای

چێشتەنگاو گەیشتینە گوندی سەرگەڵوو، دکتۆر ئەنوەر کە دکتۆری کەرتەکەمانو هاوڕێیەکی زۆر نزیکی شەهید عوسمان بوو، لەبەر دەرگای مزگەوتەکەی سەرگەڵوو چاوەڕێمانی دەکرد، بە دیتنی دکتۆر ئەنوەر من زۆر سەبوریم هات، لەبەر ئەوەی لەلایەك دکتۆر ئەنوەر هاوڕێی نزیکی هەردووکمان بوو، لەلایەکی دیکەشەوە دکتۆر ئەو ئەرکە قورسەی لە گەڵما دەکردە دوو بەشەوە، دوای نان خواردنو هێستر گۆڕین، لە سەرگەڵووە کەوتینە ڕێ بەرەو سەرمۆردو قەمچووخە، لای ئێوارە گەیشتینە گوندی قەمچووغە، دوای نان خواردن کە شەو داهات بە تەرمی شەهیدەکانەوە لە جادەی سەرەکی نێوان سلێمانیو دوکان پەڕینەوە، بۆ گوندی تەلان، لە تەلان بەڕێ کەوتین هەتا گوندی عەسکەر، لە مزگەوتەکەی گوندی عەسکەر بە هاوکاری خەڵکی ئاوایی، تەرمی شەهیدەکانمان شۆردو تەرمەکانمان خستە ناو دوو عاربانەی تراکتۆرو ئێمە بە ڕێ کەوتین بەرەو گوندی تیژە، کە گەیشتینە ئاوایی تیژە بەرەبەیان بوو، بە هاوکاری پیاوە جوامێرەکانی تیژە، شەهید عوسمانمان ناشت، عوسمان حەساری، لە وەرزی گفتوگۆوە لەگەڵ خێزانەکەی لە گوندی تیژە دەژیان ، کە شەهیدش بوو، هاتەوە تیژەو بوو بە میوانی هەتا هەتایی تیژەییەکان.

## له شەدەڵەوە بۆ عەسکەر.

هێشتا عەسرە، ئێمە سێ پێشمەرگەیەك دەبین، لە گوندی شەدەڵەین، ئەو شەدەڵەیەی بۆتە سەرچاوەی شێخی دنیا، هەر کەسێك بڵێ من شێخم دەبێ لە سەرێکەوە بگاتەوە شەدەڵە دەنا شێخی تەواو نیە، ئێمە لە شەدەڵەی شێخی دنیا نامێنینەوەو دەبێ بڕۆین، خۆشمان ئەم ڕۆیشتنەمان پێ خۆشە، چونکە دەڕۆینەوە بۆ سنووری کەرکووکی خۆمان، پێش مەغریب، دوو دوو، کەوتینە ڕێو ماڵئاواییمان لە گوندی شەدەڵە کرد، بڕۆ بڕۆ، هەتا گەیشتینە ئەو دۆڵە قووڵو هەزار بە هەزارەی کلکەی شاخی پیرەمەگروون، شەومان بە سەردا هات، هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نیە هەر دەبێ بەم دۆڵەدا بڕۆین، چونکە ئەو ڕێیەی کە دەچێتەوە ئەو دیوو قوڵە سەوز، کەمینی لێیە، ئەم قسەیە شارەزاکەمان کردی، دۆڵێکی وا قووڵو تاریكو بێ ڕێ، نەك بەشەو پێدا ڕۆیشتنی زەحمەتە، بە نوێژی نیوەڕۆش پێیدا بڕۆیت تووشی فەلاکەتت دەکات، ئەگەر لە دەرەوەی دۆڵەکە عەسر بێ ئەوە لە ناو دۆڵەکە مەغریبە، ڕێی ناو ئەم دۆڵە، تولە ڕێیەکی باریكو پڕ لە هەورازو نشێوو پچڕ پچڕ، لە زۆر شوێنی ئەم دۆڵە ئاسەواری ڕێگا نامێنێ، تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بەم دۆڵەدا بڕۆنو ڕێ ون نەکەن کە شارەزای ڕێیەکەن یان شارەزایان لەگەڵە، تا لەو دۆڵە دەرچووین بەسەر دەیان گا بەردی زل زلا سەرکەوتینو شۆڕبووینەوە، پێشمەرگە نەبوو چەندین جار نەکەوێتو هەڵنەستێتەوە ، کاتێك لە دۆڵە بەرداویەکە دەرچووین، عاسمان ساماڵو مانگە شەوێکی بێدەنگ بوو، هەر بەو بێدەنگیە لە جادەی قیری نێوان دوکان سلێمانی

پەڕینەوە بۆ بەری زەرزی، لای نیوە شەوێکی درەنگ بە کفتی گەیشتینە گوندی زەرزی، شەو لەو دێیە مێژووییە ماینەوە، بەیانی نزیکی عەسر لە زەرزیەوە بە ڕێکەوتین ڕوەو چەمی ڕەزان، پێش مەغریبو بە ڕووناکی لە پلەی بەردە عەلی سەرکەوتین بەرەو گوندی عەسکەر، پلەی بەردە عەلی سەخت ترین ڕێگای سنوری کەرکووکە، دەکەوێتە چەمی ڕەزانەوە، مەغریبانێك بە کارێکی بە پەلەی شۆڕش دەستەیەك پێشمەرگە بە پلەی بەردە عەلیدا شۆڕدەبووینەوە، دەبوو هەر ئەو شەوە بگەینە گوندی شەدەڵە، هەموومان لە ترسی ترازانو هەڵدێران بە چوار چنگۆڵە لە پلەی بەردە عەلیەوە دادەبەزین، یەکێك لە هاوڕێکانمان هەڵمەت-ی ناو بوو، هەڵمەت بەبێ هیچ گفتوگۆو پێشینەیەك باسی ئاشبەتاڵی کردو وتی:

- کە ئاشبەتاڵ بوو دەیان پێشمەرگە خۆیان کوشت.

ڕێبوار وا وەڵامی هەڵمەتی دایەوە:

- کورە بابە ئاشبەتاڵ هی ئەوەیە گیسکێك قەول دەیت، کەی هی ئەوەیە خۆت بکوژی ؟!

# دلاوەر لە چەمی سەیدان

بەستی خاسە لە گوندی سەیدانی ژووروەوە دەست پێدەکات، ئەم بەستە، لە سەیدانەوە هەتا گوندی ساتی پێی دەڵێن چەم، لە گوندی ساتی بە خوارەوە تا لە کەرکووکیش تێدەپەڕێ پێی دەوترێ بەستی خاسە، بەستی خاسە کەرکووکی کردوە بە دوو کەرتەوە، زاراوەی ئەمبەرو ئەوبەر لە کەرکووك مەبەست ئەم بەرو ئەوبەری بەستی خاسەیە، سەیدانی خواروو دە خوولەکە ڕێیەك لە خوار سەیدانی ژووروەوەیە، لە چەمی سەیدانو هەموو ئەمبەرو ئەوبەری لێواری ئاوی خاسە تا دەگاتە گوندی ساتیو گۆران داری سپی دارو چنارو سوورە چنار چێندراون، ئەم دارانە بەژنیان بەرزەو ڕێكو ڕاست بێ خوارو خێچ بوونەوە بەرەو عاسمان بەرز بوونەتەوە، گەڵای ئەم دارە بەرزو ڕێکانە بەسووکە بایەك دەلەرێنەوە، لە لەرینەوەو بەریەك کەوتنیان دەنگێکی نزیك لە دەنگی بەر یەك کەوتنی وردە بەردیان لێ هەڵدەستێ، دوای تێپەڕبوونی بایەکەش تا ماوەیەك گەڵای دارەکان دەجولێنەوەو بەریەك دەکەون، لەسەر گەڵای نیمچە خڕی ئەم دارە بەژن بەرزانە شتێکی سپیو وردو نەرم دەبیندرێت ئەو شتە سپیو وردە، لە وردە لۆکەیەك دەچێ بە دەم باوە بڵاو بوبێتەوەو لەسەر ئەم گەڵای دارانە نیشتبێتەوە، لە چەمی سەیدان بێجگە لەم دارانە بە سەدان دارە بیی ئاوی کورتە باڵاو خوارو خێچ خۆ ڕسکانە ڕواون، بستە خاکێکی چەمی سەیدان بە بەیاری نەماوەتەوە، بست بە بستی خاکی چەمەکە داچێندراوە بە بەرووبوومی خۆراکی، تەماتەو بامیەو خەیارو هەموو جۆرەکانی دیکەی خواردنی هاوینە، ئەوەی بە درێژایی ئەم چەمە بەرهەم ناهێندرێ توتنو

لۆکەیـە، ئـاوی چـەمی سـەیدان نزیـك لـە مـاڵانی ئاواییـەوە تێدەپـەڕێ، دار چنارەکانی بەر ماڵانی ئەم گوندە بە ئەندازەی کەمـەری پیـاوێکی بـەژن بڵنـد بە دڕکەزی تەلبەند کراوە.

دلاوەر لە پێش بەرەبەیانەوە لە ئاوایی دەرچووەو هـەتا ئێستا کە نزیکی نیوەڕۆیە لە چەمی سەیدانە، ئێستا کە نیوەڕۆیە دلاوەر تاخمەکەی لە پشت بەستو تفەنگەکـەی کـردە شـان گەڕایـەوە بـۆ ئـاوایی، هـەر چـەندە بـەینی چـەمەکەو ئـاوایی دوور نیـە، بـەڵام ڕێکـردن لەبـەر تیشکی هـەتاوی گـەرمی هاوین ئەگەر بۆ چەند خولەکێکش بێ دیسان پیاو مانـدوو دەکات، دلاوەر بـە مانـدوێتیو بـە لەشـی داهێـزراوەوە گەیشـتەوە مـاڵ، هـەر لـە دوورەوە مەخزەنەکانی لە خۆی کردەوەو بە دەستیەوە گـرت تـا گەیشتە ژووری مـاڵ، بەتەنیشت دەرگای ژوورەکەوە مەخزەنەکانی لە دەست بەربۆوەو تەقەی هات بە دوای تەقەی بەربوونەوەی مەخزەنەکانی تفەنگەکەشی لـە شان کـردەوەو بـە دیـواری ژوورەکـەدا هەڵیپەسارد، بۆ خۆشی چـوو لـە ژوور تـرەوە لەسـەر لبادێك ڕاکشا، لە دەرێو لـە دەوروپشتی دێ جاشێکی زۆر کـە نزیکـەی چـوار سەد کەسێك دەبوون بەرزاییەکانی خۆر هـەڵاتی ئاواییـان گرتبـوو، ئـەم جـارە جاشەکان سەگانەتر لە سەگ هاتبوون، لـەوەو پـێشو هەرچی جارێـك جـاش هاتبێو دابێتیە سەر هەر دێیەکدا لە بەرەبـەیان، یـان دوای خـۆر هـەڵات ئـەو کارەیـان کـردووە، بـەڵام ئـەم جـارە بـۆ بەگیرخسـتنی دلاوەر لـە گەرمـەی نیوەڕۆیـا گـەمارۆیان خسـتە سـەر گونـدی سـەیدان، جاشـەکان دوای ئـەوەی ڕەشـاشو چـەکە قورسـەکانیان لـە بەرزاییـەکانی دەوروبـەری گوندەکـە جێگیرکـرد، خۆشـیان لـە چـەند قۆڵێکـەوەو بـە زۆری لـە ڕێیەکـەی پشـتی ئاواییەوە، کە ئەو ڕێیە ڕێی شاریش بـوو، شۆڕبوونەوە بۆ نـاو مـاڵانی گونـد،

جاشەکان چەند خانوویەکی ژووروی ئاوایشیان تێپەڕاند، دلاوەر هێشتا بێ ئاگایەو لە ژووری ماڵەوە ڕاکشاوە، جاشەکان نەیان وێرا بەبێ تەقە لەوە زیاتر بێنە پێشەوە لە سەرەتادا دەنگی چەند گولەیەك بە دوای یەکدا بەرز بووە، لە دوای ئەو چەند تەقەیە لە بەشی ژووروی ئاوایی، تەقەکان بوو بە دەس ڕێژ، هەموو جاشەکان کە ژمارەیان لە چوار سەد کەس زیاتر دەبوون، بەبێ ئەوەی تەقە لە ئامانجێکی دیاری کراو بکەن تەقەیان دەکردو دەهاتنە پێش، دلاوەر گوێی لە تەقەکانی هەوەڵین جار بوو، بەڵام هەتا تەقەکان نەبوون بە دەس ڕێژو ژنەکەشی بە قیژەو هاوارێکی سامناکەوە ڕوەو ئەو ژوورە نەچوو کە دلاوەری تێدا ڕاکشابوو، دلاوەر لە شوێنی خۆی نەجووڵا بوو، دلاوەر بە بیستنی دەنگی تەقەو قیژەو هاواری لە ڕادەبەدەری ژنەکەی ڕاپەڕیو پەلاماری تفەنگەکەیداو مەخزەنی فیشەکەکانی خستە سەر شانو بە بازێك گەیشتە هەیوانەکە، لە هەیوانەکە بە خێرایی چاوی گێڕا، دەیویست ڕێیەك بدۆزێتەوەو لێوەی دەرباز بێ، دەیان تفەنگ ڕوویان لە ماڵی دلاوەر بوو تەقەیان دەکرد، دلاوەر بۆ بێ دەنگ کردنی ئەو تەقانەو دەربازبوونی خۆی ڕیزێك فیشەکی نا بە ئاڕاستەی دەنگی تەقەکانەوەو بەخێراییەك کە نەبیندرێ خۆی گەیاندە پەنای دیوارێکی ڕووخاو، دیوارە ڕووخاوەکە دەکەوتە دەستی ڕاستی خانووەکەی خۆیانەوە، دلاوەر بۆ چەند جارێك توانی سەنگەر بگۆڕێو چەند جارێکیش هێرشی جاشەکانی شکاند، دلاوەر دەیویست هەر چۆنێك بێ بگاتە چەمەکە، ئەو دەیزانی هەر پێیەکی بگاتە چەمەکە دەرباز بوونی مسۆگەر بوو، دلاوەر بۆ جاری سێیەمو لە ژێر ئاگربارانێکی زۆر کە وەك زیخو چەو، گوللە بەسەریدا دەباری تەکانێکی دیکەی بەرەو چەمەکەداو بەهەناسە بڕکێ گەیشتە سووچی ئەو دیوارەی کە

بۆی دەچوو، بەڵام ئەوانەی لە دوورەوە چاویان لێبوە، دەڵێن: دلاوەر پێش ئەوەی بگاتە سووچی دیوارەکە بە دەما کەوتوو بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو هەڵسایەوە، دلاوەر لە پەنای ئەو دیوارە خوێنێکی زۆری لێ ڕژا بوو، لە شوێنی پەڵە خوێنەکەوەو بە پەنای دیوارەکەیا، دلاوەر خۆی دەگەێنێتە پەنای دیوارێکی نزمتر، ئێستا دلاوەر لە پەنای ئەم دیوارە نزمەدا هەڵۆیەکی بریندارە، ئەم هەڵۆ بریندارە مەودایەکی کەمی ماوە بگاتە چەمی دەرباز بوون، بەڵام نێوانی هەڵۆی زامدارو چەمەکە پانتاییەکی تەختو ڕووتە، دلاوەر لە پاڵ دیوارە نزمەکەوە سەر هەڵدەبڕێ، دەبینێ بڕە جاشێك دوو، سێ، شەقاویان ماوە بگەنە سەری، هەڵۆی بریندار بە دەس ڕێژێك ئەو بڕە جاشە دەشکێنێو خۆشی بەرەو دار چنارە تەلبەند کراوەکانی بەر ماڵان هەنگاو دەنێ، ئەم هەڵۆ زامدارە، بە سستیو بە بریندراری ڕێگای ڕووتەنی بەر چاوی تفەنگی جاشەکان دەبڕێ، تا دەگاتە دار چنارەکان زیاتر لە دە فیشەك جەستەی کون دەکەن، دلاوەر هەر چۆنێك بێ دەگاتە دار چنارەکانو پێی ڕاستی لە تەلبەندەکە ئاو دیوو دەکات، بەڵام پێی چەپی بۆ نایەتو دڕکە زی، چنگ لە شەرواڵەکەی گیردەکەنو توند دەیگرن، جاشەکانیش، زۆر جاشانەو ناپیاوانە، جەستەی ئەم هەڵۆیە دەکەنە نیشانەی چەکی خیانەتو لاشەی دلاوەر کون کون دەکەن، دوای ئەوەی لاشەکەی لە دڕکەزیەکە دەکەنەوە تەرمەکەی فڕێدەدەنە ناو پیکابێکی جاشایەتیو بە تەقەی هەواییو چەپڵە ڕێزانەوە تەرمی دلاوەر دەبەنەوە بۆ چەمچەماڵ.

ئێمە عەسرێکی دەرنگ لە گوندی پەڵکە ڕەش بووین، هەواڵی شەهید بوونی دلاوەرمان بیست، لەگەڵ نەسرەدینا، بە پەلە کەوتینە ڕێ بەرەو گوندی سەیدان، دوای مەغریب گەیشتینە گوندی یەختەخان، مستەفا

چالاوی‌و ڕەشید جلال، لە یەختەخان بوون، پرسیاری دلاوەرمان کرد گوتیان:

- بەڵێ، ئەمڕۆ نیوەڕۆ، دلاوەر شەهید کراوە.

لەگەڵ نەسرەدینا لە یەختەخان گیرنەبووین، بەڕێکەوتین بەرەو سەیدان، شەوێکی درەنگ بوو گەیشتینە سەیدان، ڕاستەڕێ چووینە ماڵی شەوکەتی برا گەورەی دلاوەر، کاک شەوکەت تازە لە چەمچەماڵ گەڕابۆوە، کاک شەوکەت وتی:

- هەتا ئێمە گەیشتینە چەمچەماڵ جاشەکان تەرمەکەیان تەسلیم بەحکومەت کردبوو، حوکمەت بەڵێنی ئەوەیان داوە تەرمەکەمان بدەنەوە. بەیانی من دەچمەوە بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی دلاوەر، بەڵام تکام وایە ئێوە لێرە گیر مەبن‌و بڕۆن، ترسی ئەوەم هەیە دیسان جاشەکان بێنەوە بدەنەوە سەر ئاواییا، دوای ئەم قسانە لەگەڵ نەسرەدینا لە ژێر باری خەمێکی قورساو بەناو چەمی سەیدانا گەڕاینەوە بەرەو دوا، تەنیا دەنگێك کە دەمان بیست لەو شەوە خەماویەدا، قیڕە قیڕی بۆقەکانی چەمی سەیدان بوو.

# خۆری پایز ئاوادەبێ

من هەمیشە پاییزم خۆشویستووە، قەد مـن پـاییزم وا نـەدیوە کـە دەبێتـە هـۆی دامـاڵینو ڕووتـەوە بـوونی سروشـت، پـاییز، لـەلای مـن زۆر جوانـەو سـەرەتای نـوێ بوونـەوەی ژیـانو سروشـتە، پـاییز، سروشـت جـوانتر دەکـاتو دیمەنەکانی ڕژانی ئـاڵتوونی گـەڵای دارو درەختـی زەردەوەبـووی دەم ڕووبـارو ناو دۆڵو پاڵ گردۆلکـەکان، وەرینـی گـەڵای داری سـەر ڕێگـای ئاواییـەکان، بـن ئەو دارانە پڕ پڕن، لە گەڵای زەردی وەریوی پاییز، گەڵا وەریوەکـانی بـن ئـەو دارانـە سـووکو نیمچـە رەقـن، ئەگـەر لـە سـەر یـەك کەڵەکـە نـەبووبن ئـەوە بەسووکە بایەکی پاییزی باڵ دەگرنو کەس نازانێ ئـەو سـووکە بایـە پاییزیـە ئـەو گـەڵا زەردو وشـکەوەبووانە بـۆ کـوێ دەبـات!، هـەر دەیانبـاتو دەیانبـات، ڕۆیشتنێکی سەیرە!!، ڕۆیشتنێکی بێ سۆراغو بێ گەڕانەوە.

هـەموو سروشـتەکانی پـاییز جـوانن، یەکـەم بـاوو گێژەلۆکـەی پـاییز، یەکەمین نمەبارانی پاییزی، کە لەگەڵ ئـەو نمەبارانـەدا بـۆنی خـاك، کـە وەك خۆشترین بۆنی گوڵاوی دونیـا بەسـەر زەوی خـواوەنـدا، بـڵاو دەبێتـەوە، مـرۆڤ هەرگیز لە بۆنی خاك تێرنابێو لـە پـاییزدا مرۆڤـە بـێ هەسـتەکانیش بـۆنی خاکی پاییزی مەسـتیان دەکـات، بـۆنی خـاكو بـۆنی نـانی بـرژاوو بـۆنی ژیـان هەر یەك بۆنن، یەکەمین ڕەوو کۆچی باڵندەکان، کە لە ئاسمانی پاییزدا قـاوو قیژیانە، پاییزو سروشتەکەی هەزار ئەوەندە ئەفسوناویتر دەکەن.

ئێستا من لە دەم زێی گردخەبەرم، هەموو دار چنارە بـاڵا بـەرزەکانو دارتـوو و، دارە کـانی دیکـەش بـەنیوە ڕووتـی دەبیـنم، هەنـدێك لـەم دارانـە ڕووتـی

تەواون، هیچ گەڵایەك چەند بە هێزش بێ ناتوانی تا سەر، خۆی لەبەر بای پایز بگرێت، بەلای منەوە دارو ژن وەك یەك وان، دار ڕەگی لە چنگی خاك گیر کردووەو ژنیش چنگی لە ناخی پیاو، خاكو پیاو هەرگیز ناتوانن خۆیان لە چنگی ژنو دارەکان، ڕزگار بکەن، چونکە نە خاك ئەتوانێ بە بێ دارەکان جوانیو فەڕ بە ژیان ببەخشێ، نە پیاویش ئەتوانی بەبێ ژن هەڵبکاتو بەردەوامی بە ژیان بدات، ئەم پەیوەندیە، پەیوەندی نیە بە تەنها، بگرە ئالوودەبوونێکی خوداییە، دارەکان بە گەڵای پانو تەڕو بەری جۆراو جۆرو سێبەری چڕو فینکیانەوە گەلێك جوانو بە کەڵکن، کاتێکش لەبەردەم بای پاییزی ساردو وشکا ڕووت ئەبنەوە جوانیەکی نوێ ئەبەخشنە سروشتو خاك، ژنیش بە بەرگی شۆڕو ئاڵاو واڵاوە چەند جوانو نازدارن، ئەو کاتانەی لەبەردەم هەناسەی پاییزی پیاودا ڕووتدەبنەوە جوانیو نازداری ژن هەزار گەز باڵا دەکاو سروشتی ڕاستەقینەی ژن، بەرجەستە دەبێتو تامو مانای تەواو بە ژیانو پیاو دەبەخشێ، ژنان لە ژیاندا هەمیشە براوەن چونکە دەتوانن زووتر پیاوان لە بیرکەن.

ئێستا پاییز لە مانگی یەکەمی هاتنی دایە، تاكو تەرا نەبێ، هیچ ماڵێك لە دەم زێو لە ناو کەپری هاوینەی زەرعاتەکانیان نەماون، هەموو ماڵێکی گوندی گردخەبەرو گوندەکانی دیکەی لێواری ئاوی زێ چونەتەوە ناو گوندو دەبێ لە مانگی یەکەمی پاییزەوە لە ترسی دڵۆپەی زستان، دەست بەکاری سەر سواقی خانوەکانیان بکەن، بۆ سواق دانی سەر خانووەکانیان ئەبێ لە گڵێکی وردو پاك قوڕێکی نەرمو شلو پڕ کا بگرنەوە، ئەو قوڕە بۆ چەند ڕۆژێك دەهێڵدرێتەوەو ڕۆژانەش بەپێ دەشێلدرێت، تا لەگەڵ کایەکەدا بە تەواوی یەك دەگرن، پاش تەواو بوونی کاری شێلانو دڵنیابوون لە چاکی

قوڕەکـە، بـە هـەرەوەزی لەگـەڵ خـزم‌و کەسـی ئاواییـدا دەس بـە سـواخدانی سەربانی خانووەکانیان دەکەن، لەدوای سواغدانی سەربانەکانیان، ئـەولادیوارو شـوێنانەش لـەبیر ناکـەن کـە بـارانی زسـتانی سـاڵی پـار، کـەفماڵ‌و قـوڕی دیوارەکەی تلیساندۆتەوەو دیوارەکەی بەرداوە، هـەم بـۆ تونـدوتۆڵبوون‌و هـەم بۆ جوانی دیمەنی خانووەکانیان، پێویستە ئەو شوێنانە چاك بکەن‌و دووبـارە کەفماڵی بکەنەوە.

هێشتا من لە لێواری ئاوی زێم‌و نامـەوێ جارێ بڕۆمـەوە بـۆ نـاو ئـاوایی، دەمـەوێ خـۆر ئـاوابوونی پـاییزی گردخەبـەر ببیـنم، کـە زۆر جاری تـر ئـەو دیمەنـە ئەفسووناویە مەسـتی کـردووم، لەگـەڵ ئـاوابوونی خـۆرا شـتێکش لـە ناخی مندا ئاوا دەبێ تا ئێستاش نەمزانیووە ئەو شتە چیەو چ پەیوەندیـەکی بە خۆر ئاوابوونەوە هەیە، دیمەنی خـۆر ئـاوابوونی پـاییز مەسـت‌و حـەیرانم دەکات، خۆر لێرە، پێش ئاوا بوون زۆر گـەورە دەبـێ، سوور سـوور دەبـێ وەك گـۆمی خـوێن، وەك چـاوی سـوور، سـوور دەبـێ، تـادێ گـەورەو گـەورە دەبـێ، گەورە، گەورە، سوور، سوور، هەموو ئـەو پارچـە هـەورە ڕیشاڵ ڕیشاڵ‌و درێـژ کۆکانـەش سـوور دەکـات کـە دەیانـەوێ بـەری خـۆری سـوورەوە بـوو بگـرن، لـە نێوان هەورە پرش‌و بڵاوبووەکانی دەوروپشتی خۆرا کە ئەوانیش هەر ڕەنگـی سـووری خۆریـان لێ نیشـتووە تیشـکێکی نـەرمی نـارنجی ریشـاڵ ڕیشـاڵ بڵاودەبێتەوە، هەموو سەر زەوی بە دۆڵ‌و گردۆلکەو ئـاوایی‌و تەنانـەت چیای خاڵخاڵانیش لە ڕەنگی نارنجیدا ون دەبێ، ڕەنگی نـارنجی دەبێتـە ڕەنگـی دارە خوارو خێچەکانی لێـواری ئـاوی زێ، دار چـنارە بـەژن بڵنـدەکان‌و ئـاوی زێـش ئێستا نـوقمی ڕەنگـی نـارنجی بوونـە، هـەموو شـتێك ڕەنگـی نـارنجی گرتـووە، دەست‌و پلم، ڕانك‌و چۆغەکەی بەرم، ئەگەر کەسێك لە نزیکم بوایە دەیبینـی

ڕەنگی قژو کاکۆڵم، ڕەنگی پێستو ڕوخساریشم هەر ئاوێزانی ڕەنگی نارنجی بوونە.

ئێستا خۆر لە ئاوا بوونە، ئا ئێستا خۆر بۆ تاوێك بەرگری دەکاتو لە ئاوابوون یاخی دەبێ، دەیەوێ بۆ ماوەیەکی درێژتر بە سووریو بە گەورەیی لە دەم کەل بمێنیتەوەو ماڵ ئاوایی نەکات، وەك ئەوەی خۆریش حەز بە ماڵ ئاوایی نەکات. ماڵ ئاوایی دڵ تەنکی بکات، بۆ چەند ساتێك گیر دەبێتو ئاوا نابێت. بەڵام هەرکە چمکێکی کەوتەبەر کەلی ئاوابوون، ئیتر زۆر بەخێرایی لە چاو ون دەبێ، لەگەڵ ئاوابوونی دوا بەشی خۆردا هەستێکی غەریبو سەیر، لە ناخی منیشدا ئاوادەبێ، من قەت حەزم بە دیمەنی ماڵ ئاوایی نیە، ئەو ماڵ ئاواییە چ لەلایەن خۆرەوە بێ، چ لەلایەن کەسێکەوە بێ، ماڵئاوایی هەر ماڵ ئاواییەو حەزی گەڕانەوەم زیاتر دەکات، ئاخ لە دەست ماڵ ئاوایی خۆرو کەسەکان، ئێستا وا خۆری سوور ئاوابوو، ئەو هەستەی لە ناخی منیشدا بوو ئاوابوو، دوای بینینی هەموو ساتەکانی خۆر ئاوابوون ماتیەك، خەمێکی نادیار دەنیشێتە سەر رووحو هەستمو کەیلم دەکات.

دوای بینینی دیمەنی خۆر ئاوابوون هیچ شتێك نەماوە چاوەڕوانی بم، ئەوا گەڕامەوە بۆ ناو ئاوایی، پێش ئەوەی بگەمە ناو دێ، لە دوورەوە چاوم بە کاك وریا ئاخجەلەریو ڕێبوار کەوت کە لە ڕێیەکەی گوندی قەسرۆکەوە دەهاتن، بەخێرایی دەڕۆیشتنو دەیانویست زووتر بگەنە ناو دێ، بە بینینی ئەم دوو هاوڕێیەم تەمی خەمی ماڵ ئاوایی خۆر لەسەر شانم سووکتر بوو.

وریا ئاخجەلەری پێشمەرگەیەکی رووح سووكو ئەدەب دۆست بوو، ناسینو تێکەڵاو بوون لەگەڵ وریا ئاخجەلەری هەندێك زەحمەتە، بەڵام هەر کە تێکەڵاوی بوویت، دەس لێ بەردانی زەحمەت ترە، ناسیاوی منو وریا لەو

مەغریبانـەوە دەسـتی پـێ کـرد، کـە لـە بـەردەم مزگەوتەکـەی گونـدی تلیـان یەکترمان بینیو بەدحاڵی بوونێك لە نیوانماندا پەیدا بوو، لە دوای بـەدحاڵی بوونو بەشان یەکدی هاتندا بووین بە دۆستو هاوڕێ.

وریـا ئاخجەلـەری بـەردەوام خـەمبارو ناڕازیـە، خـەمو ڕەشـبینیەکی قـووڵ هەمیشە لە نـاخی وریـادا لـە قوڵـپ ئـەدا، سەرچاوەی ئـەو خـەمو ڕەشبینیە، جگـە لـە خـۆی هـیچ کەسـێك نـازانی چیە!، وریـا مرۆڤێکی ئەوەنـدە ئـەدەب دۆسـتو هەسـت ناسـکە، لەگـەڵ هـەموو شـیعرێکی ئەویندارییـدا دەگـری، بـە مـەرجێك ئـەو شـیعرە، بـاس لـە دووریو دابـڕانو بـە یـەك نەگەیشـتنەوەی ئەوینداران بکات، سەیرە ئەو پیاوەی کـە مـن نەبیسـتووە بـۆ تاکـە جارێکیش ئاشق بووبێ!، بۆ ئەوەنـدە لـە خـەمی دووریو دابڕانـی ئاشـقاندایە، مـن هـیچ نازانم، بەڵام ژیانی مرۆڤیش دەریایەکە لە ڕازو نهێنی.

ئەو شـەوەمان بەخۆشـی لەگـەڵ ئـەو هاوڕێیانـەدا بـەڕێکرد، سبەینێ دوای نـان خـواردن هەرسـێکمان پێکـەوە لـە مـاڵ دەرچـووین، ئـەوان بـەرەو گونـدی گەڵناخاجو منیش، بۆ لای هاوڕێکانم لە سنووری چەمچـەماڵ بـەڕێ کـەوتین. نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتمەوە هاوڕێکانم لە گوندی پەڵکـەڕەش، پەڵکـەڕەش یەکێکە لە گونـدەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوچـەی شـوان، گـردە قەشـەو کـانی لـۆتی، دوو شـوێنی دیـاری پەڵکەڕەشـن، مـن ڕاسـتەڕێ چـوومە مـاڵ حەمـەتاڵ، حەمەتاڵ، پیاوێکی باڵا بەرز چوار شانە بوو، لە قسـەکردندا زۆر پەلـەی بـوو، بـە هـۆی ئـەو پەلـە کردنەشـەوە، هەمیشـە قسـەکانی تێکـەڵ دەکـرد، وەك کەسـێکی لاڵ دەکەوتـە پـێش چـاو، حەمـەتاڵ پیـاوێکی میـوان دۆسـتو قسـە لـەڕوو بـوو، زۆریـش پێشـمەرگەی خۆشدەویسـت، ڕۆژێـك کـەرتی چـواری جەباری، کە مامە ڕیشە فەرمانـدەیان بـوو، لـە سـەرکردایەتیەوە دەگەڕێنـەوە

بۆ سنووری جەباری ڕێگەی گەڕانەوەیان لە گوندی پەڵکەڕەشەوە تێدەپەڕی، مامە ڕیشە پیاوێکی دەستەزەلامی هێندێك باریکەلە بوو، مامە ڕیشە چۆن لە شەڕا پیاوێکی ئازاو گورجو گۆڵ بوو، لە قسەکردنیشدا پەلەپەلی بوو، هەروەکو حەمەتاڵ، مامە ڕیشەو هەموو پێشمەرگەکانی کەرتی چوار دوای نان خواردنی نیوەڕۆ لەبەردەم مزگەوتی ئاواییدا کۆدەبنەوەو داوا لە ئەنجوومەنی گوندەکە دەکەن بەخێرایی چەند تراکتۆرێکیان بۆ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لە گوندی پەڵکەڕشەوە بیانگوازێتەوە بۆ گوندی بنە. بنە، گوندێك بوو دەکەوتە بناری بانی مەقانەوە، حەمەتاڵ، کە گوێی لەم داوا بە پەلەیە دەبێ هەڵدەداتێو دەڵێ:

- مامە ڕیشە هێشتا نیوەرۆیە، چۆنەبێ ئەم هەموو پێشمەرگەیە سواری تراکتۆرو عاربانە بنو بەم تەختاییەدا بکەونە ڕێ، وەڵا کۆپتەر بگا پێتان هەمووتان ئەفەوتێن، مامەڕیشە، لەبەر پەلەپەلی باش لە قسەکانی حەمەتاڵ حاڵی نابێت، مامەڕیشە ئەپرسێ:

- ئەمە کێ یە؟.

ئەڵێن:

- حەمەتاڵە.

مامە ڕیشە ئەڵێ:

- حەمەتاڵ ڕاوەستە، من پەلەو توو پەلە، پێویستمان بە وەرگێرێکە، ئاوها لە یەکتر حاڵی نابین، ئەبێتە پێکەنینو مامەڕیشەش لەبەر خاتری دڵسۆزیو پەرۆشی خەڵکەکە چەند دەمژمێرێك ڕۆیشتنەکەیان دوادەخات.

من کە گەیشتمە ماڵی حەمەتاڵ، نیوەڕۆیەکی دەرنگ بوو، دوای نانخواردنو هەر ئەو ڕۆژەو عەسرێکی درەنگ، لە پەڵکەڕەشەوە بەرێکەوتین،

بەرەو گوندی چالاوو لە چالاویشەوە بۆ گوندەکانی شوانی سەر خاسە شۆڕبووینەوە، ئەو دوو، سێ مانگەی پاییزمان بە جەولەو گەڕان، لەسنووری گوندەکانی شوانی سەر خاسەو ئاواییەکانی سنووری چەمچەماڵ، بەڕێکرد جگە لە چەند پێکدادانێکی کەم و بچوك بچوك، تووشی هیچ شەڕێکی گەورە نەبووین، لەگەڵ دوژمنداو هیچ هاوڕێیەکیشمان، شەهید نەبوو لەو پاییزەدا.

## هـەتاكو دوا پشـو ڕێبواری ڕێگـای ئەشق و ئازادیم
## ئەگەر بێجگە لەناكامیش نەبینم بەرهەمێكی تر ..

ئەوە بۆ دە ڕۆژ ئەچێ و پتریشە، نە بە ڕۆژەوە كەسێك چاوی بە تیشكی خـۆر كـەوتووەو، نــە بــە شــەویش ئەســتێرەیەك، لــە ئاسمــانی شــینا درەوشاوەتەوە، تەنیاو تەنیا هەور، هەورو هەورو هەور، هەوری بۆرو هەوری خۆڵە مێشی و هەوری ڕە شی تورەو توندو بە بۆڵە بۆڵ.

هێشتا هـەورێك گرمـەو تریشقەی ماڵئـاوایی نەڕەویوەتـەوە، هـەورێكی لـە خۆی توندترو سكپڕتر، شوێنی دەگرێتـەوە، هیچ سوچێكی ئاسمان نـەماوە هـەور نـەیگرتبێ، هـەور زگی ناوەتـە عـەردو بـارانی چـەندین هـەور تێكـەڵ بەیـەكتر بوونـە، بـارانی پشـك گـەورەو بـارانی پشـك ورد پێكـەوە دائەكـەن و ئاسمـان و سـەر زەمینـی وڵات هـەموو هـەر ئـاوە. ئـەم هـەورە سـك پڕانـە، واپێدەچێ هەموو ئاوی دەریای سپی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستمان بـۆ بگوازنـەوە، ڕەنگە خوداوەنـد بـەزەیی بـەم نەتـەوە بێ دەریایـەدا هاتبێتـەوەو بیـەوێ لـە ڕێگـای ئـــەم هـــەورە پیرۆزانـــەوە، لـــە بـــێ دەریـــایی ڕزگارمـــان بكـــات، پێشمەرگەیەكمان هەبوو، رفعەتی نـاوبوو، ئـەو كـاك رفعەتـە ڕابـەری سیاسـی تیپەكەمان بوو، چەند مانگێ بەر لە ئێستاو هـەر لـە پـاییزی ئـەم ساڵدا، لـە تەختاییـــەكی دەرەوەی گونـــدی (ئەســـكەندربەگی) كۆبوونەوەیـــەكی لەگـــەڵ كەرتەكەماندا كرد، ئەو بابەتـەی باسـی دەكـرد (هۆیـەكانی دروسـت نـەبوونی دەوڵەتی كوردستان بوو)، ئەو پێشمـەرگە كـادرە، خۆشـی وەك ئـاو پاك وەمەنـد بـوو، بـەڵام هەنـدێك جاریش وەك بـارانی زسـتان، بـە خـوڕو وەك قەڵبـەزەی

تیژی ڕووبار تیژ بوو، ئەو کادرە مەندو جارجار تیژە، یەکێك لە هۆیەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردستانی دەگەڕاندەوە بۆ نەبوونی دەریاو ڕێڕەوی ئاوی لە کوردستاندا، لەو کۆبوونەوە ئاویە، بە دواوە من بەتەواوی و لە دڵەوە لە بێ ئاوی و لە بێ دەریایی دەترسام و بۆ یەکەمین جاریش ترسی بێ دەریایی لە ڕوومان نیشت، من پێشتریش حەزم بە باران دەکردو پێم خۆشبوو بەردەوام باران بباریّ و لە باران قەت وەڕس نەدەبووم.

ئێستا باران بە وردی و بە نەرمی دەباریّ، بایەکی ساردیش تێکەڵ بەو بارانە نەرم و وردە بووە، هەموو شتێك لە ژێر ئەو بارانە ڕەنگی ئاوی گرتووە، بەڵام ئاوێکی قوڕاوی، هەموو دیوارو خانووی ماڵانی گووندیش خوساوون ئاویان لێ دەتکیّ، دەڵێی ئێستا نا ئێستا، هەموو خانووەکانی دێ لەبەر ئەو باو بارانە خۆیان ناگرن و ئەتلیسێنەوەو دەبنەوە بە خۆڵ و قوڕەکەی پێش خشت بڕین.

ئێستا، ئێمە هەموو پێشمەرگەکانی کەرتی سێی تیپی ٢٥ی خالّخالاّن لە مزگەوتەکەی گوندی (کانی هەنجیر)ین، کانی هەنجیر لە لای خۆرهەڵاتەوە، یەکەمین گوندی ناوچەی شێخ بزێنیە، سنووری ناوچەی شێخ بزێنی سنوورێکی باریك و درێژە لەم گوندەوە، کە ئێستا داڵدەی ئێمەی داوە، دەست پێدەکاو بە لێواری بەری ئەمبەری ئاوی زێ دا، شۆڕدەبێتەوە هەتا شارۆچکەی پردیّ، شێخ بزێنیەکان، ئاوین تەنیا لە لێواری ئاوی زێدا، گوندەکانیان بنیادناوە، بەری ئەو بەریشمان لەم گوندەوە دەشتی کۆیەیە، لەگەڵ دەشتی کۆیە تەنیا ئاوی زێیەکەمان نێوانە، ئاوی زێش، ئێستا بە لرفەو قوڕاویە.

لـه بـەهاری پارسـاڵداو، سـاڵێك دوای وەرزی گفتووگـۆی نێـوان شـۆڕش‌و مـیری!، شـەوێکی درەنـگ، کـاتی مـاڵ خـەوتنان، هـەموو پێشـمەرگەکانی تیپـی خاڵخاڵان، هاتینەم ئەم (کانی هەنجیرە) ئەو کاتە کاك وریا، کە وریـا سـووریان پێ دەگوت، وریا سوور، فەرماندەی تیپی خاڵخاڵان بوو، هەموو پێشـمەرگەکان لە مەیدانەکەی ناوەڕاستی گوند کۆبووینەوە، وریا سوور وتی:

- بـرادەران ئێمـە ئـەم شـەو لێـرەو لـەم دێیـە نامێنینـەوە، سـەرکردایەتی شـۆڕش داوایـان لێ کـردووین لـە کـورترین مـاوەدا بگەینـە لایـان، بۆیـە دەبـێ بڕۆین، داواتان لێ دەکـەم ئێسـتا هـەر دوو پێشـمەرگەو بچـنە ماڵێـك ئەوەنـدە گیرمەبن‌و، هەریەکەو بەتانیەك لەو ماڵانە بخوازن‌و وەرنەوە بۆ مزگەوتەکـە، بـەڵام بـرادەران گـوێ بگـرن، هـەر پێشـمەرگەیەك، بـەتانی لـە هـەر ماڵێـك وەردەگرێ دەبێ دوای گەڕانەوەمان بەتانیەکە بەرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بۆیە هەر پێشمەرگەیەك، پەتووەکـەی بفـەوتێنێ‌و نەیهێنێتـەوە دەبـێ، پەتوویـەك بـۆ خـاوەن ماڵەکـەی بکڕێـت‌و لـە شـوین پـەتووە فەوتاوەکـە، بـۆ ماڵەکـەی بەرێتەوە، برادەران هەموو لەمە حاڵی بوون؟.

ئێمەش هەموو وەك قوتابی پۆلی یەکی سەرەتایی گوتمان:

- بەڵێ.

وریـا سـوور پیـاوێکی بـەژن کـورتی سوورکەڵە بـوو، پێشـمەرگەیەکی ئـازاو گورج‌وگۆڵ‌و دژە ماندووبوون بوو، ئێستاش نەمدیت ئەو وریا سوورە سـکاڵایە لە دەست ماندووبوون بکات، وریا سوور، لە ساڵی ١٩٧٧ەوە پێشـمەرگە بـوو، لـە سـاڵی ١٩٧٩، برینـدار دەکـرێ، ئـەو کاتـە سـەرکردایەتی شـۆڕش، بـۆ چارەسـەر دەینێرنـە دەرەوەی وڵات، وریـا سـوور لـە وەرزی گفتوگـۆی نێـوان شـۆڕش‌و مـیری! گەڕایـەوە کوردسـتان‌و سـەرەتا لـە کـەرتی یـەکی سـاڵەیی تیپـی ٢١ی

کەرکووک، کرا بە فەرماندەی کەرت، پاش گفتوگۆو، دوای لابردنی نەبەز لە فەرماندەیی تیپی خاڵخاڵان، وریا سوور نێردرا بۆ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان‌و کرایە سەرپەرشتیکاری تیپ، وریا سوور پیاوێك بوو، زۆر بڕوای بە بڕیارەکانی خۆی هەبوو، کە بڕیارێکی ئەدا بڕیارەکەی خۆی دەسەپاندو هەرگیز لێی پەشیمان نەدەبۆوە.

هەر ئەو کاتەو دوای قسەکانی وریا سوور، بڵاوەمان لێی کرد، بە ماڵەکاندا، من یەکێك بووم لەو پێشمەرگانەی هیچ کەس‌و ماڵێکم لە کانی هەنجیر نەندەناسی، زۆریش حەزم بە بەتانی هەڵگرتن نەدەکرد، چەند جارێك هات بە خەیاڵما ڕوو لە هیچ ماڵێك نەکەم‌و ئەوە بکەم بە بیانوو، کە من لەم دێیە هیچ کەسێك ناناسم، بۆیە نەچووم بۆ هیچ ماڵێك‌و لەبەر ئەوە بەتانیشم پێ نیە، بەڵام ئەمە دەبوو بەهۆی ئەوەی ببم بە بار بەسەر هاوڕێکانمەوەو کارێکی گونجاوو پێشمەرگانە نەبوو، من لەم فکری بچم‌و نەچمەیا بووم، گوێم لە دەنگێك بوو بانگی منی دەکرد، دەنگەکە ڕێبوار بوو.

بەو شەوە پڕ غەڵبە غەڵب‌و ژاوە ژاوەدا، لەگەڵ ڕێبوار یەکترمان دۆزیەوە، ئەو شەوە، ڕێبوار لەش سووك‌و گورج‌وگۆڵ، ئەهاتە پێش چاو، ڕێبوار پرسی:

- ئەوە چیەکەی ئەچی بۆ کوێ؟

- وەڵا نازانم بچم بۆ کوێ، من لێرە هیچ ماڵە خانەخوێیەکم نیە، هەتا بۆی بچم.

ڕێبوار گووتی:

- وەرە لەگەڵ من، ماڵێکی خانەخوێم هەیە ئەچین لەو ماڵە بەتانی ئەهێنین، بەڵام توو دەنگ مەکەو هیچ قسە مەکە.

- بەڵێ باشە.

قسەکردنی چی، پێشمی بگووتایە قسە بکە، من هەر قسەم نەدەکرد، پێکەوە لەگەڵ ڕێبوار چووینە ماڵە خانەخوێیەکەی.

ماڵە خانەخوێیەکەی ڕێبوار، پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردین، قەت ڕێبوارم نەدیبوو، وا بە گفتولفت بێ، ماڵە خانەخوێیەکەی ڕێبوار زۆر هەوڵیاندا دانیشین، بەڵام ڕێبوار تەڕدەستانە وەڵامی دانەوەو گووتی:

- زۆر سوپاستان دەکەین نانمان خواردوە، ئێستا گەیشتینە ئێرە، بە ئەرك نەبێ تەنها دوو بەتانیمان بدەنێ ئەچین لە مزگەوتەکە ئەخەوین.

خاوەن ماڵیش فەرماندانە فەرمانی دا.

- ئادەی منداڵ خێراکەن، دوو بەتانی باش بۆ کاك ڕێبوارو ڕەفیقەکەی بێنن.

ئەوەندەی چاو تروووکاندنێك، دوو بەتانی پاك و نوێیان هێنا.

- فەرموون ئەوە بەتانی، بەڵام وەڵاهی حەزمان دەکرد چایەکتان بخواردایەتەوەو دوایی بچونایە بۆ مزگەوت، خۆ هێشتا کاتی دانبشتن ماوە.

ڕێبوار بە هەمان وەستایی پێشوو هاتەدەنگ:

- زۆر مەمنون، با وەزع لە ئێوەش تێك نەدەین، ڕۆیشتنمان باشترە.

بەتانیەکانمان وەرگرتوو بەخێرایی لەماڵەکە دەرچووین، کە گەیشتینە مزگەوتەکە سێ، چوار، پێشمەرگەیەك گەیشتبوونەوە مزگەوت، هیچ کێشەو گرفتێکمان نەمابوو، هەر یەکەو بە پەتێك جوان بەتانیەکانمان لوولداو لە شێوەی کۆڵە پشت، لە کۆڵمان بەستو ئامادەی سەفەری هاتو نەهات بووین.

هەر ئەو شەوەو دوای گردبوونەوەی هەموو پێشمەرگەکان، بە سواری دوو، سێ، تراکتۆرو عارەبانە کەوتینەڕێ، دوای نیوە شەوێکی درەنگ گەیشتینە گوندی عەسکەر، دوو، سێ، سەعاتێك لە مزگەوتەکەی گوندی عەسکەر

خەوتینو پێش ڕۆژهەڵات هەستاینو بەپێو بە مەسافەیەکی کەمی نێوانمان ڕووەو چەمی ڕەزانو گوندی زەرزی کەوتینە ڕێ، چێشتەنگاوێکی درەنگو پێش نیوەڕۆ، گەیشتینە گوندی زەرزی، نانی نیوەڕۆمان لە زەرزی خواردو، تا عەسریش هەر لە زەرزی ماینەوە، دوای عەسر، دوو دوو، بە مەسافەیەکی ئاسایی نێوانمان، ڕووەو سەر جادەی نێوان سلێمانیو دوکان، کەوتینە ڕێ دوای خۆرئاواو پێش خەوتنان لە جادە پەڕینەوە، نزیک نیوە شەو، گەیشتینە گوندی شەدەڵەی سەرچاوەی شێخی دنیا.

ئەو جەولەیەمان نزیکی مانگێکی برد، زۆربەی شەڕگەی قەیوان- ماوەتمان کردو لە زۆرێك لە شاخو شەڕگەکان ماینەوە، دونیا بەرەو هاوینو گەرما دەچوو، نەك بەتانی پاڵتۆکانیشمان لێ ببووە بار، من لە هەموو پێشمەرگەکان زیاتر لە بەتانیەکەم بێزار ببووم، شەوێك لەبەر تریفەی مانگا شەوو لە سەربانی مزگەوتەکەی گوندی وڵاخلوو بەتانیەکانمان ڕاخستبوو لەسەر بەتانیەکانمان ڕاکشابووین، لەپڕ گوتیان: برادەران، هەستن ئەڕۆین، بۆ کوێ؟، کەس نەبوو وەڵامی ئەو بۆ کوێیە بداتەوە.

دوای تاوێك پشتیوان حەسەن فەقیانە ئەو کات فەرماندەی کەرتەکەمان بوو، هاتو گوتی:

- برادەران جاشو جەیش هێرشیان کردووە بۆ لای دۆڵی سەفرەو سەر شاخی تەورداسیان گرتووە، خۆتان ئامادەکەن، هەر ئێستا دەبێ بڕۆین ئەو شاخە بگرینەوە.

دوای دە پازدە خولەکێك هەموو ئامادەبووینو کەوتینە ڕێ، بڕۆ، بڕۆ هەر بڕۆ، لای بەیانی بە شەکەتی گەیشتینە سەفرە، سەفرە بازاڕێکی گەورەی ئاڵوگۆڕی شمەکی قاچاغچیەکانی عێراقو ئێران بوو، تاکە ڕێڕەوو

سەرچاوەی داهاتی شۆڕشیش بوو، ئەو ڕێڕەوەش گیرابوو، ئێمە کە گەیشتینە سەفرە، هێشتا دنیا تاریك بوو، جەبار فەرمان لە سەرکردایەتیو خەتابە ڕەشی خۆشمان لەویٚ بوو، ئێمە ئەوەندە لە سەفرە گیربووین، تا ئاوێکمان خواردو ڕێی شاخیان نیشاندایناو کەوتینەوە ڕیٚ، زۆر ماندووبووین هەموو شەوی ئەم شەو بەڕێوەبووین، هێشتاش هەر دەبوو بڕۆین، لە بازاڕە داخراوو ماڵەکانی سەفرە دەرچووین، ڕێیەکەمان بە دۆڵی سەفرەیا شۆڕدەبۆوە، ڕووەو ڕووباری (هەرزنە)، ڕووباری هەرزنە سنووری دەست کردی نێوان دوو وڵاتی عێراقو ئێرانە، گوندی هەرزنەش کە یەکەمین گوندی ئێران بوو لە لێواری ئەم ڕووبارە بنیاد نرابوو، بە دۆڵی پێچاوپێچی سەفرەیا شۆڕدەبووینەوە نازانم لە پێچی چەندەمین بوو، گوندێکی دوورمان لیٚ دەرکەوت، گوندەکە وەك خاڵێك بە بناری شاخێکی سەختەوە دیار بوو، ئاسۆ، کە لە دوای منەوە ڕێی دەکرد، بە دەنگێك کە پڕ بوو لە ماندووبوون، وتی:

- سەیرەبیٚ بچین بۆ ئەو دێیە؟!.

ڕێبوار لە پشت ئاسۆوە ڕێی دەکردو، ماندوویێتی هەموو گورجوگۆڵیو لەش سووکیەکەی ئەو شەوەی کانی هەنجیری مژی بوو، وتی:

- نا، ناچین بۆ ئەو دێیە، ئەچین بۆ شاخەکەی پشتی ئەو دێیە.

ئاسۆ، بە دەم ڕۆیشتنەوە ئاوڕێکی لە ڕێبوار دایەوە، گوتی:

- توو شەرەفت ڕێبوار ئەوە بە ڕاستە؟!.

ڕێبوار وتی:

- نەوەڵا، بە ڕاستمە.

ئاسۆ.

- وەڵا تیاچووین.

بزنە ڕێیەك لە دۆڵەكەوە سەردەكەوت ڕووەو ئەو دێیە زۆر دوورەی، كە وەك خاڵێك لێمان دەركەوت، ئێمە مل ئەو بزنە ڕێیەمان گرتو لە دۆڵەكە جیا بووینەوە، ئیتر دیار بوو كە ئەچین بۆ ئەو دێیە، من هەر لە دووریانی دۆڵو بزنە ڕێیەكە، بەتانیەكەم كە لە كۆڵم بەستبوو، لە كۆڵم كردەووەو بە ئاسپایی لە بن دار بەڕوویەك، كە لەسەر ڕێیەكەمان بوو دامنا، ئاسۆ وتی:

- ئەوە چیە بۆ بەتانیەكەت دانا؟!

گوتم:

- ئاسۆ گیان، با بەتانیەكەم لێرەبێ، كە لەو سەر گەڕاینەوە هەڵی ئەگرمەوە.

ئاسۆ بە پێكەنینێك، كە هیچ هێزی تیا نەبوو، بەڵام پڕ بوو لە مەعنای ژێر بە ژێر، وتی:

- فكرێكی باشە، با كیسە خەوەكەی منیش لێرە بێ تا لەو سەر ئەگەڕێنەوە.

دوای خولەكە ڕێیەك. گەیشتینە شاخە سەختەكەی پشتی ئەو دێیە زۆر دوورەی ( زەروونی ) ناو بوو، شەوی ڕابردوو جاش ئەم شاخەشیان گرتبوو، بەڵام لە بەرەبەیانا چۆڵیان كردبوو، ئێمە كە سەركەوتین هیچ هێزێكی دوژمنی لێ نەمابوو، بەڵام لەلایەن دوژمنەوە تۆپ باران دەكرا، فەرماندەی كەرتەكەمان بڕیاریدا لە شاخەكەی پشتی زەروون گیرنەبینو ڕووەو دۆڵی سەفرەو شاخی تەورداسە بڕۆین، لە ژێر تۆپ بارانا كەوتینەڕێ، تا گەیشتینە لوولە شاخە سەختەكەی ئەو سەری دۆڵی سەفرە كە ڕێك دەیكردە سەر ئاوی هەرزنەو بن شاخی تەورداسە (سێ) پێشمەرگەمان بە هۆی تۆپ بارانی دوژمنەوە بریندار بوون.

ئێستا دوای نیوەڕۆیەو هەموو برسین، نە کەس هیچی خواردووەو نە بە تەمای ئەوەشین هیچ خۆراکێکمان بگاتێ. لە ماندوو بونیش هەر مەپرسە چەندە ماندووین.

دەبێ بۆ گرتنەوەی شاخی تەورداسە لە ڕووباری هەرزنە بپەڕینەوەو لە پشتی گوندی هەرزنەوە هێرشی بۆ بکەین، بۆ پەڕینەوەش دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژ ئاوابوون بین، چونکە شاخی تەورداسە، ڕێك دەڕوانێتە سەر ڕووباری هەرزنەو بە ڕووناکی دەرفەتی پەڕینەوەمان نیە.

جاشەکانی سەر شاخی تەورداسە، چاوەدێریەکی وردی جمەوجۆڵی ئێمە دەکەنو، ئێمەیان بینیووە، بۆ ساتێکش گرمەو لوورەی تۆپمان لێ نەبڕاوە.

ئەگەرچی ڕۆژگار بە برسێتیو چاوەڕوانی، لە ژێر تۆپ باران، سەخت و دوور و درێژە، بەڵام هەر چۆنێك بوو ڕۆژمان ئاواکردو، لە ژێر تاریکی شەوا لە ئاوی هەرزنە پەڕینەوە، هەرزنە گوندێکی چۆڵبوو، واپێدەچوو لەگەڵ هێرشی جاشەکانا ئەوانیش دێیەکەیان چۆڵکردبێ، ئێمە کە چووینە ناو ئاوایی هەرزنەوە، نە ئاوەدانیەکمان بینیو نە ڕووناکی چرایەكو نە گوێمان لە حەپەی وەڕینی سەگێکش بوو، دیارە سەگەکانیش ڕازی نەبوونە لە گوندێکا بمێنەوە کە جاش دەستی بە سەریدا بڕوا، ئێمە بە ئاسپاییو بێ چرپە گوندی هەرزنەمان جێ هێشتوو بەرەو گوندی ئاشکان بە ڕێ کەوتین، کە نیوو دەمژمێرێك دەکەوتە سەرووی گوندی هەرزنەوە، دوای بانگی خەوتنان گەیشتینە ئاشکان، ئاشکان گوندێکی ئاوەدانو ڕووناك بوو، یەك، دوو دوکانی پڕ شتوومەکی لێ بوو، من نازانم پێشمەرگەکانی تر دابەشبوونە سەر ماڵانی گوند یان نا، بەڵام منو ڕێبوار لەگەڵ برێك لە پێشمەرگەکانی تر، ڕاستەڕێ چووین بۆ دوکانەکان، کە چووینە ناو دوکانێکەوە بیرمان لەوە

کردەوە، باشە خۆ پارەکانی ئێمە عێراقین و ئێرەش ئێرانە، دەبێ پارەی عێراقی لێرە بڕوا؟!

ڕێبوار گوتی:

- ئەرێ خۆ من هەندێك پارەی ئێرانیم پێیە، لەو برادەرانە وەرمگرتووە کە سەفەری ئێرانیان کردووەو گەڕاونەتەوە، دەبێ ئەو پارانە هیچمان بۆ نەکەن؟.

هەندێك پێشمەرگەی بریندارمان بۆ چارەسەر سەردانی ئێرانیان دەکرد، ڕێبوار پارەکانی لەو برادەرانە وەرگرتبوو، بۆ جوانی و یادگاری پارەکانی لای خۆی هەڵگرتبوو، ڕێبوار پارە ئێرانیەکانی دەرکرد.

ئێستاشی پێوەبێ من نازانم پارەکان چەند بوون و هەموویان دەیانکردە چەند (تمەن) بەڵام ئەوەی بێتەوە بیرم شتێکی زۆرمان بەو سێ چوار پارە کاغەزە کڕی، کە ڕێبوار بۆ یادگاری وەریگرتبوو.

ئەو شەوە لەبەر کفتی و ماندوێتی لە ئاشکان ماینەوەو بۆ شەوی دووەم، لە سێ قۆڵەوە هێرشمان دەسپێکردو لە ماوەیەکی کورتا شاخی تەورداسەمان لە دوژمن سەندەوە.

سەرکردایەتی هێزێکیان، لەسەر شاخەکە جێگیر کردو ئێمەش بەرەبەیان گەڕاینەوە بۆ سەفرە.

پاش چەند ڕۆژێك لەم سەفەرە پڕ عەزێت ماندووبوونە گەڕاینەوە بۆ سنوری کەرکوك. ئەمەش سیفەتی دووەم کە بەتانی هەڵگرتن بوو ئەویش لە مندا نەبوو، ئەوەی ئاسۆ، کیسە خەو بوو، کیسە خەوەکەی ئاسۆش هی خۆی بوو، دوو پێشمەرگە، لەو سەفەرە، بەتانیەکانیان فەوتا بوو من و شێرزاد مستەفا، دوای مشتومڕێك وریا سووریش، چاوپۆشی لێمانکرد.

ئێستا دوای نیوەڕۆیەو لە پێش نیوەڕۆوە باران ناباریێ، تاو نا تاوێك هەتاو لە بەینی هەورە ڕەشە پرش‌و بڵاوەکانەوە تیشکی زێڕینی خۆی ڕووەو سەر زەمینی تەڕ دەنێرێ.

ئێمە لە سەر ڕۆیشتنین، هەموو کۆبوینەتەوەو کانی هەنجیر جێدێڵین‌و بەرەو گۆپتەپە دەکەوینەڕێ، نێوان گۆپتەپەو کانی هەنجیر، خولەکە ڕێیەك دەبێ، گۆپتەپە لێرەوە یەکەمین گوندی ناوچەی قەڵاسێوکەیە، ئاخجەلەر ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ئەم سنورەیە، پێش نیوەڕۆ کە هێشتا باران وردورد دەباری پێشمەرگەیەك بە نامەیەکەوە هاتە لامان، لە نامەکەدا نووسرابوو: (سوپای داگیرکەری دوژمن شەوی ڕابردوو بە سوود وەرگرتن لە کەش‌و هەوای نالەباری ناوچەکە، بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان کردۆتە سەر شاخی کەڵکە سماق‌و دوای بەرگریەکی زۆری پێشمەرگەکانی سەر شاخ، هێزەکەی دوژمن توانیویانە شاخی کەڵکەسماق داگیربکەن، ئێستا سەربازە بەرگ بەڵەکەکانی دوژمن بە چەندین تانکەوە لەسەر شاخەکە جێگیر بوونە، تکایە بەپەلە پەیوەندیمان پێوەبکەن، لە گۆپتەپە. سەرکەوتووبن).

پاش گەیشتنی ئەم نامەیە، هەموو خۆمان توونـد کردەوەو وا ئێستا دەکەوینە ڕێ بەرەو گۆپتەپە.

دونیا تەڕەو هەور بەرزە، بەرزبوونەوەی هەور نیشانەیە بۆ نەبارین، پاش خولەکێك گەیشتینە گۆپتەپە، کەرتی یەك، کە سنووری چالاکیان قەڵاسێوکە بوو لە گۆپتەپە بوون، دوای گەیشتنی ئێمەش، کەرتی دوو گەیشتنە گۆپتەپە، بەشێکی تیپی ٢١یەکیش گەیشتن، ئێستا هەموو پێشمەرگەکان لە گۆپتەپە گردبووینەتەوە، شاخی هەیبە سولتان لە ئاست گوندی کانی سوورو کانی کوردەوە، کە دەکاتە شاخی کەڵکەسماق لە گۆپتەپەوە دیارە، شاخەکە لە

نیووه زیاتری له هەورو تەمی پاش باراندا ون بووە، ویستی خوداوەندە، ئێمە لەبەر چاوی دوژمن ون کا، بۆیە ئەو هەورو تەمەی ناردۆتە سەر شاخ.

پاش گردبوونەوە هەموو شۆڕبووینەوە بۆ دەم زێی گۆپتەپە، لەو تاکە پردەی کە بە دەستی پێشمەرگەیەکی ئەندازیارو بە هەرەوەزی پێشمەرگەکانی کەرکوك درووست کرابوو، پەڕینەوە بۆ (گوندی کانی بی) بەری کۆیە، لەبەری ئەوبەرەوە، دکتۆر حەمیدم دیت، کە لە گۆپتەپەوە چاوم بۆی دەگێڕا، دکتۆر حەمید ماوەیەکە گواستراوەتەوە بۆ کەرتی دوو، لەگەڵ دکتۆر حەمیدا جۆرێك لە خزمایەتیمان هەیە، بەلام هاوڕێیەتیەکەمان زۆر بەهێزترە لە خزمایەتیە لاوازەکەمان، دکتۆر حەمید دەرچووی پەیمانگای پزیشکی کەرکووکەو پێشتر دکتۆری کەرتەکەمان بوو، دکتۆر حەمید، پێشمەرگەیەکی ئازاو لەش سووكو قسە خۆش بوو، زۆرتر بە دەم نەخۆشیو ئازاری هاولاتیانی ناوچەکەوە دەچوو، ئەگەر پێشمەرگەیەك شەو هەڵی بساندایە بە هۆی ئازارێك یان سەرئێشەیەکەوە، ئەوە دکتۆر حەمید دەیگووت:

- بخەوە ئازارەکەت لە بیرەچێ.

دکتۆر حەمید لە وەرزی گفتووگۆ، ئاشقی کچێکی نازداری چیمەنی بوو، هەر کە دەگەیشتینە چیمەن دکتۆر حەمید ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕاو ویزە ویزی گۆرانی گوتنی بوو. ئێمەش هەر بۆ خۆشی لێمان دەپرسی:

- ئەوەچیە، دکتۆر ئەشق فێرە گۆرانیشتی کرد؟!.

- چ بکەم کاکە بە دەس خۆم نیە، ئەشق وەلی کردە دێوانەو منیشی کردە گۆرانی بێژ..

- هەر چۆنێ بێت گۆرانی بێژی باشترە لە دێوانەیی.

- منیش ئەگەر ئەشقی کەرکووك‌و خاکی کوردستان نەبوایە، ئێستا وەك وەلی، دێوانە ئەبووم.

- بەڵام ئەو کاتەش ئەبووی بە شاعیر.

شەوکەت، کە پێشمەرگەیەکی بالاَبەرزی کەرکووکی بوو، هاتە ناو قسەکانەوە.

- ئاخر دکتۆر حەز ناکا ببێت بە شاعیر، حەز دەکات ببێ بە پەخشان نووس.

لە هەموو لایەکەوە بوو بەپێکەنین، دولبەرەکەی دکتۆر حەمید ناوی پەخشان بوو، بۆیە دوای زەردە خەنەیەك دکتۆر حەمید وتی:

- هەڵسن واز لەم قسانە بێنن، با بڕۆین تۆپان کەین.

لە وەرزی گفتوگۆدا، هەموو کەرتێکی پێشمەرگە، تیپێکی تۆپێنمان درووست کردبوو، دەچووینە هەر دێیەك، تۆپانمان لەگەڵ گەنجەکانی دێیەکەدا دەکرد، بە ماوەیەکی کەم هەموو دێیەکیش لە ناو خۆیانا تیپێکی تۆپانیان دروست کرد، گۆڕەپانی تۆپ تۆپێنش لە دێیەکان زۆر بوو، گۆڕەپانی تۆپ تۆپێنی چیمەن دەکەوتە پشت ماڵی مەعشووقەی دکتۆرەوە.

ئەگەر چی دکتۆر حەمید لە شاریش یاریچیەکی باشی تۆپ تۆپێن بوو، بەڵام لە هەر دێیەك لە تۆپێن خۆشبوایە، مەحاڵ بوو لە دێی چیمەن، لە تۆپێن خۆش بێ.

چونکە لەگەڵ گردبوونەوەی پێشمەرگەو گەنجانی دێ، لە مەیدانی تۆپ تۆپێنەکە دولبەرەکەی دکتۆر حەمید، بە بەژن‌و باڵا شۆخ‌و شەنگەکەیەوە، دەگەیشتە سەربان‌و لە پێشمەرگە ئاشقەکەی خۆی دەڕوانی، دکتۆر

حەمیدیش، ئەوەندە یارچێکی باشبوو، تا چاوی بە بەژنو باڵای یارەکەی دەکەوت، لەوە بە دواوە تۆپێنی لە بیر نەدەما.

ئەو ئاشقو مەئشووقە، بڕوایان وابوو، لەسەر زەمینی خوداوەند، تەنها دوو کەس دەژێت، ئەو دوو کەسەش ئەوانن.

ئێستاش نازانم بە ڕێکەوت بوو یان بە بەرنامە، هەر لە ساڵی گفتوگۆدا، عەسرانێك لە گوندی بنگردی نزیك چەمچەماڵەوە بەڕێکەوتین، بەسەر چەندین دێیا بازمانداو لە چیمەن نیشتینەوە، دوای نان خواردنی ئێوارەو گەڕانەوەمان بۆ مزگەوت، دکتۆر حەمید، هەر دەرو ژووری بوو، بۆ ساتێکیش نەیدەتوانی لە جێیەك ستار بگرێ، من هەر سەیرم دەکردو هیچم نەدەگووت! دکتۆر چەند جارێك هاتوچوو، هەموو جارێکش سەیرێکی هەموو پێشمەرگەکانی دەکردو دەچوە سەر جێگاکەی ڕادەکشاو پاش چرکەیەك هەڵدەستایەوەو دادەنیشت، دیسان هەڵدەستاو دەچوە دەرەوە، بەم جۆرە دکتۆر حەمید ئارامی لێ بڕابوو، دیسان دکتۆر هەستا چووە دەرەوە، ئەم جارەیان بە دوایدا ڕۆیشتم، لە ناو حەوشی مزگەوتەکە کە حەوشێکی گچکەی هەبوو دکتۆرحەمیدم دیت، لە دوو سێ هەنگاو ڕێیا هاتوچۆیەتی، چووم بۆلای‌و وتم:

- ئەوە چیە دکتۆر ئەڵێی ماخۆلانتە چیە، بۆ وا مەشغووڵی؟!.

- کورە ئەی بۆ ماخۆلانم نەبێ، وەرە با بڕۆین پیاسەیەك بکەین، وەرە.

لە مزگەوتەکە دەرچووینو لە نزیك ماڵ حاجی سادق کەوتینە پیاسەکردن، ماخۆلانەکەی دکتۆر منیشی گرتەوە، وتم:

- ئێ، دکتۆر، دە ئێستا پێم بڵێ بزانم چی بووە، وا مەشغووڵی؟!.

دکتۆر گوتی:

- کوره کاکه برادەرانم ناردوه بۆ خوازبێنی پەخە، بۆیە وا حەجمانم لێ هەڵگیراوەو ئەھ.

- ئێ، ئێ، ئێ، دەی، دەی ئەوە بۆیە ئەڵێی مەکۆی جۆلای هەر دێ و دەچی، کێن ئەوانەی چوونە؟.

- سید برایم‌و کاك دلاوەرو کاکل پەڵکە ڕەشی‌و ساڵح سەیدانی چوونە.

- دکتۆر لە ئێستاوە پیرۆزبایت لێ ئەکەم‌و وابزانە بووە.

- توو بڵێی؟!

- ئەرەوەڵا دڵنیابە ئەبێ.

پاش هەندێك قسەو هاتوچۆ، گەڕاینەوە بۆ مزگەوتەکە، هەستم دەکرد منیش، وەك دکتۆر حەمید پەلەم بوو بۆ گەڕانەوەی خوازبێنیکەرەکان، ئەوەندەی نەبرد برادەران هاتنەوە ڕەنگ‌و ڕوخساری برادەران پێدەکەنی، هەر لە دوورەوە زانیمان مەم‌و زینی سەردەم گەیشتن بە یەك، سەید برایم کە سەرکردایەتی وەفدەکەی دەکرد، پێش ئەوەی دانیشێ گوتی:

- دکتۆر، دە بڕۆ شتێك بۆ برادەران بکڕە.

- کوره وەی بەسەر چاو.

ئەو شەوە یەکێك بوو لە شەوە خۆشەکانمان، شەومان بەگۆرانی‌و چەپڵەڕێزان بەسەر برد، خەڵەف کە پێشمەرگەیەکی بنەیی بوو، دەنگێکی خۆش‌و بە سۆزی هەبوو تا شەوێکی درەنگ خەڵەف گۆرانی بۆمان گوت‌و ئێمەش چەپڵەمان بۆ لێدا، دکتۆر حەمید دەنگی خۆش نەبوو، بەڵام کە بە کۆمەڵ سەربەندی گۆرانیەکەمان بۆ خەڵەف دەگوتەوە، دەنگی دکتۆر حەمید لە دەنگی هەمووومان بڵندتر بوو.

ئێستا لەگەڵ دکتۆر حەمیدا بەسەر لی لێواری ئاوی زێدا دەڕۆین‌و، لمە تەڕەکە لە ژێر پێماندا کرمەی دێ، ئاوی زێ هێشتا لێڵە، هەورێکی خۆڵەمێشی بەری ئاسمانی گرتوەو بە هۆی ئەو هەورەوە ئاسمان تارو مارە، بایەکی ساردی توندتر لە بایە ساردەکەی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆی کانی هەنجیرو گۆپتەپە هەڵی کردووە، شاخی کەڵکەسماق بەدیوی ڕۆژیدا تا بنار، لە هەورو تەمی تاریک‌و ڕەشدایە، هەموو پێشمەرگەیەك بە من‌و دکتۆر حەمیدەوەش، پووزەوانەکانمان تا نزیك ئەژنۆ هەڵکردووە، بە هەنگاوی گورج‌و گەورە ڕێگای شاخی بن ئەو تەم‌ومژە دەبڕین.

ئێستا دنیا لەسەر تاریك بوونەو، ئێمە ئەوەندەمان نەماوە بگەینە گوندی کانی سوور، تا بەر ماڵانی گوندی کانی سوور لەگەڵ دکتۆر حەمیدا پێکەوە بووین، لەبەر ماڵانەوە لێك دابڕاین، ئەو چوەوە ناو پێشمەرگەکانی کەرتی دوو، منیش چوومەوە ناو پێشمەرگەکانی کەرتی سێ.

پاش کەمتر لە دەمژمێرێك، هەموو پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥و ٢١ لە گوندی کانی سوور گردبووینەوە، مام ڕۆستەم سەرکردایەتی پێشمەرگەکانی کەرکووکی دەکرد، بۆ گرتنەوەی ئەم شاخە لە چنگی دوژمن.

هەر لەوێوە لە کانی سوورەوە کەرت کەرت‌و دەستە دەستە، پێشمەرگەکان جیاکرابنەوەو دابەشکراینە سەر ئەو شوێنانەی کە شەوی پێشتر لەلایەن دوژمنەوە داگیرکرابوو.

ئێمە دەبوو هێرش بکەینە سەر مۆڵگەیەکی گەورە، کە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازە بەرگ بەڵەکەکانی دوژمنی لێ جێگیر کرابوو، ئەو جێیەی ئێمە هێرشمان دەکردە سەری، قووتەیەکی بەرزی سەر شاخەکە بوو، کە ڕێك دەکەوتە سەر ئەو شا ڕێیەی کە لە شاخەکەوە شۆڕدەبۆوە بۆ گوندی

کەڵکەسماق، دوو تانک-یش، لە کەلە ملی شاخەکەو لە ناوەندی شارێیەکە جێگیرکرا بوون، تانکەکان دەکەوتنە دەستە ڕاستی مۆڵگەکەی کە ئێمە هێرشمان دەکردە سەری.

کاتی بە ڕێکەوتنی هێزەکان هاتو هەموو کەوتینەڕێ، هەموو بێ دەنگو بێ چرپە، بێ شەوقی سپی لایتو ئاگری سووری جگەرە، بە توولە ڕێیەکی پێچاو پێچا، ڕێگەی سەختی شاخی تەمو مژاوی دەبڕین، هەر هەنگاوێك سەرکەوتن، هەنگاوێك نزیکمان دەخاتەوە لە کوشتن، یان لە کوژران.

ئەبێ ئەم کوشتنو کوژرانە، ئەم ڕاوڕاوێنی یەکترە، لە کەیەوە سەری هەڵدابێو کەی کۆتایی پێ بێ؟!.

ئەڵێن یەکەمین جار دوو براکە، هابیلو قابیل، یەکتریان کوشتو ئەم کوشتو کوشتارەیان بۆ براکانی دوای خۆیان بە میرات جێ هێشت.

باشە ئەمانە بۆ ناویان هابیلو قابیلە؟!.

ئەی کێ دیتی ئەمانە یەکتر بکوژن؟!.

دایکم دەیگوت: هابیل قابیلی کوشتوە، باوکیشم دەیگوت:...، قابیل هابیلی کوشتووە!!، سەیرە! ئەم دوو برایە لە بەرەبەیانی مێژوودا بۆ ئەبێ یەکتریان کووشتبێ؟!، نازانم!. بەڵام کادرە مەندو تیژەکەی خۆمان دەیگووت:

- لەو کاتەوە کوشتو کوشتار، لە ناو مرۆڤایەتیدا پەیدابووە، کە چینەکان سەریان هەڵداو دروستبوون.

کەواتە بەرژەوەندی چینەکان کوشتو کوشتاریان دروست کردووە.

بەڵام شەڕی ئێمە، شەڕی نێوان دوو چین نیە، شەڕی ئێمە شەڕی نێوان داگیرکەرو ئازادیخوازانە، ئێمە شەڕ بۆ ئازادی نیشتمانێك دەکەین، کە لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەوە داگیر کراوە.

ئەی ئەبێ ئەم شەڕۆکانە ئازادیمان بۆ بە دەس بێنن؟!.

نازانم، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە، ئەبێ بەردەوام بین، پێویستە شەڕ بۆ مانەوەی نەتەوەکەمان بکەین.

دەنگێگ لە پێشەوەی کاروانەکەوە هات.

- بیگەیێینە بووەستن.

هەموو وەستاین، چەند خولەکێکە هەر وەستاوین.

ئێستا بە تەواوی لە مۆلگەکەی دوژمن نزیک بووینەتەوە، جموجووڵی سەربازەکان دەبینینو خەریکی دیاری کردنی ئەو شوێنانەین کە دەبێ بکرێ بە سەنگەرو لەوێوە هێرش بکرێتە سەر دوژمن، پاش تاوێك لە ملە قوتێو چرپە چرپ، سێ شوین دیاری کرا بۆ سەنگەر گرتنو هێرشکردنە سەر دوژمن.

ئێمە دەستەیەك پێشمەرگە بووین، بن تاوێرە شاخێکمان کردە سەنگەر، دوو دەستەکەی دیکەشمان هەر یەکەو سەنگەرێکیان دیاری کردو هەندێك لە فەرماندەکانمان، وەك بەعزێ جاری پێشوویان دەستیان دایە R.B.Gیەك، یان B.K.C یەكو لە خەتی پشتی ئێمەوە دامەزران.

ئێستا چاوەڕوانی کاتی دەست پێکردنی یەکەم تەقەین، (سەعاتی سفر).

پاش هەندێك چاوەڕوانی، کە هەر خولەکێکی بە تەمەنێك دەگوزەرێ، دەنگی وششەو زرمەی R.B.G یەك بێ دەنگی شەوی شکاند، گرمەی نارنجۆكو قرمەی دەستڕێژی کلاشینکۆفی دەستی پێشمەرگە شاخی هەژاندو دوژمنی شڵەژاند، هێرشی دەستەی (هووجوم)ی پێشمەرگە، کە دەگەیشتە سەر سەنگەری گونیە خۆڵەکانی سەربازە بەرگ بەڵەکان، دەستی پێکرد.

دەستەی ئێمە، لە دوو هێرشدا، تا لێوارو نزیك بوونەوە لە سەنگەرە گونیە خۆڵەکان چووین‌و بەرگری چڕی سەربازە بەرگ بەڵکەکان، ناچاری پاشەکشێی کردین، ئێستا لە خۆ کۆکردنەوەین بۆ هێرشی سێهەم، سەربازەکانی دوژمن پاش ئەو دوو هێرشە، بە تەواوی تێك شکاون دەنگی هاوارو بانگ یەك کردنیان نیشانەیەکی ڕوونی بەزین‌و خۆ نەگرتنیان بوو، پاش هەناسەیەك‌و مەخزەن گۆڕینی سەر تفەنگەکانمان، بۆ جاری سێیەم هێرشمان دەست پێ کردەوە، ئێستا حەوت، هەشت، پێشمەرگەین بە کلاشینکۆفەکانی دەستمان، بەچڕی ئاگربارانی دوژمن دەکەین‌و بەڕاکردن لە مۆڵگەکەیان دەچینە پێشەوە، لەم کاتەدا کە ئێمە هێشتا ماومانە بگەینە سەر دیواری گونیە خۆڵەکان، سەربازێکی بریندای دوژمن لوولەی تفەنگەکەی بەرزکردەوەو ڕووی لە ئێمە کردو دوایین ڕیزە فیشەکی تفەنگەکەی تەقاند، ڕێك لەم کاتەداو لەگەڵ تەقەکانی سەربازەکەدا، پێی چەپم نووشتایەوەو کلاوەی ئەژنۆم بە عەرد کەوت، هەر بەو خێراییی‌و دەستوبردە خەبات‌و عەلی تیژەیی‌و کاروان، پەلەماریاندام‌و باڵیان گرتم، بەڵام پێش ئەوەی ئەو پێشمەرگانە دەس بدەنە باڵم، من ڕاستەوە بووم‌و تا سەر شوورەی مۆڵگەکە، هاوشانی هاوڕێکانم ڕۆیشتم، لەوێ لەسەر شوورەی مۆڵگەکە هەستم بە تەڕی‌و ئازارێك کرد، لە قاچی چەپم کە زیاتر لە برژانەوە دەچوو، عەلی تیژەیی باڵی گرتم هەر لەوێ داینیشاندم، ئاسۆ و سابیر عوبێدش بە پەلە گەیشتنە سەرم‌و بەکۆڵ گەڕاندمیانەوە بۆ پەنای بن گەوڕە شاخەکە، دوای یەك دوو خولەك کاروان‌و عەلی تیژەیی گەڕانەوە لام، عەلی گوتی:

- ئەو دوا سەربازەی کە تەقەی لە توو کرد، بوو بە قوربانی هەڵمەتێکی کاروان.

لە ماوەی کەمتر لە دەمژمێرێك هەموو ئەو شوێنانە لە دوژمن سەندرایەوە کە شەوی پێشوو داگیریان کردبوو، هەردوو تانکەکەش دەستیان بەسەردا گیرا.

ئێستا دوژمن لە شارۆچکەی دوکانەوە دەستی کردوە، بە تۆپبارانی شاخەکەو تۆپباران ئەو تولە ڕێیانەش دەگرێتەوە کە دەمانبەنەوە کانی سوور.

ئێمە ئێستا بۆ گوندی کانی سوور شۆڕدەبینەوە، تۆپەکانیش بەردەوام لوورەو گرمەیان دێ، گرمەی ئەو تۆپانەی کە لەبن دەستو پێمان دەکەوتنەوە چەند جارێك بە عەردیان دادایەن، دەنگی تەقینەوەی تۆپ دەنگێکی ڕەقو تیژە، دووکەڵێکی ڕەشی تووند لە شوێنی تەقینەوەکەی بڵاودەبێتەوە کە هەناسەی مرۆڤ دەگرێو بینین لێڵ دەکات.

دوای دەیان جار کەوتنو هەڵسانەوە هەر چۆنێك بوو گەیشتینە کانی سوور، کانی سوور هیچ ماڵێکی لێ نەمابوو، لە ڕۆژی پێشووترەوە دانیشتوانەکەی چۆڵیان کردبوو، مام ڕۆستەم لە کانی سوور بوو.

ئاسۆو سابیر لە هەیوانی ماڵێك منیان داناو خۆشیان کەوتنە ناو ئاوایی، پاش تاوێك گەڕانەوە کەرێکیان دەس کەوتبوو، منیان خستە سەر پشتی کەرەکەو کەوتینە ڕێ بەرەو (کانی بی) لە ڕێگاو لەسەر پشتی کەرەکە جگەرەیەکم داگیرساند، ئەگەرچی بەهۆی تاریکی شەوەوە دووکەڵی جگەرەکەم دیارنەبوو، بەڵام جگەرەیەکی بەتام بوو، ئاسۆ، یەك، دوو جار گوتی:

- جگەرە بۆ توو باش نیە مەیکێشە.

- ئاسۆ گیان بۆ باش نیە؟!.

- وەڵا نازانم ، وام بیستووە.

من خۆم لەوەو پێش دوو جاری دیکە بریندار ببووم ، دەمزانی جگەرە بۆ بریندار باش نیە ، بەڵام چی بکەم حەزم لە جگەرە بوو.

دوای ئەوەی ئاسۆ زانی من واز لە جگەرەکەم ناهێنم ، بۆ خۆشی جگەریەکی داگرساند ، بە دەم جگەرە کێشانەوە سەیرێکی عاسمانم کرد جگە لە یەك دوو پەڵە هەوری تەنك و ڕیشاڵ ڕیشاڵ هیچ هەورێك بە عاسمانەوە نەمابوو، عاسمانێکی تاریك و پڕ ئەستێرە ، داچۆڕانی ئەستێرەیەکشم بینی تۆپەڵێك ڕووناکی لە ئاسمانەوە بەرەو سەر زەوی دەکشا، پێش ئەوەی تۆپەڵە ڕووناکیەکە بگاتە سەر زەوی پەرش و بڵاوەوە بوو نەما .

دایکم دەیگووت .

- ڕووحی هەمووکەسێك ئەستێرەیەکە لە عاسمان ، بە نەمانی کەسەکەو بەرزبوونەوەی ڕووحەکەی بۆ عەرشی خواوەند ، ئەستێرەی ڕووحی ئەو کەسەش لە عاسمان بەردەبێتەوە و دەکشێ بۆ سەر زەوی .

توو بڵێی داکشانی ئەم ئەستێرەیە رووحی کێ بێ ، بەرەو عەرشی خواوەند هەڵکشابێ ؟!. بەختەوەر خۆی .

هەر بە دەم ڕۆیشتنەوە ئاسۆ ، ووتی .

- هەڵکەوتیش بریندار بووە ، پێش گەیشتنی ئێمە ئەوان بەڕی کەتوون بۆ کانی بی ، ڕەنگە ئێستا گەیشتبێتن .

هەڵکەوت پێشمەرگە باڵا بەرزەکەی کەڵوڕ بوو ، دواى نیوەشەوێکی درەنگ و پێش بەرە بەیان ئێمەش گەیشتینە کانی بی ، دکتۆر دڵشاد لە کانی بی بوو ، دکتۆر دڵشاد تەداویەکی کاتی برینەکەمی کرد و ووتی .

- فەرموو هەتا بەیانی تۆش بڕۆ بۆ لای هەڵکەوت .

هەڵکەوت لە ژوورێکی تەنیشتی ژوورەکەی دکتۆر دڵشادەوە ڕاکشا بوو ، هەر کە چوومە ژوورەوە هەڵکەوت ، گووتی .

- وەرە، وەرە ، یاخوا بە خێربێت ، خۆمن دڵمە تەقی بە تەنیا .

- وا هاتم هەڵکەوت ، خەمت نەبێ تا چاك نەبیتەوە چاك نابمەوە .

هێشتا بە تەواوی ڕۆژ هەڵنەهاتبوو بە دوو کەڵەك لە زێ پەڕینەوە بۆ گۆپتەپە ، لە چەمی گۆپتەپە چووینە ماڵ ئەحمەد جەمیلی باوك ئامانج، ئامانج یەکێك بوو لە پێشمەرگە چاك و قسە خۆشەکانی گۆپتەپە ، هەمیشە ماڵیان میوانی لێ نەدەبڕا ، ئەوەی ڕۆژێك پێشمەرگایەتی کردبێ لە سنووری کەرکوك دەبێ نانێکی لە ماڵ ئامانج خواردبێ .

پێش ئەوەی بگەینە ماڵ ئامانج ، هەڵکەوت ووتی .

- باشە چی لە ئامانج بکەین ، وەڵا ئێستا ئەمانکاتە مەخسەرەی خۆی .

- هەڵکەوت ، ئەڵێین ئازارمان هەیە ئامانج هیچ قسەمەکە .

- بە خوا نایخوا ، ئامانج و قسە نەکا !!.

- ئێ ، دەڵێین ئامانج گیان ئەوە هاتووینەتە بەر دەست فەرموو بەکەیفی خۆت پێمان ڕابێرە .

- ئەمەیان باشترە .

ئێستا بەتەواوی خۆر و بان هەڵاتوە و ئێمە لە ماڵ ئامانجین لە چەمی گۆپتەپە ، ئامانج لە هەیوانەکەوە بەرەو پیری یەك دوو دەنگ چوو کە

بەرەو لای ئێمە دەهاتن ، یەکێك لەم دەنگانە دەنگی ڕێبوارە ، وا گوێم لێیە هەواڵی من دەپرسێ ، ئەوا لە گەڵ ئامانجا هاتنە ژوورەوە ، ماتوو بێ دەنگن . لە ئاسمانی گۆپتەپە دەنگی فڕۆکەی هەنتەر دێ ، گوێمان لە دەنگی یەك ، دوو، گرمەی دوور بوو ، دەنگی فڕۆکەکان نزیکتر دەبنەوە ، گرمەکان گەورەتر و نزیکترن ، ئامانج بەپێوە وەستاوە و دانانیشێ ، ئامانج هەر بە پێووە ووتی .

- زۆر بە داخەوە ئەم شەو دکتۆر حەمید شەهد بووە .

- چی ، چی ؟!!!.

ئامانج کە جوابی نەدایەوە ، ڕووم لە ڕێبوار کرد .

- ڕێبوار هەر بە ڕاستی دکتۆر حەمید شەهید بووە ؟!!.

دوای سەر لەقاندنێك بە مانای سەلماندنی قسەکەی ئامانج ، گووتی .

- بەڵێ .

- چۆن ؟.

- فیشەکێك ڕێك بەر دڵی کەوتبوو .

ئێستا هەموو ماتوو بێ دەنگین ، دەنگی فڕۆکەکان دوور کەوتنەوە ، دوور دوور ، ئەوەندە دوور هیچ کەس گوێی لە دەنگی ویزەی باڵەکانشیان نیە ، لەناو ماتی و بێ دەنگی ژوورەکە ، دکتۆر حەمید وا لە پێش چاومە جار جار ماتە و جار جارش زەردەخەنە لە سەر لێویەتی ، فیشەکێك بەر دڵی کەوتوە ودڵی کون کردوە ، خوێن لە دڵیەوە دەڕژێ و قەمسەڵەو مرادخانیەکەشی سوور کردوە ، دکتۆر حەمید بە دەم ئازار و زەردەخەنەیەکی تاڵەوە ، بە جەستەی شەلاڵی خوێنەوە ئەو دێڕە شعرەی ( هێمن ) دەڵێتەوە کەجەندین جار لەوو پێش دەیگووتەوە .

هەتاکو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی ئەشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

.

تێبینی .

شەهید د. حەمید لە شەوی ١٩٨٧/١/١١/١٠ شەهید کرا .

## گەڕامەوە بۆ گردخەبەر.

ئەوا چەند ڕۆژێکە، من گەڕاومەتەوە ماڵ خۆمان لە گوندی گردخەبەر، دکتۆر دڵشاد سێ، چوار، ڕۆژێك برینەکەمی تیمار کردو پاشان وتی:

- توو ئەتوانی بچیتەوە بۆ ماڵ خۆتان، ئەگەر برین پێچێك یان شارەزایەك، لە برینپێچی هەبێ ڕۆژی جارێك برینەکەت بۆ تیمار بکات، ئیتر هیچ کێشەیەکت نامێنی.

دکتۆر دڵشاد لەگەڵ ئەم قسانەدا چەند شریقەیەكو هەندێك حەبی داپێمو بە ئۆتۆمبیلەکەی کاك شوان، کە (شوانەی تەنسیق)شمان پێدەگوت، لە درەنگە شەوێکدا، لەگەڵ ڕێبواردا گەیشتمەوە ماڵی خۆمان لە گوندی گردخەبەر.

دکتۆر هۆشەنك، کە چەند ساڵێك پێش من هاتبووە دەرەوەو پێشمەرگە بوو، ئێستاشی پێوە بێ نازانم چ بوارێکی پزیشکی خوێند بوو، بەڵام شارەزاییەکی باشی لە بواری پزیشکی دا هەبوو. دکتۆر هۆشەنگ یەك، دوو ساڵێك دەبێ بە هۆی هەڵوێستی سیاسیو جیاوازی بیروڕاوە، وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوەو لە گوندی (دارەختیاری) بناری چیای خاڵخالان جێگیر بووە، ڕێبوارو دکتۆر هۆشەنگ خزمایەتیەکی نزیك لە نێوانیاندا هەیەو منو دکتۆر هۆشەنگیش هاوڕێیەتیەکی بتەو لە نێوانماندا هەبوو، ئاگاداری دکتۆر هۆشەنگ-مان کرد، بێتە سەردانمان بەمەبەستی تیمارکردنی برینەکەم، دکتۆر هۆشەنگ وەك چاوەڕوانمان دەکرد، بە گورجیو بێ ماتەڵ بوون عەسری ئەو ڕۆژەی هەواڵەکەی پێ گەیشتبوو گەیشتە لامان، دکتۆر هۆشەنگ پیاوێکی سەلارو

پـاكو سـەر ڕاسـت بـوو، هاوڕێیـەتی خـۆشو خـاوەن بـیروڕای خـۆی بـوو، بـە گەیشتنی زۆر خۆشـحاڵ بـووین، دكتـۆر دوای گەیشـتنی بـە خولـەكێك كەوتـە سەیركردنو تیماركردنی برینەكەی قاچـم. ئـەو فیشـەكەی كـە ڕانـی چـەپمی پێكا بوو، دیوەودەر ڕانمیی كون كرد بوو، بەڵام بە گەیشتنی دكتـۆر هۆشـەنگ ئیتر خەمی تەداویو شریقە لێدانمان نەما.

هاوڵاتیانی گوندی گردخەبەر بڕ بڕ دەهاتنە سەردانم، زۆر خۆشـحاڵبووم بـەو سەردانەیان كەس نەما نەیەت بۆ هەواڵ پرسینم، بە ئاغاو جوتیارەوە مـەلای گونـدیش هـاتو هـەواڵمی پرسـی، حەسـەناغا پیـاوێكی زۆر بـەڕێزو قسـە ڕۆیشتوی ئاوایی بـوو، هـەر بـەیانی زووی ئـەو شـەوەی كـە هاتبوومـەوە هاتـە سـەردانم. پێشمەرگەكانیش ئەوانـەی دەهاتنـە گردخەبـەرو ئەوانـەش كـە لـە گونـدەكانی نزیـك گردخەبـەر دەمانـەوە دەسـتە دەسـتەو بـڕ بـڕ، بـۆ هـەواڵ پرسـینم دەهـاتن، ئـەو سـەردەمانە برینـداربوون شـانازیەكی گـەورە بـوو، پیشمەرگەی لە ناو هاوڕێكانیدا خۆشەویستتر دەكـرد، پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژێكـی باراناوی دەستەیەك پیشمەرگە هاتنە لام، كە زۆربەیان ناسیارو لە هاوڕێكـانی شارم بوون، یەكێك لەو پێشـمەرگانە (تـاریق مـەلا علی) بـوو، تـاریق كـوڕێكی ئەوەنـدە قسـە خـۆشو ئـازا بـوو، لـە نـاو هاوڕێكـانی زۆر خۆشەویسـت بـوو، لەگەڵ هەر كەسێكدا قسەی بكردایـە بـە (بـاپیرە) نـاوی دەبـرد، هـەتا وای لـێ هـات هـیچ كەسـێك بـە تـاریق بانگیـان نـەدەكرد هـەموو پێشـمەرگەكان بـە (بـاپیرە) ناویـان دەبـرد، لەگـەڵ بـاپیرە، كـوڕی یـەك گـەڕەكوبان بـووین، هەموومان پەروەردەی كۆڵانە قوڕاویەكانی ڕەحیماوە بووین ، باپیرە هەنـدێك لە ئێمە هەراشتر بـوو، كـە دەچووین بۆ مەلـەكردن لـە گۆماوەكـانی ڕووبـاری خاسە، یان بە كۆمەڵ بە دوای هێلانە كلاو كوڕەكاندا دەگـەڕاین، لـە هەڵـەتو

ناو شاخەکانی ڕەحیماوە، باپیرە لە پێشەوەی کۆمەڵکەمانەوە دەڕۆیشت، لە شەڕە گەڕەکیش، باپیرە وەك سەرکردە هەڵسوکەوتی دەکرد، زۆر جار بڕیاری هێرش بردن یان پاشەکشە، لەو شەڕە گەڕەکانەی کە قورسترین چەك تێیدا قۆچەقانێ (قاڵماسنگ) بوو، باپیرە دەیدا، ئێستاش وا هەموو گەورە بووینە، و شەڕە گەڕەکمان گۆڕیوە، بە شەڕکردن بۆ نەتەوەو لە جیاتی بەردو قۆچەقانی، تفەنگمان کردۆتە شان.

باپیرە، لە پێش هاوڕێکانیەوە هاتە ژوورەوە، B. K. Cیەکی لەسەر شان بوو، بۆ ئەوەی لە قوڕاوی ئەو ڕۆژە باراناویە خۆی بپارێزێ تا نزیك ئەژنۆی لە پوزەوانە هەڵکێشابوو، باپیرە هەر بە پێوە وەستا بوو پێش سڵاو کردنو هەواڵ پرسین وتی:

-پێم بڵێ، لە پێشەوە پێکراوی یان لە پشتەوە؟!.

بەخۆشحاڵیو بە زەردەخەنەیەکەوە، کە هەموو بیرەوەریەکانی سەردەمی منداڵیو هەرزەکاریم هاتەوە بەر چاو، بە باپیرەم وت:

- باپیرە یاخوا بە خێربێت وەرە دانیشە، لە پێشەوە پێکراوم خەمت نەبێ.

باپیرە بە خۆشحاڵیەکی زۆرەوە هات لە تەنیشتم دانیشتو وتی:

-تۆ نەوەی ئەم گەلو خاکەی، ئەوەی لەپشتەوە بپێکرێ، حاشا نەوەی ئەم خاکە نیە.

ئەمە قسەیەك بوو باپیرە لە چیرۆکە تەمسیلیکەی لالە سەرحەدەوە وەری گرتبوو، باپیرە کردبووی بەعادەت هەر پێشمەرگەیەك لە شەڕدا برینـدار بکرایە خێرا ئەو پرسیارەی دەکرد (لە پێشەوە پێکراوە یان لە پشتەوە) هەر کەسێك لە پێشەوە بپێکرایە باپیرە بە شەوقەوە دەیگوت:

- ئافەرین تۆ نەوەی ئەم گەلو خاکەی.

به خۆشحالیەوە من لە پێشەوە پێکرابووم بە پێی پێوەری لالە سەرحەدو باپیرە، نەوەی ئەم گەڵو خاکە بووم. بە پێی ئەو پێوانەیە هەر کەسێك لە پێشەوە بپێکرایە ئەوە ڕووی لە دوژمن بووەو لە کاتی هێرش بردنا پێکراوە، ئەگەر لە پشتەوەش بپێکرایە، گوایە پشتی کردۆتە دوژمنو لە کاتی هەڵاتنا پێکراوە، ئەمە قسەیەك بوو زۆرتر بۆ خۆشیو سوعبەت دەگوترا، چونکە زۆر جار ئەم پێوانەیە ڕاست نەبوو.

ڕەحیماوای شاری کەرکوك گەنجی زۆری پێشکەش بە شۆڕشی کوردستان کرد، زۆریش لەو گەنجانەی ڕەحیماوا نەگەڕانەوە لەو ڕێگایەدا بە شانازیەوە شەهید بوون.

باپیرە لەگەڵ هەموو قسەخۆشو سوعبەتەکانی هەواڵێکی ناخۆش و دڵ تەزێنیشی پێدواین، باپیرە هەواڵە ناخۆشەکانیشی بە ناخۆشی نەدەگوت، بەڵام لە ئاستی ئەم هەواڵە نەیتوانی ڕووی گرژ نەکاتو تەمی خەمێکی قووڵ نەنیشێتە ڕووخساری، باپیرە بە دەنگێکی خەمبارانەوە وتی:

- ئەزانن پەخشان، ژنەکەی دکتۆر حەمیدی خۆمان، تەحەمولی مەرگی دکتۆر حەمیدی نەکردووەو خۆی کوشتوە؟!!!!!!.

هەموو تاساین چاوەڕوانی هەواڵێکی وامان نەدەکرد.

- کورە باپیرە قسەی خێرکە، توو دڵنیای کە ئەم هەواڵ ڕاستە.

بە هەمان ڕیتمی پێشوو باپیرە وتی:

- بەڵی دڵنیام.

- چۆن؟!!.

- ئەڵێن پاش ئەوەی تەرمی دکتۆر حەمید دەگاتەوە لای، پەخشان دەبوورێتەوە، کەسوکاری دکتۆر حەمید ئەوانەی کە لەوێدەبن، باوشی

پێدادەکەن، ناهێڵن بکەوێتو ئاو دەپرژێنە دەمو چاویاو پاش کەمێك بە هۆش دێتەوە، دووبارە ئەپرسێت:

- راستە حەمید شەهید بووە؟!!.

دوای ئەم پرسیارە پەلاماری تفەنگی پێشمەرگەیەك دەداتو دەیەوێ خۆی بکوژێ، بەڵام ئەوانەی لەوێ دەبن دەی گرن هەر چۆنێك بێ تفەنگی پێشمەرگەکەی لە دەست ئەسەنن‌و دووری دەخەنەوە، هەر لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەی پرسەکەیدا چەندین جار هەوڵی خۆ کوشتن دەدات، بەڵام کەس‌وکاری لێی بە ئاگادەبن‌و ناهێڵن ئەو کارە بکات، لە بەرەبەیانی سێیەم ڕۆژی پرسەکەی داو، ئەو کاتانەی کە هەموو پرسەدارێك لە خەوایە، پەخشان هەڵدەستێتو بەرەو سەر گۆڕی دکتۆر حەمید دەڕوات، ئەو ژنانەی کە لە هەمان ژووردا لەگەڵ پەخشان بوون، کاتێك بە ئاگادێن پەخشان لەسەر جێگاکەی نەماوە، یەکتر هەڵدەستێنن‌و دەکەونە هەواڵ پرسین‌و گەڕان بە ژوورەکانی تردا، نازانم کام لە ژنەکان دەڵێ:

- ڕەنگە چووبێت بۆ سەر قەبران.

پاش ئەم قسەیە پیاوەکان هەڵئەستێنن‌و هەموویان پێکەوە ئەچنە سەر قەبران، ئەبینن پەخشان خۆی داوە بەسەر گۆڕەکەی دکتۆر حەمیداو ئەویش رووحی سپاردوە، باپیرە لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە ناخۆش‌و کاریگەرە چەندین جار وەستاو بە پچڕ پچڕ قسەکانی دەکرد.

لە دوای تەواو بوونی قسەکانی باپیرە، لەبیرم نایەت نە من‌و نە هیچ کەسێك، قسەیەکی کردبێ، نەکەسێك پرسیارێکی کردو نە کەسێك قسەیەکی بە زماندا هات، من بە خە یاڵ بیرم لەوە دەکردەوە، کاتێك ڕووحی پاکی

هەردووكیان، كە لە عەرشی خواوەند یـەكیان گرتۆتـەوە، دكتـۆر حەمیـد بـەم دێرە شیعرەی (هێمن) پێشوازی لە پەخشانی دولبەری كردووە.

نەما خانی هەتا چیرۆكی ئەشقی ئێمە داڕێژێ

دەنا هێشتا لە كوردستان، دەژین زین‌و مەمێكی تر ...

# خاڵخاڵان .

خاڵخاڵان، شا، شاخی ئەم هەرێمەیە، شاخ نیە لەم هەرێمە، بۆ بەرزی شان لە شانی چیای خاڵخاڵان بدات، بڵندترین بەرزاییو بڵندترین لوتکەو بڵندترین چیا هەر خۆیەتی، بێ ڕکابەرترین چیا لە سنوری کەرکووک خاڵخاڵانە، ئەسحابە درێژ چیایەکی هاوڕێی خاڵخاڵانەو بەڵام هەندێك کەوتۆتە خوار شانی راستی خاڵخاڵانەوە، بۆیە خاڵخاڵان کەڵەگەتترین چیای ناوچەکەیە، هەر چەندە دیقەتم داوە تاکە خاڵێکیشم بە خاڵخاڵانەوە نەدیتووە، سەیرە!، ئەی بۆ ناوی خاڵخاڵانیان بەسەردا بڕیوە؟!.

لە پیاوێکی بەتەمەنی (مۆرد خوادە)ییم پرسی:

ئەم چیایە بێ خاڵە بۆ ناوی خاڵخاڵانە؟! .

مۆردخوادە، گوندێکە بە گەردنی خاڵخاڵانەوەیە، بە حیسابی خەڵکی گوند چەند شەقاوێك لە خوار لوتکەی خاڵخاڵانەوەیە، ئەو پیاوە بە تەمەنە مۆردخوادەییە فەرمووی:

- لە قەدیمانمانەوە دەگێڕنەوە بەفرێکی یەکجار زۆر لەم وڵاتە باریووە، ئەو بەفرە هەموو دەشتودەری گرتووەو بۆ ماوەیەکی درێژ دەشتو چیای سپی کردووە، دوای ئەوەی بەفر لە دەشتودەرا تواوەتەوە، ئەو بەفرە لە چیا، جێ جێ هەر ماوەو لە دوورەوە چیا خاڵ خاڵ خۆی نیشان داوە، لەو کاتەوە کە منیش بە تەواوی نازانم کەیە ئەم چیایەیان ناو ناوە خاڵخاڵان. دەگێرنەوەو دەڵێن ئەم چیای خاڵخاڵانە دارو دەوەنی چڕوپڕی هەبووەو، وەك ئێستا ڕووتو بێ خاڵ نەبووە، بەڵام دەڵێن لە دێر زەمانەوە، ئەو کاتانەی وڵات

بەفر دای دەگرتو سەرماو سۆڵە مۆخو ئێسکی بنیادەمی سڕ دەکرد هیچ هۆیەکیش نەبوو بۆ خۆ گەرم کردنەوەو خۆ پاراستن لەو سەرما بەتینە بە ناچاری خەڵکی ناوچەکە کەوتونەتە بڕینەوەی دارەکانی چیا، چیایان، ئاوا بێ دارو خاڵ هێشتۆتەوە، یان بە هۆی گەرم بوونی کەشو هەوای دنیاوەیە کە ئێستا خاڵخاڵان وا ڕووتو بێ خاڵە، بە تەواوی منیش نازانم.

دایکم دەیگووت:

- خاڵخاڵانو پیرەمەگرون، دەستە خوشك بوونە زەمانو زروفی نالەبارو سەختیەکانی ژیان لە یەکتری دایبڕاندوون، پێش مردنیان وەسێتیان کردووە خاڵخاڵان، لەسەر ئەم چیایەو پیرەمەگرونیش لەسەر لوتکەی پیرەمەگرون بنێژرێن، بۆ ئەوەی هەمیشە چاویان لە یەکترەوە بێت.

لە ئاینی پیرۆزی زەردەشتدا هاتووە، پیرەمەگرون یەکێك بووە، لە پیاوە ئاینیەکانی زەردەشتیو کەسێك بووە لە یارانی حەزرەتی زەردەشت ، بۆیە حەزرەتی زەردەشت وەك پێغەمبەری خودا، پیرەمەگرونی وەك خەلیفەی خۆی لە ناوچەی پیرەمەگرونی ئێستا، جێگیر کردووەو پیرەمەگرون نوێنەرایەتی ئاینی پیرۆزی زەردەشتی کردووە لەم هەرێمەدا.

ئێستا من ڕێك لە سەر بلندایی خاڵخاڵانم، خاڵخاڵانو هەموو دەشتاییو گوندەکانی ئەم سنوورە کەوتوونەتە ژێر دڕكو داڵو پوشی زەردەوە بووی وەرزی هاوینەوە، ئەگەر کەسێك ورد دیقەتی من بدات دەم بینێ، فەرقێکی ئەوتۆم نیە لەگەڵ ڕەنگی ئەو پوشو دڕکە وشکەوەبووانەی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکە، کە خۆری گەرمی هاوین ئەوەندە وشکی کردوونەتەوە بە ئاسەتم پێ بنێیتە سەریان، یان لەبەر پێت دەپەڕن، یان لە بن پێت وردو خاش دەبن، بەرگێکی خاکیو پانزە گەز قوماشی پشتێنم لە خۆم ئاڵاندووە

پشـتێنیش هـەر خـاکی، جـووتێ پـێڵاوی ئەدیداسـی خـاکی کـۆنو شـەش مـەخزەنی کەلاشـینکۆف بـێ ئـەو مەخزەنـەی سـەر تفەنگەکـەم، لەگـەڵ نارنجۆکێـكو مەتارەیـەك ئـاوی گـەرمو کەلاشـینکۆفێکی قۆناغـدار، ڕەنگـی قۆناغی تفەنگەکەشم لە ڕەنگی زەردهەڵگەڕاوی خاڵخالآن ئەچێ، ئـەم تولـە ڕێیە باریكو سپیەی پێدا دەڕۆم، دەمباتە گونـدی سەرچنار، ئـەم تولـە ڕێیـە ئەوەندە باریکە بە هیچ جورێك ڕێگە نـادات دوو کـەس بـە هاوشانی یەکـەوە ڕێگە ببڕن، هەر ئەم توولـە ڕێیـەی کـە ئێسـتا مـن پێیـدا دەڕۆم پـێش ئـەوەی بگاتە گوندی سەرچنار ڕێگەیەکی هەندێك لە خۆی بەرین تری لێ دەبێتـەوە ئەو ڕێگایە دەمباتە گوندی چوخلیجە، چوخلیجە گوندێکە لە نیمچە دۆڵێکی بناری خاڵخالآن بنیاد نراوە، چوخلیجە لە شوێنێکی ئەوەنـدە نـەدیوە، دەڵێی خۆی لە گوندو خەڵکانی دیکە حەشارداوە، من بە نیاز نیم نە لـە سەرچنارو نە لە چوخلیجەش لابـدەم، دەمـەوێ ڕێـكو راسـت بچمە گونـدی گردخەبـەر، تەنانەت نامەوێ بۆ گۆڕینی ئاوە گەرمەکەی نـاو مەتارەکەشـم، لابدەمـە هـیچ ماڵێك لـەم گوندانـەی کـە دەکەونـە سـەر ڕێـم، مـن قـەت حەوسـەڵەی مـەتارە هـەڵگرتنم نـەبووە، نـازانم چـۆن وا ئـەم مەتارەیـەم لـە دڵ شـیرین بـوو، مەتارەکەم لەو جۆرانەیە کە لە فافۆنی سپی دروست کـراون، ڕەنگـە بـەهۆی ئـەوەوە بـووبێ هاوڕێکانم ئەوەنـدە مـەتحیی ئـەم جـۆرە مەتارەیـەیان کـرد، گوایـە لـە هـەڵگرتنا کێشی سـووکەو ئـاوی تێـدا درەنـگ گەرمـەبێو تـامی ئاوەکەی خۆشترە لە جۆرەکانی دیکەی مەتارەی ئاوو......هتد، ئیتر منـیش تـا ئێستا نەمتوانیوە، دەس بەرداری مەتارەکەم ببم. ڕاستە ئاوی نـاو مەتارەکـەم گەرم بووە، بەڵام ئاوێکی گەرمت پێ بێ باشترە لەوەی هـەر ئـاوت پـێ نـەبێت بەم گەرمای هاوینە. ئەگەر بمەوێ لە گوندی چوخلیجەش لانەدەم دەبـێ مـل

ئـەو باریکـە ڕێیـە بگـرم کـە بـەر لـەوەی بگەیتـە چـوخلیجە لـە شـارێگاکە ئەبێتـەوەو ڕووەو ئـەو شـانە سـورکانیە دەچـێ کـە هەنـدێك درێـژ بۆتـەوەو بەلاپاڵی دۆڵە قوڵو بەرینەکەی کە لە شاخی دەربازەوە دێتـە خـوارێ، بڕینـی ئەم دۆڵە قوڵەش لایەنی کەم دەمژمێرێکی دەوێ تا دەگەمـە گردخەبـەر، ئـەم دۆڵە، جگە لە قەمیشو ناوە ناوە بەنە کفری تەپو تۆزاوی هیچ شتێکی تری لێ نەڕواوە، بەڵام خەڵکی هەموو دونیاش بێنـە ئـەم دۆڵـەو خـەریکی قـەمیش بڕین بـن هێشـتا هـەر قەمیشـی ئـەم دۆڵـە تـەواو نـابێ، ڕەنگە ڕەگـو ڕیشـەی هەموو قەمیشەکانی کە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە بینیوتـە بگەڕێتـەوە بـۆ ئەم دۆڵە، من تا نـەببووم بـە پێشمەرگەو ئـەم دۆڵـەو دۆڵەکـەی ئـەو دیـوترم نـەدیبوو، نەمـدەزانی ئـەم هـەموو قەمیشـە لـە ئـەرزی ئێمـەدا ڕواوە، لـە کـەرکووك، لـەو چـایخانەیەی کـە دەکەوتـە بەرامبـەر سـینەما سـەڵاحەدین شوورەیەکی قەمیشی گەلا پانی لێ چێندرا بوو، گەڵای ئەو قەمیشانە ئەوەندە سەوزو تەڕ بوون، پێت وابوو بۆ خـواردنیش دەبـێ، هەمیشـەش عارەبانەیـەکی سێ تایـەیی لەبـەردەم ئـەو چایخانەیە وەستا بـوو لەفـەی گەسـی دەفرۆشـت، کابرای گەس فرۆش پیاوێکی خرپنـەی ڕەنـگ ئەسمـەر بـوو، ئـەو پیـاوە نـاوی عەباس بوو، لـە گـەرەگی ڕەحیمـاوای خۆشمـان لـە چایخانەکانی سـەر جادەی گشتیی دیواری بە قەمیش چێندراوم بینی بوو بەڵام ڕەنگە سەرچاوەی ڕەگـی ئەو قەمیشانەش هەر ئەم دۆڵە بێ.

ئێستا من گوندی چوخلیجەشـم تێپەڕانـدووەو ئەوەنـدەم نـەماوە شـۆڕببمەوە بۆ ناو دۆڵە قوڵە پڕ قەمیشـەکە، هـەر چـۆنێك بـێ، دەمـژمێرێكو نیـوی تـر، دەگەمـە گونـدی گردخەبـەر، ئـەم دۆڵـەی ئێسـتا وا مـن قـووت دەدات پـاش دەمژمێرێکی تر ڕێك لە پەنای ماڵانی گردخەبەرەوە دەمباتـە نـاو ئاواییـەوە،

ماڵ هاوڕێ ئارام یەکەم ماڵە پێشمەرگەی سەر بەرزایی ئەم دۆڵەیە، ماڵی ئێمە دەکەوێتە نزیك مزگەوتی ئاواییو ماڵی میم قودرەتیش دەکەوێتە سەر شا ڕێگاکەی ناو گوند، میم قودرەت، کە زیاتر بە (عەتە) ناو دەبرێت، ژنێکی ئازاو بەجەرگە، هێشتا گەنج دەبێ عارەبە حەرس قەومیەکان، لە ساڵی ١٩٦٣ پیاوەکەی دەکوژن، عەتەش شێرانە بەرگەی ئەو ڕۆژگارە تاڵە دەگرێتو واز لە ژنایەتی خۆی دێنێت، عەتە شان دەداتە بەر باری سەختی ئەو ڕۆژگارەو منداڵەکانی لە هەموو گەرمییو سارديیەکانی ڕۆژگار دەپارێزێت، میم قودرەت دایکی دوو پێشمەرگەیە، یەکێك لەو پێشمەرگانە کادرە مەندو تیژەکەی خۆمانە، ئێستا نازدارترین بەچکەی میم قودرەت کوڕە گچکەکەیەتی (ڕەمزی)، ئەستەمە میم قودرەت بتوانی بەرگەی یەك ڕۆژی دابڕانی ڕەمزی کوڕی بگرێت، هاوڕێ شەماڵو ئازاد کە بە ئازە گۆڵچی دەناسرێت، ئەم دوو پێشمەرگە شاریەش زەماوەندی ژن گواستنەوەیان لەم گوندە کردو ئێستا هەردووکیان وەك قسە باوەکە دەڵێ، لە مانگی (هەنگوینی) دان.

ئەرێ بە ڕاست.....!دەبێ ئەو مانگە، هەربەڕاستی وەك هەنگوین شیرینو خۆش بێ؟!.

ئەی بۆچی تا ئێستا من بیرم لە مانگی هەنگوینی خۆم نەکردۆتەوە؟!.

با، لە وەرزی گفتوگۆدا، سووکە بیرێکم لە مانگی هەنگوینی کردووە، بەڵام لەو سووکە بیرکردنەوەیەش ئەوەندە ترسام، ئەوەندە ترسام بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکەم نەبێت بە ڕاست هەر زوو پەشیمان بوومەوە، ئەی ئێستا بۆ بیر لە ئەو مانگە لەزەتاویە ناکەمەوە؟، جا وا بیرشم لێی کردەوە چ کچێك

ڕازی دەبێ لەگەڵ بابایەکی ڕاونراوی بێ حاڵ و ماڵ، بچێتە مانگی هەنگوینیەوە؟!، باشتر وایە واز لەم بیرکردنەوە بێ سەرو بەرە بهێنم.

ئای ئەوە خۆ گەیشتوومەتە بەر دەرگای ماڵ خۆمان، دوای مانگ‌و نیوێك دابڕان‌و جەولە، ئەوا ئێستا ئاودیوی دەرگای حەوشە بووم.

ئەوەی لە دوورەوە سەرنجی ڕاکێشام، کلاّشەکانی باوکم بوو لەبەردەم ژووری ماڵەوە، لە هەیوانەکە سپی دەچووە.

## خەوم زڕاوە .

من ئەم شەو خەوم زڕاوەو خەوم نایە، هۆی خەو زڕانەکەشم نازانم چیە، بەڵام پێ ناچێ جارێ بتوانم بخەوم.
دەی، بۆ ئەوەندە پەلەی خەوم بێ خەوێکی دوورو درێژو بێ هەستانەوە لە پێشمانەو هەمیشە بۆمان لە بۆسەدایە، با نەخەوین، با هەموو خەوە نەهاتوو، خەوە زڕاوەکانمان بۆ ئەو خەوە درێژو ئەبەدیە هەلگرین، ئەو خەوە ئارامو ڕزگارکەرە، ڕزگارکەر لە هەموو ئەندێشەو تاڵییەکانی ژیان، ڕزگار بوونە لە یادەوەریەکان.
کات- نیوە شەوێکی مانگی مایسە.
شوێن- ناو مزگەوتی گوندی کوچك نەخشینەیە.
کوچك نەخشینە، گوندەکەی پشتیوانە، ئەو پشتیوانە بەژن بڵندەی کە بە زیندوویی جێماهێشت!!.
ئێستا لە گوندەکەی ئەوین، ئای پشتیوان.
ئێستا جگە لە منو ئەو پێشمەرگەیەی کە ئیشکگرە، هیچ کەسێکیتر بەخەبەر نیەو هەموو نوستوون، هەموو کوچك نەخشینەش نوستووە، سەگێکی ناو دێ کە پێ دەچێ ماڵی ساحێبی ئەو سەگە نزیك بێ لە مزگەوتەکەوە بەردەوام حەپەی دێ، تاو نا تاوێك نەبێ کەپشوویەك بەگەرووی دەداو دووبارە دەس بە حەپین دەکاتەوە، لە حەپین بێزار نابێ، ناوە ناوەش کەڵەشێرێك دەقولێنێ.
یادەوەریەکان ئەم شەو جێم ناهێڵن، یان من یەخەیان بەرنادەم.

نازانم!!.

باوەفەتی گوندێکە نزیکەی دەمژمێرەڕێیەك، لە گوندی کوچك نەخشینەوە دوورە، باوەفەتی دەکەوێتە باکوری ئەم گوندەی کە ئێستا خەوی منی زڕاندوە، یەکێك لە هاوڕێکانم ناوی نەسرەدین بوو، ئەم نەسرەدینە چەند ڕۆژێك لێمان ون بوو، بەڵام ون بوونەکەی تەنها لە پێش چاوی ئێمە ون بوون، بوو!، دواتر بۆمان دەرکەوت کە بە ئاگاداریو ئیزنی فەرماندەی کەرتەکەمان خۆی ون کردووە، شەوێك کە بانگی خەوتنانی دابوو نەسرەدین دەرکەوتەوە، ئەو شەوە ئێمە لە گوندی گەزەڵان بووین، هەر دوای چەند خولەکێك لە گەڕانەوەی کە هێشتا زۆرمان بەخێرهاتنەوەی نەسرەدینمان نەکردبوو، نەسرەدین لەگەڵ نەهرۆ قەسرۆکی چوونە دەرەوەی مزگەوتەکە، نەهرۆ جێگری فەرماندەی کەرتەکەمان بوو، دوای تاوێك لە چپەچپی دووقۆڵی نەسرەدینو نەهرۆ، پێکەوە گەڕانەوە ناو مزگەوتەکە، نەسرەدین ماتوماندوو دیار بوو، لە ناو ماتیو ماندوێتێکەیا، جار جارە، زەردەخەنەیەکی ماندوو لەسەر لێوی نەسرەدین دەبیندرا، ئێستا نەسرەدین دەستی ڕاستی گرتووە بە سمێڵەکەیەوەو هاوشانی کاك نەهرۆ لە ناو مزگەوتەکە بە پێوە وەستاوە، کاك نەهرۆش، هەر بە سروشت پیاوێکی شەرمن بوو، هەمیشە پێش ئەوەی دەست بەقسەکانی بکات زەردەخەنەیەکی شەرماوی دەنیشتە سەر ڕوخسای، نەهرۆ بە خەندەشەرمنەکەیەوە وتی:

- توخوا برادەران تۆزێك نزیك ببنەوە، با دوو سێ قسە بکەین.....

ئێمەش کە شارەزای سروشتی کاك نەهرۆ بووین زانیمان کارێك هاتۆتە پێشمانو ئەو کارەش پەیوەندی بە نەسرەدینو ونبوونەکەیەوە هەیە،

هەموو لە دەوری نەهرۆو نەسرەدین کۆبووینەوە، نەهرۆ دەستی بەقسەکانی کردو وتی:

- ئەوە چەند ڕۆژێکە نەسرەدین بە ئاگاداری ئێمە، ڕۆیشتوە بۆ سۆراخو تاقیبکردنی کاروانێکی سەربازی کە لە نێوان تەکیەی کاکەمەندو شارۆچکەی ئاخجەلەر هاتووچۆ دەکەن، ئەم کاروانە سەربازیە پێکدێن لە شەش سیارە، یەکێك لەم سیارانە جێبێکە، ئەو جێبە ئەفسەرو فەرماندەی سەربازەکانی تێدایە، ئەم کاروانە بچکۆلانەیە بەیانیان کاتژمێر شەشو نیو بەدواوە، لە تەکیەی کاکەمەندەوە دەردەچێو پێش کاتژمێر حەوت دەگاتە ئاخجەلەر، ئێمە پێویستە بەیانی لە پێش کاتژمێر شەشەوە لە بۆسەدابین بۆیانو، شوێنی دانانی بۆسەکەشمان دیاری کردوە.

هەر ئەو کاتەو دوای قسەکانی کاك نەهرۆ، خۆمان کۆکردەوەو کەوتینە ڕێ بەرەو گوندی باوەفەتی، نێوانی گوندی باوەفەتیو جادەی سەرەکی نێوان تەکیەی کاکەمەندو شارۆچکەی ئاخجەلەر، بە پێیان لە نیو دەمژمێر پتر نەدەبوو، بۆ ئەوەی بە تەواوی کاری کەمین دانانەکەمان، بە نهێنی بهێڵینەوەو هیچ شكو گومانێك نەکەوێتە سەرمان، چووین لە دوکانی گوندی باوەفەتی سندوقێك بیبسیو چوار پێنج نایلۆن لە کێکە زەردەکانمان کڕی، ئەو کێکە زەردانە بە قەدەر ناو لەپێك پان بوو شەکرێکی ووردکراوی بەسەرەوە بوو تامێکی زۆر خۆشی هەبوو، هەر یەکێك لەو نایلۆنانە ژمارەیەکی زۆر لەو کێکە زەردانەی تێدابوو، وامان لە دوکاندارو خەڵکی گوندەکە گەیاند، کە ئەو کێكو بیبسیانە وەك شەو چەرەیەك لە مزگەوتەکە دەیخۆین، کە گەڕاینەوە مزگەوت بیبسیەکانمان خواردو کێکە زەردەکەمان هێشتەوە بۆ بەیانی، چونکە دەبوو ئێمە کاتێك لە گوند دەرچین هێشتا کەس

لە خەڵکی گوند هەڵنەستابێت، هیچ کەسێکشمان ئەو شەوە نەچووینە ماڵانی ئاوایی بۆ پەتۆو پێخەف هێنان، هەر چەندە وەرزی زستانو ساردیش بوو، بەڵام هەروا بێ بەتانیو پێخەف لە مزگەوتەکە خەوتین، بەیانی پێش کاتژمێر چوارو پێش مەلا بانگدان لە خەو هەستاینو کەوتینەڕێ بەرەو شاخی دەربەندی بازیان، ئەو شوێنە کە دیاری کرابوو کەمینی لێدانەین، لەلای تەکیەوە یەکەمین پێچ بوو، ئەو پێچە دەهاتە ناو شیوێکی قوولەوە، لە ناو شیوە قوولەکەو پێش ئەوەی جادەکە هەڵگەڕێتەوە بۆ سەرەوە، بیست بۆ سی مەترێك تەختایی بوو چەند گابەردێکی گەورەو هەندێك بەردی گچکەتر لە گابەردەکان، پانزە بۆ بیست مەترێك لە جادەکەوە دوور بوون، دوانزە پێشمەرگە، کە منیش یەکێك لەو پێشمەرگانە بووم چووینە ناو ئەو بەردانەوەو خۆمان لە بۆسەنا بۆ کاروانەکەی دوژمن، ئەو کاتەی ئێمە چووینە ناو بەردەکانەوە خۆمان لە بۆسەنا ئاسمان پڕ هەور بوو، هەورێکی توندتر، لەو هەورەی، کە لە ئاسمانی چەمچەماڵەوە بەرەو شاخی دەربەند بەرێوە بوو.

ئێستا دەمژمێر، لە نێوان شەش، بۆ شەشو نیوە، دونیا هێشتا تاریکە، وردە وردەش باران پروشە دەکات، کاتی هاتنی کاروانەکەی دوژمن نزیك بۆتەوە، ئێمە لە ژێر پروشەی بارانـدا چاوەڕوانی هاتنی کاروانە سەربازیەکەی دوژمنداین، تا دێ دونیا زیاتر ڕۆشن دەبێتەوە، باران لە پڕوشەوە ئەبێتە لێزمەباران، کات تێپەڕیو کاروانی سەربازی دەرنەکەوت، هەموو تەڕ بووین لە بن بارانی بەخوڕو چاومان لەسەر قەرەوڵی تفەنگە، ئێستا نا ئێستا، کاروانی سەربازی دوژمن پەیدا دەبێو دەکەوێتە ژێر رەحمەتی

تفەنگەکانمانەوە، نەسرەدین یەکێکە لەو دوانزە پێشمەرگەیەی کە دەستەی هێرشی کەمینەکەین، زوو زوو لە نەسرەدین ئەپرسین:

- نەسرەدین کوا هێزەکەت هەر دەرنەکەوتن؟!.

- ئەوانە هێزی من نین هێزی دوژمنن، پەلە مەکەن هەردێن.

- کەی دێن؟!، چێشتەنگاو دێن؟!،

نەسرەدین لە هەموومان پەلەتری بوو، بە دواکەوتنی کاروانەکە تەواو نیگەران بوو، بەڵام بڕوای تەواوی بەهاتنیان هەبوو.

بارانەکە تا دەهات بە خوڕو لێزمەتر دەباری، جلی ژێرەوەو هەتا پێستەکەشمان تەڕ ببوو، جگە لەو دوانزە پێشمەرگەیە، هەموو پێشمەرگەکانی تر بەشاخەکەدا دابەشکرابوون، بۆ پشتیوانی لە دەستەکەی ئێمەو پاراستنمان لە کاتی گەڕاونەوەماندا، لە سەرووی هێزە پشتیوانیەکەمانەوە رەبیەی سەربازی دوژمن بوو، کە لەسەر بڵندایی شاخی دەربەند جێگیر کرابوون، ئێستا هەموو هێزەکەمان کەتووینەتە نێوان جادەی ڤیرو ڕەبیەی سەر شاخی دەربەند، ئەگەر کاروانە سەربازیەکە نەیەن ئەوە دەبێ تا ئێوارە لەم نێوانەدا بمێنینەوە، نەدەتوانین بە ڕۆژەوە لە پێش چاوی ڕەبیەو هێزی دوژمن لە جادەی ڤیر بپەڕینەوە، نە دەشتوانین بە شاخا هەلگەڕێین.

کات بە تەواوی درەنگی کرد، هەموو شلپەی ئاوماندێ، وەك چۆلەگەی بەر باران خوساوین لە ئاودا، لە پڕ دەنگی گوڕەیەك پەیدابوو، هەموو خۆمان توندکردەوەو مشتومالی تفەنگەکان کرد، گوڕە گوڕەکە لە ماوەی کەمتر لە خولەکێك گەیشتە سەرمان، لە ئاسۆی ئەو پێچەی کە شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو دۆڵەکەو هەمووومان چاومان تێ بڕیوە، دوو کۆپتەری جەنگی دەرکەوتن،

ئەوەنــــدە بـــەنزمی دەفـــڕین کـــە هـــیچ جیاوازیـــەکیان نـــەبوو لەگـــەڵ ئۆتۆمبیلا،تەنیا فریای ئەوە کەوتین، هەر کەسـەو لـە شـوێن خۆمـان، خۆمـان مات کەین‌و جووڵە لەخۆمان ببڕین، کۆپتەرێکی لەوان گەورەتریش، کە پێیان دەگووت بار هەڵگر، لە سەرووی ئەو دوو کۆپتەرەو لە بەرزی ئاسمان دەفڕی، لەم کاتـەدا دەنگێکش کـە پێمـوابـوو دەنگی کـاك نـەهرۆ بـوو دووجـار لەسـەر یەك وتی:

کەس تەقە نەکات، هەموو خۆتان مات کەن.

هەموو بە وریاییەوە هەستمان لە خۆمان بڕی بوو، کۆپتەرەکان جادەو جادە دەهاتن، کە ئێمەیان تێپەڕاند هەمان دەنگ بانگی کردوە.

- برادەران، خێراکەن وەرنە سەرەوە،خێراکەن تا کۆپتەرەکان نەگەڕاونەتەوە.

بەخێراییی‌و بە تەڕی کە ئـاو لـە هـەموو گیانمـان دەچۆڕا، خۆمـان گەیانـدەوە لای هاوڕێکانمـان، کـە هـەر دوو سـێ کەسـەو خۆیـان دابـوە بـن گـەوەڕو بـن شاخێك، من ڕێـم کەوتـە بـن تـاوێرە شـاخێك سـێ چـوار پێشـمەرگەی دیکـەی گرتبـووە خـۆی، ئـەوەی لـە بـیرم مـاوە، کـاك هـەردی، مامۆسـتاجمهور، زرار تیژەیی لێ بوو، منیش چوومە پاڵیان، شوێنەکەیان خراپ نەبوو بـاران کـەمتر دەیگرتەوە.

کۆپتــەرەکان دوو ســێ جــاری تــر هاتووچــۆیان کــرد، شــاخەکەی پشــتەوەمانی پشکنی، نزیکەی پانزە تا بیست خولەك، سەروبنی ناوچەکەی کردو پاشان لـە هەمان ئاسۆوە، کە لێمان دەرکەوتن، هەر لەوێوە ئاوابوونەوە.

مامۆسـتا جمهـور، یـەکێك لـە پێشـمەرگە قسـە خـۆش نوکتەزانـەکان بـوو، لـە ئێستەشدا کە ترسی کۆپتەر نەمابوو، بەدەنگی بەرز هاواری کرد:

- نەسرەدین، کورە نەسە، توو شەرەفت لە شێخ مەحمودەوە، یەك کەس لەم دەربەندە تەقەی کردووە،توو وا ئێمەت هاورد بۆ ئێرە؟!.

نەسردین دەنگی نەبوو، نەماندەزانی کەوتە لای چ کۆمەڵو بن چ شاخێکەوە، لەو چوار پێنج پێشمەرگەیەی یەك کەوتبووین تەنها هەردی کاتژمێری لەدەست بوو، مامۆستا جمهور زوو زوو لە هەردی ئەپرسی:

کاك هەردی دەمژمێر چەنە؟.

هەردیش، بێ بێزار بوون، کاتەکەی پێدەگووت، زرار وتی:

- ئەرێ من برسیمە، کێکتان پێماوە؟.

من کێکە زەردەکەم پێمابوو،تا زرار هەواڵی نەپرسی هەر لە فکریشم نەمابوو، وتم:

- وەڵا من پێمە، بەڵام لە کۆڵەپشتەکەمدایە، ئەبێ ئێستا حاڵی چی بێ!، کۆڵەپشتەکانمان، هێلەگێك بوو لەسەر جلو تاخمەکانمانەوە لەبەرمان هەڵدەکێشا گیرفانێکی گەورەی هەبوو بە قەدەر ناو شانمان، گیرفانەکەی بە دووگمەیەك دادەخرا، هەموو پێویستیەکانمان، لەو گیرفانە گەورەیەدا هەڵدەگرتو پێمان دەگوت کۆڵەپشت، کۆڵەپشتەکەی هەردی دەوڵەمەندترین کۆڵەپشتی پێشمەرگە بوو، ددانی مارو شیری چۆلەگەشی تێدا دەست دەکەوت، کە کۆڵەپشتەکەم کردەوە کێکەزەردەکە، ببوو بە هەویر، ئاوێکی زەردی دابوەوە بۆ تەمەشاکردنیش نەدەبوو، بەڵام لە پاکەتە جگەرەکەی بەر باغەڵم توانیم چەند جگەرەیەکی وشك بدۆزمەوە، باشترین نیعمەتی ئەو کاتەم دەست کەوتبوو، جگەرەیەکم داگیرساند، تامو بۆنو دووکەڵی ئەو جگەرەیە لە گێڕانەوە نایەت، لەزەتێکی تایبەتی هەبوو.

ئێستا بە پێی کاتژمێری گەدە لە نیوەڕۆش لای داوە، مامۆستا جمهور جارێکی تر، لە کاك هەردی پرسیەوە:

- کاك هەردی کاتژمێر چەندە؟.

- بۆ دە پێنج خولەکی دەوێ.

ئەوەندەی دوو مژم دا لە جگەرەکەم، مامۆستا جمهور پرسیەوە:

- کاك هەردی کاتژمێر چەندە؟.

- بۆ دە دوو خولەکی ئەوێ.

دوای دوو هەناسە هەڵکێشان و سێ قسەی باراناوی، مامۆستا جمهور پرسی:

- کاك هەردی کاتژمێر چەندە؟.

- دەی تەواوە .

مامۆستا جمهور وتی:

- بەشەرەفم دوێنێ ئەم وەختە کاتژمێر یەك بوو، بۆ ئێستا کاتژمێر دەیە ها؟.

ئێستا باران لێی کردۆتەوە، هەور بەرزە، کاتژمێرەکەی کاك هەردی نزیکی دوانزە بۆتەوە، دوای ڕاوێژێکی خێراو هەندێك مقۆ مقۆ بڕیارماندا بکەوینەڕێ، بەوریاییەکی زۆرو بە مەسافەیەکی باشی نیوانمان دوو دوو بە ئاراستەی ئاخجەلەرو بە بناری شاخی دەربەندا کەوتینەڕێ، بڕۆ بڕۆ تا گەیشتینە ئاستی گوندی قوڕاوە، قوڕاوە گوندێکە دەکەوێتە سەر جادەی نێوان تەکیەو ئاخجەلەر بە بەری باوەفەتیا، لەوێوە کە لەبەرچاوی ڕەبیەی سەر شاخی دەربەند ون ببوین، ترسێکی ئەوتۆمان لەسەر نەمابوو، دوو دوو، لە جادەی قیر پەڕینەوەو چووینە ناو گوندی قوڕاوەوە، نانێکی درەنگ وەختی نیوەڕۆمان لە گوندی قوڕاوە خوارد..

ئێستا هەموو ئاوایی کوچکنەخشینە خەو بردویتیەوە ، تەنیا من و پێشمەرگەیەکی ئیشکگرو سەگێك لەم ئاواییە خەو نامانباتەوەو بێدارین، کەڵەشێرەکەش قوولەی نەما، پێشمەرگە ئیشکگرەکە ئێشکی ئێمە دەگرێ، سەگەکەش ئیشکی ئاوایی نوستوو دەکێشێو منیش ئیشکچی بیرەوەریەکانی خۆمم.

یادەوەریەکان دەمبەنەوە بۆ ئەو شەوە پڕ لە ماندوو بوونو ترسەی کە پشتیوانی لێمان ون کردو ئیتر بۆ هەتا هەتایە نەماندیتەوە، ئەو شەوەی برسێتیو سەرما سڕی کردینو هێزو توانای لە جەستەمانا بڕیبوو، ئەو شەوەی جگە لە خوا هیچ کەسێکی تر فریادڕەسمان نەبوو.

چەند ڕۆژێك دوای ئەو شەوە کارەساتاویە، کە بە تەواوی نازانم چەند ڕۆژی برد، لە ڕێگای ڕێکخستنکانی ناو شارەوە کەوتینە سۆراغی چارەنووسی پشتیوانو تەرمی سەید برایم.

دوای هەواڵ پرسینو بەدوادا چوونی زۆر بۆمان ڕوون بۆوە.

کە ئەو تانكو هێزەی بۆمان لە بۆسەدا بوون، هەر دوای دەرچوونمان، لە گوندی قەرەچەتانو هاتنمان بە ئاراستەی جادەی سەرەکی نێوان دوکانو تاسلوجە، هەستیان بە جوڵەی ئێمە کردبوو، لەبەر ئەو هۆیەش خۆیان بێ دەنگ کردبوو، هەتا ئێمە ئەوەندە لێیان نزیك ببینەوە کە ماوەی دەربازبوونمان نەمێنێ.

ئەو یەك دوو سەربازە کوردەی کە ڕێکخستنەکانی ناو شاری ئێمە پەیوەندیان پێیانەوە کردبوو، وتبوویان:

- دوای ئەوەی پێشمەرگەکان بە سواری تراکتۆرو عاربانەکەوە دەگەنە بن دەستی تانكو هێزە سەربازیەکە، تانکەکە تەقەیان لێ دەکات، لەگەڵ تەقەی

یەکەمی بۆسەکەدا تراکتۆرەکە هەڵدەگەڕێو هەموو پێشمەرگەکانیش بڵاوە دەکەنو کاتێك کە تانکەکە دەگاتە سەر تراکتۆرەکە، هەموو پێشمەرگەکان خۆیان دەرباز کردووە، دوای ئەوە تانكو هێزە سەربازیەکە دەگەڕێنەوە بۆ سەر تراکتۆرە هەڵگەڕاوەکە، سەربازەکان لە هەوڵی ئەوەدا دەبن تراکتۆرەکە ببەستنەوە بە تانکەکەوەو بیبەنەوە بۆ سەربازگەکەیان، لەم کاتەداو لە ژێر تراکتۆرەکەوە سەربازەکان گوێیان لە نوزەیەك دەبێ، کە لە نوزەکە نزیك دەبنەوە ئەبینن پێشمەرگەیەك لە ژێر ئەو ڕایەڵە ئاسنەدایە کە تراکتۆرو عاربانەکەی پێکەوە بەستاوەتەوە، پێشمەرگەکەش لەگیانەڵادایە، سەربازەکان تراکتۆرەکە ڕاست دەکەنەوەو پێشمەرگە بەجێ ماوەکەش فڕێدەدەنە ناو عاربەنەی تراکتۆرەکەوە، سەربازەکان دەبینن تەرمی پێشمەرگەیەکی شەهیدیش لە ناو عاربانەی تراکتۆرەکەدایە، دوای ئەمە بە ڕاکێشان تراکتۆرەکە دەبەنەوە بۆ سەربازگەکەیان لە سوسێ.

کە دەگەنە سەربازگەی سوسێ ڕۆژ هەڵات دەبێ، تەرمی سەید برایم هەر لە ناو عاربانەکەدا دەهێڵنەوەو لاشەی پشتیوانی نیوەگیان دادەگرنو لە نزیك ژووری ئەفسەری سەربازگەکە، لە ناو قوڕو لیتەو بەفردا، جێ دەهێڵنو خەبەر بە ئەفسەرەکەیان دەدەن، پاش دەمژمێرێك ئەفسەری دڕندە دێتە سەر پشتیوان-ی بێ پشتیوانو یەخسیری دەستی زاڵم، ئەفسەری دڕندەی زەمان چەند پرسیارێك لە پشتیوانی دیلو سەرما بردوو دەکات، پشتیوان لەبەر سەرماو ئازاری سەختی قاچی، عەیامێکە زمانی لە گۆ کەوتووەو بە هیچ جۆرێك زمانی گۆناکاتو توانای وەڵامدانەوەی ئەفسەرەکەی نابێ، هەر لەوێو لەناو بەفرو قوڕو لیتەی سەربازگەکەدا ئەفسەری دڕندە دەمانچەکەی ڕادەکێشێو دوو فیشەك ئاراستەی سەر سینگی پشتیوانی بێ کەس دەکات،

خوێنی جەستەی پشتیوان تێکەڵ بە بەفرو قوڕو لیتەی سەر ئەرزەکە دەبێ، دوا ئاخی زاری پڕ ئازاری پشتیوانو دوا هەڵمی خوێنی گەرمی جەستەی پشتیوان، ڕووەو عەرشی خواوەند دەچن.

- خودایە، ئەم زوڵمە تاکەی؟!.

ئەو سەربازانە گێڕا بوویانەوە، دوای شەهیدکردنی پشتیوان، تەرمە بێ نازەکەی، دەخەنە پاڵ تەرمی سەید برایمو هەردوو تەرمەکەش دەدەنە شارەوانی سلیمانی، شارەوانیش بەبێ شوشتنو کفن کردن، تەرمی ئەم دوو شەهیدە لە گردی سەیوان دەخەنە قەبرەوە.

دوای بیستنی ئەم هەواڵە خەماویە، داوامان لە ڕێکخستنەکانی ناو شار کرد کە شوێنی قەبری شەهیدەکانمان بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ تەرمەکانیان دەرباز کەینو لە ناوچە ئازاد کراوەکانی خۆماندا بیان شۆرین بیان نێژین، دوای چەند ڕۆژێك هەواڵێك لە ناو شارەوە هات: شەوی تر وەرنە گوندی (فەیاڵ)ی نزیك شارو ئێمە چاو ساخیتان دەکەین بۆ بردنەوەی تەرمی شەهیدەکانتان.

دەستەیەك پێشمەرگە بە سەرکردایەتی کاك دلاوەر عەسری شەوی دیاری کراو گەیشتینە گوندی کانی گۆرانی نزیك گوندی فەیاڵ، ئێمە لە مزگەوتی گوندەکە لە چاوەڕوانی دابووین، دوای نوێژی شێوانی ئەو شەوە، بە چرپە کاك دلاوەر بانك کرا، ڕۆیشتو ئێمەش هەموو لە چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەودا ماینەوە، دوای زیاتر لە دەمژمێرێك دلاوەر هاتەوە، بە گەڕانەوەی ئەو ئێمەش کەوتینە خۆ کۆکردنەوە بۆ ڕۆیشتن، بەڵام دلاوەر بە شێنەیی وتی:

- برادەران خۆتان مەبەستن، وەرن دانیشن با دوو قسەبکەین.

هەموو بە نیمچە سەرسامی لە دەوری کاك دلاوەر کۆبوینەوە، دلاوەر ماندوو دیار بوو، دلاوەر وتی:

- برادەران من ئێستا لە گوندی فەیاڵەوە دەگەڕێمەوە، دیارە ئەو برادەرانە وایان بە باش زانیبوو، تەنها یەك کەس لە ئێمە ببینن، ئەم برادەرەی کانی گۆرانیش هەر وای پێ چاکبوو، لەگەڵ ئەم برادەرەی ئێرە پێکەوە چووین بۆ فەیاڵ، لەوێ دوو برادەری ناو شار چاوەڕێی ئێمە بوون، بە کورتی دلاوەر لە گوندی فەیاڵ، دوو جوامێری دەمامك هەڵبەستراوی دیبوو، ئەو دەمامك هەڵبەستوانە وتبویان:

وەك چۆن ئێوە پەیوەندیتان پێمانەوە هەبوو، کەس‌وکاری شەهیدەکانیش پەیوەندیان پێمانەوە کردو دوای لێکدانەوەیەکی زۆر بە بڕوای کەس‌وکاری شەهیدەکان‌و ئێمەش، وا بە باش زاندرا، کە هەر لە گردی سەیوان تەرمی شەهیدەکان دەربهێنین‌و بیان شۆین‌و کفنیان بکەین‌و لە هەمان شوێن بیانێژینەوە، جوامێرە دەمامك هەڵبەستوەکان وتبویان:

-دوێنێ شەو بە ئامادەبوونی برای هەردوو شەهیدەکە کاری شوشتن‌و ناشتنی شەهیدەکانمان جێبەجێ کردووە.

ئەم پەیوەندیانە کە لەگەڵ ناو شارەوە ئەکران، بەپێی قسەکانی کاك دلاوەر واپێی ئەچوو، لە ڕێگای قادری حاجی عەلیەوە بێت، دوای گەڕانەوەی دلاوەر لای پیاوە دەمامك هەڵبەستوەکان، ئێمەش خۆمان کۆکردەوە، لە کانی گۆرانەوە گەڕاینەوە بۆ مێرگەپان.

ئێستا کوچك نەخشینە لەسەر هەڵسانە، ئیشکگریش هاتە ژوورەوە بۆ هەستاندنی دوا ئیشکگری ئەو شەوە، بەلام منی بێدارو نەخەوتوو نەم

هێشت پێشمەرگە ئیشكگرەكە ئیشكچی دوای خۆی هەستێنێ، بە دەنگێكی كەرخ كە نیشانە بوو، بۆ بێ خەوی ئەو شەوە، وتم:

- كەس هەڵمەسێنە من نەخەوتووم.

كاتێك تفەنگەكەم بە شانداداو چوومە دەرەوە، دونیا لە سەر كاڵ بوونەوە بوو، كزەبای ساردی بەرەبەیان زریزەی پاڵتۆ سەربازیەكەی پێ داخستم، چاوم گێڕا بە ناو ئاواییدا دێیەكی كش و ماتوو نوستوو، سەرنجم گواستەوە بۆ سەر ماڵ پشتیوان، هیچ جوڵەیەكم بەدی نەكرد، لە حەوش و ماڵەكەیان، دیاربوو هێشتا لە خەو هەڵنەستابوون..

# ئازاد هەورامی دەچێت بۆ بادینان

لە بیرم نیە لە کوێی مانگی مایس داین، دەنگێك لە ناو پێشمەرگدا بڵاو بۆوە، هێزێکی یەکێتی دەچێت بۆ بادینان ، کاك ئازاد، سەرکردایەتی ئەو هێزە دەکات کە دەچێتە بادینان، ئازاد هەورامی کە بڕواناکەم هەورامیش، بێ پیاوێکی ئەوەندە ڕووح سوكو خوێن شیرینە پیاو دوو دڵ دەکات لەوەی بڕوا بێنێت، کە ئەم پیاوە تفەنگی کردۆتە شانو سەرکردایەتی هێزێکیش دەکات کە ئەو هێزەش هەموو تفەنگ بە شان بن، ئازاد هەمیشە پێکەنینی لە سەر لێوانە، هەر کەسێکش دەیبینێ پێکەنین دەبێتە میوانی، ڕەنگە پێکەنینی هەموو دنیا بە خەندەو قاقاو زەردەخەنەشەوە، بۆ یەکەمینجار لەم پیاوەوە دابەش بووبێتە سەر کەسانی دی، ئازاد هەورامی، کە لە یاخسەمەر دەچێتە لای مام جەلال، مام جەلال دەیبینێ زەردەخەنە دەیگرێو هەر بەو زەردەخەنەیەوە فەرمانی پێ دەکات سەرکردایەتی ئەو هێزە بکات کە دەچێ بۆ بادینان، کە بە زەردەخەنەشەوەماڵئاوایی لە مام جەلال دەکات، مام جەلالش، بە زەردەخەنەوە بەڕێی دەکات، لەوەتەی گەیشتۆتە سنووری کەرکووکیش، ئازاد هەورامی هەر زەردەخەنە دابەش دەکات، ئێستا هەموو پێشمەرگەیەك لێو بە خەندەیەو ئەو پێکەنینو خەندەیەی ئازاد هەورامی، پەڕیوەتە سەر لێوی هەموو هاووڵاتیانی سنورەکەش، ئێستا پیاوان بە زەردەخەنەوە قسە لەگەڵ ژنەکانیان دەکەنو ژنەکانیش دڵخۆشو لێو بەخەندەن، ڕەنگە ئێستا هەموو دانیشتوانی ناو شاری کەرکووکیش هەر لێو بەخەندەبن، دڵنیام لە بادینانو ئەوانەش کە لە

هەکاری زەردەخەنەیان کوشت، کە ئازاد هەورامی دەبینن خەندە دەپەڕێتە ڕووی ئەوانیش، پەشیمانیش دەبەنەوە لەو خەندانە کە چووبوە، لایان ئەمان کوشتیان.

ئێمە ئێستا بەڕێوەین بۆ گۆپتەپە، دەچین بۆ لای ئازاد هەورامیو هاوڕێکانی، کە ڕەنگە ئەمڕۆ یان سبەی بکەوینە ڕێ بۆ بادینان، هەموو ئەو پێشمەرگانەشی کە دەچنە ناو لەشکری بادینانەوە دەبێ ئەمرۆ بگەنە گوندی گۆپتەپە، چوونەکە، بەخوایشتە کێ حەزی لێ بێ دەچێو، هەر کەسێکیش ئارەزووی چوونی نەبێ ناچێ، من کەسێکم کە ناچم بۆ ئەم سەفەرە، یان ناتوانم هاوڕێیەتی ئەم لەشکرەی بادینان بکەم، ئەو هۆیەی کە ڕێگەم نادات هاوسەفەری لەشکری بادینان بم ماڵەوەیە، من کە هەشت سەر خێزان، دایكو باوكو دووبراو چوار خوشك، بە هۆی منەوە لە شار ڕاونراون، ئێستا ناتوانم هەروا بە ئاسانی جێیان بێڵمو لەگەڵ ئەم لەشکرەدا بکەومە ڕێ، کە زۆریش مەبەستو ئارەزوومە.

زۆرێك لە هاوڕێکانم چوونە ناو لەشکری بادینانەوە، ماڵئاوایی کردنو بەڕێ کردنی ئەم لەشکرە کارێکی سەختو ناخۆش بوو، هەرچۆنێك بێ پێشمەرگەکانی لەشکری بادینان دوای نیوەڕۆ لە ئاوی زێ پەڕینەوە، بۆ گوندی کانی بی بەری کۆیەو ئێمەش دوای دوعاخوازیو هیوای سەلامەتی لەم سەفەرە چارەنوس نادیارە، لە گۆپتەپەوە بەڕێ کەوتین بۆ گوندی گەڵناغاج.

پێش خۆرئاوابوون گەیشتینە گەڵناخاج، ڕێبوارو کاك وریاش لە گەڵنناغاج بوون، هەر سێکمان پێکەوە چووینە ماڵی مامۆستا ئازاد، ئازادو عەزیز دوو برا بوون، ئازاد خێزاندارو عەزیزش ڕەبەن بوو. لە سەرەتاوە ئەم

دوو برایە لە گوندی گۆپتەپە گیرسانەوەو پاشان چوونە گوندی بۆڵقامیش‌و لەو گوندە، بوون بە مامۆستاو منالانی گوندیان فێری خوێندەواری دەکرد، پاش وەرزی گفتوگۆی ساڵی ٩٨٤- ٩٨٥ مامۆستا عەزیز وازی لە کاری مامۆستایی هێناو لە کەرتی یەکی قەڵاسێوکە بوو بە پێشمەرگە، مامۆستا ئازاد درێژەی بە کاری مامۆستاییدا لە گوندی بۆڵقامیش، بۆڵقامیش لای باکورەوە، دوا گوندی ناوچەی قەڵاسێوکەیە، بۆڵقامیش یەکێکە لە گوندەکانی دەم زێ، بەڵام زۆر لە زێ دوور کەوتۆتەوە، لە جێگایەکی بەرزو ڕك بنیاد نراوە، بۆڵقامیش پشتی داوە بە شاخێکی بڵندو ڕەقەوە، ڕەق وەك ئاسن، لە دامێنی ئەم شاخە ڕەق‌و بڵندە بە سەدان گا بەردی زل زلی لێیە، قەدیمیانی گوند دەڵێن، ئەم شاخە درز و کەلەبەری گەورەی تێ بوو، لەو درزو کەلەبەرانەوە شاخەکە هەرەسی هێناوەو ئەم گا بەردانەی لێ جیابۆتەوە، گا بەردە زلەکان لە هەندێك شوێن بە کۆمەڵ‌و لە پاڵ یەکن لە هەندێك جێگاوەش پەرش‌و بڵاوبوونەتەوە، لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پۆلێك پێشمەرگەی حزبی شیوعی ڕێیان دەکەوێتە ئەم گوندە، سوپای دەوڵەت پێی دەزانێ‌و هێزێکی زۆر دێنێتە سەریان، کۆپتەریش بەری عاسمانیان لێ دەگرێ، پێشمەرگەکانیش دەچنە ناو ئەم گابەردانەوە، شەڕێکی توند لە نێوان پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی‌و سوپای دەوڵەت دەقەومێ، پاش چەند دەمژمێرێك شەڕو پێکدادان، یەك دوو پێشمەرگە، بەبریندار دەربازیان دەبێ، جگە لەو یەك دوو پێشمەرگەیە، هەموو پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی، لە ناو ئەم گا بەردانەیا دەکوژرێن.

ڕۆژێکی وەرزی بەهار، ئێمە کەرتێك پێشمەرگە بووین هاتینە ئەم گوندە کە تازە باران لێی کردبۆوە، هێشتا دونیا تەڕو عەرزش قوڕێکی بەهاری

گرتبـوو، دوای نیـوەڕۆ بـوو لەگـەڵ ئاسـۆ لـە هـەیوانی مزگەوتەکـە خـەریك پاككردنــەوەی تفەنگـەکانمان بـووین، ڕێـی کـانی ژنـانی ئـاواییش بـە بـەر مزگەوتەکەدا ڕادەبرد، بـە دەم پاككردنـەوەی تفەنگەکانمانـەوە جـار جار، بـە لاچاوو بە دزی یـەکترەوە تەمەشـای ئـەو ژنانـەمان دەکـرد، کـە بـۆ ئـاو هێنـان دەچـوونە کانیەکـە، کچـێك کـە لـە کانیەکـە دەهاتـەوە، تەنەکەیـەك ئـاوی خستبووە سەر شانی، بەشێك لە شانو پیلی تـا سـەر سینگو خـوارتریش بـە هۆی شـەپۆڵو ڕژانـی ئاوەکـەی سـەر شـانیەوە تـەڕ ببـوو، دیمـەنێکی ئەوەنـدە جوانو وروژێنەری هەبوو کوڕم دەویست لە ئاستیا چـاو بنـوقێنێ، هـات هـات، تا گەیشتە ئاستی ئێمەو ئەویش بە لاچـاو سـەیرێکی کـردین کـە دیـار نـەبوو ئـەم سـەرنجەی گرتـە کاممـان، لەگـەڵ سـەرنجە چـۆك شـکێنەکەی بزەیـەکی کەوتە سەر لێـوو، بزەیـەکی وا کـە پیـاوی وڕو کـاس دەکـرد، بـەبێ ئـەوەی بـە خۆمان بزانین لەگەڵ ئاسۆیا بە تاساوی سـەیری یـەکترمان کـرد، هـەروا بـەبێ دەنگیو بە تاساویش سەرنجمان گواستەوە بۆ سەر کچەکە، کچێکی بەژنو باڵا مامناوەندیو خڕوپڕ، دوو چاوی ڕەش ڕەش، کە هیچ ڕەشیەکی دنیا هێنـدەی ئەو چاوانە ڕەش نین، هەندێك گوپنو کوڵمـەی خـڕ لەگـەڵ ئـەو بزەیـەی کـە ئێستاش نـەمانزانی گرتیـە کاممـان سـەر کوڵمـەکانی بـە قـەدەر نـوکی دەنکە شقارتەیەك چاڵ بـوون، پـرچو پەرچـەمی بەشـێك لـە بـرۆو چـاوە ڕەشـەکانی داپۆشی بوو، ئەسمەرێکی ئەوەندە کاڵو خوێنی ئەوەندە شیرین بوو دەکرا بـە گوژاڵکی تاڵەوە بخورێ.

ئـەوە چـی بـوو؟!، ئەمـە کـێ بـوو؟!، ئەمانـەو سـەدان پرسـیاری تاسـاو لـە زارمانــەوە دەردەچــوون، بــەبێ ئــەوەی کــەسمان بتــوانین وەڵامێــك بــۆ پرسـیارەکانمان بدۆزینـەوە، لەگـەڵ ئاسـۆ تـا ئێـوارە چـەندین جـاری تـر ئـەو

پەریـەمان دیـت، کـە دەهاتـە کـانی ژنـانو دەگەڕایـەوە، هـەروا ڕووخـۆشو بـە سـەرنجش بـوو، کراسـێکی گـوڵ گـوڵی گـەورەی لەبـەر بـوو، کراسـی واجـوانو ناسکم لەبەر هیچ ژنو کچێکی دیکەی ئـەم دنیایـەدا نـەدیوە، ڕەنگـی کـراسو سوخمەو تەنانەت ڕەنگی پێڵاوەکانیشیمان ئەزبەر کردبوو، بۆ یەکـەمین جـار لەگەڵ ئاسۆ بڕیارماندا هەرچۆنێك بێ بۆ دابەشبوونی نانی ئێـوارە وا بکـەین بەرماڵی ئـەم پەریـە بکـەوین، ئێـوارە هـاتو هـەموو کۆبووینـەوە، داوامـان لـە ئەنجومەنی ئاوایی کرد بۆ نانخواردن دابەشی سەر ماڵانمـان بکـات، مـنو ئاسـۆ خۆمان یەك خست، ئەنجوومەنی گوند پێشمان کەوتو کەوتـە دابەشـکردنمان بەسەر ماڵانا، هەر دوو پێشمەرگەو دەیناردینـە ماڵێـك، ئێمـە سـەرنجمان دەدا ئەگەر بۆنی پـەری خانمـان نەکردایـە خۆمـان دوا دەخسـت، بـڕۆ بـڕۆ، تـا دوو ماڵی کۆتایی گوندماینەوە، هەموو ئەو ماڵانەی ئەنجوومەن پەنجەی بۆ درێژ دەکردو دووان لە ئێمە دەبوینە میوانی هیچ شوێنەوارێك لە پـەریخان نـەبوو، بۆیـە دڵنیـابووین یـەکێك لـەم ماڵانـە مـاڵی پـەری خانـە، چـوار پێشمـەرگەش ماوینەتەوە مـنو ئاسـۆ، نـەهرۆ قەسـرۆکیو کەسـی چوارەمم لـە بیرنیـە کـێ بـوو، ئێسـتا دوو مـاڵ مـاوە ئێمـەش چـوار کەسـین دەبـێ هـەر دوان لـە ئێمـە بچینە یـەکێك لـەم ماڵانـە، مـاڵێکی دوورو یـەکێکیان نزیـك، خـانووی ماڵـە دوورەکە خانویـەکی ڕێـك پێـكو جوان دیـار بـوو دوو سـێ دار چـناری بـەژن بڵند، لە حەوشیان گەڵاکانیان بە دەم بـاوە ئەلەرینـەوە، کـە زۆر پێـی دەچـوو ئـەو خـانووە مـاڵی پـەری خـان بێـت، ئێسـتا چـاوەڕێی ئامـاژەی دەسـتی ئەنجوومـەنین، داخـۆ بـۆ کوێمـان دەنێـرێ، ئەنجوومـەن ڕووی لـە نـەهرۆ قەسرۆکیو هاوڕێکەی کردو وتی:

- کاکە ئەو دووەتان بڕۆن بۆ ئەو ماڵە.

مەبەستی ماڵە دوورەکە بوو، بە ئێمەشی وت:

- کاکە ئێوەش بچنە ئەم ماڵە.

لەگەڵ ئاسۆ، بە ساردیەکەوە ڕوومان لە ماڵەکەی تەنیشت خۆمان کرد، ئاسۆ دوو سێ هەنگاو لە پێش منەوە دەڕۆیشت، دەرگای ئەو ماڵەی بۆی دەچین ئەوەندە نزم بوو ئاسۆ خۆی دانەواند ئینجا ئاودیوی حەوشە بوو، من و ئاسۆ هیچمان بالآمان ئەوەندە بڵند نەبوو، بۆ چوونە ژوورەوە خۆمان بچەمێنینەوە، من هێشتا لەبەر دەرگای حەوشەکە بووم، ئاسۆ ئاوڕێکی بۆ من دایەوەو بەخۆشحاڵیەکی زۆرەوە وتی:

- کورە هەوە.

منیش بە هەمان خۆشحاڵیەوە، هەوەکەم، لێی وەرگرت، کە سەرم هەڵبڕی و چاوێکی خێرام بە ناو حەوشەکەدا گێڕا، کراسە جوانە گوڵ گەورەکەی پەری خانم دیت لەسەر تەنافێك لە حەوشەی ماڵەکە هەڵخرا بوو، کەواتە هەوە، ئاسۆش کراسە هەڵخراوەکەی پەری خانی دیتبوو بەو کراسەش زانی کە ئەم ماڵە ماڵ پەری خانە، کە چووینە ژوورەوەو دانیشتین پەری خان هاتو بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کردین، وا هەستمان کرد ئەویش ئێمە بناسێتەوە، کراسێکی نوێی لەبەر کردبوو شل شل، وەك خۆی ناسكو جوان، کەواتە ئەم پەریەیە کراسەکانی جوان کردوە، بە ئاسۆم گووت:

- ئاسۆ جوانی بەخششێکی خودایە، ئەگرێ شۆخێکی ئاوها لە کەلاوەی ماڵە هەژارێکیشدا هەبێ.

ئەمڕۆ ئاسۆش یەکێك لەو پێشمەرگانە بوو، کە بوو بە هاوسەفەری لەشکری بادینان.

ئێستا ئەوەندەمان نەماوە بگەینە ماڵ مامۆستا ئازاد، نەهلە خانی هاوسەری مامۆستا ئازاد ژنێکی تەواو شارییە، بەڵام کابانێکی ئەوەندە لێهاتوو شارەزایە بەردو ڕۆنی لە قاورمەی هەندێك جێگا خۆشترو بە تامترە..

ئێستا لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٨٧داین، من لە گوندی گەڵناغاچ لە ماڵ مامۆستا ئازاد دانیشتووم ، دەمەوێ لێرەوە لەم ئێوارەیەی مانگی مایسەوە هەڵفڕمو بڕۆم بۆ مانگی مایسی ساڵی ١٩٨٨، لێرەوە لە نێوان هەردوو مایسدا یادگاریو بیروەریم گەلێك زۆرن، ڕەنگە بەسەرهاتەکانی نێوان ئەم دوو مایسە بەشی بەرگی کتێبێك بکات، بەڵام نازانم بۆ دەمەوێ بازبدەمو باسو یادەوەریەکانی ئەنفالتان بۆ بگێڕمەوە!!، ئەو یادەوەریو باسانەی ئەم ساڵ کە دەمەوێ بازی بەسەر دابدەم ڕەنگە ڕازیتان بکاتو کاتێکی خۆش بە خوێندنەوەی بەسەر بەرن، بەڵام هۆی بازدانەکەم خۆشم بە تەواوی نازانم چیە، چونکە گەلێك بیرەوەری ماوە بۆتانی بگێڕمەوە، زۆر چەرمەسەری ماوە بۆتانی باس بکەم، ساڵی هەشتاو حەوت ساڵێکی پڕ لە شەڕو شۆڕو ماندوێتیو شکستو سەرکەوتن بوو، ساڵی کوژرانو کوشتن بوو، بە کورتیەکەی ساڵێکی کارەساتاوی بوو، بەڵام نازانم چ حەزێکە وا بازم پێدەدات، حەزی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەنفال بەسەر هەموو حەزەکانی دیکەدا کەوتووەو پەلەی گێڕانەوەیەتی، من نازانم هۆیەکەی چیە خوا چاکی کات...

# ئەنفال،، سورەتێك لە قورئانی پیرۆز و دۆزەخێك بۆ كوردستان

لەو كاتەوەی وەرزی گفتوگۆی نێوان شۆڕش‌و میری كۆتایی هاتووەو شەڕ دەستی پێ كردۆتەوە، وەك خۆشناوەكان ئەڵێن، شەڕەكانیش تیرتر بوونە، بەڵێ شەڕ هەر شەڕە، شەڕی دۆستانەو شەڕی دوژمنانە نیە، شەڕ هەمووی هەر دووژمنانەیە، بەڵام لە پێش وەرزی گفتوگۆ هەموو ئاواییەكانی كوردستان ئاوەدان بوون، زۆربەی گوندەكان كارەباو خوێندنگەی تێدابوو، هاتوچۆی نێوان شارو گوندەكان ئاسایی بوو، بەڵام لە دوای وەرزی گفتوگۆوەو لەوەتەی شەڕ دەستی پێكردۆتەوە هەموو ئەو شتانە گۆڕاون، ئێستا كام گوندی زۆر دوورو نەدیوە، كام گوندی كەس ڕێی نازانێ تەنها خەڵكی گوندەكە خۆی نەبێ، كام گوند بە ساڵیش نە پێشمەرگەو نەمیوانێك ڕێی پێ نەكەوتووە، ئێستا تۆپە دوور هاوێژەكانی دەوڵەت، تۆپە دوور هاوێژەكانی ڕوسیای باوك‌و دروستكەری بلۆكی سۆسشیالستی، شەو نیە بە گرمەی چەند گوللە تۆپێك خەو لە چاوی وردو درشتیان حەرام نەكات، سەیرەكە لەوەدایە بەشێكی زۆریش لە ئێمە داوا دەكەین یان مشت‌ومڕی ئەوە لەگەڵ یەكدی دەكەین، لە پاشەڕۆژا كە كوردستان بوو بە دەوڵەوت، ئەبێ دەوڵەتی كوردستان سەر بە بلۆكی سۆشیالستی بێت، پێشمەرگەی وامان هەیە، كەمتر لەوە بە هیچ شتێك ڕازی نابێت.

هێرشی ئەنفال لە سەرەتای مانگەكانی ساڵی هەشتاو هەشتەوە بە دڕندانەترین شێوە بۆ سەر كوردستان دەستی پێ كردووە، بە سێ مانگ هێرشی بەردەوام‌و بەكار هێنانی هەموو جۆرە چەكێك بە چەكی

کیمیاییشەوە، توانی گوندی سەرگەڵوی پایتەختی شۆڕش داگیربکات، ئەوە بیست ڕۆژێکیشە هێرشی ئەنفال بۆ سەر دەشتی گەرمیان دەستی پێکردوەو، دوو، سێ ڕۆژێکە سوپای عروبە، داگیرکردنی هەموو گوندەکانی گەرمیانو قەرەداخی ڕاگەیاندوە.

پازدە، بیست ڕۆژێك دەبێ مقۆ مقۆو، وتی وتی، لە هەموو سنووری ئاواییەکانی کەرکووك بڵاوە، کە ئەمڕۆ سبەیەك سوپای ئەنفال ئەگاتە لای ئێمەش‌و خەڵك بە گشتی ترسیان لێ نیشتووە، ترسەکە لە ئەنفال ئەوەندە زۆرە کە کەس ناتوانێ ئەو ترسە بشارێتەوە، هەواڵو دەنگو باسەکانی ئەنفالکردنی سنووری گەرمیان، کە تەنها جادەیەکی قیر نێوانمانە ئەوە ئەڵێت کە سوپای هێرشکەری ئەنفال، نەوەکانی سەعدو خالدو قەع قاع، هیچ شتێك لەسەر ئەو ئەرزە بە زیندوویی ناهێڵنەوە کە دەکەوێتە بەر هێرشەکەیان. ژن‌و منداڵ، پیرو گەنج، ئەوەی بە هۆی شەڕو شۆڕەوە نەکوژراون، سوپای ئەنفالچی لە سەیارەی سەربازی‌و سەیارەی جۆر بە جۆری تر باریان دەکات‌و بەرەو شوێنێکی نادیار ئەیانبات، کە کەس نازانێ ئەو شوێنە کوێیەو ئەکەوێتە کوێوە، هەموو شتێکیش، لە ئەرزی ئەنفالکراودا بۆ دوژمن حەڵاڵ کراوە وەك، کوشتن‌و لاقەکردنی ژنان‌و بە تالان بردنی مەڕو ماڵات‌و گاو گۆتاڵ‌و تەنانەت پێخەف‌و مریشك‌و جووجکەش ئەنفال ئەکرێت، (أنفال) خۆی بە واتای دەس کەوتی شەڕ دێت، لە پاش ئەنفال‌و ئەم تالان‌و بڕۆیە هەموو دێیەکیش لەگەڵ زەویدا تەختەکەن، ناهێڵن خانوویەك، لادیوارێك بە پێوە بمێنێت، هەموو کەرەستەکانی ڕووخاندن لەگەڵ کاروانە سەربازیەکانیاندا هەیە وەك: شۆفەڵ‌و بلدۆزەرو T.N.T‌و... هتد.

ماوەیەکی درێژە کە زیاتر لە مانگێك ئەبێ، هەم ئێمەو هەم خەڵکی ناوچەکە ئەزانین سنوری ئێمەش تووشی هێرشی ئەنفال ئەبێتەوە، زۆر گفتوگۆ لەو بارەیەوە دەکەین، بەڵام تا ئێستا نەخۆمان‌و نە بەکەسێکی خەڵکی ناوچەکەشمان گوتووە گوندەکانتان چۆڵ کەن‌و خۆتان لە ڕەشەبای ئەنفال بپارێزن، هیچ هۆیەکی دیاری کراو نیە بۆ ئەو نەگوتنەمان، نازانم ڕەنگە لەوەوە هاتبێ کە هێشتا یەقین نەبووینە لەوەی ئەو هێرشە هەر روومان تێدەکات، ڕەنگە ئەم قسەیەش بە تەواوی ڕاست نەبێ، چونکە ئێمەو دانیشتوانی گوندەکان لە ڕۆژێکا چەندین جار ڕووبەڕوو ئەو گفتوگۆیە دەکەین، کە ئەم هێرشە دەگاتە ناوچەی ئێمەش یان نا؟، هەمووشمان لە سەر ئەوە کۆکین، بەڵێ ناوچەکەی ئێمەش تووشی هێرشی ئەنفال ئەبێت!.

ئێستا دوای عەسرێکی درەنگی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ە، من بە ڕێکەوت لە ماڵ خۆمانم لە گردخەبەر، گوێم لە هاژەی چەند فرۆکەیەکی تیژ ڕەوبوو کە بە ئاسمانی ناوچەکەدا تێپەڕین، ڕەوتێکی نائاسایی‌و شەڕاوی دەهاتنە بەرگوێ، بەخێرایی سەرکەوتمە سەربان، جوڵەیەکی نائاسایش لە ناو دێی گردخەبەر هەست پێ دەکرا، هەر بەو خێراییە سەیرێکی لای ڕۆژهەڵاتم کرد، گوندەکانی گەڵناغاچ، کانی هەنجیر، گۆپتەپەو هەیدەربەگ‌و عەسکەرو هەموو گوندەکانی دیکەی دەشتی قەڵاسێوکە دەکەونە لای ڕۆژهەڵاتی گوندی گردخەبەرەوە، بینیم چەند فرۆکەیەکی جەنگی سیخۆی‌و میراج، سوڕانەوەیەکی نائاسایی‌و بەرزو داهاتنەوەیەکی خێرام بینی لەسەر ئاسمانی گوندەکانی دەشتی قەڵاسێوکە، دەشتی قەڵاسێوکە لای خۆرئاوای زنجیرە شاخی کێوە چەرمەڵەیە، کێوەچەرمەڵە بە دیوی گەرمێنیدا گوندەکانی تلیان‌و تیژەو مەحمەخان‌و فەقێ میرزاو کانی گەوهەرو هەموو ئەو

گوندانـەی دیکـەش کـە دەبنـە هاوسـنووری ئـەم گوندانـە سـەر بـە ناوچـەی شوانن، ئەم دێیانـەو هـەموو دێیـەکانی دیکـەش کـە لـەم دەشـتە پـر لـە دۆڵـی قوول‌و گردۆلەکەی نەویی‌و نیمچە بڵنـدا چێ کـراون، زەویـەکانیان تـەنها بـۆ مەڕ لەوەڕاندن‌و داچاندنی گـەنم‌و جـۆ بـەکاردێنن، هۆیەکەشی ئەوەیـە ئـەم هەرێمـەی ناوچـەی شـوان کـەم ئـاوە، خـۆ ئەگـەر سـاڵ کـەم بارانبێـت ئـەوە بەزەحمەت مەرەکانشیان بۆ ئاو دەدرێ، لێرەو لەوێ لەم ماڵ‌و ئـەو مـاڵی ئـەم گوندانـە زەوی گچکەو کـەم کـەم دەبـینی کـە تەماتـەو خـەیارو کولەکـەی لـێ داچێندراوە، بـەڵام ئـەم داچاندنانە ئەوەنـدە کـە مـن کـە بـۆ باسکردن نـابن، گەلێك جار بەشی خاوەن ماڵەکانشیان ناکەن.

کێوە چەرمەڵە، ناوچەی شوان‌و قەڵاسێوکە لێك دەکاتـەوە، لای ڕۆژهـەڵاتی دەشتی قەڵاسێوکە، شاخی بەرزو بە هەیبەتی گەورەدێیە، گەورەدێ، گوندێکە ڕێـك لـە تەوقەسـەری ئـەم شـاخە پـان‌و گەورەیـە هەڵکـەوتووە، بۆیـە بـە شـاخەکەش دەڵـێن شـاخی گـەورەدێ، گەورەدێیـەکان، وەك هـەڵۆ لەسـەر چیا دەژین، شاخی گەورەدێ بە داربەڕوی کورت‌و گەڵاپان داپۆشـراوە، لێـرەش لـەم شاخەپان‌و بەرینەش هیچ کانی‌و سەرچاوەیەکی ئـاو نابینـدرێت، تـا شـاخەکە نەبڕی‌و بـە مانـدویتی شـۆڕنەبیتەوە بـۆ چـەمی ڕەزان، هـیچ ئاوێـك نـابینی‌و دەبێ تەنها پشت بە ئاوی نـاو مەتارەکـەی بـەر پشـتت ببەسـتی، لای بـاکووری دەشتی قەڵاسێوکە، ئاوی زێیە، ئـاوی زێ کـە لـە بەنـداوی گـۆمی زێڕاندۆڵـەوە دەڕژێ، لە دووئاوانەوە دەبێتە سنوور بۆ هەرێمی قەڵاسێوکە، ئاوی زێ چەند گوندێکی کەمی قەڵاسێوکە ئاودەدات، تەنها گوندەکانی، بۆڵقـامیش‌و بەشـێکی کەمی گوندی هەیدەربەك‌و گوندی گۆپتەپە دەکەونە سـەر لێـواری ئـاوی زێ، لای جنوبی دەشـتی قەڵاسێوکەش شارۆچکەی ئاخجەلـەرو شـاخی دەربەنـدی

بازیانـه، گونـدەکانی دەشـتی قەڵاسـێوکە کـاری سـەرەکیان مـەڕ بـەخێوکردن‌و کشتوکاڵیشـیان، تـەنها داچـەندنی گـەنم جۆیـە، بـەڵام ئـەو چـەند گونـدەی دەکەونە لێواری ئاوی زێ هەموو جۆرە کشتوکاڵێك بەرهەم دێنن.

ئێسـتا فڕۆکـە جەنگیـەکانی دەوڵـەتی عێـراق، ئاسمـانی ئـەم دەشـتی قەڵاسێوکەیەیان دووکەڵاوی کردووە، من لێرەوە لەسـەر بـانی مـاڵ خۆمانـەوە لـە گردخەبـەر، ئاسمـانی دەشـتی قەڵاسـێوکە دەبیـنم، کـە دووکـەڵێکی چـڕی ڕەنـگ مەیلـەو سـپی هـەموو هـەرێمی قەڵاسـێوکەی داگرتـووە، فڕۆکـەکانیش دەبینم، تەنها ئەو ماوە کورتانە لێم ون دەبن، کـە بـەناو ئـەو دووکەڵـە چـڕە ڕەنـگ مەیلـەو سـپیەدا تێپـەڕدەبن، زۆر بـە ئاسـتەم گـوێم لـە گرمـەو دەنگی تەقینەوەکان دەبێ، بەڵام دەتوانم بە هۆی بەرزبوونەوەی دوکەڵی بۆردومـانی فڕۆکەکانەوە، کە پاش هەر داهاتنەوەیـەکیان بـۆ سـەر زەوی‌و بەرزبونـەوەیان بـۆ ئاسمـان، ئـەو جێگـاو گوندانـە بـزانم کـە بۆردومـان کـراوە، زۆرتـرین بەرزبوونـەوەی دووکـەڵی بۆردوومانەکـە لـە ئاسـت گونـدی گۆپتەپـە و چـەند جێگـاو شـوێنێکی دیکـەش لـە سـەروی گۆپتەپـەوە، دووکـەڵیان لـێ بـەرز دەبێتەوە.

ئێسـتا کـات بـەرەوە مـەغریب ئەچـێ، شـڵەژان‌و ئـاڵۆزی خـەڵکی ئـاوایی گردخەبەر لە زیاد بووندایەو تا دێ باری ئاسایی خەڵکەکە تێك دەچێ، ئەو بارە شڵەژاوە ماڵ ئێمەشی گرتۆتەوە، بـە تـەواوی نـازانین چی ڕوویـداوە یـان چی ڕووئەدات، بەڵام هەموومان تەمێکی ترس لە ڕوخسارمان نیشتووە، ترس لە ئەنفال، ترس لە شەڕێك کە ژن‌و منداڵیش دەگرێتـەوە، ئێسـتا نـازانین چی ڕوویداوە لـە لای ڕۆژهەڵاتـەوە بـەڵام دەزانـین شـەڕەکە هـەموو کەسـێکی ئـەم نیشـتیمانەی گرتـەوە، جگـە لـە خـۆم خـەڵکی دیکـەش دەبیـنم لەسـەر بـانی

خانووەکانــەوە ســەیری بۆردوومــانی فڕۆکــەکان دەکــەن، بــەڵام کــەس هــیچ ناڵێتو کەسیش هیچ لەوەی تر ناپرسێ هەموو دەزانـین چ بەڵایـەك یەخـەی پـێ گرتـووین، تـا دێ دونیـا تاریـك دەبـێ، بۆردومـانی فڕۆکـەکانیش بڕایـەوە، هــەمووما‌نیش بــە کــۆڵی ترســەوە دادەبەزینــە خــوارەوە، هــیچ هــەواڵێکی تەواوشمان پێ نییە، بـەوانی تـری بڵێین، بـاوکم کـە نەیـدەتوانی سـەرکەوێتە سـەربانو چاوەڕوانی مـن بـوو هـەواڵی سـەربانی پـێ بڵێم، بـە تێڕوانینێکی سەیرەوە کە نیشانەی هەم ترسو هەم سەرسوڕمانی دەدا وتی:

- ئەوە چی بوو، ئەو تەیارانە بۆردومانی کوێیان دەکرد؟.

- بەخوا سنووری قەڵاسێوکە بـوو، گۆپتەپـەو ئـەو ناوانـە، بۆردومانەکـەش ئاسایی نەبوو..

- چۆن، یەعنی ئاسایی نەبوو؟!.

- بەخوا باوە، لە کیمیاویی دەچوو.

- ئەگەر وابێ قەوما!!!.

- بە تەواوی نازانم.

قـەد بـاوکمم نـەبینیوە لـە شـتێك بترسـێ، بـەڵام ئێسـتا نیشـانەیەکی بـە ئاسـتەمی ترسـم لـە چاوەکانی دا بـینی، کـە بـە حەپەسـاویەوە تـێم ڕامـابوو، داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان دەکرد، بۆیە منش هیچی ترم نەوتو خێرا لە دەرگای حەوشە چوومە دەرەوە، دونیا بە تەواوی تاریـك ببـوو، هـیچ کەسـێك لە دەرەوە نەبوو، بەڵام لە ماڵەکانەوە گوێم لە دەنگە دەنگێکی زۆر دەبوو، لـە کۆڵانی تەنیشت ماڵمانەوە تارمایی دوو کەس دەرکـەوتن، بـە هێواشـی ڕوو لـە من دەهاتن، منـیش بـەوردی دیقـەتم دەدان، نزیـك بوونـەوە، دوو زەلام بـوون هیچیان وەك ناسیارو خەڵکی ئاوایی نەدەچوو، نزیکتر بوونـەوە، هـەردووکیان

پێشمەرگە بوون، دوو پێشمەرگەی نەناسو غەریب، سەلامیان کردو بە گەرمیو دۆستانە وەڵامم دانەوە:

- فەرموون کاکە؟.

- وەڵا برام ئێمە پێشمەرگەی گەرمیانین، ئەم برادەرەم برینداره، بەتەما بووین بگەڕێینەوە بۆ گەرمیان، ئەوا تووشی ئەم کارەساتەش بووین لێرە ئەڵێن سنووری گەرمیانش ئەنفال کراوەو کەسی لێ نەماوە.

- زۆر بەداخەوە ئەوە ڕاستە، وا دیارە ئەنفال گەیشتە ئێرەش، بە هەرحاڵ خۆ ئێوە نانتان نەخواردوە؟.

- نەوەڵا، نزیك هەر ماڵێکیش دەبووینەوە ئەوەندە شڵەژابوون، بۆ ئەوە نەدەبوو بچینە هیچ ماڵێك.

- ڕاستەکەن، ئیتر ئەوە وەزعەکەیە، فەرموون با بچینە ماڵی ئێمە نانێك بخوێن، خوا کەریمە بابزانین چی ئەبێت، فەرموون.

پێشیان کەوتم بۆ ماڵەوە، لە پێش دەرگای حەوشەو لەو تاریکیە ئاوڕێکم دایەوە بۆ سەر دوو پێشمەرگە غەریبەکە، یەکێکیان چووبووە بن باڵی ئەویتریانەوە، دیار بوو پێشمەرگە برینداڕەکە نەیدەتوانی بە باشی ڕێ بکات، چەند هەنگاوێك کەوتبوونە دوای منەوە چاوەڕێیانم کردو پێکەوە چوینە ژورەوە، ماتیو ترسو شڵەژان هەمووومانی گرتبۆوە، دوای نان خواردنێکی پڕ کەمو کورتیو ناتەواو، هەندێك باسی ڕووداوەکانی ئەم ئێوارەیەمان کرد کەسیشمان نەماندەتوانی مەترسیەکان وەك هەستی پێ دەکەین، بخەینە ڕوو، سروشتی مرۆڤ وایە، ئەو ترسەی لە ناخیدایە نایەوێ بە زمان دەری ببڕێت، ئەمە بۆ ئەوە دەکات هەم وەك کەسێکی ئازاو بە ورە بکەوێتە پێش چاو، هەم ترسی ناخی خۆی دەڕەوێنێتەوەو تەکانو ورەیەك دەبەخشێتە کەسێتی

نـاوەوەی، کـە کەسـێتیەکی شـاراوەی هـەموو مرۆڤێکـەو نایـەوێ ئـەو کەسـە ترساوەی ناخی بە کـەس نیشان بـدات، هەمیشە خـەریکی شاردنەوەیەتی لـە کەسانی دەوروبەری خۆی. ترس یەکێکە لە سروشتە ئاساییەکانی مرۆڤ، هـیچ مرۆڤێکی بێ ترس نیە لەم گەردوونەدا، بـەڵام مرۆڤـە ترسـنۆکەکان هەمیشە بە چاوی کەمو بـێ نـرخ سـەیرکـراون، بـۆ ئـەوەی کەسـێکی شایستە بـە ژیـان دەرکەویت دەبێ مرۆڤە ترسنۆکەکەی ناخـت بشاریتەوە، مـرۆڤ چـەند سـەیر ئەم گەمەیە دەکات؟!، ترسی ناخی خۆت دەشاریتەوە، بەڵام ترس لە کەسـێکی تردا بە نەنگی لێك دەدەیتـەوە، مـرۆڤ ئەگـەر وانـەکاتو ئازایـەتی نـەبێت بـە سیستـەمو یاسـای ژیـان ئـەوە ئـەم گەردونـە پـڕ دەبـێ لـە مرۆڤـی ترسـنۆكو ناشایستە بە ژیان، دایکم دەیگووت:

- خۆزگە ژن هێنان بۆ هەموو پیاوێـك نـەدەبوو، خۆزگـە یاسـای ژن هێـنان بە شـەڕە تفـەنگو ئازایـەتیو بـەم شـێوەیە دەبـوو، بووکیـان لەسـەر شـاخێك دابنایـەو چـەند پیـاوێکی تفـەنگ بـە دەسـت بـەرگریان لـە بردنـی بـووکێ بکردایەو زاواش بە ئازایەتیو دەسو تفەنگی خۆی بووکێی لێیـان بسـەندایە، دایکم دەیگوت ئەگـەر ئـەم دابونەریتـە، بکرایـە بـە یاسـای ژن هێنـان ئێسـتا دەبوو، چەن پیاو، ژنی لە باخەڵدا بوایە؟!.

خوداوەنـد تـاکوو ئێسـتا هـیچ بەندەیـەکی بـێ ترسـی نەهاویشـتۆتە سـەر زەوی خۆی، دایکم دەیگوت:

- بەندەی بێ عەیب نیە.

بۆیە لەو ڕۆژەوەو لە دێر زەمانـەوە، لـە حـەوت پشـتی پـێش باپیرانمانـەوە ترس بەعەیب حیساب کراوە، بۆیە مرۆڤەکان هەمیشە ویستویانە ئەو عەیبە بشارنـەوەو لـە کـاتی هـەرە تەنگانـەو سەخڵەتیشـدا نـەهێلن ئـەو عەیبـەیان

دەرکەوێ، ئێمەش ئەوەتا هەموومان لە پێشهاتەکانی ئەم ئێوارەیە دەترسین، ترس هەموو گیانی داگرتووین، ترس لە ژیانی خۆمان، ترس لە ماڵو منداڵو گوند، ترس لە وڵات، هەموومان چاك دەزانین هەموو شتێك کۆتایی دێت، ئاگری ئەنفال هەموو شتێك دەسوتێنێ، شارو گوند، دەشت و دەر، یەك بەیەکی ماڵو دار بە داری ڕەزو باخەکانی لێواری ئاوی زێ، تەنانەت ئاوە سافو ساردەکەی زێش لەبەر ئاگری ئەنفال خۆی ناگرێتو دەسووتێ، لافاوی ئەنفال هەموو شتێك ڕادەماڵێ ماڵو منداڵ، ژنو پیاو، پیرو گەنج، تاکە شتێك کە ئاگرو لافاوی ئەنفال لە ناوی نابەنو گەورەی دەکەن ترسە، ئێستا ترس هەموو شوێنێکی داپۆشیوە، هەموو کونو کەلەبەرێکی شاخو کێوان نەماوە ترسی لێ نەبێت، ترس لە هەموو جێیەك هەیە، ئەوەتا ترس گەیشتۆتە ماڵ ئێمەو تەنانەت دڵی باوکیشم ترسی تێخزاوە، پێش چەند خولەکێك کە نانمان دەخوارد، پارو، پارو ترسیشمان لەگەڵ نانەکەدا ئاودیو دەکرد، ئەوەتا ئێستا ترس نەك هەر گەدە، دڵو دەرونیشمان پڕ بووە لە ترس.

دوای تاوێك بێ دەنگیو بیرکردنەوە، هەردوو پێشمەرگەکە، وتیان: - ئێمە دەچینە مزگەوت، ماڵتان ئاوابێت، ئەگەر بکرێ دوو پەتوومان بدەنێ سوپاستان دەکەین.

دوو پەتوومان بۆ هێنان، لەگەڵیان چووم تا نزیکی مزگەوتەکە، مزگەوتەکە، لە ماڵ ئێمەوە ئەوەندە دوور نەبوو، هەر ئەو کاتەی دوو پێشمەرگەکەم بۆ مزگەوت بەڕێ کرد، لە ناو ئاوایی گوێم لە دەنگە دەنگو هەراوهۆریایەکی زۆر بوو، دەنگی فڕەی تراکتۆرو بانگەبانگی لێرەو لەوێی خەڵکی ئاوایی، ئەو بانگو هەرایە کە جار جار دەنگی ژنیشی تێ ئەکەوت لە

دوورەوە ئەبیستـرا، دەنگـە دەنگەکـە لـە مەیـدانی ئـاوایی لای تاقەدارەکـەی ناوەنـدی گونـد زۆرتـر بـوو، هـەر ئـەو مەیدانـە شـارێگەی گونـدیش بـوو، هاتوچۆی هـەموو گونـدەکانی دیکـە لـەوێوە بـوو، مـن کـە تـەنیا تفەنگەکـەم بەشانەوە بوو، بێ تـاخمو فیشـەکدان، بـۆ بـەڕێکردنی میوانـەکان هاتبوومـە دەرێ، هـەروا بـەو حاڵـەوە لـە دوو پێشـمەرگەکە دابـڕامو بـەرەو ناوەنـدی ئاواییو دەنگە دەنگەکە ڕۆیشتم، لە کۆڵانی لای ماڵ خۆمان هـەوراز بوومـەوە گەیشـتمە سـەر کـۆڵانێکی سـەرەکی تـر کـە مەیـدانی ئـاوایی لێـوە دیـاربوو، تراکتۆرو عارەبانەیەك لەوێ وەستابوو و، هەندێك لە پیاوانی ئاوایی دەوریـان دابوو، من کە زۆر دوور نەبووم لێیانەوە گوێم، لە دەنـگو قسـەکانیان دەبـوو، بەڵام بە تەواوی لێیـان حـاڵی نـەدەبووم، زیـاتر پـێم هـەڵگرت بـەرەوە ئـەوان، بـەڵام ترکتۆرەکـە لەسـەر دەرچـوون بـوو، پـێش ئـەوەی مـن بگەمـە لایـان ترکتۆرەکـە کەوتـەڕێو ڕۆیشـت، بـەڵام بـەو خەڵکـە گەیشـتم کـە لـەدەوری تراکتۆرەکە کۆببوونەوە، زەلامەکان بـە تونـدیو دەنگـی بـەرز لەگـەڵ یەکـدی قســەیان دەکــرد، هەمووشــیان شــێواوییان پێــوە دیــاربوو، مــن بەچــەن هـەنگاوێکیتر گەیشـتمە لایـانو سـڵاوم لـێ کـردن، نـازانم چـەندیان وەڵامـی سڵاوەکەیان دایەوە، بەلای منیشەوە ئەوە گرینگ نەبوو، لێیانم پرسی:

-چی بووە، هەواڵو دەنگوباس چی هەیە؟!.

وتیان:

- ئەو تراکتۆرە لە گۆپتەپەوە دەهات، هەندێك برینداری چەکی کیمیـایی پـێ بوو دەیبردن بۆ گونـدی چـوخلیجە، فڕۆکـەکانی ئـەم ئێوارەیـە بـە قومبەلـەی کیمیــایی بۆردومــانی گونــدی گۆپتەپــەو عەســکەریان کــردووە، ئــەمان ئـەیانگووت: بـە سـەدان کـەس کـوژراونو بـە سـەدانی دیکـەش برینـدارن،

کەسیش نیە بچێ بەهانایانەوە، هەموو وا لە ناو دێو دەوروبەری دێ کەوتوون، هیچ کەسێك ڕزگاری نەبووە مەگەر تاكو تەرایەك نەبێ.

- چی دیکەیان ئەگێڕایەوە، حاڵی بریندارەکان؟!.

- ئەیانگوت: بریندارەکان ئەوەی نەسووتاوە لەشی ڕەش داگەڕاوە، ئەوەی نەخنکاوە هەناسەی بۆ نادرێ، هەموو پێستیان سووتاوە، کوژراوەکانیش هەموو خنکاون‌و لاشەکەیان ڕەش بوونەتەوەو چاویان دەرپۆقیوە.

- ئەی ئێوە چی ئەکەن، بەتەمای چین؟.

- وەڵا نازانین قوڕی کوێ بکەین بەسەر خۆمانا، بە تەماین شت‌و مەکی ماڵەوە دەرکەین بۆ ئەو کەندو شیوانەو دەس ژن‌و مناڵەکانمان بگرین‌و ڕوو لەو شاخ‌و دۆڵانەی خاڵخاڵان بکەین، یان بەرەو شار بڕوێین.

یەکێك لە زەلامەکان کە چەند هەنگاوێك لەولاترەوە وەستابوو، وتی:

- شاری چی؟!!، بۆ لە دوێنێوە تەیرێکش چۆتە شارەوە؟!.

- ناکا ڕێی شارشیان لێمان گرتبێ؟!.

- هەیهۆ هەیهۆ، دوێنێ‌و ئەمڕۆش ئەو سەیارەو تراکتۆرانەی بەرەو شار چوونە، پێش ئەوەی بگاتە سەیتەرەکە تەقەیان لێیان کردووەو گێڕاویانەتەوە..

- کە وابێ قوڕمان بۆ گیراوەتەوە.

- ئەی هاوار چی لە ژن منداڵمان بکەین.

- بەخوا ڕۆژ بێتەوە ئێرەش ئەدەنە بەر قومبەلەی کیمیایی.

- عەلی حەسەن مەجید، خوا بتگرێ‌و ماڵت کاولکا وەك ماڵ ئەم خەڵکەت بە قوڕ گرت.

ئەمە گفتوگۆی زەلامەکانی ئاوایی بوو، لە بن تاقە دارەکەو دوای ڕۆیشتنی تراکتۆرەکە، عەلی حەسەن مەجید، ئامۆزای سەدامی سەرۆکی عێراقە، چەن مانگێکە سەدام عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای کردووە بە فەرمانداری کوردستان، عەلی حەسەن مەجید، پێشتر عەریفێکی بێ نرخ و بەها، بووە لە سوپای عێراق، لەوەتەی سەدامی ئامۆزای بووە بە سەرۆك کۆمار، پێ بە پێ، عەلی حەسەن مەجیدیشی بەرز کردۆتەوەو ئێستا کردوویەتی بە حاکمی کوردستان، عەلی حەسەن مەجیدیش، بە هەموو جۆرە چەکێك بە چەکی کیمیاییشەوە بەربۆتە گیان شارو گوندەکانی کوردستان، بۆ یەکەمین جار بەفراوانی چەکی کیمیایی لە هەڵبجە بەکار هێناو، بە سەدان هەزار کەسی کوشتو بریندار کرد، کە بینی هیچ کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتی لێ نەکەوتەوە، ئێستا ئەو چەکە قەدەغە کراوە بۆ کوێرە دێیەکیش بەکاردێنێ، هیچ کەسێکش دەنگی لێوەنایە، نە وڵاتانی سۆشیالستیو نە وڵاتانی سەرمایەداری، دوای بیستنی ئەم هەواڵانەو بڵاوەکردنی پیاوانی بن تاقەدارەکە منیش بەرەو ماڵ گەڕامەوە، لە ڕێگادا هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەم هەواڵە بە هێمنی بگەیێنمە ماڵەوە، کە نزیك ماڵ بوومەوە باوکمم بینی، لە دەرەوەو چەند هەنگاوێك دوور لە دەرگای حەوشە وەستابوو، چوومە لایو، وتم:

- ها باوە، ئەوە لێرەی؟.

- ئەرەوەڵا، گوێم لەدەنگە دەنگ بوو، وتم بزانم ئەو هەرایە چیە، ئەی خەبەری ناو ئاوایی چی هەیە؟.

- وەڵا باوە، تەیارەکانی ئەم ئێوارەیە بە چەکی کیمیایی، قەسفی گۆپتەپەو ئەو گوندانەیان کردووە، خەڵکی ئاوایش ترسیان لێ نیشتووە،

خەریك دەركردنی كەلوپەلی ماڵن بۆ ئەو كەندو شیوانەی دەوروپشتی ئاوایی.

- ناحەقیان نیە، وەزعەكە لە باش ناچێ، ئەی ئێمە چی بكەین؟.

- ئێمەش ئەبێ مشورێكی خۆمان بخوین، ئێستا بە دایكم‌و مناڵەكان ئەڵێم هەندێك پێخەف‌و بزگورو موزگوڕ كۆكەنەوە، ئەیبەین لەو كەندو شیوانە ئەیشارینەوە، ڕۆژ بێتەوە ئێرەش مەترسی دەكەویتە سەر، پێویستە ئێوەش لە ئاوایی دووركەونەوە.

وشەی ئێوە باوكمی وشیاركردەوە، بۆیە بە نیمچە سەرسوڕمانێكەوە پرسی:

- ئەی توو، توو بەتەمای چیت؟!!.

- نازانم باوە من چی دەكەم، بەڵام هەوڵەدەم لەگەڵ پێشمەرگەكانی كە لە ناو ئاواییا هەن شتێك بكەین، بەڵام جارێ نازانم ئەتوانین چی بكەین، هەر چۆنێك بێت، با جارێ ماڵەوە ئاگادار بكەمەوە هەندێك كەلوپەل كۆكەنەوەو تراكتۆرێك پەیداكەم، بزانین داوایی چی ئەبێت.

باوكمم لە دەرەوە جێهێشت‌و چوومە حەوشەوە.

دیتم كاكم محمد لە سەربانە و گوێی لە هەست‌و خوستی ئاوایی گرتووە، كە منی بینی ئەویش هاتە خوارەوە، پرسیاری كرد:

- چی هەیە؟.

- وەڵا كاكە وەزع خراپە، بە چەكی كیمیایی بۆردومانی ئەو دێیانەی قەڵاسێوكە كراوە، خەڵكێكی زۆر شەهیدو بریندار بوونە، هەندێك لە بریندارەكانیان ئێستا بە تراكتۆر عاربانە بەرەوە گوندی چوخلیجە برد، لە

ئێستاوه ئێرەو هەموو دێیەکانی دیکەش مەترسیان لەسـەرە، ئـەبێ مشورێکی ماڵەوە بخوین.

کاکم پشتیوانی قسەکانمی کردو پێکـەوە ڕاوێـژمان کـرد، ئـەو بـە یارمـەتی دایکمو ئیسماعیلی برامو پەیمانی خوشکم خەریکی کۆکردنـەوەی کەلوپـەلی نـاو مـاڵ بـوون، منـیش گەڕامـەوە بـۆ نـاو ئـاوایی، بـۆ ئـەوەی یـەکێك لـە تراکتۆرەکانی پەیدا بکەم بۆ گواستنەوەی شتومەکی ماڵەوە، نـە کاکـەمو نـە من کەسمان ئەو دەمە ژنمان نەهێنا بـوو، لـە سـاڵی ۱۹۸۵ەوەو لـە دوای کۆتـایی وەرزی گفتووگـۆی نێـوان شـۆڕشو حکومـەت مـاڵی ئێمـەش وەك هـەموو ئـەو ماڵانە کوڕیان پێشمەرگە بوو لە کەرکووك دەرکرا بوون، ماڵی ئێمە ساڵێك لـە گوندی تیژەو، ئەوا دوو ساڵیشە لێـرە لـە گونـدی گردخەبـەر گیرساوینەتەوە، بـەڵام خۆشەویسـتیمان بـۆ خەڵکەکـەیو بـۆ گوندەکـەش زۆر لـە دوو سـاڵ زیاترە، هەر وەك ئەوەی لەم دێیە لە دایك بووبین وایە.

من کاکەمو ماڵەوەم جێ هێشتو چوومە ناو ئـاوایی، ڕاسـتە ڕێ چـوومەوە بۆ بن تاقە دارەکەی مەیدانی ئاوایی، چەندین ماڵە پێشمەرگەی دیکـەی وەك ئێمـە لـە ئـاوایی هـەبوون، مـاڵ مـیم قـودرەت، کـە دایکی شـەوکەتو ڕفعـەتو ڕەمزیە، ماڵ هاوڕێ شەماڵ کە دەکەوێتە خوار ئاواییو نزیکی قوتابخانەکـەی گوندە، ماڵ ئازاد گۆڵچیو ماڵ هاوڕێ ئارامو سـابیر عبێـدو.... هتـد، ئـازاد، لـە کەرکووك وەرزشەوانێکی بـاش بـوو، گۆڵچی تیپـی (شـباب ئومـە) بـوو، شـباب ئومـە، تیپێکـی وەرزشـی گـەرەکی ڕەحیمـاوای شـاری کـەرکوك بـوو، زۆر لـە هاوڕێکانمـان پـێش پێشـمەرگایەتی یـاری چـی تیپـی تـۆپی پـێی شـباب ئومـە بوون، سامی برای ئازاد هەورامیو عمـر حـاجی کاکەڕەشو کاکەمـەد بـرایو، دکتۆر حەمیدو سەمەد یاسینو ئازادو چەندینی تر.

ئێستا وا نزیك بوومەتەوە لە تاقەدارەکە، خەڵکی گوند زیاتر شڵەژاون، تراکتۆرەکان لە کێشانەوەی شتومەکی مالانن، چ شتومەکی ماڵی خۆیانو چ هی مالانی دیکەی وەك ئێمەی بێ تراکتۆر، خەڵکی گوندەکان خەڵکیکی سادەو پاكو ڕاستگۆن، ئەوەی بۆ خۆیانی دەکەن بۆ خەڵکی دیکەشی دەکەن، بەڕێکەوت لەو ناوە تووشی ڕەمزی بووم، وا دیاربوو ئەویش وەك من بە دوای تراکتۆرێکی دەس بەتاڵ ئەگەڕا، پێکەوە کەوتینە سۆراخی تراکتۆر، دوای ماوەیەکی کورت تراکتۆرێکمان دەس کەوت کە لە شاردنەوەی شتومەکی ماڵی خۆیان دەگەڕایەوە، پێکەوە چوینە پێشیو قسەمان لەگەڵ کرد، بێ هیچ کێشەیەك ڕازی بوو کەلوپەلی ماڵی ئێمەش بگوازێتەوە، زۆر بەداخەوە ناوی ئەو جوامێرەم بیرنەماوە کە تراکتۆرەکەی لێ دەخوڕی، دیارە ئێمەی ماڵە پێشمەرگە کەلوپەلی ماڵمان کەم بوو، تراکتۆرەکە بە کاروانێك شتومەکی ماڵی ئێمەو ماڵی میم قودرەتی گواستەوە، لەگەڵ ڕەمزی پێکەوە کەلوپەلەکانمان بارکردو لە دۆڵێکی پشتی ئاوایی لە ئاو درێکا شاردمانەوە، کاتێك گەڕاینەوە کات زۆر درەنگ بوو، لە نیوەشەو بەدواوە بوو، گەیشتینەوە تەك ماڵ میم قودرەت ڕەمزی ئەبوو لێرە دابەزێت، لە دوورەوە بینیمان شەوکەت برای لەسەر ڕێیەکەمان وەستاوە، ڕەمزی لە تراکتۆرەکە دابەزیو ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ منیش هەر لەوێ دابەزیمو سوپاسی خاوەن تراکتۆرەکەم کردو ئەویشمان بەڕێ کرد، لەگەڵ شەوکەتماینەوە هەواڵو دەنگوباسمان لە یەك پرسی، هەواڵی لای هەردووکمان هەر ئەوەبوو کە پێشتر ئاگاداربووین لێی، وا ڕێك کەوتین لەگەڵ شەوکەت پێش خۆرهەڵات بە سواری ماتۆڕەکەی ئەو سەردانێکی گۆپتەپە بکەین بۆ ئەوەی، ئەوەی ڕوویداوە خۆمان ببینین، شەوکەت کوڕە گەورەی میم قودرەتو برا گەورەی کاك ڕفعەت، کادرە

مەندوتیژەکەی خۆمان بوو، ساڵی ١٩٨٣ کە شەوکەت هات بۆ پێشمەرگایەتی هاتە کەرتەکەی ئێمە، کەرتی سێی چەمچەماڵی تیپی ٢١ی کەرکووك ئەو لە شار خوێندنی تەواو کردبوو، لە پێشمەرگایەتیش خەریك نووسینو کاروباری ڕێکخستن بوو، ئەو بڵاوکراوانەو نامیلکانەی لە سەرکردایەتیو ناوەندی کۆمەڵەوە بۆمان دەهاتن ژمارەیان کەم بوو، شەوکەت بە هاوکاری شەهید هیوا ڕەشو شەهید دکتۆر حمید، بە دەستو خەتی خۆیان دەیانووسیەوەو بە ناو پێشمەرگەکانا دابەشیان دەکرد، پاش ماوەیەك شەوکەت لە کەرتەکەی ئێمەوە گواسترایەوە بۆ کەرتی تیپ، کە ئەو کاتە مام ڕۆستەم فەرماندەی تیپەکەمان بوو، ئێستا شەوکەت حاکمی کاروباری کۆمەڵایەتیە، تیپی ٢١ی کەرکوك شەش کەرتی چالاکی پێشمەرگەی هەبوو، هەر کەرتێکی پێشمەرگایەتی سنووری چالاکی پێشمەرگانەی دیاری کراوی خۆی هەبوو، ژمارەی هەر کەرتێکیش چل بۆ بەرەو ژووری پەنجا پێشمەرگەی هەبوو، هەموو کەرتێکیش پێکدەهات لە سێ مەفرەزە، لە کەرتێکی پێشمەرگانەدا، سێ فەرماندەی مەفرەزەو فەرماندەی کەرتو جێگری فەرماندەی کەرتو رابەری سیاسیو لێپرسراوی دارایی هەبوو، ئەوە نزیکەی ساڵێك دەبێ بۆ سنووری چالاکی هەر کەرتێك پێشمەرگەیەکی خوێندەوار داندراوە بۆ حاکمی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو سنورە، کاری ئەم حاکمە ئەوەیە، دادوەر دەبێ لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی گوندنشینەکان، بۆ نموونە شەڕی نێوان دوو کەس، یان کێشەی ژنو ژنخوازی، یان هەر کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی کە لە گوندەکاندا ڕوودەدات، ئەم دادوەرە دادوەری دەکات لەو کێشانەدا بەپێی یاسای سزادانی عێراقی، کە هەر یەکە لەم دادوەرانە کتێبێکی یاسای سزادانیی لە بن هەنگڵ خۆی ناوەو وەك حاکم

ڕەفتار دەکەن، حاکمی کاروباری سنوری قەڵاسێوکە کاك وریا ئاخجەلەریەو حاکمی سنووری کەرتی ئێمەش کاك شەوکەتە، بەڵام ئێستا لە جیاتی کاك پێیان دەڵێین حاکم، هەندێك لە حاکمەکانیش بۆ هەڵسوڕاندنو خێرا گەیشتنیان بە شوێنی کێشەکان ماتۆڕیان پەیدا کردووە، حاکم شەوکت، یەکێکە لەو حاکمانەی کە ماتۆڕی هەیە، ئێمە وا ڕێککەوتین پێش خۆر هەڵات، بە سواری ماتۆڕەکەی حاکم شەوکەت بچین بۆ گوندی گۆپتەپە، من سەرێکم لە ماڵ خۆمان دایەوە، بارودۆخی ماڵەوە شڵەژا بوو، باوکم هەمیشە پرسیاری دەکرد.

- ها، هیچی تازە هەیە؟.

وتم:

- نەوەڵا باوە هەر ئەوە هەیە کە بۆتم باسکرد.

بەڵام بە باوکمم وت:

تاوێکی تر لە گەڵ شەوکەتی میم قودرەت بەرەو گۆپتەپە ئەچین، بزانین چی بووە لەو سنوورە.

- باشە، بەڵام زوو بگەڕێنەوە.

- زوو دێینەوە، هەر هەواڵێك وەرئەگرینو ئەگەڕێینەوە، بەڵام ئەگەر دواکەوتین ئێوە لە ناو ئاوایی مەمێنن، هەر بەم بەستەی خوار ئاواییدا سەرکەون بۆ بناری خاڵخاڵان.

کاکەشم، کە پێموایە خەوی لێنەکەوتبوو، لە ناو نوێنەکەی ڕاستەوە بوو، وتی:

- منیش هەروام دانابوو، بۆ لای خاڵخاڵانەوە بڕۆین، بەڵام ئێوەش هەوڵدەن دوامەکەون.

ئێستا کە نزیك بۆتەوە لە بەرەبەیان ئاوایی بێ دەنگیەکی سامناك دایگرتووە، وا هەستەکەیت ئەم دێیە زیندەوەرێکی تێدا نەماوە، هەموو شتێك کپو بێ دەنگە ڕێك بە پێچەوانەی دوو سێ دەمژمێر بەر لە ئێستا، کە مندالّی شیرەخۆرەش بە ئاگا بوو، ئەم بێ دەنگیە قەت نیشانەیەکی باش نەبووە، ئەم بێ دەنگیە قورسانە هەمیشە کارەساتێکیان بەدوای خۆیاندا هێناوە، خوا حافیزیم لە باوکم‌و کاکم کردو لە مالّ دەرچووم، لە پێش دەرگای حەوشی مالّ ئێمەوە ئاوی زێ دیار بوو، تەماشایەکی ئاوی زێیم کرد، زێ بە خوڕی‌و بە تاریکی ڕێی دەکرد، ئاوێکی خوڕو پان، ڕەش، تاریکی شەو ئاوی زێشی ڕەش کردبوو، ئەوە چەند ڕۆژێکە لە بەنداوی دوکانەوە هەموو کونەکانی ئاوەڕۆی بەنداوەکەیان کردۆتەوە، ئاوی زێ چەندین جار بە ئەندازەی پێشوی ئاوی پێدا دەڕوات، بەردانەوەی ئاوی زێ بەم زۆریە نیشانەیەکی ڕوونی نزیك بوونەوەی هێرشی ئەنفال بوو، ئاوی زێ بە جۆرێك بەردرابوەوە کە هیچ بوارێك نەمابوو بۆ پەڕینەوەو ئەمبەرو ئەوبەرکردن، ئەمەش جۆرێك بوو لە گەمارۆدانی پێشمەرگەو خەلّکی ناوچەکەو مەودای هەلّسوڕانی کەم دەکردەوەو بازنەی گەمارۆی لەسەرمان تەسکتر دەکردەوە، چەند جارێك‌و چەند ڕۆژێك لەسەر یەك ئاوی زێ بەردەدرایەوەو پاشان ئاوەکە دەگیرایەوە، کە ئاوەکە بەردەدرایەوە ئاو هەموو جێیەکی دەگرتەوە لە هەندێك دێ ئاوی زێ تا ناو مالّانی ئاوایی دەهات، حاوی‌و ڕەزەکانیشی دەگرتەوە، لێواری ئاوی زێ کە پڕ بوو لە باخی قەیسی‌و سێوو هەنار، هەموو ئەو باخانەش پڕ پڕ دەبوون لە ئاو، کاتێکیش ئاوەکە لە بەنداوی دوکانەوە دەگیرایەوە ئاوەکە کەمی دەکردو دەگەڕایەوە دۆخی جارانی، بەلّام لە پاش خۆی لماوو قوڕاوێکی خەستی جێ دەهێشت کە

دەرچوون لەو قوڕاوە کارێکی زۆر سەخت بوو، لەو قوڕاوەدا کە لە دوای کەم بونەوەی ئاوی زێ پەیدا دەبوو بە سەدان ماسی گەورە گەورە، لە هەموو جۆرەکانی ماسی لە قوڕاوەکەدا جێ دەمان‌و توانای گەیشتنەوە بە ئاوی زێیان نەبوو، زۆرێك لەو ماسیانە کەم ئێسك‌و سمێڵدار بوون، تامی ئەم ماسیە گۆشتن‌و سمێڵدارانە هەندێك ناخۆش‌و گۆشتەکەشیان لینج‌و چەوربوو.

ئێستا من نزیك بومەتەوە لە ماڵ میم قودرەت، هەر کە لە سووچی کۆڵانەکەیان سوڕامەوە حاکم شەوکەتم بینی چاوەڕوانی من دەکات، دوای سلاوێکی ساردو ناپێویست، خۆمان توندکردەوە بۆ سواری ماتۆڕ، زنجیری پالتۆ کلاوداره سەربازیەکانمان داخست‌و سوار ماتۆڕەکە بووین، گەرچی نزیکی مانگێك بەهارمان مابوو، بەلام لەم بەرەبەیانەدا هەوا ساردو زستاناوی بوو، دەنگی ماتۆرەکەمان بێ دەنگی شەوی ناو گوندی شکاند، کەوتینەڕێ‌و بە کەمتر لە پازدە خولەك گەیشتینە گوندی گەڵناخاج، گەڵناخاجیش وەك گردخەبەر چۆڵ‌و بێ هەست دیاربوو، ئێمە لە گەڵناخاج لامان نەدا، بەلام لە گەڵناخاجەوە ڕێیەکەمان دەبوو بە ڤیرتاو، بە کەمتر لە دە خولەك گەیشتینە گوندی کانی هەنجیر، کانی هەنجیر لێرەوە دوا گوندی وڵاتی شێخ بزێنیە، ئەم گوندە لەسەر بەرزاییەك هەڵکەوتووە کە دەڕوانێتە سەر بەشێك لە ناوچەکەو تەواوێکیش لە ئاوی زێوە دوور کەوتۆتەوە، کانی هەنجیریش هەرچۆڵ بێ دەنگ بوو، بە ماتۆڕەکەمان تا دوا ماڵەکانی بەشی خۆرهەلاتی گوندەکە ڕۆیشتین، نە ئاگری چرایەکی داگیرساومان بینی‌و نە گوێشمان لە کۆکەی زەلامێك بوو، لەو شوێنەی کە ئێستا پێی گەیشتووین کە دەکاتە ئەوسەری مالانی گوند، لێرەوە ڕێیەکی پیادە ڕێ لە بەرزایی گوندەوە شۆردەبێتەوە بۆ سەر ئاوی زێ، کە زەرعات‌و ڕەزو باخی ئەم گوندە لێرەدا بە

بەرهـەم دێ، سـنووری ئـەرزو ئـاوی گونـدی کـانی هـەنجیرو گۆپتەپـە لـەم خـوارەوە لەوبـەری ئـەو چـەمیلکەیەی کـە پێـی دەڵـێن: شیوەسـوری گچـکە، زەویەکی پانو تەختو بێ گرێی هەیە، خاکی ئەم زەویە بێ گرێیـە وەك کـل وردە، بۆ سوێندش بەردۆچکەیەك دەس ناکـەوێ لـەم خاکـە بـژارکراوەدا، ئـەم تەختە زەویە تەنانەت بستە عەردێکیشی نـەماوە دانەچێندرێ، ئـەم زەویـەو زەوی هەموو گوندەکانی قەراخ ئاوی زێ ئەوەندە بـە بڕشـتو پـڕ بەرەکـەتن، ئەگەر زێرو دراوشیان لێ بچێنی دیسان بە بەرهەم دێن.

ئێمـە کـە عـەودالـی سـرتەیەك، دەنگێـك بـووین هـەروا ڕاوەسـتا بـووین، چـاومان دەگێـڕا بـە نـاو گونـدو ماڵـەکانی ئاواییـدا، دونیـا هێشـتا تاریکـەو ئەستێرەکان لە ئاسماندا دەدرەوشێنەوە، لە ماڵێك کە ئەوەندە لە ئێمەوە دوور نەبوو بەڵام خانووی ئەو ماڵە لە ئاستی بینینی ئێمـەوە کـەوتبووە نـەدیوەوە، تەنها بەشێکی کەم لە خانووەکەیان لای ئێمەوە دیار بـوو، گوێمـان لـە تەقـەی دەرگایەك بوو، ئەمە یەکەمین دەنگ بوو لەم سێ گوندە گوێمان لێ دەبێ، بێ ئـەوەی یـەکتر ئاگادارکەینـەوە هـەردووکمان سـەرنجمان گواسـتەوە بـۆ سـەر شـوێنی تەقـەی دەرگاکـە، بـۆ ئـەوەی هیچمان لـە دەس نەچـێ بـێ جوڵـە لـە شـوێنی دەنگەکـەمان دەڕوانـی، پـاش ئەوەنـدەی کـە مـژێك بـدەیت لـە جگەرەیـەك، سـەر زەلامێکمـان دی بـەرەوە ئـەو پیـادە ڕێیـە دەڕوا کـە شۆڕدەبێتەوە بۆ دەم زێ، هـەر لـە شـوێن خۆمانـەوە کەوتینـە بانگـە بـانگو داوامـان لـە کـابراکرد بوەسـتێ، ئـەو پیـاوەی کـە زۆر بـەخێرایی دەڕۆیشـتو پەلەی زوو گەیشتنی بوو، بە بیستنی دەنگی ئێمە وەسـتا، ئێمـەش بـەخێرایی گەیشتینە لای.

- كاكـه مانـدوو نـەبی، ئـەرێ هـەواڵو دەنگوباسـی ئێـرە چـیە، چـی قەوماوە؟!!.

- خۆتان ماندوونەبن، بۆ ئێوە لە کوێوە دێن؟!.

- وەڵا ئێمە لەو خوارەوە هاتووین، لای گردخەبەرو قەسرۆکەوە.

- کاکە ئەم عەسرە چوار پێـنج تـەیارە هـاتن، بـە قومبەلـەی کیمیـایی لـە گۆپتەپەو هەیدەربـەگو عەسکەریاندا، هەیدەربـەگو عەسـکەر سـەلامەتترن، بەڵام گۆپتەپە کەسی لێ دەرنەچووە، مەگەر تاكو تەرایەك.

- ئاوها؟!!!، ئێ؟.

- هەنـدێك لـە برینـدارەکانیان بـۆ لای چـوخلیجەوە بـردو ئـەوەی فریاشـی نەکەوتوون بیبەن ئەوەتەن وا لە ناو ئەو چەمەدان لەو خوارەوە، منو حـاکم شـەوکەتیش بڕیارمانـدا لەگـەڵ ئـەم پیـاوەدا بـڕۆین بـەرەو چـەمەکە، بـۆ لای بریندارەکان، کە ئەم پیـاوە شـوێنی برینـدارەکانی دەزانـی، ماتۆڕەکـەمان هـەر لـە شـوێنی خـۆی جێهێشـتو لەگـەڵ کـابرای کـانی هـەنجیریا شـۆڕبوینەوە بـۆ چـەمەکەی دەم زێ، ڕچـەڕێیەکی باریـكو پێچـاوپێچ لـە هـەورازی ئاواییـەوە شـۆڕ دەبـۆوە بـۆ دەم زێ، هـەوا سـاردو شـێدار بـوو، خـوڕەی ئـاوی زێ لـەم بەرزیەوە باشتر دەبیسترا.

کابرای کانی هـەنجیری لـە پێشـەوەو ئێمـەش بەدوایـدا شـۆڕبوینەوە، بـەبێ دەنگی ڕێمان دەبڕی، هەموو فکرمان لای کارەساتەکەی عەسری رابردوو بوو.

گوندی گۆپتەپەمان دەهێنایە پێش چاو خۆمان بە وێرانی، خەڵکە باشو میوانپەروەرەکـەی ئـەبێ چ دەردو بەڵایـەکیان بەسـەر هـاتبێ خودایـە، مـاڵی ئامانجو ماڵی حەسۆی قالەداودو ماڵی شێخ جەوادو هـەموو ئـەو ماڵانـەی کـە دەماناسین بە شێوەو ڕوخسار لەبەر چاومان بوون.

لـه هەورازەكـە شـۆڕبوینەوە، ئێسـتا لـەو ئـاوە كەمـەی كـە پێـی دەڵـێن شیوەسـوری گچـكە دەپەڕینـەوە، بـە پێـی قسـەی كـابرای كـانی هـەنجیری بریندارەكان لەسەری ئەوسەری ئەم تەختە زەویەوەن، سـەری ئەوسـەری ئـەم تەختـە زەویـە كـەمێك تـەنگو باریـك تردەبێتـەوە، لـەو باریكـەی بـەدواوە دەبێتە سنووری ئـاوایی گۆپتەپـە، دەسـتی ڕاستی ئـەم زەویـە هـەمووی بـاخی قەیسیو هەنارە، خانووی خاوەن زەویەكان لە ناو ئەم باخانە دروست كـراون، ئـەو دارانـەی دەورو پشـتی خانووەكـان هـەموویان دار تـوون، دارتـووی كۆنـە ساڵو لقو پۆپ درێژ ئەو دار تووە ئەستورو بە تەمەنانە لە قرچەی گـەرمای هاوینی دەم زێ دا، سێبەری چڕو فێنك بۆ سـەر خانووەكان ئەكـەن، لێـرە بـە چەمو باخو زەرعاتەكانی لێواری زێ دەڵێن حاوی، خـانووی نـاو ئـەم حاویانـە وەرزیی دروست ئەكرێن، بـەڵام هەنـدێك خـانوی گـەورەو تۆكەمەشی تێدایـە كـە هـیچ جیـاوازی لەگـەڵ خانووەكـانی نـاو ئـاوایی دا نیـە، هێشـتا مـاڵی گوندەكانی لێواری ئـاوی زێ گونـدیان چـۆڵ نـەكردووەو نەهاتونەتـە خـانووی حاویەكانەوە، چەن ڕۆژێكی تر ڕەوی ماڵەكان لە گونـدەوە بـۆ سـەر زەرعـاتو بۆ ناو خانووەكـانی حـاوی دەسـت پـێ دەكات، لـە كۆتـایی مـانگی حـوزەیرانو سەرەتای مانگی تەموزدا هیچ ماڵو ئاوەدانیەك لە نـاو گونـدا نـابینی، هـەموو ماڵەكان دێنە سەر كارەكانیان، كە كشتوكاڵە، یان وەك خۆیان دەڵێن شینایی.

ئێمە ئێستا هەندێك لەو شوێنە نزیك بوینەتەوە كە بریندارەكانی گوندی گۆپتەپـەی لێیـە، كـابرای كـانی هـەنجیری پێشـمان كـەوتووەو ئێمـەش بـەبێ دەنگـی بـە دوایـا ئـەڕۆین، ئـەو جوامێرەی كـانی هـەنجیر، چـەند هـەنگاوێك كەوتۆتە پێشمانەوەو هەندێكیش خێرا دەڕوات، لە ناوەندی هەموو حاوییەك شاڕێیەك هەیە ئێمەش، بەسەر شاڕێیەكەدا دەڕۆیـن، لـە تـاریكی ئـەو شـەوەدا

هەندێك دارتووی گەورەمان هاتە پێش، پێ دەچوو تەمەنی ئەم دار توانە ڕێك بە قەدەر تەمەنی حاویەکەبێ، پیاوە کانی هەنجیریەکە لە شارێیەکە لایدا بەرەو دەستی ڕاست، بەرەو بناری ئەو بەرزاییەی کە کۆتایی بە حاویەکە دەهێنا، کە نزیکتر بووینەوە چەند خانوویەکمان لێ دەرکەوت، خانووەکان خانووی گەورەو چاك بوون، بەڵام هیچ تروسکاییەکی ئاگرمان نەبینی، هەر کە لە شارێیەکە لاماندایە بەرەوە ئەم خانووانە گوێمان لە لرخەیەك، یان قخخەیەکی بەردەوام بوو، کە من پێم وابوو دەنگی باڵندە یان هەر شتێکی ترە کە من نازانم چیە، یان تا ئێستا گوێم لە دەنگی لەم شێوەیە نەبووە، نەشم زانیوە باڵندەیەك هەبێو دەنگی بەم جۆرە بێ، کاتی ئەوەش نەبوو پرسیاری دەنگێگی وا غەریب بکرێت لەم کاتەدا، تا نزیك دەبوینەوە دەنگی لرخەکەش بەرزتردەبوو، گەیشتینە بەردەم هەیوانی ئەو خانووانەی کە بۆی دەچووین، گوێمان لە ناڵەو دەنگی دەیان بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بوو، هاوار لە تاو ئازار، هاوار لە تاو سووتانو برژانەوەی چاوو پێستی سووتاوی جەستە، هەیوانو ژوورو خانووەکەی دیکەش کە هاوشانی ئەم خانووە بوو، پڕ بوو لە بریندارو ناڵەو هاوار، ئەو دەنگە غەریبەی کە پێشتر بیستمان یەك بینو بێ پسانەوە گوێمان لێی دەبوو دەنگی قرخەی ژنێکی بە ساڵا چوو بوو، کە بەرکەوتەی ئەو چەکە بوو، چوومە دیار سەر ئەو ژنە بە ساڵاچووە هەردوو چاوی پەنماوو سور هەڵگەڕابوون، نەیدەتوانی قسە بکات تەنها بە دەستی ئیشارەی دەکردو هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە، تێی گەیشتین، هاوار بۆ خودا دەکات، سکاڵا بەرەو عەرشی خوداوەند دەنێرێت، بەپێی ئیشارەکانی دەستی، بەکارهێنەرانی ئەو چەکە، عروبەو نەوەکانی خالیدو سەعدو قەع قاع، هەواڵەی خودا دەکات، ئەبێ چ

نزایەك كاریگەرتر بێ لە نزای زمان شكاوێك، لە نزای ژنێك كە لە تاو ئازار، ئارامی لێ هەڵگیراوەو بۆ چرکەیەكیش ناتوانێ بسرەوێ، نزای بەندەیەكی خودا، هەڵدەكشا بۆ عەرشی خودا.

نە ئێمە دەمانزانی چی بكەین‌و نە كەسیش شتێكی لە دەس دەهات، بیكات لەو كاتەدا، نە دكتۆرێك هەبوو نە دەوایەكیش، تەنها دەمانتوانی یەكە یەكە سەردانی برینـدارەكان بكەین‌و تاكە ئامۆژگاریش كە ئێمە دەمانزانی بیلێین ئەوەبوو.

- كاكە شوێنە بەركەوتووەكانیان بە ئاو بشۆن.

ئەمەمان بەو كەسانە دەگوت كە بەر نەكەوتبوون‌و بە دیار ئەو كەسانەوە بوون كە كەس‌وكاری خۆیان بوون، ئێمەش ئەم ڕێنمایەمان پێشتر لە سەركردایەتیەوە بە نووسراو بۆ هاتبوو، كە دكتۆرەكانی شۆڕش دەریان كردبوو.

ئێستا دونیا لەسەر ڕووناك بونەوەیە، ڕووناكایەكی سپی بە هێمنی بە بەر زەمینا ئەكشێ، زەمینێكی پڕ لە تاوان‌و چەكی كیمیاوی، زەمینێكی پڕ لە هاوار نادادی، لەگەڵ حاكم شەوكەتا نەماندەزانی چی بكەین، پاش مشاوەرەیەكی منگە منگاوی بڕیارماندا بگەڕێینەوە بەرەو گوندی كانی هەنجیرو بۆ لای ماتۆڕەكەمان، تا دەهات دونیا زیاتر ڕووناك دەبۆوە، ڕۆشنایی بەر بەیان ئاسمانی بە تەواوی سپی كرد، ئێستا دەمانتوانی بەر پێی خۆمان ببینین، بەبێ دەنگی كەوتینە ڕێ بۆ گوندی كانی هەنجیر، هەورازەكەمان بڕی‌و گەیشتینەوە ناو گوندەكە، سەیرێكی ئاسمانم كرد تەنها یەك دوو ئەستێرەی دوور لە یەك‌و كز بە ئاسمانەوە مابوون، ئەو یەك دوو ئەستێرە كزەش لەبەر شەپۆلی ڕووناكی سپێدەدا كاڵ ببوونەوە، بە ئاستەم

تروسـكاييەكی نـەرميان لـێ هەڵدەسـتا، حـاكم شـەوكەت ڕيزێـك سـەيارەی نيشاندام كە لە بەرزاييەكەی شارۆچكەی ئاخجەلەرەوە شۆڕدەبوونەوە بۆ نـاو شارۆچكە چۆڵكراوەكەی ئاخجەلەر، شارۆچكەی ئاخجەلەر ماوەی ساڵێك پـترە چۆڵكراوە، نە فەرمانگە دەوڵەتيەكانی لێ ماوەو نە دانيشتوان، شەوقی گلۆپی سەيارەكان بە كزی دەبينـدران، ڕيزيكی درێـژبوون، چاومان وەرگێـڕا بـۆ لای بـاكوور، هــەمان ڕيــزی ڕووناكيمــان بــينی لەســەر شــاخی كەڵكەسماقــەوە شـۆڕدەبوونەوە بـۆ نـاو گونـدی كـانی سـورو خەرابـەی دەشـتی كۆيـە، لەسـەر شـاخی گـەورەدێش هـەمان ڕيـزە ڕووناكيمـان بـينی، بـەڵام هـيچ ئاسـەوارێكی هێـزی پێشـمەرگەمان نـەبينی، نـە لای برينـدارەكانی گۆپتەپـەو نـە لـەو گوندانەی كە دەكەوتنە سەر ڕێی هاتنمان بۆ ئێرە، ڕۆژی پێشووتر سێ تيپ پێشـمەرگە لـە ناوچـەكەدا بـوون، تيپـی بيسـتو پێنجـی خاڵخاڵان، كـە كـاك ڕەهبەر سەر تيپی بوو، تيپی بيسـتو يـەكی كـەركووكو تيپـی پـەنجاو يـەكی گەرميان، بەڵام ئێستا هـيچ كـەسو پێشـمەرگەيەك نـابينين، يـان لـە ئێمـەوە ديار نين، ئێمە ئێستا نازانين پێشمەرگەكان چيان لێ بەسەر هاتووەو بۆ كـوێ چوونە، ئێمە دەبوو بڕيارێك بـدەين، ڕۆيشـتن بـەرەو گۆپتەپـە بـۆ سـۆراخی پێشمەرگەكانو دۆزينەوەيان يـان گەڕانـەوە بـۆ گونـدی گردخەبـەر، ئـەی كـێ ناڵێ ئێستا هێزەكانی حكومـەت لـە شارۆچـكەی تـەق تەقـەوەش بـەرەو شـێخ بـزێنی سـەروو هەڵنەكشـاون؟!، خـۆ ئەگـەر هێـزی دەوڵـەت لـە تەقتەقـەوە بكەونە ڕێ، ئەوە تەنها دوو گونديان لە پێشەو دەگەنە گردخەبەر، ئـەو كاتـە نەك ژيانی خـەڵكی گونـدو كـەسوكارمان دەكەوێتـە مەترسيەوە ڕووبـەڕووی مەرگی محەقەق دەبنەوە.

ئێستا خۆر لەسەر هەڵاتنە دونیا بە تـەواوی ڕوونـاك بۆتـەوە، دەبـێ پەلـە بکەین، چونکە ڕەنگە تەنها نیو کاتژمێرێکی تر ماوەی جولاّن‌و هەڵسوڕانمان هەبێ، پاش ئەوەی خۆر بە تەواوی هەڵدێ، جاش‌و سـوپا، بـەر دەبنـە گیـانی خەڵك‌و گوندەکان، ئەو کاتیش کۆپتەر بەری ئاسمانمان لـێ دەگـرێ‌و جوڵـەش لەسەر زەوی دەبڕێ.

لە نێوان ڕۆیشتن بەرەو گۆپتەپەو گەڕانـەوە بـۆ گردخەبـەر، گەڕانـەوە بـۆ گردخەبـەرمان هەڵبـژارد، هێشـتا ماتۆڕەکـەمان نەسوڕاندبۆوە بـەرەو گونـدی گردخەبـەر گوێمـان لـە دەنگـی تەقـەو گرمـەی گـەورەی تـۆپ بـوو، لـە قـۆڵی ئاخجەلەرەوە، بە خێراییەکی زیاتر لەوەی کـە پێـی هـاتبووین گەڕاینـەوە بـۆ گوندی گردخەبەر، کە گەیشتینەوە ناو گوند هێشتا تـاك و تـەرا ئـاوەدانی لـە ناو گوندا مابوو، وا ڕێککەوتین هەر یەکەو سەر لە ماڵ خۆمـان بـدەین‌و پـاش ماوەیەکی کورت لەسەر ڕێیەکـەی گونـدی قەسـرۆك لـە خـوار ئاواییـەوە یـەك بگرینەوە، من کە گەیشتمەوە ماڵ خۆمان هێشتا هـیچ کەسـێك لـە مـاڵ ئێمـە دەرنەچـوو بـوون‌و ئاواییـان جـێ نەهێشـت بـوو، لەسـەر ئـەوە ڕێـك کـەوتین، باوکم‌و دایکم‌و پەیمانی خوشکم‌و ئیسماعیلی برام بـە دۆڵـە پـڕ قەمیشـەکەی خـوار ئاواییـدا سـەرکەوتن بـەرەو چـیای خاڵخـالاّن، چیای خاڵخـالاّن بـە دیـوی سێبەریدا شاخێکی گەورەو پانە، ئەگەر لە دوورەوە سەیری ئـەو شـاخە پـان‌و بەرزەی خاڵخالاّن بکەیت کە دەڵێی بە شمشێر بڕدراوە، لە ناوچـەوانی گایـەك دەچێ، گایەك کە لە بەرزیەوە بەرەو خوار بنواڕێ، بەم بەشەی خاڵخـالاّن کـە لـە ناوچـەوانی گـا دەچـێ، پێـی دەڵـێن دەربـاز، شـاخی دەرباز ڕەنگـی مەیلـەو شینە، شاخی دەرباز، لەو شاخە نەرمانەیە کە بە دەست لێ خشاندنێك لمێکی وردو نەرمی لـێ هەڵـدەوەرێ، یـان ئەگـەر کلۆیـەك لـەو شـاخە ڕەنـگ مەیلـەو

شینەی دەرباز بخەیتە ناو مشتو نەختێك مشتت بە توندی بنوقێنی، مشتت پـڕ دەبـێ لـە لمێکـی نـەرمو شـین، ئـەو لـمـە نـەرمو شـینە وەك ئـاو بـە نێـوان پەنجەکانی دەسـتا دەخـزێنو دەڕژێنـە سـەر زەوی، دامـێنی شـاخی دەربـاز بـە سەدان دۆڵی باریکەلەی لماوی لێیە کە بە هەندێك لەو دۆڵە باریکەلانە دەڵێن لوولە، لوولە بە دۆڵێکی باریك دەوترێ، ئەم لوولانەی شاخی دەربـاز ئەوەنـدە باریـكو تـەنگن کـە تـەنها تاکـە کەسـێك دەتـوانێ پێیـدا بـڕوات، ئـەم لوولـە شاخانە هەمیشە تەڕو بە ئاون، لە خوار لوولە شاخەکانی دەربازەوە چـەندین دۆڵی پانو قوڵی پڕ قەمیشەڵان هەن، ئەم دۆڵە پڕ لە قەمیشانە زۆر لە خـوار دەربازلەدی گیردەبنو دەبن بە دۆڵێك، دۆڵێکی پانو گـەورە، گـەورەتر لـەوەی چاوەڕێی دەکەیت، ئەم دۆڵە گەورەیە ئاوی باراناوی هەموو چیای خاڵخاڵانو شاخی دەرباز کۆدەکاتەوەو لە خوار ئاوایی گردخەبەرەوە تێکەڵ بـە ئـاوی زێ دەبێـت، خـاکی ئـەم دۆڵـە پـڕ لـە قەمیشـە کـە لـە خـوار لوولـە شـاخەکانی دەربازەوە دەس پێ دەکات، خاکێکی سووری نەرمە، ئەم خاکە سـوورو نەرمـە، جگە لە قەمیشی تـەڕو گـەڵا پـان لێـرەو لـەوێ بنـە کفرشـی لـێ دەڕوێ، کفـر، دەوەنێکە ڕەنگی هەمیشە سەوزە، سەوزێکی تێر، بـاڵای ئـەم دەوەنـە کـە پێـی دەڵـێن کفـر، لـە کەمـەری بـەژنی پیاوێـك پـتر هەڵناکشـێت، گـەڵای بنـەکفر گەڵایـەکی وردو باریکـە، لـە قـەدیما لقـی ئـەم بنـە کفرەیـان شـکاندۆتەوە یـان سـووتاندویانەو ڕۆنەکـەیان بـۆ چارەسـەری بالوکـە بـەکار هێنـاوە، بالوکـە قنچـکەیەکی وشـکە کـە لەسـەر دەسـتو پێـی مـرۆڤ دەردێـتو ئەگـەر زوو چارەسـەر نـەکرێت ئـەوا بـە خێرایـی هـەموو سـەر دەسـتو پێـی مـرۆڤ دەگرێتەوە، بالوکە هیچ مەترسیەکی بۆ سەر ژیـانی مـرۆڤ نیـە، بـەڵام بالوکـە سەردەستو پێی مرۆڤەکان ناشرین دەکات، بە تایبەتی کـچو کـوڕە گەنجـەکان

حەز دەکەن هەمیشە دەستو پێیان جوان و ناسک دەرکەوێت، ئەو بالوکە نەفرەتیەش جوانی دەستیان دەشێوێنێ، من تەنها بنە کفرم لە دۆڵ و شیوەکانی خاڵخالان بینیوە، لە هیچ شوێنێکی تری کوردستانا ئەم دەوەنە بەژن کورتەم نەبینیوە.

هەندێك نانمان هەڵگرتوو هەمومان پیکەوە کەوتینە ڕێ بەرەو خوار ئاوایی و سەر ڕێی گوندی قەسرۆك، کە گەیشتینە سەر ڕێیەکە حاکم شەوکەت گەیشت بوو، چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد، لێرەوە ولەسەر ئەم ڕێیەوە دەبوو باوکم و ئەوان بە دۆڵە قەمیشەلانەکەیا هەڵبگەڕین بەرەو شاخی دەرباز، ئێمەش بەرەو گوندی قەسرۆك بچین، بەلام وامان بە باش زانی کاکم محمدش بۆ ئاگاداری باوکم و ئەوان لەگەڵیانا بڕوات بۆ شاخی دەرباز، پێش گەیشتنی ئێمە میم قودرەت و ڕەمزی برای حاکم شەوکەت هەربەم دۆڵەدا بەرەو چیای خاڵخالان ڕۆیشتبون، لێرە لەسەر ئەم ڕێیە ئێمە لەوان جیا بوینەوە، کاکم و ئەوان بەرەو خاڵخالان و من حاکم شەوکەتش بەرەو گوندی قەسرۆك کەوتینە ڕێ.

ئێستا خۆر بەتەواوی هەلاتووە، تاك و تەراش خەڵك نابیندرێت، دەنگی باڵندە مل درێژەکانی لێوار ئاوی زێ ناوە ناوە لە ئاسمانەوە دێ، یان ئەو کاتانەی لە دارچنارێکەوە باڵیان لێك دەدەن دەگوازنەوە بۆ دارچناریکی دیکە شەقەی هەڵفڕین و باڵ لێکدانیان تێکەڵ بە وشەی بایەکی نەرم دەبێت کە گەلای دارچنارەکانی دەم زێ و ناو حاوی گردخەبەر ئەلەرێنێتەوە، جگە لەم دەنگانە هیچ دەنگێکی تر بەرگوێ ناکەوێت، ئێمەش بەبێ دەنگی مل ڕێمان گرتوە و زۆر بەکەمی نەبێت سەرش هەڵنابڕین، بابەت ئەوەندە زۆرە بیری لێ بکەینەوە، تەنانەت ناتوانین زەینی خۆمان لەسەر بابەتێك ڕابکرین،

هێرشی دووژمن، هەڵسانی کۆپتەر، پەرتەوازەبوونی ماڵ و خێزان، أنفال، مەرگ و کوژران و هتد......

نێوانی گوندی گردخەبەر و گوندی قەسرۆك لە پازدە خولەکێك پتر نیە، ڕێیەکەی ئێمەش کە پێیدا دەڕۆین بەناو زەرعات و دارچنار و دارتوەکانی حاوی هەر دوو گوندی قەسرۆك و گردخەبەردا دەڕوات، بۆیە کەمتر بیر لە مەترسیەکانی فڕۆکە و کۆپتەر دەکەینەوە.

کە گەیشتینە گوندی قەسرۆك چەند پێشمەرگەیەکی دابڕاوی کەرت و مەفرەزەکانی خۆمانمان بینی، یەکێك لەو پێشمەرگانە هاوڕێ شەماڵ بوو، هاوڕێ شەماڵ کە بە شەماڵە خڕەش دەناسرا پێشمەرگەو ڕێبەری سیاسی کەرتی یەکی تیپی بیست ویەکی کەرکوك بوو، هاوڕێ شەماڵ خەڵکی گەڕەکی تەپەی مەلاعەبدوڵای کەرکوك بوو، شەماڵە خڕە نزیکەی ساڵێك دەبێ لە گەڵ ئازاد ژنیان گواستۆتەوە و ماڵەکانیان لە گوندی گردخەبەربوو، ئازاد خەڵکی گەڕەکی ڕەحیماوەی شاری کەرکوك بوو، ئازاد لە ڕەحیماوە و پێش پێشمەرگایەتی وەرزشکاربوو، ئازاد، گۆڵچی تیپی تۆپی پێی شباب اومە بوو، بۆیە لە پێشمەرگایەتیش هەر بە ئازەگۆڵچی دەناسرا، لەگەڵ شەماڵ کەوتینە قسەو هەواڵ پرسینی برادەرانی تر، شەماڵ وتی ئارامش لێرەیە، شەماڵ لەگەڵ هاوڕێ ئارام خزمایەتیان نزیك بوو، جگە لە خزمایەتی هاوڕێیەتیشیان خۆشبوو، هاوڕی ئارامش لەگەڵ ڕێواس خان دوو ساڵێك دەبێ ژیانی هاوسەریان پێك هێناوە، ئەوانش هەرلە گوندی گردخەبەر نیشتەجێن.

لەگەڵ شەماڵ و هاوڕێ ئارام بڕیارماندا سەرکەوینە سەر بەرزاییەکانی گوندی قەسرۆك بە ئاراستەی گوندی قەمیشە، گوندی قەمیشە زێدی

دایکمه، لای ئەم هاوڕێیانەمان زانیاری ئەوە هەبوو، کە سوپای عێراق ئەم بەیانیە لە شارۆچکەی تەق تەقەوە بەرەو گوندی سماقە و گوندی قەمیشە هێرشیان هێناوە، بەلاّم هێشتا دەنگی هیچ تەقوتۆقێك نەبیستراوە لەم قۆڵەوە، ئێمە ئەم چوار پێشمەرگەیە بەرەو بەرزاییەکانی گوندی قەسرۆك بە ئاراستەی گوندی قەمیشە کەوتینە ڕێ، کەسەرکەوتینە سەرەوە چەن سەنگەرێکمان دیت لەمبەر و ئەو بەری ڕێگای نێوان گوندەکانی قەسرۆك و قەمیشە لێدرابوون، هەر دوان لە ئێمە چوینە یەکێك لەو سەنگەرە لێدراوانەوە و تیایا جێگیربووین، من نازانم ئەم سەنگەرانە کێ هەڵیکەندوون و کەی هەڵکەندراون، بەلاّم ئەم سەنگەرانە کە تا پشتێنەی مرۆڤ قوڵ کراون هەرکەسێك و بۆ هەر مەبەستێك هەڵیکەندبن، بۆ ئێستا زۆر بەسودە بۆ ئێمە، نازانین ئێمەش شەڕ لەم سەنگەرانەیا ئەکەین یان نا، ناشزانین لەم سەنگەرانەیا دەکوژرێین یان بە سەلامەتی لیی دەردەچین، هەرچۆنێك بێ ئەم سەنگەرانە بۆ ئێستای ئێمە لەنان و ئاو پێویست ترە، کاتێك ئێمەسەرکەوتین و گەیشتینە لای ئەم سەنگەرانە بینیمان چەند کەسێکی دیکەی چەکدار لە ئاوایی قەسرۆکەوە بەرەو بەرزاییەکانی شانی چەپمان سەرکەوتن، ئەوەش مایەی دڵخۆشی بوو بۆ ئێمە.

ئێستا نزیکەی چێشتەنگاوە، دەنگی تەقەیەکی زۆر دێت لەلای گوندی قەمیشەوە، لەبەری ئەوبەری ئاوی زێوەش دەنگی تەقە و ناوە ناوەش گرمەی تۆپ دێت، ئێمە باشتر خۆمان قایم کرد لە سەنگەرەکانمانا و چاومان گێڕا بە هەموو دۆڵ و بەرزاییەکانی دەورو پشتمانا، ئێمە بڕیارمان دابوو پێش بە لەشکری أنفال بگرین و نەهێلین لە ئێمە تێپەڕن.

لەبەری ئەو بەر و لای گوندی مەلازیادوە گوێمان لە گڕەی تانکە، دەنگی تەقەیەکی چڕ و خەست دێ، پێی ئەچێ پێشمەرگەکانی بەری ئەوبەرمان، کە دەکاتە بەری کۆیە بەرگریەکی توندبکەن، تا دێ دەنگی تەقە لەوبەر چڕتر دەبێ، بەڵام لای گوندی قەمیشەوە کەدەکاتە بەری ئەم بەر و یەکەمین گوندە کە بەر شاڵاوی أنفال دەکەوێ تەقە کزە و ناوە ناوە نەبێ گوێمان لەدەنگی تەقەنابێ، لەسەنگەرەکەی خوارمانەوە کە حاکم شەوکەت و هاوڕێ ئارام تیا جێگیربوون، حاکم شەوکەت بەدەنگێکی بڵند بانگی کرد.

_ ئاگاداربن دەنگی کۆپتەردێت.

وەڵامان دایەوە،

_ ئێمەش گوێمان لە دەنگ کۆپتەرەکە هەیە، بەڵام کوا نایبینین.

حاکم شەوکەت دووبارە ووتی.

_ ئەوەتەن دوو کۆپتەرن وا بەسەر حاوی و سەرزێیا ئەسوڕینەوە.

چاومان بەرەو خوار گێڕا، بەرەو دەم زێ کەبەشێك لە حاوی گوندی قەسرۆك دەکەوتە ئەو ئاراستەیەوە و گوندی قودرەتەش کە لەسەر کەپکە شاخێکی پانی دەم زێ بنیاد نرابوو، سنوری بەسنوری حاوی قەسرۆکەوە بوو، کۆپتەرەکان بە نزمی بە سەر حاوی قەسرۆکا دەسوڕانەوە، لەگەڵ هەموو سوڕانەوەیەکیان بازنەی سوڕانەوەکەیان فراوانتر دەکردوە، کە هەندێك جار بازنەی سوڕانەوەیان لەسەر سەنگەرەکانی ئێمە تەواو دەکرد، بەڵام هەرگیز پێیان وانەبوو کە پێشمەرگە لەو سورکایی و ڕووتەنە لە سەنگەرابێ، ئەوان بڕوایان وابوو کە پێشمەرگە لە ناو زەرعات و دارو دەوەنەکانی دەم زێبن، بۆیە زیاتر گەڕانەکەیان لە ئاستی حاوی و دەم زێ چڕ کردبۆوە، ئەو کاتانەی کۆپتەرەکان دەگەیشتنە نزیکی ئێمە، گوێمان لێ بوو،

بە بڵندگۆ ئاگاداریەکیان ئاراستەی سەرزەوی دەکرد، بە زمانی عەرەبی و کوردی ئاگاداریەکەیان دەیان جار دووبارە دەکردەوە و دەیانگووت.

_ ئاگادارتان دەکەینەوە لە چاڵ و پەناگاکانتان وەرنە دەرەوەو خۆتان تەسلیمی حوکمەت بکەن، حوکمەت بەڕەحمە و دەتانبورێت، ئەگەر خۆتان تەسلیم نەکەن ئەوە بە چەکێك لێتان دەدەین کە لەهەر شوێنێك خۆتان شاردبێتەوە دەرباز نابن.

ئەمە ئاماژەیەك بو بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، پاش گەڕان و سوڕانێکی زۆر و دەیان جار دووبارەکردنەوەی ئەم ئاگاداریە، کۆپتەرەکان بە چڕی کەوتنە بۆردومان کردنی بن دار و دەوەن و کەپر و خانوەکانی دەم زێ، ئێمە چاوەڕوانی هاتنی جەیش بوین، جگە لەوەی تەقەکردن بێ سودبوو، چەکەکانشمان تەنها چەکی سوك بوون، کاری گەریان لەسەر کۆپتەر نەدەکرد، بۆیە ئێمە خۆمان بۆ کۆپتەرەکان ئاشکرانەدەکرد و چاوەڕوانی هاتنی جەیش بووین.

ئێستا نزیکی نیوەرۆیە، دەنگی تەقەلە بەری ئەوبەر نەماوە، وا پیی دەچێ پێشمەرگەکانی ئەوبەر کە تا چەند ساتێك لەمەوبەر بەرگریان دەکرد و دەنگی تەقەی تفەنگیان دەگەیشتە ئەم بەر شکابن یان پاشەکشەیان کردبێ، شوێنەکەی ئێمە کەلەبەرزی بوو، بەشێك لەبەری ئەمبەر و هەموو بەری ئەوبەرمان لێوە دیاربوو، دەمانبینی تانك و هێزەکانی أنفال دەچونە ناو گوندی مەلا زیادەوە، چەڕە دوکەڵی سوتاندنی گوندەکەمان دەبینی و گوێمان لە گرمەی R.B.G و تەقەی دەس ڕیژی هێزەکەی حکومەت دەبوو کە بە هەوادا دەیان تەقاند، بەڵام هێزەکانی حکومەت لە گوندی مەلازیادەوە جوڵەی نەکردوە بەرەو گوندەکانی تر و واپێی دەچێ لە گوندی مەلازیاد

جێگیربوبێتن، وا لە ئێمەوە دیارن هێزێکی زۆر لە تەق تەقەوە دێن و دەچـنە ناو گوندەکەوە.

ئێستا لـە نیـوەرۆ لای داوە، هێزەکـانی حکومـەت لەبـەری ئەمبـەرەوە و پـێش دەمژمیرێك گەیشتنە گوندی قەمیشە، ئـاوایی قەمیشە لـە ئێمـەوە دیـار نیـە، چونکە ماڵەکانی گوندی قەمیشە لە دۆڵێکی قولن و تا خۆت نەچیە سەر ئەو کەلەملەی کەشۆڕدەبیێتەوە بۆ ناو ئاواییی و خەڵکی گونـد پـێی دەڵـێن کـەلی قەمیشە ماڵانی گوندت لێ دەرناکەوێ، بەڵام بەرزاییـەکانی گوندەکـەمان لێـوە دیارە، کە بەدەیان چەکداری لێ دەبیندرێ، دوکەڵی سـوتاندنی ئـاوایش بـەری ئاسمانی گرتوە، هێزەکانی أنفال دەگەنـە هـەر گونـدێك وێرانـی دەکـەن و دەی سوتێنن.

ئێمـە لـە سـەنگەرەکانمانەوە هـەر چاوەڕوانی هـاتنی جاش و جیشـین بـە وردی چاوەدێری جموجوڵەکانی هێزەکـانی حکومـەت دەکـەین، ئێسـتا نێـوان ئێمەو هێزەکانی أنفال لە ١٥ خولەکە ڕێ کەمترە بە پیادە.

هەر چۆنێك بوو ئێمە تا نزیکی مەغریب لە سـەنگەرەکانمان ماینـەوە، هێـزی حکومەتیش ئەو ڕۆژە لەوە زیاتر نەهاتنە پێشەوە، پێش تاریك بـوونی دونیـا ئێمە لە سەنگەرەکانمان دەرچوین و بەرەو ئاوایی قەسـرۆك شـۆڕبوینەوە، کـە گەیشتینە ناو ئاوایی دونیا بەتەواوی تاریك ببـوو، ئـاوایش چـۆڵ و هـۆڵ بـوو تـاك و تـەرا، لێـرە و لـەوێ پیـاوانی گونـد ئەبینـدران ئـەوانش یـان بۆشـتێکی پیویست هـاتبوون یـان وێڵـی دوای مـەڕ و ماڵاتیـان بـوون، ئێمـە برسـی بـوین چونکە لە بەیانیەوە نانمان نەخواردبوو هیچ کەسێکش نەهاتبوو بۆلامـان لـە سەنگەرەکانی دەوری ئاوایی تا خواردنێکمان بۆبێنێ یـان خۆمـان ئیـزن بـدات تا بچین نان و پێ خۆرێك بۆ خۆمان پەیدابکەین، کە هاتینە ناو گوند یەکەم

شتێك كەبە دوایدا دەگەڕاین نان بوو، نانش لە هەموو ماڵێك پەیدا دەبو، ماڵەکانی ئاوایی هەموویان چبوونە چیای خاڵخاڵان ماڵ و حاڵیان جێ هێشتبوو،

من و هاوڕێ ئارام یەك كەوتبوین لە نزیکی مزگەوتەکەوە خۆمان کرد بە ماڵێکا دەرگاکەیان گەورەو لە سەر پشت بوو، هەر لە هەیوانی ماڵەکە مەنجەڵێ ماستی گەورەی لێ بوو، لە ناو ژورەکانش نانمان دۆزیەوە هەر بە چیچکانەوە بەشی شەو ڕۆژێك نان ماستمان خوارد، ئێمە خەریکی نان ماست خواردن بووین زرمەی تۆپێکی گەورە هات، نەمانزانی بەکوێ کەوت بەڵام هەموو ئەو ماڵەی ئێمەی لێ بووین و ماڵەکانی دەورپشتیشی نوقمی تەپ و تۆز کرد، بە پەلە لە هەیوانی ماڵەکە دەرچوین، هێشتا نەگەیشتبوینە نزیکی دەرگای حەوش زرمەی تۆپی دووەم هات و زۆر نزیکی ئێمە بەعەرد کەوت، دەنگێکی ڕەق و تەپ و تۆزێکی زۆری کرد بەسەر و گوێمانا، هەرچەندە تۆپ باران لە ناو ئاوایی مەترسیەکی گەورەی نەبوو بۆ سەر ژیانمان، بەڵام وای لێمان کرد پەلە بکەین بۆ دەرچوون لە ناو ئاوایی، ئێمەش هەندێك بە پەلە کەرێکمان پەیدا کرد و هەندێك نان و پێ خۆرێك کە لەوێ بەدەست دەکەوت کۆمان کردەوە و لە کەرەکەمان بارکردو بەرو چیای خاڵخاڵان کەوتینە ڕێ، ئێمە نان و پێ خۆرەکەمان بۆ کەس و کارمان بوو کە لە پێش خۆر هەڵاتەوە چبوونە خاڵخاڵان و بڕواشمان وابوو تا ئێستا نانیان نەخواردوە.

لە گەڵ هاوڕێ ئارام لە ئاوایی دەرچوین و ناوە ناوەش تاقیبی هاوڕێکانی ترمان دەکرد، شەماڵ و حاکم شەوکەت لە ناو ماڵانی گوندا لێمان دابڕان، دەبوو بیان دۆزینەوە، دڵنیابووین تۆپەکان هیچ مەترسیەکیان بۆ سەر ژیانیان دروست نەکردوە، تۆپەکانش هەرئەو دوو تۆپە بوون و ئیتر تۆپی تر

نەهات، پاش هەندێك هەڵوێستە کردن و چاوەڕوانی بڕوایەکەمان لا دروست بوو کە ئەوان پێش ئێمە دەرچوونە و ڕەنگە ئێستا لە خالْخالان لە ئێمە بگەڕێن، بۆیە ئێمەش بەرەو خالْخالان کەوتوینەڕێ، پاش بیست خولەکێك گەیشتینە شاخی دەرباز لە چیای خالْخالان، لەگەڵ ئەو تاریکەیەی شەویش بە ئاسانی ماڵ و کەس و کارمان دۆزیەوە، شەماڵ و حاکم شەوکەتش لەوێ بوون، هەموومان یەکمان گرتەوە، ماڵ ئێمە، باوکم و دایکم و پەیمان خۆشکم و اسماعیل برام و کاکم محمد، ئارام ڕێواس خێزانی و حاکم شەوکەت، ڕەمزی برای و دایکی، لەو بەینەدا دکتۆرجمال و زەینەب خانی خێزانی کەمنداڵێکی سێ مانگانیان پێ بوو، منداڵەکەیان کوڕبوو ناوی دیلان بوو دکتۆر جمال خزمی هاوڕێ ئارام و شەماڵ بوو ئەوانش لەگەڵ خێزانەکانمان تێکەڵ بوون و هەموو بوین بەیەك، دکتۆر جمال پیاوێکی ڕۆشنبیر و کۆنە شیوعی بوو، جگە لەوەش دکتۆربوو، زەینەب خانی خێزانی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبوو، ژنیکی ئازاو گونجاوبوو، زۆربەی کات مناڵە کۆرپەکەیان بەباوەشی زەینەبەوە بوو، ئێمەش جار و بار ئەوەندەی بۆمان بکرایەو جەنجاڵی مێشك و دڵ و دەروونی بەربدایانایە یارمەتیمان دەدا، ئەو شەوە بەبێ ئەوەی بزانین سبەینێ چیمان بەسەردێ لە ناو دۆڵ و شیوەکانی چیای خالْخالان ڕۆژمان کردەوە، کەس نەیدەزانی بەیانی چی ڕوودەدا.

بەیانی کەدەیکردە ٢٤\ ٥\ ١٩٨٨، پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ ئێمە لە خەو هەستابوین، سەرەڕای ئەو دۆخەی تێیکەوتبووین هەموومان پشوماندابوو، خەومان لێ کەوتبوو، پێش ئەوەی بیر لە نان خواردن بکەینەوە چاومان بۆ شوێنێکی قایم گێڕا،

دەمانویست جێگایەکی وا بدۆزینەوە لە ڕووی سەلامەتیەوە دڵنیاییمان بداتێ.

دوای چەند خولەکێکی کەم بڕیارماندا بەرەو تەنگ و لولە شاخەکانی بن بناری خاڵخاڵان بەڕێ بکەوین، ئەوەندەی نەبرد گەیشتینە لولە شاخەکانی بنار، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی ئەو دەورو پشتەدا جێگایەکی قایم بوو، لە ناو لولە شاخەکان تەڕایی و ئاو هەبوو، ئاوێکی کەم بە ئەندازەی پەنجە توتەی منداڵێکی ساوا ئاو بە ناو لولە شاخەکەدا دەهات، ئێمەش لە هەندێك شوێنەوە چاڵمان بۆ هەڵدەکۆڵی بۆ کۆبونەوەی ئاوەکە، ئاوەکە باش بوو بەشی ئیدارەی دەکرد.

کەسمان نەماندەزانی ئەمڕۆ چی ڕوودەدا و دەبێ ئێمە چی بکەین، چەند پێشمەرگەیەکی پەرتەوازە و بە هۆی ئەم بارو دۆخەوە دابڕاو لە کەرت و تیپەکانمان بەتەواوی نەشماندەزانی بەرپرسانی کەرت و تیپەکانمان چیان لێ بەسەر هاتوەو کەوتونەتە کوێوە،

ئەو ڕۆژە هەتا دەمەو عەسر لە لولە شاخەکانی دەرباز ماینەوە، لای عەسر جوڵەیەك لە شاخەکەدا پەیدابوو، خەڵك لە کوون و حەشارگەکانان دەهاتنە دەرەوە، هەم بۆ تاقیبی ئەوەی ئەمڕۆ چی بوە و جاش و جەیش گەیشتۆتە کوێ و هەم بۆ پەیداکردنی نان و پێ خۆرێك، شتێکی سەیر بوو تا عەسر درەنك تر دەبوو ئاوەدانی و جوڵەی خەڵك زیاتر دەبوو، کاتێك لە زۆری خەڵك و ئەو قەرەباڵخیەت دەڕوانی قەت بڕوات نەدەکرد ئەو هەموو خەڵکە لەو شاخە کۆبوبێتەوە، هەرکەسێکت لێ بزربوبو لەوێ دەتدۆزیەوە، خەڵکی هەموو ئاواییەکانی دەور پشتی خاڵخاڵان و بەشێکی ناوچەی قەڵاسێوکەش گەیشتبوونە هەڵەت و کون و کەلەبەرەکانی چیای خاڵخاڵان،

لەو نێوەندەدا هەندێك لە هاوڕێ و پێشمەرگەکانی خۆشمان دیتەوە، دۆست و خانەخوێکانمان لە گوندەکان، زۆر هەواڵمان دەست کەوت، لە ڕێگەی دۆست و هاوڕێکانی سنوری قەڵاسێوکەمانەوە زانیمان پێشمەرگە و فەرماندەکانی تیپی بیست و یەك و بیست و پێنج وئەو تیپانەشی کەهاتبونە ناوچەکە بەرەو چەمی ڕەزان چوونە، ئەم هەواڵە بۆ ئێمە هەندێك ناخۆش بوو، چونکە نەماندەتوانی پێیان بگەینەوە نێوانی ئێمە و ئەوان مەودایەکی دووربوو، سەرەڕای دووریەکەی هێزێکی زۆری جاش و جەیش لە نێوانماندابوون، گوندەکانی عەسکەر و گۆپتەپەو گەڵناغاج جیش گرتبوی، بە هەزاران عەسکەر و جاش لەو ناوە بڵاوببونەوە، ڕێگای چوون بۆ لای تیپ بە هیچ جۆرێك مومکین نەبوو، بڕیارماندا هەر لە شوێنی خۆمان بمێنینەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێ و پێشمەرگانەی کە تازە یەکترمان دۆزیبوەوە بە ڕۆژەوە ئاگامان لەیەکتربێ و لە نزیکی یەکترەوەبین، ئەگەر جاش و جەیش هات بەرەو شاخەکە شەڕیان بکەین و ئەگەرش نەهات لە شاخەکە بمێنینەوە و چاوەدیری بارو دۆخەکەبکەین، نەشماندەزانی چی ڕوو دەدا، وا ڕیك کەوتین لەگەڵ هەر بارو دۆخێکی نۆێیا بڕیار بدەین چی بکەین.

ئاوەدانیەکی یەکجار زۆر لە شاخەکەبوو، بە هەزاران کەس لەودۆڵ و کوون و کولەبەرەی خاڵخاڵان خزیبون، ئێستا کە نزیکی مەغریبە هەموو ئەو کەسانەی کە لە حەشارگەکانیان دەرچبوون، خەریکی نان کردن و چێشت لێنان و بەسەرکردنەوەی یەکتر و کۆکردنەوەی مەڕ و مانگاو ئاژەڵەکانیان بوون، خەڵکی ئاواییەکانی نزیك خاڵخاڵان چەندین ڕۆژ پێش ئیستا خواردن و زەخیرەیان لەم کون وکەلەبەرانە قایم کردبوو، ڕۆن ئارد و برنج و کەلوپەلی ناوماڵ، لیفەو دۆشەك و بوتڵە غاز و تەباخ و هتد...، ئەوەی

بەدوایدا بگەڕایتایە لێرە لەم شاخە دەست دەکەوت، تەنانەت دووکانـدارەکانی گونـدەکان، هـەموو گونـدێك یـەك دوو دووکـانی تیـدابوو، خـاوەن دوکانـەکان هـەموو یـان زۆربـەی کەلوپـەلی ناودوکانەکەشـیان گواسـتبوەوە ئـەم دۆڵ و شاخە، لە یەك دوو شوێن لە بناری خاڵخالان نیمچە ژێر زەمیـنم دەبـینی، لـە شێوەی ژوریکی بچوك دروست کرابـوو، بـە بـەژنی زەلامێك زیـاتر زەویەکـە هەڵگۆڵـدرابوو پاشـان بـە دارەڕایـەکی سـفت و چـڕ دارەڕاکرابـوو بـەجۆرێك لەگەڵ زەویەکەدا یەکسان بـوو، لەلایەکەوە دەرگایـەکی بۆکرابـوو، دەرگایـەکی بچوك لە شیوەی کونیك، ئەو ژورە ژێرزەمینیە زیاتر دووکاندار و ئەو ماڵانـە دروستیان کردبوو کـە هەنـدێك دەس ڕۆیشـتوو تربـوون و کـەل و پـەل و نـاو ماڵیـان لـە خـەڵکی ئاسـایی گونـد زیـاتربوو، هـەموو شـتەزیادەکانی مـاڵ یـان دووکانـەکانیان هێنـابوە نـاو ئـەو ژووره ژێرزەمینیانـەوە، بۆیـە هەرچـیت پێویسـت بوایـە لـەو شـاخ و دۆڵانـە دەسـتت دەکـەوت، شـەوانی ئـەو دۆڵانـەی خاڵخالان وەك شار ئاوەدان و چراخان بوو، بەسەدان ئـاگر دەسوتان و چێشـت و نانیان لەسەر دروست دەکرا، غەڵبەغـەڵب و هـەراو هەنگامەیـەك بـوو هـەر مەپرسە، بە ڕۆژەوەش نە دوکەڵی ئاگرێکت دەبـینی و نـە جوڵـەی کەسێکش، ئەمـە یاسـایەك بـوو لـەو شـاخ و دۆڵانـەپـەیڕەو دەکـرا، بـەبێ ئـەوەی پێشترخەڵکەکە لەسەرئەم یاسایە ڕێـك کـەوتبن، بـەبێ ئـەوەی کەسێـك هـەبێ ئەم بڕیار و یاسایە دەربکات، بەڕۆژ نە گوێت لـە بانگـە بـانگی پیاوێـك دەبـوو نە گریانی منداڵێکی ساواشت دەبیست، ئەگەر ئێستاکەسێك لەسـەر لەوتکـەی چیای خاڵخالانەوە بە دووربینش تەماشای ئـەم دۆڵانـەی دامـێنی خـۆی بکـات هـیچ شـوێنەوارێکی ئـاوادانی بـەدی ناکـات، هـەزار سـوێندش دەخـوات کـە گیانداریك لەم هەرێمی دۆڵستانە نیە.

ئـەمڕۆ سـێ ڕۆژە ئێمـە لەگـەڵ ئـەم خەڵكـە ئـەم دۆڵ و پەناوپەسـێوەمان كردۆتــە پــەناگا، دوێــنێ ٥\٥\١٩٨٨ جـاش و جەیشـێكی زۆر لــە دوو قۆڵــەوە هێرشــیان هێنــا، لــە گونــدی قەمیشــەوە بــەرەو گونــدی قەســرۆك و لــە گەڵناخاجـەوە بـەرەو گونـدی گردخەبـەر، هـەردوو گوندەكەشـیان سـوتاند و تاڵانیان كرد، ئێستا هیچ دێیەك نـەماوە جاش و جـەیش دەسـتی نەگەیشـتبێ پێی، ئەم بەیانیە هێزێكی زۆرش بە دەس ڕێژو تەقەوە چوونە سـەر گونـدی دارەختیـار، دارەختیـار كـە چـەند سـەد مـەترێك لـە شـوێنی حەشـارگەكەی ئێمـەوە دوورە، بـە چاكی گوێمـان لـە دەنگی تەقـەو دەس ڕێـژەكانیان دەبێ، ئێستا چەڕەدوكەڵێكی زۆر لە گوندەكـەوە بـەرەو ئاسمـان بەرزدەبێتـەوە، پێـی دەچـێ گوندەكـەیان سـوتاندبێ، ئـەوان دەگەنـە هـەر گونـدێك گوندەكـە بـە شۆفەڵ دەڕووخێـنن یـان دەی سـوتێنن، هـەمان دەنگی تەقـەو دەس ڕێـژشمان گوێ لـێ دەبێ لـە ئاستی گونـدی چوخلیجە، چـوخلیجە دەكەوێتـە سـەرووی ئێمە بەلای دەستەڕاستا.

دوێــنێ پــێش مــەغریب احمـد جمیـل، پیـاوە خانــەدان و میواندارەكـەی گۆپتەپە، خـاوەنی ئـەو ماڵـەی كـە هـەرگیز میـوانی لـێ نـەدەبڕا هاتـە لامـان، ئێمە خەریكی چێشت لێنان بووین ئەو گەیشتە لامان، زۆر بـەخێرمان هێنـاو لەگـەڵ بـاوكم دامانیشـاند تـا چێشـتەكەمان ئامـادەبوو، ئەوەنـدەی نـەبرد لـە دوای ئـەو ئامـانجی كوریشـی گەیشـت، بـە بینـینی ئامـانج زۆر دڵخۆشـبووین، ئامانج هاوڕێیەكی نزیـك و هـەتا بڵێـی قسەخۆش بـوو، یادگـاری و بیـرەوەری زۆرمان پێكەوە هەبوو، زۆرمان قسەكرد و هەواڵی ماڵ و منداڵمـان لـێ پرسـین، ئامانـج ووتی،

_ منداڵەکانمان ئەوەتەن واله دۆڵێکی نزیك گوندی چوخلیجەن، ئاردمان لێ براوبوو هاتوین بە شوێن ئاردا ئەگەڕێین.

تا قسەکانمان تەواوکرد چێشتەکەشمان کوڵا، شۆربایەکی برنجمان لێ نابوو، وەك ژنان ئەڵێن، مستێ نۆکشمان کردبوە چاوی.

دوای نان خواردنی ئێوارە ئامانج و باوکی گەڕانەوە بۆلای ژن و منداڵەکانیان، ئەوەندەی دەس بیتوانێ و بۆیان دەچوو، ئارد و ڕۆن و برنج و شتی تر کەهەبوو بۆمان پێچانەوە، داواشمان لێان کرد ئەگەر مەجال هەبوو ئەوانش نزیك بکەونەوە لە ئێمە، ووتمان، ئەگەر ئەشمرین با ئاگامان لە مردنی یەکتربێ، ئامانج بەڵێنیدا، ئەگەر مەجاڵ ڕەخسا بەرەو لای ئێمە بێن.

ئێستا ئەو تەقانە، هێرشی ئەو جاش و جیشە نزیکە لە شوێنی ماڵ ئامانجەوە، هیواداریین ئەوان ساخ و سەلامەتبن.

ئێمە تا عەسر ناتوانین لەشوێنەکانی خۆمان بێینە دەرەوە، یاسای ئێرە وایە، ئێمە دوێنێ نیوەڕۆ ئەو یاسایەمان شکاند، کاتێك جیش هێرشی هێنایە سەر گوندی گردخەبەر لەگەڵ حاکم شەوکەت و هاوڕێ شەماڵ بە پارێزەوە لە ناو قەمیشەڵانەکانەوە خۆمان گەیاندە سەرگردۆلکەیەکی نزیك کە گوندی گردخەبەری لێوە دیاربوو، بە دووربین تەماشاماندەکرد و دەمانبینی ماڵ بەماڵی گوندەکەیان بە شۆفەڵ دەڕوخاند، سێ چوار شۆفەڵ خەریکی ڕوخاندن و وێران کردنی گردخەبەربوون، لەگەڵ ڕوخانی هەرماڵێکا پارچەیەکش لە یادگاریەکانشمان دەڕوخان.

دوو ساڵبوو لەو گوندە دەژیاین، گوندێکی جوان و خۆشەویست بوو لەلامان، هەموو پیاوانی ئاواییمان دەناسی و دەمانزانی ماڵی کێیان کەوتۆتە کوێوە،

شۆفەڵەکان ڕوویان لە هەر خانویەك بکردایە دەمانزانی ئەوە ماڵی کێ دەڕووخێنن، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەمان ڕووبەڕووی گلەیی هەندێك لە هاوڵاتیان و هاوڕێکانی خۆشمان بوینەوە، پیان وتین.

-نەدەبوو لە شوێنەکانی خۆتان دەربچن، ئەگەر ئێوەیان بەدی کردبوایە، ئەوە بەهۆی ئەو جوڵەیەی ئێوەوە ڕەنگە کارەساتێك ڕووی بدایە.

قسەکەشیان حەق بوو، بۆیە ناکرێ ئەمرۆش هەمان یاسا شکێنی دوێنێ دووبارە بکەینەوە، لە بەیانیەوە کە ئێستا لای نیوەڕۆیە دووجار کۆپتەر بە ئاسمانی ئەم ناوچەیەدا گەڕاوە، هەم ئێمە و هەم خەڵکەکەش هەست بەترسێکی زیاترەکەین لە دوێنێ و ڕۆژەکانی پێشوتر، سوڕانەوەی کۆپتەر بە ئاسمانی ناوچەکەداشتێکی نوێ و مەترسیدارە، هەر چۆنێك بێ دەبێ تا عەسر خۆمان بگرێن و چاوەڕێ بکەین، بزانین چی ڕوودەدا.

هەموو ئەو هاوڕێ و برادەرانەی کە پێکەوەین لە نزیکی یەکترەوە دابەشبوینەو ئاگامان لە یەکترهەیە، ئاگامان لە سوڕانەوەی کۆپتەرەکانشە، کۆپتەرەکان ئەوەندە بەنزمی بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەگەڕێن، ئاڵا ناشرینەکەی عێراق ئەوەندە بەڕوونی دیارە کە پێتوایە دەتوانی دەستی لێ بدەی، ئەگەر فڕۆکەوانەکەت پێشتر دیبێ ئێستا دەتوانی بیناسیتەوە، بارو دۆخەکە گۆڕاوە، وا هەستەکەین کارەساتی گەورەتر چاوەڕێمان دەکات.

ئێستا نزیکی لای عەسرە ئێمە و خەڵکەکەش جوڵەمان تێکەوتوە، حەزەکەین و ئەمانەوێ لە ڕۆژان زووتر لە پەناگاکانمان دەرکەوین و هەواڵی نوێ ببیستین، چەڕەدوکەڵەکەی گوندی دارەختیار و تەقەکانی لای گوندی چوخلیجە و سوڕانەوەی کۆپتەرەکان بە ئاسمانی چیای خاڵخاڵانا، ئەمانە گۆڕانکاریە پڕ لە مەترسیەکانی ئەمڕۆن، دوو سێ کەسێکمان لە شوێنەکانی

خۆمان دەرکەوتین، هەڵپەی دەنگوباسی نوێ سرەوتی لێ بڕیبوین، لەگەڵ حاکم شەوکەت و حسێن هەیبەیی کە ڕۆژی پێشوتر هاتبوە لامان، حسێن هەیبەیی پیاوێکی ئازاو گورج گۆڵ بوو، ژنەکەیو پێنج منالی و کە یەکێکیان شیرەخۆرەبو لەگەڵ برایەکی گەنجی دوێنێ هەر لەم دۆڵە بەدەردی خۆیان دەیان ووت ئێوەمان دۆزیەوە، ئێمەیان دۆزیەوە و هاتنەلامان، بەسەر ڕچە ڕێیەکدا کەوتینە ڕێ کە پێشتر ڕێگەی بزن و مەڕی ئاوایی دارەختیاربوو، زۆری ئەو خەڵکەی کە لەو دۆڵ و کوون و کەلەبەرانە خۆیان منالەکانیان حەشاردابوو، یان هاتبوونە دەرەوە یان کەوتبوونە ملەقوتێ و ئەوانش لە سۆراخی هەواڵێکدابوون، ئێمە مل ڕێی دارەختیارمان گرتبوو، چونکە دارەختیار لە ئێمەوە نزیکتر بوو، خۆر وردە وردە بەرەو عەسر دەچوو ئێمەش بە نێوخەڵکەکەدا ڕێمان دەکرد، زۆرێك لە هاوڵاتیان یان لە دوورەوە یان دەهاتنە سەر ڕێیەکەمان بۆ هەواڵ پرسین، ئێمەش جارێ هیچمان لێ مەعلوم نەبوو، تا بەوانی بڵێین بۆیەلە وەڵامدا دەمانگووت.

_ ئێمەش جارێ هیچ نازانین، ئەوە دەچین بەرەو دارەختیار بزانین چی ڕوویداوە.

ئێستا کەوتوینەتە دوای عەسر و یەك کەلەملێکمان ماوە گوندی دارەختیارمان لێ دەرکەوێ، پیاوێکی بەژن کورتی خڕکەڵە بە دیار پێنج شەش منالی سەلکەو بنکەوە راوەستابوو، ژنەکەشی هەنگاوێك دوورتر لە منالەکان هەڵتروشکابوو، پیاوە بەژن کورتەکە کە ئێمەی بینی هاتە سەر ڕێەکەمان و پرسی.

_ کاکە ئەوە بۆ کۆ دەڕۆن ؟.

ووتمان

_ بەرەو دارەختیار ئەچین، بزانین چی ڕوویداوە.

_ ئـەی هـیچ زانیاریتـان نیـە، گوندەکـەیان سـوتاندوە، یـان بـە شـۆفەڵ ڕوخاندویانە ؟!.

ووتمان.

_ نەوەڵا جارێ هیچ نازانین.

کـابرای خڕکەلـە کـە شـەرواڵومرادخانیەکەی هـەموو تـۆز و خـۆڵی ئـەو پەناگەیـەی گرتبـوو کـە خـۆی و منداڵـەکانی تیـا حەشـاردابوو، مـن هـیچ هیوایەکەم لە چاوە پڕ لە پرسیارەکانی دا نەبینی بە قوڕگێکی پـڕ گریانـەوە، ووتی.

_ یـاخوا گوندەکـەیان بـەس سـوتاندبێ، نەیاڕوخانـدبێ وەڵاهـی ئـەوە قەڵەشی ناو لەپم، مانگێك نابێ خانوەکەم لە نوێ دروست کردۆتەوە.

لەگەڵ قسەکانیدا کـە نـەیتوانی لـەوە زیـاتر پـێش بـە گریانەکـەی بگرێـت هەردوو لەپیشی بۆمان کردەوە، دوو ناولـەپی ڕەش داگـەڕاوی قڵێش قڵێش و وشکەوەبوو، لەو ناولەپە قلیشاوانەوە لە ماندوێتی و ڕەنج بەخەساری هـەموو گوندنشینەکان تێدەگەیشتی، ئێمە لەوە زیاتر گیرنەبووین و بەرەو دارەختیار درێــژەمان بەڕۆیشــتنەکەماندا، دوای دەخولــەکێك گەیشــتینە ســەر ئــەو گردۆلکەیەی کەلای ڕۆژ هەڵاتەوە دەکەوتە پشت مـاڵانی ئـاوایی دارەختیـاروە، ئـەوەی بینیمـان هـەموومانی تەزانـد!، ئـاوایی هـەموو بەسـەر یەکدا وێـران کرابـوو، هێشـتا لـە هەنـدێك خـانوەوە دوکـەڵ هەڵدەسـتا، هـەموو ئـەو خانوانەشی کە شۆفەڵ نەگەیشتبوو پێـی سـوتێندرابوو، بەڕاسـتی کارەساتێك بـوو لـە گێراندنەوەنایـەت، نەمـدەزانی مـاڵی پیـاوە بـەژن کورتەکە کەوتۆتـە کوێی ئاواییەوە، دەبێ خانوەکەی بەبـەر شـۆفەڵ کـەوتبێ یـان سـوتێندرابێ؟!،

ئەمە پرسیارێك بو لە خۆمم دەكرد، بەداخەوە لە كاتی گەڕانەوەشدا ئەو پیاوەم نەدیتەوە تا شوێنی ماڵەكەی لێ بپرسم و بەپێی هەڵكەوتەی شوێنی خانوەكەی پێی بڵێم خانوەكەت ڕوخێندراوە یان سوتێندراوە، بەڵام تا چەند ڕۆژێكش دیمەنی ئەوپیاوە ماندوو ڕەنج بەخەسارەم لە پێش چاو لانەدەچوو، لەم كاتە زۆر ناسك و بێ هیوایانەشدا هەندی وێنە و وتە هەن زەردەخەیەك دەخەنە سەرلێوی بنیادەم، هێشتا ئێمە لەسەر گردۆلكەكەبوین لە خەمی وێران بوونی ئەو گوندە جوانەدا تاسابوین، كاك قابیل كە لەرەحیماوەش هەر یەكترمان دەناسی و دراوسێ ماڵبوین، ئێستاسەربازی هەڵاتوی شەری عێراق و ئێرانە و لەم گوندە گیرساوەتەوە كە خۆشی بە ئەسڵ وەك دەڵێن دارەختیاریە، لەگەڵ چەند زەلامێكی دیكەی ئاواییا هاتن بۆلای ئێمە كاك قابیل پەلی منداڵێكی چوار پێنج ساڵانی بەدەستەوەبوو، هەركە لە هەورازی گردۆلكەكە سەركەوتن و دیمەنی سوتان و روخانی ئاواییان لێ دەركەوت، منداڵەكەی دەس كاك قابیل بە سەرسامیەوە ووتی.

_ ئاە، ئەوە شێ وایلێ كلدوە ؟!!.

ئەو منالە ساوا دڵ و مێشك پاكە پێی وابوو یەكێك لەهاوتەمەنە هاروهاجەكانی خۆی ئەم كارەی كردوە، دەبێ چەندین جار لەیاریەكانی نێوان خۆیاندا خانویان دروست كردبێ و دوایی بوبێ بەشەڕیان و لە ئەنجاما منداڵێكی لەوان گەورەتر و بە هێزترو لاسار خانوەكانی ڕوخاندبن.

ئێمە كاك قابیل و هاوڕێكانیمان جێ هێشت و گەڕاینەوە بۆلای هاوڕێكانمان، لە ڕێگەی گەڕانەوەماندا توشی دەیان خەڵكی دارەختیار و گوندەكانی دیكەش بووین هەمویان هەواڵی گوندەكەیان دەپرسی و ئێمەش چیماندیبوو ئەوەمان بۆ دەگێڕانەوە، نزیكی خۆرئاوابوو گەیشتینەوە لای هاوڕێكانی خۆمان،

ئـەوانش پەرۆشـی هـەواڵی دارەختیـاربوون ووتمـان، بەداخـەوە وێـران کـراوە، ئــەوانش هــەواڵی لای گونــدی چــوخلیجەیان پرســی بــوو، بەداخــەوە ئــەو گوندەش بەدەردی گوندی دارەختیارچبوو.

بارودۆخەکـە زۆر ئـاڵۆزبو نەمانـدەزانی چـی بکـەین!، هـەتادەهات دۆڵ و شـیوەکانی خاڵخـالأن لەخـەڵکی گونـدە بـێ دەرەتانـەکانی ئـەو دەور وبـەرە پڕتردەبـوو، ئـەمرۆ سـوڕانەوەی هەلیکۆپتـەرەکانی عێـراق زیـاتربووو، بـەلأم سەیرەکەلەوەدابوو تا ئێستا نەلە ئـەرز و نەلـە ئاسمانـەوە تاکـە تەقەیـەکیش بەخاڵخالأنەوە نـەنرابوو، ئەمـە بەلێکدانـەوەی ئێمـە نیشانیەکی خـراپ بـوو، لێکدانەوەی ئێمەبۆ ئەم بێ دەنگیـەی حکومـەت بـەم شێوەیە بـوو، حکومـەت دەیەوێ خەڵکی هەموو گوندەکان، ئەوانەی تا ئێستا ماون و نەکەوتونەتە بـن دەستی خۆی، لە شیوو دۆڵەکانی خاڵخالأن کۆبکاتـەوە، کاتێـك لـە ڕوخانـدن و ســوتاندنی هــەموو گونــدەکان دەبێتــەوە ئــەنجا هێــرش بکاتــە ســەرئەم شـیوودۆلأنە و هـەموو خەڵکەکـە بـەجارێك بگـرێ یـان بکـوژێ، لەهـەموو لایەکیشەوە چیای خاڵخالأنی گەمارۆدابوو، بـەدیوی ڕۆژهەلأتیـدا گونـدەکانی مۆردخوادە و سەرچنار و توتەقەڵ، لەلای باکورەوەش گونـدەکانی گردخەبـەر و قەسرۆك و قەمیشە ، بەدیوی ڕۆژ ئاوایدا، ، گونـدەکانی قـەرەناو ئیلنجـاغ و ئۆمەرمەنـدان و تورکمانبـاغ و کـاریزە یـان ڕوخێنـدرابون یـان جـەیش یـان جاشی لێ دانابوو، سەرچیای خاڵخالأنش ڕەبیەی جاشی لـێ جێگیرکرابـوو، بـە جۆرێـك چـواردەوری چـیایەکەی تـەنی بـوو هـیچ کەسـێك دەربـازی نـەبێ، ئومێدی دەربازبون لـەو ئابلوقـە سـەربازیە کـارێکی لـە کـردن نـەهاتووبو یـان زۆر سەخت بوو.

ئێمە ئەو ئێوارانە شوێنەکەمان گواستەوە بۆ دۆڵێکی ئەولاتر، کەهیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئەم دۆڵەی کە لێی گیرساوینەتەوە، بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە حەزەکات شوێنەکەی بگۆڕێ و بەو شوێن گۆڕینە هەندێك ئاسودەترئەبێ و پێی وایە کارێکی نوێی کردوە، ڕەنگە ئەو شوێنە نوێیە بۆ چەند ڕۆژێك نوێ بێ و پاشان لەو شوێنەش بێزار دەبێ و دەیەوێ بگوازیتەوە بۆ شوینیکی نوێ تر.

هێشتا بە تەواوی خۆرئاوانەببو ئێمە کەوتینە پێچانەوەی کەل و پەل و بارگەوبنەمان تێکنا، سێ گوێ درێژمان پێ بوو، هەرسێ گوێ درێژەکەمان بارکرد و کەوتینەرێ، هێشتا لە پێچی ئەو دۆڵەی خۆمانی لێبوین تێپەڕنەبوبوین دونیا بەتەواوی تاریك بوو، گەیشتینەسەر ئەو دۆڵە سەرەکیەی کە لە خاڵخاڵانەوە دەچوەوە ئاوایی قەسرۆك، ئێستا لەم شادۆڵەوە بەدەخولەك پیادەرەو دەگەیتەناوگوندی قەسرۆك، گوندی قەسرۆکش ئێستا سەربازگەیەکی گەورەی جەیش و جاشە، ئێمە لە تاریکی ناو ئەو دۆڵە پڕ قەمیشانە ڕێمان دەکرد پیاوێکمان بینی کەلە پشتمانەوە دەهات و دەیویست لیمان تێپەڕێ، کابرا هەندێك خێرا دەڕۆیشت و گوێمان لە هەناسەبڕکێی و ماندوێتیشی دەبوو، هەرچەندە دونیا تاریك ببو بەڵام ئەگەرکابراناسیاربوایە هێشتادەمانتوانی بیناسینەوە، بەڵام کابرای ماندو نەناس بوو، ئیمە ماندونەبونمان لێ کردو دواندمان.

_ کاکە ماندونەبی، ئەوە لەگوێەوە دێی ؟.

_ خۆتان ماندو نەبن، لەو هەردەیەی چوغلیجەوە دیم.

_ دەنگوباسی ئەوێ چی هەبوو ئەمرۆ ؟.

_ وەڵا چی هەبوا، جەیش و جاشێکی زۆر ڕوی تێمان کرد، ئەوەی بەر دەسیان کەوت گرتیان و بردیان.

_ خەڵك زۆر گیران لەوێ ؟.

_ ئەوەی لەو دۆڵ و شیوانە بو دەسگیرکرا.

_ ئەی چۆن هیچ کەسێك دەربازنەبوو ؟!!.

_ من نەلەپێش خۆم و نە پشت خۆمەوە کەسم نەبینیوە رزگاربوبێ، جانازانم ئیتر ئەگەر زووتر هاتبن یان لەمەو دوا دەرکەون خوا دەیزانێ.

قسەکانی کابرای ماندوو ناخۆش و وەرە روخێن بوو، بەڵام زۆرش لەڕاستیەوە نزیك بون، ئێمەش ئەمە یەکەم کەسی رزگاربوی ئەو دەڤەرە بو کە دەمانبینی، کابرای ماندوو ڕۆیشت و ئێمەش بەرەو ئەو دۆڵەی کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەم دۆڵەی پێشتری خۆمان نەبوو کەوتینەڕێ، خەیاڵمان لای ئەو خەڵکە بوو کە ئەمڕۆ جەیش دەسگیری کردبون، لە ناوشیاندا ماڵ احمد جمیل و ئامانج، دەبێ چیان بەسەرهاتبێ؟!، کەسمان حەزمان نەدەکرد بگەینە ئەو بروایەی کە ئەوانش ئەمرۆ بەر شاڵاوی أنفال کەوتون و گێراون.

ئێستا دونیا تاریکتربوە، ڕچە ڕێیەکی باریکی سپی بەناو قەمیشەڵانەکاندا دەمانباتە دۆڵەکەی ئەودیوو، هەمومان بەبێ دەنگی لە ناو تاریکی و ترسا ڕێگە دەبڕین، لە پڕا گوێم لەدەنگێك بوو دەیوت.

_ ڕاوەستن.

دەنگەکە دەنگێکی بەرزبو، نازانم چەند جاری تر ئەم دەنگە بەرزە داوای وەستانی لێمان کردبو، بەڵام دەنگەکەم ناسیەوە دەنگی باوکم بوو، پێش ئەوەی وەڵامی بدەینەوە، بە دەنگیکی بەرزتر و فەرماندەرانە ووتی.

_ ڕاوەستن، نەوەستن تەقەئەکەم.

شوێنەکەمان هەندێك نزیك بو لە گوندی قەسرۆکەوە گوندی قەسرۆکش ئێستا سەربازگەیەکی گەورەی پڕ جاش و جەیشە، نەدەکرا بەو دەنگە بەرزە قسەبکەین یان تەقەبکرێ، بۆیە من بە خێرایی وەڵامی دەنگەکەم دایەوە کە دەنگی باوکم بوو، دڵنیام کرد کە گوێمان لە دەنگی بوە وەستاوین و بە خێرایش گەڕامەوە بۆلای،

_ باوە لە شوێن خۆت بوەستە وا هاتم.

لە گەڕانەوەم بۆلای باوکم بیرم لەوە دەکردەوە بۆ لە بیرمان چوە باوکم سواری گوێدرێژێك بکەین، دڵنیام باوکم ماندوبوە و چەند جارێکیش بانگی کردوین، بەڵام ئێمە بە هۆی ڕوداو و هەواڵەناخۆشەکانەوە کاس بوینەو گوێمان لە دەنگی نەبوە، هەندێك بە خێرایی ڕۆیشتم تا گەیشتمە لای باوکم، ماندوو ببو، هەناسەی سواربو، تفەنگەکەشی لە شانی کردبۆوە و بە دەستیەوە گرتبوو، دیاربوو خۆی ئامادەکردبوو بۆ تەقەکردن، هەندێك هێورم کردوە و ویستم تفەنگەکەی بۆ هەلگرم بەڵام تفەنگەکەی نەداپێم، تەنیا داوای کرد پەلەنەکەین لە ڕۆیشتندا،

بەخێرایی و نیمچە شەرمەزاریەوە مەتارە ئاوەکەی قەدەم دەرهێنا،

_ ها باوە گیان هەندێك ئاو بخۆ.

باوکم مەتارە ئاوەکەی لێم وەرگرت، یەك دوو قوم ئاوی خواردەوە و مەتارە ئاوەکەی دایەوە دەستم، بەباوکمم ووت،

_ ماندو بویتە با یەکێك لە گوێ درێژەکانت بۆ بێنم بەسواری برۆ.

باوکم پرسی،

_ ئەو شوێنەی بۆی دەچین دورە ؟.

وتم، نا، ئەوەندە دورنیە هەر لەم پێچە بسورێنەوە دەگەینێ،

وتی، کەوابێ گوێ درێژم ناوێ بە پێ دەڕۆم.

پاش دە پانزە خولەك لەڕێ کردنی ئارام گەیشتینە ئەو دۆڵەی کە بۆی دەچووین، لەوێ بارگەو بنەمان خست، هەریەکەو بەدوای شوێنێك دەگەراین بۆ خەوتن و حەسانەوە بشێ، هەمو ئەو خەڵکە ڕاکردوەی دەستی ئەنفال بەو شەوە خەریکی چێشت لێنان و خواردن دروست کردن بون، ئێمەش بۆ خۆمان نان و پێ خۆرێکمان دروس کرد بە قەدەر حاڵی ئەوێ سکی خۆمان تێر کرد، پاش نان خواردن و جێگیربون هەمومان کۆبوینەوە بۆ ڕاوێژ و تەکبیر و چی ئەبێ و چی نابێ، کە هیچ کەسێکمانەوە دیارنەبوو ئێستا یان سبەینێ چی ڕوودەدات و ڕۆژگار و قەدەر چی دێنێتەڕێمان،

یەکێك لە کێشەکانی دوای سك تێربونمان کەمی جگەرەبوو، جگەرە هەر دەست نەدەکەوت، ڕۆژی پێشوتر کە جگەرەکانمان ڕوی لە کزی کردبوو یان پاکەتی جگەرەی هەر یەکێك لە ئێمە چوار پێنج جگەرە زیاتری تیانەمابوو، باوکم لەخوار هەواری دۆڵەکەی ئەودیومان پەیدابوو، دەگەیشت بە هەریەکێك لە ئێمە کە جگەرە کێش بوین پاکەتێك یان دوان جگەرەی دەخستە مستیەوە، باوکم هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو بەمن بگات ئارام لەسەر رێی بو پاکەتێك جگەرەی سۆمری خستە دەستیەوە هاوڕێ ئارام زۆر خۆشحاڵبوو بە وەرگرتنی ئەو پاکەتە جگەرەیە، نەیدەزانی چی بڵێ دیاربو چاوەڕێی وەها دیاریەکی نەدەکرد لەو کاتەدا، بەباوکمی ووت،

ئای دەس خۆش مام حوسێن، ئەمە بایی چەند بو با پارەکەیت بدەمێ، باوکمیش بەدەم رێکردنەوە کە بەرەو لای من دەهات، سوکە ئاورێکی لە هاورێ ئارام دایەوە وتی.

_ تخوا ئێستا وەختی پارەیە ؟!!،

ئارام بە پێکەنینـە خۆشـەکەی خۆی وەڵامـی بـاوکمی دایـەوە، ڕەنگـە بـۆ ئـەو کات وشوێنە ئەو پێکەنینە خۆشترین وەڵام بـوبێ، بـاوکم کەگەیشـتە مـن دوو پاکـەت جگـەرەی لـە دەسـتا مـابوو هـەردوو پاکەتەکـەی دایـەمن، هـەمووومان جگەرە کێش و جگەرە نەکێش لە باوکم کۆبوینەوە، بەدەم جگـەرە کێشانەوە داوامـان لـە بـاوکم کـرد بۆمـان باسکات ئـەم پاکەتـە جگەرانـەی چۆن دەسـت کەوتوە، باوکم وتی.

_ لـەو خـوارەوە تـوش مـام مـارف بـوم، تەماشـام کـرد دوو سـێ گڵۆس پاکـەت جگەرەی بەدەسەوەیە منیش داوام لێ کرد گڵۆسێ دوان لەو پاکەتانـەم بـداتێ، مام مارف گڵۆسێ پاکەتی داپێم منیش سوپاسـم کـرد، پـێش خواحـافیزی مـام مارف وتی،

_ مام حوسێن ئـەوە پـارەی جگەرەکـەت نـەداپێم ؟!، منـیش پـێم گـوت، مـام مارف ئێستا کەی وەختی پارەیـە، ئـەمجا ڕوی لـە ئـارام کـرد وتـی، ئـەوە بۆیـە منیش ئاوام بـە تـۆ ووت، هـەمو دامانـە پێکـەنین، مـام مـارف خـەڵکی گونـدی قەسـرۆك و بـاوکی نـەهرۆ قەسـرۆکی بـوو، نـەهرۆ قەسـرۆکی یـەکێك لـە پێشمەرگە چاکەکانی تیپـی ٢٥ خاڵخاڵان و جێگـری فەرمانـدەی کـەرتی سـێی چەمچەماڵ بوو، مام مارف لە گوندی قەسرۆك دووکانی وەردەواڵـەی هـەبوو، دیـارە پـێش چـۆڵکردنی ئـاوایی قەسـرۆك مـام مـارف کـەل وپەلـەکانی نـاو دووکانەکەی هێنابوە ئەم دۆڵ و شیوانەی خاڵخاڵان.

ئێسـتا لـەو یـەك دوو پاکەتـە جگەرەیـەی کـە بـاوکم پێمـانی دا هەریەکـەو چەند جگەرەیەك لە پاکەتکانماندا ماوە، دوای کێشانی یەك دوو جگـەرە

ئـەو شـەوەش بەوریاییـەوە خـەوتین، نەمانـدەزانی دەمـژمێرێکی تـر یـان سبەینێ چیمان بەسەردێ،

بـەیانی پـێش خۆرکـەوتن لەخـەوە هەڵسـاین، ئـەو شـوێنەی شـەو لێـی خـەوتبوین بـۆ ڕۆژ نـەدەبوو، دەبـوو لـە ڕۆژدا خۆمـان لـە شـوێنی نـەدیوو بشـارینەوە چـونکە هەمیشـە فرۆکـە هـەلی کۆپتـەرەکانی سـوپای عێـراق بـەئاسمانی ناوچـەکەدا دەسـوڕانەوە، کۆپتـەرەکان زۆر بـەنزمی وبـێ تـرس بـەئاسمانی ناوچـەکەدا دەگـەڕان، هەرچـەندە تـاکو ئێـستا تاکـە فیشـەکێکیان بـەڕوی دۆڵ و شـیوەکانی خاڵخلاندانەتەقانـدوە بـەڵام ئـەم خـۆ شـاردنەوەیە ببوو بەیاسا.

زۆر بیرمان لەو وەزعە دەکردەوە کە تێـی کـەوتبوین بـەڵام نەدەگەیشـتینە هـیچ ئـەنجامێك، نەمانـدەزانی هێـزی ئـەنفال تاکـەی لەناوچـەکدا دەمێنـەوە، ئـاخۆ ئـەو هێزانـەی لـە تـاك بـەتاکی گونـدەکان جێگیریـان کـردوە هـەر وا دەمێننـەوە یـان لەهەرناوچـەیەك و چـەند گونـدێك دەکـەن بـە مۆلگـە، یـان تاکـەی ئـەم گەمارۆیـەی خستویانەتە سـەر شـیوو دۆڵـەکانی چیای خاڵخـالان درێژەدەکێشـێ، هێـرش بـۆ ئـەم شـیوو دۆڵانــە دەکـەن یـان هێزەکانیـان لەناوچەکە دەکێشنەوە ؟، وامـان بیرکـردەوە بـۆ ئـەوەی وەڵامـی دروسـتی ئـەم پرسیارانەمان دەسکەوێ دوو سێ کـەس لـە ئـەختیار و ریش سـپی وناسـراوی ناوچەکە کەلەم شیوو دۆڵانـەدا ماونەتـەوە بنێـرین بـۆلای جاشـەکانی گونـدی قەسرۆك، دوای نیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە، شـەماڵ و شـەوکەت و مـن پێکـەوە کـەس وکار و هاورێکانمان جێ هێشت و بـەهیوای دەست کـەوتنی سـۆراخێك بـەرێ کـەوتین، بـەپارێز و بـەناو قامیشـەلانی دۆڵەکانـدا ڕوەو گونـدی قەسـرۆك شـۆربوینەوە، لـەرێگادا خـەڵکێکی زۆرمـان دەبـینی لـە کـون وکەلەبـەر و نـاو قامیشـەلانەکاندا خۆیـان و مـاڵ و منالیـان خۆیـان پـەنادابوو، هـەمویان هـەر لەهـەواڵی نوێیـان دەپرسـی ئێمـەش وەك ئـەوان بـێ ئاگـابوین بـەڵام

پێماندەگوتن، ئێمەش بەشوێن هەواڵەوەین هەر شتێکمان بیست بە ئێوەشی دەڵێین، لە درێژەی ڕۆیشتنەکەماندا لەپەناقەمیشەڵانێکدا و لە لێواری ئاودرێکی قوڵ هەشت نۆ زەلامێکمان بە کۆمەڵ بینی هەندێك بە پێوە و هەندێکش دانشتبون و بە دەنگێکی هەندێك بەرز قسەیان دەکرد ئێمەش بەرەو ئەوان پێمان هەڵگرت، کە گەیشتینەلایان هەندێکیان ئەوانەی بە پێوە وەستابون ڕێیان بۆمان کردەوە تا بگەینە لای ئەو دوو سێ پیاوە بە تەمەنەی کەدانشتبون، کە یەکێك لەو پیاوە بەتەمەنانەم دەناسی ناوی مام ئەنوەر بو خەڵکی گوندی قەسرۆك بوو، پیاوێکی بەرێز و گوێ لێ گیراوبوو، سڵاومان لێ کردن و لایان دانشتین، پێش ئەوەی ئێمە پرسیار بکەین مام ئەنوەر دوای بەخێرهاتنمان وتی.

_ من لەگەڵ ئەم دوو پیاوە پێش نیوەرۆ نزیك قەسرۆك بوینەوە وتمان بەشکوو ئیشەڵا کەسێك لەو جاشانە بناسین بەشکم هەواڵێکمان دەس کەوێ، لەناو هەندێك قەمیش خۆمان حەشاردا هەتا سێ چوار جاش بەو نزیکانەیا هاتن، ئێمەش بانگمان کردن و دەسمان بو هەڵتەکاندن، جاشەکانش بە ئیشارەی دەس حاڵیمانیان کرد لە جێی خۆمان هەڵنەستین، خۆیان هاتن بۆلامان، ئێمە ئەوانمان نەدەناسی دوای چاك وخۆشی جاشەکان بە ئێمەیان گوت،

_ ئێوە لەو خەڵکانەن لەو شیوو دۆڵانە خۆتان حەشارداوە ؟،

وتمان، بەڵێ.

ئەنجا گوتیان :ئێوە خەڵکی کوێین ؟.

گوتمان، خەڵکی قەسرۆکین.

گوتیان: باشە بەخێربێن چاکتان کرد هاتون، ئێمەش بەدوای کەسێکدا دەگەڕاین بینێرینە لاتان بەڵام کەسمان دەس نەدەکەوت، ئێوە باشتان کرد هاتن،

مام ئەنوەر وتی، جاشەکان پێیان گوتین :

جەیش و مغاویرێکی زۆر هاتونە وا لێرە هەڵیانداوە، بەیانی پێش خۆرهەڵات هێرش دەکەن بۆ چیای خاڵخاڵان کون و کەلەبەر دەپشکنن، هەرچیەکیان دەسکەوێ لە پیاو و ژن و منداڵ یان دەی کوژن یان دەیان گرن و سواری سەیارەی عەسکەریان دەکەن و کەس نازانێ بۆکوێیان دەبەن، مەڕ وماڵاتش هەرچیان بەر چنك کەوێ تالانی دەکەن، ئێمەش لەگەڵیاندادەبین بەڵام ئێمە دەسەڵاتی دەرزیەکمان نیە و ناتوانین بەرخێکیان لێ بستێنینەوە.

مام ئەنوەر گوتی: ئەو جاشانە پێیان گوتین، هەر چۆنێك بێ ئەم شەو ئەو شاخە چۆڵکەن، بڕۆن بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن لەو چیایە مەمێنن.

ئەمە ئەو هەواڵەبوو کە هەمومان لێی دەترساین، ئەمە ئەو هەواڵەبوو بانگی مەرگی هەزاران کەسی دەدا، ئێمە بە مام ئەنوەر و پیاوەکانی ئەوێمان گوت، ئێوە چی دەکەن ؟، ئەوان گوتیان نازانین سەرمان لێ شێواوە.

مام ئەنوەر راستی گوت، نەك هەر ئەوان ئەم هەواڵە سەری لە ئێمەش شێواند، هەموومان ئەو شوێنەمان چۆڵکرد کەلێی کۆببوینەوە، هەریەکە گەڕایەوە بۆ لای خێزان و ماڵ و منالی کەسیش نەیدیزانی چی بکات و ڕوو لەکوێ بکا، بەڵام ئەوەی کەس بیری لێ نەدەکردەوە خۆ ڕادەست کردن بوو بە دووژمن، هەمو ئەو خەڵکەی لەم شیوو دۆڵانە خۆیان حەشارداوە هەڵاتوی چنگی سوپای ئەنفالن، هەموو ئەوانەی لێرە لەناو کون و کەلەبەر و ئاودڕ و

ئـەم قامیشـەڵانە چـڕانەدا خۆیـان پـەناداوە خـەڵکی گونـدی گردخەبـەر و بەشێك لە خـەڵکی قەسرۆکیان بـینی کـە بـەهۆی قسـەی هەنـدێك لـە خزمـە جاشەکانیانەوە هەر یەکـەم ڕۆژی ئـەنفال و یەکـەم بـەیانی ئـەنفال خۆیـان و ژن و منداڵیان تەسلیم بە سوپای ئەنفال کرد، ئـەم خەڵکـە لـەدوورەوە چاویان لێ بوو کەسوپای ئەنفال بەبەرچاوی خزمە جاشەکانیانەوە چۆن ئەو خەڵکە تەسـلیم بوەیـان سـواری ئیڤـای عەسـکەری کـرد وکـەس نـەیزانی بۆکوێیـان دەبـەن، ئـەم خەڵکـە هـەڵاتوەی ئێـرە لـە دورە و بـەدەم هەڵاتنـەوە بینبویـان سـوپای ئـەنفال، نـەوەکانی خالـد و قـەعقاع چـۆن شـەقیان لـە پیرەمێـرد هەڵـــدابوو، چـــۆن پـــەلی منداڵیـــان گرتبـــوو فڕێیـــان دابونـــە نـــاو ئیڤاسەربازیەکانیانەوە، بینیبویان کە چۆن ژنانیان بە قژ ڕاکێشابوو، شەقیان لە کچەعازەبەکان هەڵدابوو، گوێشیان لە هـات وهـاوار و زریکـەی ئـەو خەڵکـە یەخسـیرە ببـوو، بۆیـە هـیچ کەسـێك بـیری لـەو نـەدەکردەوە خـۆی ڕادەسـتی دڕندەترین سوپای مێژوی مرۆڤایەتی بکات، مرۆڤایەتی !!.

ئێمــە لــەکاتی گەڕانەوەمانــدا بــۆلای خێزانــەکانمان کــەسمان هیچــمان نەدەگوت، بە ماتی و بێ دەنگی ڕێمان دەکرد، بیرمـان لـە چارەنوسـی خۆمـان، بیرمان لەچارەنوسی خێزان و کەس وکارمان دەکردەوە، بیرمان لە چارەنوسـی ئـەم خەڵکە بـێ دەرەتـان و بـێ چارەیەدەکردەوە، بیرمـان لـەوە دەکـردەوە، وا نەتەوەیـەك لـە پـێش چـاوی خـودا و هـەموو ئـاین و دەوڵـەتان کۆمـەڵ کـوژ دەکرێ !!، کەسیش لەسەری بـەجواب نایـات، نـەخودا ونـە ئـاین و نـە وڵاتـانی مرۆڤ دۆست !!.

دەنگی کەرخی پیاوێکی ڕەقەڵە بـەئاگای هێنایـنـەوە، ئـەو پیـاوە ڕەقەڵەیـە چەند هەنگاوێك منداڵە وردەکانی لە بن گـەوەڕێکی بەقـەمیش داپۆشـراو جـێ

هێشتبوو هاتبوە سەر ڕێگاکامان، دیاربوو ئەو لە دورەوە ئێمەی دیبوو، ئەو پرسیاری هەواڵی نوێی دەکرد، نە من و نەشەوکت تاقەتی وەڵامدانەوەمان نەبوو، شەماڵ وەڵامی کابرای سەر ڕێگاکەی دایەوە، کابرای ڕەقەڵە پرسی.

_ کاکە ماندوونەبن، هەواڵ چیە ؟.

شەماڵ وتی: وەڵا کاکە لە ئێستاوە هەتا شەو خۆتان قوتارکەن، ئەم شەو بەرەبەیان جیش هوجمەکات هەرکەسێك ببینێ ئەیکوژێ یان ئەیگرێ و کەسیش نازانێ چی بەسەردێ.

وەڵامەکەی شەماڵ زۆر ڕاشکاوانەبوو بۆ کابرای سەر ڕێگاکە، پیاوە ڕەقەڵەکەش هیچی تری نەگوت، من کە چەند هەنگاوێك لە پێش شەماڵەوە دەڕۆیشتم ئاوڕێکم دایەوە، کابرام بینی بەسستی گەڕایەوە بۆ لای منداڵەکانی لەبن گەوەڕەکە، نە من و نە شەوکەتش بە شەماڵمان نەگوت، بۆ وا بەو شێوە ترسناکە وەڵامی کابرات دایەوە.

ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو، وەك چۆن ئاگر لە پوش بەرەبێ ئەوها ئەو هەواڵە ترسناکە بەناو خەڵکا بڵاو بۆوە، ئەم هەواڵە وەك ڕەشەبا لەماوەی چەند خولەکێکی کەما کون بەکون وکەلەبەر بەکەلەبەری شیوو دۆڵەکانی خاڵخاڵانی تەنی، کەس نەبوو ئەم هەواڵە شومە نەبیستی، نیوو دەمژمێری پێ نەچوو خەڵك یاسای خۆ حەشاردانی شکاند و وەك شارە هەنگ و زەردەواڵەی تاراو خەڵك لەکون و حەشارگەکانیان دەرچون و وەربوونە ئەو شیوو دۆڵانە، هەنگامەیەك بەرپابوو کە دەتگوت ڕۆژی حەشرە، نەکەس وەڵامی کەسی بەتەواوی بۆ دەدرایەوە نەکەسش دەیزانی چی بەسەردێ، هەرکەس لەخەمی ڕوحی خۆی و ژن ومنالی خۆیدابوو، بەدەیان پیاوت دەبینی دەگریا، بەسەدان کەست دەگوت، بۆکوێ دەچی، دەیگوت نازانم !!.

بەسەدان ژنت دەبینی گوێی بەگریانی منداڵەکەی نەدەدا و هەر بەدوای خویدا ڕایدەکێشا، پیاوەکان هەموو تورە و توندبون، بەدەنگی بەرزلە گەڵ ژنەکانیان قسەیان دەکرد، هاواریان دەکردە سەر منداڵەکانیان کەنەیاندەتوانی بەپێی ئەوان بڕۆن یان کە دەکەوتن، ڕۆژێك بو کەس نەدبوە برای کەس، کەس ئاوڕی لەکەس نەدەدایەوە، کەس نەیدەزانی بۆکوێ دەڕوا، هەمو خەڵك هاواری بۆ عەرشی خودابوو، هەمو خەڵك بەتەمای فریشتەی رەحمەتی خودابوو بێت ولەو نەهامەتیە نەجاتیاندات، هەموو خەڵك چاوەڕێی غەزەبی خودابوو کەسوپای ئەنفال ژێر و ژوورکات، کاتێك ئێمە گەیشتینەوە لای کەس وکارمان و هەواڵەکەمان پێ گوتن دایکم گوتی:

_ خودا تەیرەن ئەبابیلەیان بۆ بنێرێ.

من بەهاوڕێکانم گوت، دەربازبون زۆر مەحاڵە، بەبڕوای من تەنیا یەك ڕێگە هەیە بۆ دەربازبون ئەویش ئەنجامەکەی نادیارە،

شەماڵ ووتی.

_ چیە ئەو ڕێگایە ؟!.

گوتم: دەرچون لەم ئابلوقەیە، دەبێ هەرچۆنێك بێ هەوڵبدەین بکەوینە ئەو دیوو ئابلوقەی دووژمنەوە، دەبێ لە بازنەی گەمارۆکەی دووژن دەرچین، ئەگەرنا هەمومان دەکوژرێین.

شەوکەت پێی وابوو ئەمە بیرکردنەوەیەکی باشە، بەڵام نەماندەزانی لەکوێوە گومارۆکەی دوژمن بشکێنین، هەمومان بیرمان لەوەکردەوە شوێنێك بۆ دەربازبون بدۆزینەوە، دوای ڕاوێژ و چەند وچونێکی زۆر بڕیارماندا لەکەلێك کەدەکەوتە نێوان لوتکەی خاڵخاڵان و لوتکەی ئەسحابەدرێژ پێیان دەگوت، حوشترمل بچین بەدیوی ڕۆژی خاڵخاڵاندا، هیچ زانیاریەکمان لەسەر

شوێن ورەبیەی هێزەکانی دووژمنیش نەبوو، کەچۆن ولەکوێ جێگیرکراون، بۆچارەسەری ئەم گرفتەش بڕیارماندا، پێش خۆر ئابون یەك دوو کەسێکمان بچینە کەلی حوشترمل بۆئەوەی بتوانین، ئەودیوی خاڵخالان بە چاوی ڕووناك ببینین، کەگوندەکانی تورکمانباخ و دووشیوان و تەرەقەی لێ دەردەکەوێ، حاکم شەوکەت و حوسێن هەیبەیی بەرەو حوشترمل بەڕێ کەوتن ئێمەش دەبوو مشوری شتەکانی تر بخۆین لە کۆکردنەوەی کەل وپەل وهەلگرتنی خۆراك و پێخەف وپێداویستیەکانی تر، لەبەر ئەوەی سێ کەسی بەتەمەنمان لەگەڵ بوو، دایکم و باوکم، میم قودرەت دایك حاکم شەوکەت ورەمزی، دوو ژن کەمندالی کۆرپەیان پێ بوو، زەینەب ژنی دکتۆرجمال، ژنەکەی حوسێن هەیبەیی منداڵێکی بەرمەمکان و چوارپێنج منداڵی ورد و درشتی تری پێ بوو، ڕێواس ژن هاوڕێ ئارام و پەیمان خوشکم، دەبوو لایەنی کەم خواردنی خەفتەیەکی ٢٢ کەس هەلگرین، بۆ بەتەمەنەکان و ژنە منداڵدارەکان مشوری ولاخ بخۆین، ئێمە خۆمان سێ کەرمان پێ بوو دوو کەرشمان لەو کەرانە گرتوە کەلەو شیوو دۆڵانەدا بەرەڵاکرابوون، بەلام من هەر دوای بەڕێ کەوتنی حوسێن هەیبەیی و حاکم شەوکەت بە باوکمم ووت،

باوە لەگەڵ دایکما بەم ڕێیەیا هێواش هێواش بکەونەڕێ، لەڕێیەکەلامەدەن لەهەرشوێنێك ماندووبن دانشن تا ئێمە دەگەین پێتان، پێم گوتن، ئەم ڕێیە بەپشتی گوندی دارەختیارا دەتانباتەوە بۆ بەربناری خاڵخالان، دایکم و باوکم بەو ڕێیەی کە حوسێن هەیبەیی و حاکم شەوکەت پێیدا ڕۆیشتن لەسەرخۆ کەوتنەڕێ، ئێمەش کەوتینە کۆکردنەوەی کەل وپەل و پێداویستیەکانی تر، لەو کون وکەلەبەر و شیوو دۆڵانەدا بەسەدان فەردە ئارد و برنج و شەکر و تەنەکە ڕۆن وساوەر ونیسك و نۆك و

پێداویستی خۆراکی دیکەت دەس دەکەوت، کە پێشتر خـەڵکی گونـدەکان لێـرە، لەم شیوو دۆڵانـە هـەڵیانگرتبوو، ئێمـە بـاری سێ کـەرمان لـەو پێداویسـتیانە لەسـەر پشـتی سـێ کـەری کۆك قـایم کـرد، تەنانـەت قازمـەو خاکەنازیشـمان بیرنەچوو، ئەو دوو کەرە زیادەیـەشمان بـۆ سـواری کەسـە کـەم تاقەتـەکان بـە بەتاڵی هێشتەوە، دوای کەمتر لە دەمژمێرێك لەدوای ڕۆیشتنی ئەوان بـەبار و پێداویستی تەواوەوە ئێمەش کەوتینەرێ.

لە نیوو دەمژمێر زیـاتربوو بـەڕێوەبوین هێشـتا دایکـم و باوکمـان نـەبینی بوو، من هەمیشـە سـەیری لاڕێـەکانم دەکـرد، دەمگـوت، نـەك مانـدوو بـوبن و لایاندابێتە لاڕێیـەکان، هـیچ دیارنـەبوو، مـن کەوتبومـە دوو دڵـی و گومانـەوە نەمدەزانی بۆ دیارنین یان ناگەین پێیان، تا زیاتر دەچوینە پێشـەوە مـن دوو دڵیەکـەم زیـاتر دەبـوو، تـا سـەروی پشـتی ئـاوایی دارەختیـارەوە چـوین ئـەوان دیارنەبون، کاتش عەسرێکی درەنـگ بـوو، بـە سـابیرعوبێدم گـوت، سـابیر تـوو بڵێی دایکم و باوکم بۆ کوێ چووبن؟، دایکـم ئـامۆزا و خزمـی دیکـەی هـەبون لە گونـدی دارەختیـار گومـانێکی وام لادروسـت بـو توشـی خزمـەکانی بـوبێ و بـەهۆی ئەوانـەوە لەڕێیکـە لایانـدابێ بەشـێك لەزەویـەکانی ئەوبـەری بەسـتی دارەختیار کە پێان دەگوت، کوردە هی ماڵی باپیرم و براکانی بوو، ئامۆزایـەکی دایکم کە تۆفیقی ناوبوو دەیکردە تەماتەو تەڕە، گومانێکم لاپەیـدابوو دایکـم بۆ پرسیاری حاڵی ئەوان چوبێتە کوردە، بۆیە بەکاروانەکەم گوت، ئێوە بـڕۆن مـن بـەدوری دەزانم دایکـم و بـاوکم لێـرە زیـاتر هـاتبن، مـن لەگـەڵ سـابیرا سەرێکی کوردە دەدم و پێتان دەگەمەوە ئێوەش گەیشتنە شەوکەت و حوسـێن هەیبەیی بوەستن تـا ئێمـە دەگەینـەوە پێتـان، لەگـەڵ سـابیرا لەکاروانەکـەمان دابڕاین و بەرەو زەویەکانی کوردە کەوتینەڕێ، خۆرش لـە ئـاوابون بـوو، هـەر

ڕۆیشتین و هیچمان نـەبینی، هـەر کەسێکی ناسیار یان نەناسیشمان دەبـینی هەواڵمان دەپرسی کەس نەیبینیبوون، زیاتر لە پازدە خولەکمان پـێ چـوو تـا گەیشتینە زەویەکانی کوردە، هیچ سۆراخێك نەبوو، دونیا لەسـەر تاریـك بـون بوو بەسابیرم گوت، دەبێ خێراکەین بە زویی ئەم ناوە بپشکنین و بگەڕێنـەوە بـۆلای هاوڕێکانمـان بـا ئـەوانش بـەهۆی ئێمـەوە دوانەکـەون، لـەم کاتـەیا گەیشتینە کاك قـابیلی جیرانمـان کـە مـاینێکی سـپی جـوان و چـاکی پـێ بـوو، هەواڵپرسیمان لەیـەك کـرد، مـن هـەواڵی دایکـم و بـاوکمم لـێ پرسـی ئـەویش نەیبینی بوون، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە نەهاتون بـۆ ئێـرە، بـە کـاك قـابیلم گوت، چـی دەکـات وبەتـەمای کوێیـە، گـوتی ئـەم خەڵکـەی دەیبـینی هـەمومان بەتـەماین بچـین بـۆ ڕەزانـی قەمیشە کـە بیسـت خولـەکێك لێـرەوە دوربـوو، گوتم، کاك قابیل ئەم خەڵکە زۆرە لـەڕەزانی قەمیشـە جێتـان نابێتـەوە، ئنجا ئەویش بەرتەسك و شوێنکی دیارە دەگیرێن لەوێ، قەمیشە گونـدی دایکـم بـوو مــن شــارەزای ڕەزانــی قەمیشــە بــوم دەمزانــی شــوێنێکی بــاش نیــە بــۆ خۆحەشاردان، بـەڵام کـاك قابیـل گـوتی، هـیچ چـارێکی تـرمـان نیـە خـوا چـی لەچـارەمان نوسـیبێ هـەر ئـەوە دەبـێ، مـن هیـوای سـەلامەتیم بـۆ خواسـتن و لەگەڵ سابیرا گەڕاینەوە بـۆلای هاوڕێکانمـان کـە ئێسـتا گەیشـتونە حوشـترمل، زۆر بەخێرایی ڕێمان دەکرد زۆرجار بەراکردن دەڕۆیشتین، بە کەمتر لە نیوو دەمــژمێر گەیشــتینەوە هــاوڕێ و کاروانەکــەمان، پــێش ئــەوەی بگەینــەلای هاوڕێکانمان سێ چوار پیاو بەرەو لای مـن و سـابیر هـاتن، دونیـا تاریـك ببـوو، زەلامەکان نزیکمان بونەوە ناسیمانن، ڕەشـاد و سـلمان و دوو بـرای دیکەشـیان لەگەڵ بوو، زۆر بە پرۆشەوە بەرەو پیرمان هاتن وتیان:

- ماوەیەکە چاوەڕێی تۆ دەکەین، زانیمان ئێوە لێرەوە دێن ئێمەش ویستمان لەگەڵ ئێوە بێین، بەڵام حاکم شەوکەت قبوڵی نەکرد.

منیش بەخێرهاتنم کردن و وتم:

- کاك شەوکەت ناحەق نیە ئێوەی نەناسیوە خۆشتان دەزانن ڕۆژەکەی چ ڕۆژێکە، وەرن بابڕۆین لەگەڵ ئێمەبن، هەر ئەوان هەواڵی دایکم و باوکشمیان پێ بوو، وتیان زۆر دەمێکە مام حوسێن و میم تەنك لێرەن، ئەوەتەن لای حاکم شەوکەت و ئەوان دانشتون و چاوەڕێی ئێوەیان دەکرد، هەواڵەکەیان خۆش بوو، من ئەم چوار برایەم دەناسی میمکزای دکتۆر هۆشنگی هاوڕێم بون، جۆرێك لەخزمایەتیان لەگەڵ ڕێبوارشدا هەبوو، بەو هۆیەوە زۆرجار ئەمانم بینی بوو سەربازی هەڵاتوبون لە گوندی دارەختیار، هەموو پێکەوە ڕۆیشتین بۆلای کاروانەکەمان کە لە چاوەڕوانی ئێمەدا دانشتبون، باوکم کە ئێمەی بینی هەستاو بەرەو لای ئێمەهات، جۆرێك لە توڕە بون و پەرۆشیەکی زۆری پێوە دیاربوو، باوکم وتی:

- ئەوە بۆ کوێ بەدوای ئێمەیا چبوی هەی گەوجە، ئەی من پێتم نەگوت لەڕێگا لانادەین!.

من و سابیر زۆر ماندوبوین و ئەوانش لە چاوەڕوانی ئێمەداحەساوەبون، بەڵام وادیاربوو باوکم پەرۆش و دڵتەنك ببوو، گەوجەکەیم زۆر پێ خۆش بوو، بەمنداڵیش ئەگەر لاساریەکم بکردایە هەر پێمی دەگوت گەوجە، زۆر دەمێك بو پێمی نەگوتبوو گەوجە، بۆیە گەوجەکەیم زۆر پێ خۆش بوو، زەردەخەنیەکم بۆ باوکم کرد و ڕۆیشتم بۆ لای هاوڕێکانم، داوای بوردنم لێیان کرد و لە حوسێن و شەوکەتم پرسی، چی هەیە، ئەتوانین بڕۆین ؟.

حوسێن هەیبەیی کە لەهەمومان شارەزاتربوو وتی:

- هیچ ڕەبییەکمان نـەبینی، کـە گەیشتینە ئێـرەش دونیـا رونـاك بـوو بەچاو ڕۆشن سەیری هەمو جێیەکانمان کردوە، ئەو ڕێیەی کە پێیدا دەڕۆین شتێکی وامان لێی نەبینی کە جێگای مەترسی بێ.

من گوتم: بەڵام دیسان ئەبێ بە ئاگاداریەکی زۆرەوە بڕۆین.

ئێستا دونیا بەتەواوی تاریك بوە و دەبـێ ئێمـە بکەوینـەڕێ، ئەمـە ڕێگـای هات و نەهاتە، ئەمە ڕێگـای مـردن و ژیانـە، بچوکترین ئاشکرابونمان دەبێتـە هـۆی مردنـی هـەمومان، توشـی هـەر ڕوبەڕوبونەوەیـەکبین لەگـەڵ جـاش و جەیشـا توانـای پاشەکشـەو هـەڵاتنمان نیـە، دەبـێ شـەڕکەین هـەتا هـەمومان دەکوژرێن، بڕیارماندا زۆر بەئاگاداری بکەوینـەڕێ، حوسـێن هەیبـەیی کـەزۆر شارەزا و چاپوك بوو لە گەڵ سابیر، شـەمال، مـن دەبـوو سـەد تـا سـەد وپـەنجا مـەترێك بکەوینـەپێش کاروانەکـەوە، هـاوڕێ ئـارام، حـاکم شـەوکەت، کـاکم محمـد، رەمـزی و اسماعیـل بـرام، برایـەکی حوسێن هەیبەییشمان لەگـەڵ بـو ناوەکـەیم بیرچـوە، دکتۆرجمـال، دەبـوو لەگـەڵ کاروانـەکادابن، ئەگـەر توشـی تەقـەبوین دەبـوو ئێمــە بــەرگری بکــەین و نــەهێلین دووژمــن بگـات بــە کاروانەکەمان، کاری ئەو هاوڕێیانەشمان ئەوە بوو دەبوو کاروانەکـە بگەێنینـە شوێنێکی ئەمین و هیچ حەقیان نەبێ بەسەر ئێمـەوە کـە دەکـوژرێن یـان نـا، ئەگەر ئێمە نـەکوژراین ئـەوە خۆمـان دەبـێ کاروانەکـە بدۆزینـەوە بگەینـەوە پێیان، ئەگەر کوژراینش، ئەوە ئەوان دەبێ سەلامەتی کاروانەکە بپارێزن.

دوای ئــەم بڕیــارە ئێمــە کەوتینــەڕێ و کاروانەکــەشمان بــەدوادا هــات، لەنیمچە دۆڵێکا کاروانـەکمان ڕاگـرت، ئێمـە ئەوانـەی دەبـوو پـێش کاروانەکـە بکـەوین حوسـێن هەیبـەیی، سـابیر عوبێـد، شـەماڵ و مـن کەوتینـەڕێ، سەدمەترێ زیاتر ڕۆیشتین، لەو شوێنە وەستاین، حوسێن دانشت و ئێمـە ئـەو

سێ کەسەی تر گەڕاینە دواوە، سی چل مەترێکی تر شەماڵ وەستا، دوای وەستانی شەمال سی چل مەترێکی تر گەڕاینە دواتر و ئەمجا من وەستام و سابیر چوو بەدوای کاروانەکەدا، کاروانەکە بێ ترس هات، تا گەیشتینەوە بە یەکەم کەسی وەستاومان کە حوسێن هەیبەیی بوو، دوو بارە ئێمە کەوتینەوە ڕێ و کاروانەکەمان وەستا، ماوەیەکی درێژی دیکەمان بڕی، دووبارە حوسێن لەو شوێنە دانشت، ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای کاروانەکە دوای ماویەکی تر من دانشتم و شەمال وسابیر بەرەو لای کاروانەکە چوون، پاش تاوێك کاروانەکمان گەیشتە شماڵ و دواتر گەیشتنە لای من، منیش لەگەڵیان کەوتمەوە ڕێ هەتا لای حوسێن، جارێکی تر کاروانەکامان وەستاندەوە، ئێمە کەوتینەوە ڕێ، من و حوسێن لە پێشەوە و شەماڵ و سابیر چوار پێنج مەترێك لە دوای ئێمەوە کەوتنەوە ڕێ، ئێمە کەزۆر بەپارێز دەڕۆیشتین و زۆرجارش دادەنشتین وبەدانشتنەوە ڕێگاکەی پێش خۆمان دەپشکنی، هەندێك جارش گوێمان بە عەردەوە دەنا، بەم جۆرە دەمانتوانی هەموو چرپە وتەقە و رەقەیەك ببیستین ئەگەرلەپێش خۆمانەوە هەبوایە، چونکە زەوی هەموو چرپەو دەنگێکی پێ دەگوازێتەوە، هەندێك جارش لەسەر زگ درێژ دەبوین و خۆمان دەنوساند بە زەویەوە بۆ ئەوەی چاومان دوورترین ماوەی پێش خۆمان ببینێ، لەگەڵ حوسێن کە بە وریاییەوە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتین، لە پێشمانەوە تارمایی خانویەکمان بەدی کرد، خانوەکە نزیك بوو لەو جادە خۆڵەی نێوان گوندی کارێزە و تورکمان باخ، وریایەکەمان چەند قات کردەوە و سابیر وشەماڵیش کەوتنە هاوشانمان، لە چوار لاوە و زۆر بە وردی هەنگاومان دەنا بۆ پێشەوە و هەندێك جارش بە چیچکانەوە ڕێمان دەکرد، حوسێن و سابیر لەم سەر و ئەوسەرەوە من و شەماڵش

لەناوەڕاستەوە بە وردی دە ڕۆیشتین تا گەیشتینە دیواری خانوەکە، خانوەکە چۆڵ بوو، هیچ کەس و جوڵەیەکی تێدانەبوو، لە جادە گڵەکەش پەڕینەوە ماوەیەکی باش چوینە ئەو دیوی جادەکەوە چۆڵ و کپ وبێ دەنگ، حوسێن لەوێ مایەوە من و شەماڵ گەڕاینەوە سەر جادەکەو لای خانوەکە، سابیر چوو بەشوێن کاروانەکەدا، کاروانە کەمان بێ ترس لەجادە گڵەکە پەڕیەوە، ئێمە گەیشتینەوە لای حوسێن هەیبەیی، حوسێن شارەزای ناوچەکە بوو وتی:

- لەم جادەیە بەخوارەوە ترسمان کەمتر دەبێتەوە.

ئەمجا کاروانەمان ڕانەگرت تەنیا خۆمان مەسافەیەك پێشیان کەوتین و کاروانەکش بەدوامانـدا دەهات، شۆڕبوینەوە دۆڵێك بە بڕوای هەمومان بازنەی گەمارۆکەی دووژمنمان بڕی بوو، ئێستا کەوتبوینە ئەو دیوی گەمارۆی دووژمنەوە، بە نیمچە دۆڵێکدا شۆڕبوینەوە، لەسەری نیمچە دۆڵەکە توش باخ وچەمێك بوین، چەمەکە هەوایەکی فێنك و خۆشی هەبوو، چەمێکی پڕ لەدار و درەخت و کشت وکاڵ، ڕوبارێك ئاو چەمەکەی کردبوو بە دوو بەشەوە، ئێمە لە ڕوبارەکە پەرینەوە، کەوتینە بەشی خوارەوەی چەم و دارەکە هێشتابەتەواوی دڵنیانەبوین لەوەی لە مەترسی دەرچوینە، کاروانەکەمان ماندوو ببون، بەتایبەت ژن و بەتەمەنەکانی ناو کاروانەکەمان بەتەواوی ماندو ببون، داوایان کرد لێرە، لەناو ئەم چەمە بمێنینەوە، ئێمە هێندێك دوو دڵ بوین لەمانەوە، هێشتا هەستمان بەمەترسی دەکرد، بەڵام دەنگی مانەوە زۆرتربوو، بەناچاری بڕیارماندا ئەو شەوە لەو چەم ودارەدا بمێنینەوە، بارەکانمان خست، لەم کاتەدا دەنکێك شقارتەداگرسا، دەنکەشقارتەکە بلاچەیەکی گەورەی ئاگری لێ بۆوە، دواکەسی کاروانەکەمان بەدەنگی بەرز وتیان، ئەوە چی بوو؟!!، تەماشامان کرد باوکمە دەیەوێ

جگەرەیەك داگرسێنێ، دکتۆر جمال کەتا ئەو کاتە بێ دەنـگ بـوو، هاتـەدەنگ ووتی:

- تخوا مام حوسێن ئێستا وەختی جگەرە کێشانە؟!!.

باوکشم بە دەنگێکی هەندێك تورە وتی:

- دەك بتۆقن.

گـوێم لـە دەنگی هـاورێ ئـارام بـوو بـەدەنگێك کـە دەگەیشـتە لای مـن پـێ دەکـەنی، ئـارام بەنـەرمی و لـە دڵەوە پـێ دەکـەنی هـەر بـەدەم پێکەنینـەوە هاورێ ئارام وتی:

- وەڵا مــادام مــام حوســێن جگــەرەی داگیرســاند منــیش جگەرەیــەك دائەگیرسێنم.

حاکم شەوکەت وتی:

- باشە بەڵام توو شقارتە هەڵمەکە بەجگەرەکەی مام حوسێن جگەرەکەت داگیرسێنە.

هــاورێ ئــارام هــەر بەپێکەنینــەوە گەیشــتەلای بــاوکم و جگەرەکــەی داگیرسـاند، دوای ئـارام منـیش جگەرەیـەکم داگیرسـاند، دوای منـیش کـاکم محمد، جگەرەکەی باوکم بوبە پشکۆی ئاگر، هەمومان لەدەور بـاوکم دانشـتین تـا جگەرەکـەمان تـەواوکرد، ئێمـە نەخـەوین تـەنیا ڕاکشـێین و ئسـراحەتێك بکەین، چونکە دەمژمێر کەوتبوە دووی دوای نیوە شەو، حوسێن و شـەماڵ و حاکم شـەوکەت و سابیر ومـن نەخـەوتین، هـەر بەتـەك یەکـەوە درێـژبوین و قسەمان دەکرد و جارجارەش مانـدوێتی بـێ دەنگـی دەکـردین، دوونیـا لەسـەر کاڵبونـەوە بـوو هـاورێ ئارامشـمان هەسـتاند، دەبـوو چـوار دەوری چـەمەکە و ئــەو بەرزایانــەی کــە دەڕوانــن بەســەر چــەمەکدا بپشــکنین و بــزانین لــە

دەوروپشتی خۆمان چی دەگوزەرێ، هەموو ناو چەمەکەمان پشکنی، وردە وردە دونیا ڕونتر دەبۆوە، ئێمەش کەمتر و بەپارێزتر دەجولاین، لەپڕا بینیمان دوو گردۆلەکە کە دیانڕوانیە سەر چەمەکە سەرباز و جاشی پێوەبوو، ئەمە حالەتێکی زۆر مەترسیداربوو، چەمەکە بچوك بوو ماوەی شەڕی درێژخایەنی تێدانەبوو هێزی دووژمن زۆر زۆر بوو، ئەگەر لێرەو لە ناو ئەم چەمەدا ئاشکراببوینایە بێ شك هەمومان دەکوژراین، دوژمن دەیتوانی هەموو هێزی خۆیمان لەسەر گۆبکاتەوە چونکە دەوروپشتی چەمەکە بۆ ئەوان کراوە و بۆ ئێمە داخرابوو، ئێمە ماوەی دەربازبونشمان نەبوو، تاکە ڕێگای بەردەمان شەرکردن بوو هەتا مردن، بۆیە بڕیارماندا بە وریاییەکی زۆرەوە بەچەمەکدا بگەڕێین بەدوای کون و کەلەبەر و حەشەرگەدا، هەموو ماڵێك لە گوندەکان کونێکی گەورەیان لە حەوشەکانیاندا دروست دەکرد، زۆرجار ئەو کونە، کە پێیان دەگوت، کونەتەیارە هێندەی هۆدە خانویەك گەورەدەبوو بۆیە وا گەورە دروستیان دەکرد بۆ ئەوەی شوێنی هەمو خانەوادەکەیانی تێدا ببێتەوە، لە شاخی خاڵخاڵانش چەندین لەم هۆدەخانوانەم بینی لە ژێر زەویدا دروست کرابون، خەڵك ئەم هۆدەخانوانەیان لە ناو زەرعات و شینابیش دروست دەکرد، لە ترسی هێرشی لەناکاوی کۆپتەر، بۆیە ئێمەش بڕوامان وابوو ڕەنگە شوێنی لەو بابەتەش لێرە هەبێ، هەمومان کەوتینە گەڕان بە شوێن هۆدەخانوە ژێر زەمینەکان، دووان لەو هۆدەخانوانەمان دۆزیەوە، هێشتا بەتەوای خۆر هەڵنەهاتبوو، بەلام دونیا بەتەوای ڕووناك ببوەوە، من بە هاوڕێکانم گوت:

-برادەران با ژنەکان نەزانن کەلە مەترسیدان.

دوای ئەم قسەیە ڕستەیەکی دیکەشم بۆ زیادکرد گوتم:

- با اسماعیل و ڕەمزیش نەزانن کەمەترسیمان لەسەرە، ئەوان هێشتا منالّن با نەترسن.

ئەمجا چوین ژن و منالّەکانمان لە خەوهەستاند و بردمانن بۆ بن دار و نزیکی نیمچە خانوە ژێرزەمینەکان چوار براکەشمان ئاگادارکردەوە کە جوڵەنەکەن و لەشوێنیکی چڕ و قایم خۆیان پەنادەن هەتا عەسر، هەروەها کەرەکانشمان بردە ئەو شوێنانەی کە دار و درەختی زۆرە تا وون بن و نەبیندرێن، دوای جێ بەجێ کردنی کارەکانمان هەمومان لە شوێنێك کۆبوینەوە کەوتینە قسەی خۆش و هەندێك جار پێکەنینشی تێدەکەوت، لەناو قسەکانماندا ڕەمزی بە پێکەنینەوە ڕوی لەمن کرد و ووتی:

- کاك عاسی توو تەمەنت چەد ساڵە ؟.

منیش تەمەنی خۆم پێ گوت، ئەمجا پێکەنینەکەی ئەو بوو بە قاقا وتی:

- ئێ خۆ من دوو ساڵیش لە تۆ گەورەترم !.

هەمومان پێکەنین بەڵام پێکەنینی هاوڕێ ئارام لە پێکەنینی هەمومان خۆشتربوو، دیاربوو یەکێك لە هاوڕێکانمان ئەو قسەیەی منی بۆ ڕەمزی گێرابوەوە کە گوتبوم، با اسماعیل و ڕەمزی نەزانن لەمەترسیاین ئەوان هێشتا مندالّن و نەك بترسن، ئەو ڕۆژە هیچ ئاگرێك نەکرایەوە و هیچش لێنەندرا تەنانەت چایشمان نەخوارد لەبەر مەترسی شوێنەکەمان، چەند جارێك هەلی کۆپتەرەکانی سوپای ئەنفال بەسەر چەمەکدا هات و چۆیان کرد، زۆر بەنزمی و بێ ترس دەفڕین بەسەر سەرماندا هات وچۆیان دەکرد، گەڵای دارە بەرزەکانی چەمەکە دەلەرینەوە لەم کاتانەدا ترسی ئەوەمان هەبوو کۆپتەرەکان کەرەکانمان ببینن، ئێمە پێنچ کەرمان پێ بوو چوار براکەش دوو یان سێ کەریان پێ بوو، کەرەکانمان زۆربون بە ئاسانی

نەدەشاردرانەوە، گەلێ جار منداڵە شیرەخۆرەکان دەگریان بۆ ئـەوەی دەنگیـان نەبیسترێ دایکەکان دەچونە هۆدە ژێرزەمینەکانەوە مەمکیان دەدانێ.

هەرچۆنێك بوو ئەو ڕۆژەمان گەیانـدە عەسـر، ترسمـان کـەمتر و کـەیفمان خۆشتر ببوو، عەسرێکی تۆزێك تـاخیر کـەرەکانمان هێنـاو بارگـەو بنـەمان لـێ بارکردنەوە لەگەڵ حوسێن هەیبەیی و شەوکەتا کەوتینـە پـێش کاروانەکـەوە هاوڕێکـانی دیکـەشمان دوو دوو بــە مەسـافەیەکی کـەمی نێوانمـان بــەرەو هەڵەتـەکانی گونـدی تەرەقـە کەوتینـەڕێ، هێشـتا کـاتی درەو گـەنم نـەهاتبوو گەنمەکانی سەر ڕێمان سەوزو پڕ شیربون، بە تەنیشت چەندین پەڵە پاقلـەدا تێپەڕین ژنەکان و پیاوە بەمشورەکان بەدەم ڕێوە هەندێك پاقلەیان ڕنی.

ئێستا کات دوای مەغریبە ئێمە بێ ترس دەڕۆین، حوسێن هەیبەیی شارەزایە و ئەو دەزانـێ بـۆ کوێمـان دەبـات، حوسـێن خـەڵکی گوندێکـە نـاوی هەیبەیـە، هەیبە نزیك قەرەهەنجرە و لەسەر بەستی خاسەیە کە لە کرکوکەوە ئەوەندە دوورنیـە، نـازانم بـۆ ئـەم حوسـێنە شـارەزای ئـەم هەڵـەت و پەڵەتەیـە کـە ئەوەنـدەی لێـرەوە بـۆ مەکـەو مەدینـە لـە گوندەکـەی خۆیانــەوە دوورە !، چـەندین هـەوراز و لێـژیمان بـڕی، کـات بـو بـەدرەنگانێکی شـەو هـەموومان بەکەرەکانشــمانەوە مانــدوبوین، حوســێن هــەر نــەیگوت، گەیشــتین !، چەندجارێك بە حوسێنمان گوت:

-کاکە خۆ جاش و جەیش لێرەنیە، هەمو شوێنەکان بۆ ئێمە وەك یەکن، دەبـا لە شوێنێك لادەین، حوسێن لە پێشمانەوە دەڕۆیـی و گـوێی بەقسـەی کـەسمان نەدەدا، شـەماڵ کـە زۆر قسـە خـۆش بـوو لـە شـوێنی خـۆی قسـەی بـۆ دەهـات وتی :

- کاکە ڕایگرن ئەمە بەتەمایە بمانباتەوە بۆ گوندەکەی خۆی.

ئێستا لە زەویەکی تەختایی دەڕۆین پێشمان هەوارزێکی سورکی سەختە، گەیشتینە هەورازەکە، شەماڵ وتی، مەگەر کۆپتەر لە هەوارزە سەرمان خات هەر بە هەورازەکەوەبوین گوێم لە تەق و هۆری شتێك بوو کەوتەخوارەوە، وتم ئەوە چی بوو کەوت ؟، دکتۆر جمال وتی:

- بەخوا مام حوسێنش تینی بۆهات.

خاکەناسێکی کلك کورتمان لەسەر پشتی کەرێك قایم کردبو، باوکشم لەسەر پشتی ئەو کەرە دەبێ و خاکەناسەکەش قاچ باوکمی عەزێتدابوو باوکشم دەسی بردبوو خاکەناسەکەی لە گوریسەکە دەرهێنابوو هەتا هێزلە دەسیابوو خاکەناسی بەرەو خوار فرێدا، خاکەناس یەکێك لە پێویستیە گرینگەکانی ئێمەبوو نەدەکرا وازی لێ بێنین، بەناچاری داگەڕام و بێڵەکەم هێنایەوە.

ئەو هەورازەشمان بڕی، ئەمجا لێژبوینەوە بەدۆڵێکدا دە خولەکێکیش لەناو دۆڵەکە ڕێمان کرد گەیشتینە هەندێك دار و دەوەن، جۆگە ئاوێکی گەورەش بە دۆڵەکەدا دەڕۆیشت، حوسێن هەیبەیی بڕیاری دا لێرە بمێنینەوە، هەموو شل و کول ببوین، هێز لە لەشماندا نەمابوو، تەنانەت کەس تاقەتی ئەوەشی نەبوو خۆشحاڵی دەربڕێ کە گەیشتوینەتە شوێنی مەبەست، هەموو دانشتین ئەوانەمان کە بڕێك هێزمان تێدا مابوو پێش دانشتن بارمان لە کەرەکان کردوە و ئەو ڕاخەرە ئاساییانەمان دەرهێنا کەبۆ خەوتن بە کارمان دەهێنان، زەخیرەیەکی زۆرشمان پێ بوو، مەنجەڵی چێشت لێنانی گەورە و گچکە، قاپ و پەرداخ و هەمو کەرەستەکانی چێشتخانە بە گشتی، دیارە من مەبەستم چێشتخانەی ماڵە هەژارەکانە، هەموو برسی و ماندووبوین، بەڵام لەبەر ماندوێتی کەس بیری لە برسێتی نەدەکردەوە، من کە باری کەرەکانم دادەگرت و شتەکانی ناو بارەکەم لێك جیادەکردەوە لە

ناویانـدا مەنجـەڵێکی گـەورەی چێشـت لێنـانم جیـاکردوە، تورەگەیـەك کـە ساوەری تێـدابوو، لەبـەر خۆمـەوە وتم:بـۆ چێشـتێکی سـاوەر لێنـەنێم ؟!، پێشینان گوتویانە، باوك مردو خەوی لێ ئەکەوێ، ئەما زك برسی خـەوی لـێ ناکەوێ.

چوم لەو جۆگە ئاوەی کە نیمچە ڕوبارێك بو بە تەنیشتماندا بـەرەو خـوار دەڕۆیشت سەتڵێك ئاوم هێنا و مەنجەڵە گەورەکەم ئامادەکرد و چەند سـەلکە پیازێکی گەورەم دەرهێنـاو گودیلەیـەك ڕۆنـی ڕاعـی و خوێیەکەشـم دۆزیـەوە، بە حوسێن هەیبەییم گووت:

- کاك حوسێن دەتوانین ئاگربکەینەوە ؟.

حوسێن گوتی:

-بە ئارەزوی خۆت ئاگربکەوە، هیچ مەترسیەك لە گۆڕێ نیە.

ئاگرێکی گەورەم کردەوە، مەنجەڵە ڕەشەکەم خستەسەر ئاگرەکـەو نیزیکـەی نیوەی گودیلەڕۆنەکەم تێکـرد، پیازەکانم تێـداوردکرد و پـاش ماوەیـەکی کـەم ئاوم تێکرد و ئاوەکە گەرم بوو خوێ و ساوەرەکەم تێکرد، بەدیاریەوە دانشـتم تا کوڵا، ئنجا بـە دەنگێکـی بـەرز بـانگی هاوڕێکانم کـرد، کـێ برسـیەتی بـابێ ئاشە ساوەرەکە کوڵاوە، یەکەمین کەس هاوڕێ ئارام هات، ئارام کـەهات لـەتری ئـەدا لەبـەر مانـدوێتی ئەوەنـەی نـەبرد هـەموو ژن و پیاوەکـان کۆبونـەوە، هەمویان لە ساوەرەکەیان خـوارد، هـەمویان سـاوەرەکەیان ئاشـێکی ( چێشـت) خۆش و بەلەزەت زانی، ڕەنگە کات و شوێن و برسێتی، تـامی چێشـتەکەی لـە زاری هاوڕێیان خۆشترکردبێ، شەوێکی خۆش بـوو، دوای تێرخـواردن کەسـێك ئیشکی گرت و هەمومان بەتێری خەوتین.

**منیش وەك ئەوانی تر دۆشەكۆكەیەكم ڕاخست و پەڕۆیەكم دا بەخۆمدا، دونیا بەرەوگەرم بون دەچوو كەس پێویستی بەوە نەبو لێفە یان پەتوو بدا بەخۆیدا، ئەگەر لەبەر ئەو مێشولانە نەبوایە كە ئێستا بە كەمی پەیدابونە مرۆڤ پێویستی بە هیچ شتێك نەبوو بیدا بەخۆیدا بەلاّم ئەگەر مێشولەش نەبوایە و دونیاش گەرم بوایە، دیسان من پێم خۆش نیە بخەوم و هیچ شتێك نەدەم بەخۆما، ڕەنگە هەموو مرۆڤێك وابێ، پێی خۆش نەبێ لەو گۆڕە بخەوێ و خۆی دانەپۆشێ، ڕەنگە ئەمە نهێنی بێ، مرۆڤ حەزناكات كەس بە خەوتویی بیبینێ، مرۆڤ هەمیشە دەیەوێ لە پێش چاوی كەسانی تردا باش و جوان دەركەوێ، لە كاتی خەوتندا مرۆڤ ئاگای لە خۆی نیە وناتوانێ جوان دەركەوتن وباش دەركەوتنەكەی بپارێزێ، بۆیە مرۆڤ هیچ كاتێك نایەوێ بەخەوتویی ببیندرێ.**

**من ئەم شەو نامەوێ بیرلەو مەترسیانە بكەمەوە كە تێمان پەڕاندن، یان ئەو مەترسیانەی هێشتا لەسەر ڕێگاماندان، لەم ساتەدا نامەوێ بیر لەو خەڵكەش بكەمەوە كە لە شیوو و دۆڵەكانی خاڵخاڵان جێمان هێشتن و ناشزانین چیان بەسەرهات، من ئێستا تەنیا بیر لەو ژنە دەكەمەوە كە شەوێك بەڕێكەوت لامدایە ماڵیان، ئەو ژنە بەژن كورت و خرپنەی پیاو لەبەر نیگاكانی خۆی نەدەگرت، ڕوخساری سپی و ڕوناك وەك مانگ دەدرەوشایەوە، چاوەكانی وەك ئەستێرەی شەوانی هاوین تیشكیان دەدا، ڕومەتی وەك تۆپە گوڵ گەش بوون، قژێكی ڕەشی قەترانی، كە لە ژێر ئەو پەرچەمە ڕەشانەوە نیگاكانیم دەبینی و زەردەخەنە كاڵەكانی بەڕومدادەدا، تەزوو بە هەمو لەشمدا دەهات، لەش ولارە گۆشتن و روە خۆشەكەی وا لەپێش چاومن، وەك ئەوەی ئێستابێ، وەك ئەوەی لە ژێر ئەم پەڕۆیە پێكەوەبین هەست بەبونی دەكەم، هەست بە**

گەرمی لەشی دەکەم، هەست بە بۆنی دەکەم، بۆنی لەشی، بۆنی هەناسەی کە دەتگوت بۆنی گەنمە، لەشی سپی وەك شیر، سینگ و مەمکی وەك بنێشت تورت ولوس بوون، مەمکە توندەکانی لە ژێرچنگم دەخزین، ئەو شەوە، حەزی جوت بون ئەوی هێنایە ناو جێگاکەمەوە، لەشی گەرم داهاتبوو دڵی وەك دڵی کۆتر خێرا لێیدەدا، دەنگی مەشەمشی هەناسەی ئێستاش لە گوێمدا ماوە، ڕان و سمتی گەرم گەرم بون، توند و لوس وەك ماسی، ئەو دەیویست بە خێرایی هەموو شتێك جێ بەجێ بکرێ، بەڵام من!، منی بێ دەسەڵات و بێ ئەزمون لە دونیای ژن، نەمتوانی حەزی ئەو بەجێ بێنم و دڵی ئەو وەك دەیەوێ ڕازیبکەم، کاتێك سەر جێیەکەمی جێ هێشت، گلەییم لە هەنگاوەکانید هەست پێ دەکرد.

ئێستا ئەبێ ئەو چی بەسەر هاتبێ ؟!، ئەبێ ڕەشەبای ئەنفال ئەویشی ڕانەمالیبێ ؟، خۆزگە هەواڵێکیم دەزانی، هیوادارم لە چنگی ئەنفال ڕزگاری بوبێ، ئومێد دەکەم کە باش و سەلامەت بێ..

بەیانی کە ئیشك گرەکەمان خەبەرمانی کەردەوە هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، لەبن ئەو دوو سێ دارەی کە شەو لێی خەوتبوین بۆ ئەوە نەدەبوو بە ڕۆژ لێی بمێنینەوە، دەبوشوێنێکی قایم تر بدۆزینەوە کە پارێزراوتربێ لەبەر هەر پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو، دوای گەڕانێکی کەم لە دەورو پشتی خۆمان کونێکی گەورە و نیمچە ئەشکەوتێکمان دۆزیەوە بۆ خۆشاردنەوە لە چاوی کۆپتەر و پشودانیش دەبوو، گەڕاینەوە بۆ لای ژن و مناڵەکان و داوامان لێیان کرد پەلەبکەن لە خۆ کۆکردنەوە هەتا خۆر نەکەوتوە بچینە ئەوێ، هەموو کەل و پەلەکانمان بە خێرایی گواستەوە بۆ نیمچە ئەشکەوتەکە کە شوێنی ئاگردان و هەندێك دارشی لێ بوو، خێرا هەر بەو

دارانەی کە پێشتر لـەوێ بـوو ئاگرێکمـان کـردەوە، ڕوبـارە ئاوەکـەش لێمانـەوە نزیـك بـوو، ئاومـان هێنـاو چـامان لـێ نـا، هێشـتا هـەمومان بەتـەواوی نـانی بـەیانیمان نـەخواردبوو پیـاوێکی بەتەمـەن و دوو ژنمـان لـێ پەیـدابون، دوای سڵاو و ماندونەبوون، یەکێك لە ژنـەکان کـە دیـاربوو لـەوانی تـر وریـاتر بـوو ووتی :

-کاکە ئێرە شوێنی ئێمەیە ئێوە هاتونەتە ئێرە ؟!.

باوکم وەڵامی دایەوە و ووتی :

- ئنجا شوێنی ئێوەیـە قەیچێکە ئێـوەش وەرنـە ئێـرە و ئێمـەش لێـرە ئـەبین، شوێنەکە گەورەیە جێی هەمومان دەبێتەوە.

بـەڵام ژنـە وریاکـە بـە پێشـنیارەکەی بـاوکم ڕازی نـەبوو، داوای دەکـرد ئێمـە شـوێنەکەیان بـۆ چـۆڵکەین، زۆرمـان هەوڵـدا بـێ سـودبوو، بـاوکم وتـی : ژنـی ئێمـە چـی لەگـەڵ تـوو بڵـێین، بـانگی پیاوەکـەت بکـە بـا لەگـەڵ پیاوەکـەتا قسەبکەین،

ئەو پیرەمێردەی لەگەڵیاندا بوو تا ئێستاش بە بێ دەنگی مابووەوە ووتی : ئەو پیاوی نیە.

باوکمیش وتی : ئاا، ئەوە پیاوی نیە بۆیە وا هاربوە !.

لـەم رسـتەیەوە گفتووگۆی نێوانمـان بەرەواتونـدی چـوو، هەڵچـونی زیـاتر لـە نێوان هەردوو لادا دروست بوو.

پیرەمێردەکەی کە لەگەڵ ژنەکاندا بو ووتی :

-کاکە ئێمە مەڕدارین پێش نیوەڕۆ مەڕکـەمان دێتـەوە بـۆ ئێـرە، ئنجـا پیـاوی چاکبن شوێنەکەمان بۆ چۆڵکەن.

لە پیرەمێردەکە چوینە پێشەوە و پێمان گوت: باشە بەسەر چاو ئێمە ئێرەتان بۆ چۆڵەکەین، بەڵام بچینە کوێ، ئێمە شارەزای ئێرەنین ئەم شەو لەو دیوی خاڵخاڵانەوە بۆ ئێرە هاتوین.

پیرەمێردەکەش وتی : بچنە بن ئەو داروچەمەی سەرەوە لێرە پاکتر و خۆشترە، سێبەر و ئاوییشی لێیە.

قسەی مام ئەختیارمان لاپەسەند بوو، وتمان باشە با دوان سیانێکمان بچین سەیری شوێنەکەبکەین و بیبینەوە، ئەگەر باش بوو ئەمجا هەمومان دەچینە ئەوێ.

هەر وامان کرد، سیان چوارێك چوین، چەم ودارەکە ئەوەندە لێمانەوە دورنەبوو، شوێنێکی باش وبە کەڵك بوو، بڕیارماندا ئێمە بگوازینەوە ئەو شوێنە چۆڵکەین بۆ ئەوان.

شوێنە نوێیەکەمان شوێنێکی خۆش و فێنك بوو، چەم و دارێکی باش بوو، ئاوێکی ڕوون و زۆرش بەلێواری چەم و دارەکەدا دەڕۆیشت، ئەم شوێنە بۆ ئەوە دەبوو کاتێکی خۆشی تێدا بەسەربەری، بەڵام بۆ ئەوە نەدەبوو ڕۆژێکی پڕ مەترسی ئەوها تێیدا بمێنیتەوە، چونکە تاکە شوێنی سەوزایی بوو لەم ناوچەیە و هەمیشە جێی گومان بو، لە چاوی ئاسمانەوەش دیاربوو، کۆپتەرەکانی دوژمنیش بەبەردەوامی بە ئاسمانەوەبوون، بە هەر حاڵ ئێمە لەم کاتەدا کە ڕۆژ دوو ڕم بە عاسمانەوەیە لەم شوێنە باشترمان دەس نەدەکەوت، کاتێك گەیشتینە شوێنە نوێیەکەمان و بارگەمان گواستەوە هەموو خۆشحاڵبون بە بینینی شوێنێکی وا، بەتایبەت ژنەکان، چونکە ئەوان هەستیان بەمەترسی نەدەکرد ئەو کارەیان بۆ پیاوەکان جێ هێشتبوو، پێیان وابو ئەگەر پیاوەکان بڕیاری مانەوەیاندا لە شوێنێك دیارە ئەو شوێنە

شوێنێکی باش و پارێزراو بێ مەترسیە، لە ناو دارەکانی ئەم چەمەدا دار سێویشی لێ بوو، دارسێوەکان، کە شەکرە سێوبون سێوی زۆریان پێوەبوو، دار مێوو و هەنار و زۆر داری دیکەی بەری لەم چەمەدا هەبوون، کاتێك ژنەکان چاویان بە گەلآمێو کەوت بڕیاریاندا دۆڵمە لێ بنێن کە دەمێك بوو دۆڵمە و چێشتە خۆشەکانی دیکەمان نەخواردبوو، دۆڵمە بە دەردی ژنان خۆیان دەڵێن، عەزێتی زۆرە، ژنان بەگشتی بە عەزێتە زۆرەکەشیەوە حەزیان بە دۆڵمەیە، کەمترین پیاو حەز بە دۆڵمەدەکەن، هەمیشە پیاو بە نابەدڵی دۆڵمە دەخۆن، ئەبێ هۆیەکەی چی بێ ژنان بەو هەموو زەحمەتیە دۆڵمە دروست دەکەن و پیاوەکانش لە دۆڵمە نارازین، کەچی ژنان هیچ وەختێك دەست بەرداری دۆڵمە لێ نان نابن؟!!، ئەمە پرسیارێکە کە تەنیا ژنان دەتوانن وەڵامەکەی بدەنەوە.

ژنەکان کەوتنە ڕنینەوەی گەلآمێوو هەندێك لە پیاوەکانش ئارەزوی خۆشوشتن لەو ئاوە ڕوونە کەوتە سەریان، زۆر لە پیاوەکان بەنیازی خۆ شۆرین لە چەمەکە دوورکەوتنەوە و بەدەم ئاوە ڕونەکەدا بەرەو خواربونەوە، لەمبەر و ئەوبەری ڕێ ڕەوی ئاوەکە بنەکفری گەورە گەورە و سەوز ڕوابون، ئەم بنەکفرانە تێر ئاوبون، ڕەنگیان سەوزێکی تێربوو بۆنێکی خۆشیشیان لێ دەهات، ئەم بنە دارکفرانە تەنیا لە لێواری ڕوبارەکە نەڕوابون، لێرە ولەوێی هەموو ئەو بەستەش بلآوببونەوە، بەلآم ئەو بنەکفرانەی کەوتبونە لێواری روبارەکەوە سەوزتر وگەورەتر بوون، بۆ ئەوە دەبون مرۆڤ لە چاوی یەکدی بشارنەوە و دەشکرا لەکاتی مەترسیدا پەنای بۆ بەری و خۆتی تێدا حەشاردەی، دکتۆر جمال وحوسێن هەیبەیی و سابیر و چەندین هاوڕێی ترمان تفەنگەکانیان هەلگرتون بە نیەتی خۆ شۆرین لە

چاوی ئێمـه وون بـوون، لـه ناویانـدا و دەرەنکـتر لـەوان بـاوکمیش تفەنگـه بڕنەوەکـەی هـەلگرت و بەنیـەتی خـۆ شـۆرین بـه ڕوبارکـەدا چـوه خـوارەوه، ژنەکانش سـەرگەرمی دۆلمـه پێچانەوەبون و جارجارش گوێمـان لـه تریقـەی پێکەنینیان دەبوو. کات گەیشته لای نیوەڕۆ، دۆلمه کولا و لەسەر ئاگر داگیرا، زۆر له هاوڕێکانمان که بۆ خۆ شۆرین ڕۆیشتبون، به پاك وخـاوێنی گەڕانـەوه، زۆربەیان جل و بەرگەکانشیان شۆردبوو، کاتی نان خواردن هات، هەمومان لـه دەوری لەگەنـه دۆلمـه کۆبوینـەوه، لـه هەنـدێکیان پرسـیاری بـاوکمم کـرد، حوسێن هەیبەیی وتی :

- باوکت له خوارمانەوه خەریکی خۆشۆردن بوو، مـن هـاتم ئـەو هێشـتا تـەواو نەببوو.

ئێمەش بڕیارماندا نان بخۆین وبەشی ئـەویش هـەڵبگرین، دۆڵمەیـەکی خـۆش بەلەزەت بـوو، دەسـتی ژنـەکان خۆشبێ، زەحمـەتی زۆریـان چەشـتبوو تـا ئـەم دۆڵمەیەیان لێ نا، وەك خۆیان دەیـانگوت، لـه بـاتی تـورش شەکرەسێویان تـێ کردبوو، که ئەویش هەر مزر و خۆش بوو تـامی دۆڵمەکـەی خۆشـتر کردبـوو، دۆڵمەکه زۆربوو، ئێمەش دەمێك بـوو خـواردنی لـەو بابەتـەمان نـەخواردبوو، زۆربــەی ژەمــەکان نانەســاجیمان دەخــوارد، ئــەو کاتانــەی مــاوەی ئــاگر کردنەوەمان هەبوایه، نانەساجیەکی زۆرمان دروست دەکرد، بـۆ چـەندین ژەم هەڵماندگرت، ئەڵبەته نانەساجی خۆمان دروستمان دەکرد، ئەو زەحمەتـەمان نەدەدایـه بـەر ژنـەکان، نانەسـاجی بـۆ هـەلگرتن دەبـوو، تێـك نەدەچـوو، لـه هەموو ژەمێکدا دەخورا، بۆ بەیانیان و نیوەڕوان و ئێـواره و شـەوانش دەبـوو، گـەرم کردنـەوەی نەدەویست و قـاپ و کەوچـك وئەوانیشـی پێویسـت نـەبوو،

ئارد و ڕۆن، واتە چەوری و خوێشی تێدابوو، بەکوردی، باشترین خواردنی سەفەری ئێمە لە ئەنفالەکان نانەساجی بوو.

هەموو تێرمان لە دۆڵمە خوارد، دەس خۆشیمان لە ژنەکان کرد و زۆرش بە شانی دۆڵمەکەیاندا هەڵماندا، ئەوانش بە بە پێکەنین و ڕوو خۆشیەوە مەتحەکەیان لێمان وەردەگرت و لە دڵەوە دەیانگوت:

- عافێتان بێ.

دوای نان خواردن من چوم لەژێر سێبەری چەند دارێك کە هەندێك لە سەروی جێ نان خواردنەکەمانەوە بوو، تفەنگەکەم خستە ژوور سەرم و بە نیەتی تاوێك خەوتن ڕاکشام، ئەوەندەی پێ نەچوو حوسێن هەیبەییش هات لە سەروی منەوە ڕاکشا، هێشتا کەسمان خەومان لێ نەکەوتبوو لە پڕا گوێمان لە دەنگی باڵە فڕێی هەلی کۆپتربووبە ئاسمانەوە، بەڵام دەنگێکی دوور، هێشتا دەنگی هەلی کۆپتەرە دوورەکە نەڕەوی بۆوە دەنگێکی دیکەی لە چەشنی دەنگی هەلی کۆپتەر یان ئۆتۆمبێل مان زۆر لە نزیکی خۆمان بیست، هاوکات دەنگی چەند پیاوێك کەلە بەرزاییەکانی سەروی ئێمەوە لە کون و کەلەبەرا خۆیان حەشاردابوو بە ڕوونی دەبیسترا، پیاوەکان بە دەنگی بەرز دەیانگوت،

-ڕاکەن جەیش گەیشتە سەرتان، ڕأکەن هات.

ئێمەش لە شوێنی خۆمان ڕاپەڕین و دەسمان دایە تفەنگەکانمان، ڕوەو دەنگەکە چوین، من کە باوکم تا ئێستا دیار نەبوو، دەنگی ئەو گڕەیەش لەو شوێنەوە دەهات کە ڕێگەی گەڕانەوەی باوکم بوو، هەر بەدەم چونە پێشەوە لە حوسێنم پرسی :

- باوکم لە کوێ بوو ؟.

حوسێنش کە بەرەولای من دەهات ووتی:
لەو پێشەوەبوو.
کەواتــە ئــەم دەنگــە غــەریب و لــە ناکــاوە لای ئاراســتەی باوکمــەوە هــات و شــوێنەکەی باوکشــمی تێپەڕانــدوە، پێچــێك لــە پێشــماندا بــوو ئــەو پێچــە گردۆلکەیەکی سورکانی بوو، ئەو پێچە کۆتایی چەمەکەش بــوو، مــن هــەر کــە لــە چــەمەکە دەرچــووم و گەیشــتمە ســەری پێچــەکە، پاشــی ئۆتــۆبیلێکی سەربازیم بینی کە لە گەڕانەوەدا بوو بەرەو دواوە، بە توندی کەوتمە ڕاکــردن بــە دوای ئۆتۆمبێلەکــەدا، ئۆتۆمێلــە ســەربازیەکەم بــینی لــە پێچــێکی دیکــەی بەســتەکە ســوڕایەوە، ڕاکردنەکــەم بــە شــوێن ئۆتۆمبیلەکــەدا خێراتــر کــرد، حوسێن هەیبەیی کە چــەند مــەترێك بــە ڕاکــردن دوام کــەوتبوو، هــەر بــەدەم ڕاکردنەوە لە حوسێنم پرسی :
- کاك حوسێن باوکمت لە گوێ بینی ؟.
 حوسێن کە هەناسکە بڕیی بو ووتی :
- ئەو شوێنەی باوکتم لێ بینی تێمان پەڕاند.
ئەم قسەیە زیاتر ترساندمی، کەواتە ئەو هێزە سەربازیەی کە ئێستا ئێمــە وا بەشوێنیانەوەین ونازانین ژمارەیان چــەندە باوکمیــان گرتــوە !، دوای بیســتنی ئەم قسەیەی حوسێن بڕیــارم وابــوو ئــەمجا ئەگــەر ئۆتۆمبیلــە عەسکەریەکەم لێ دەرکەوت تەقەی لێ بکەم، پێم وابو ئەگەر تەقەیان لــێ بکــەم ڕەنگــە شــەڕ دروست بێ، کاتێك شەڕ دروستەبێ ڕەنگە باوکم بکوژن، گوژرانی بــاوکمم پــێ باشتربو لەوەی بە دیلی بیبەن لە پاشان ئەشکەنجەی بدەن و بە ئەشــکەنجەوە بیکــوژن، ئــەمجا بــۆ زووتــر گەیشــتن بــە ئۆتۆمبێلــە ســەربازیەکە ئــەو تولــە ڕێیانەم دەدایە بەر پێی ڕاکردن کە قەدبڕبون و دەچوونەوە سەر ئەو ڕێیــەی

کە ئۆتۆمبیلەکە پێیدا دەڕۆیشت، بە تولە ڕێیەکدا هەڵدەگەڕام بۆ سەر بەرزایی گردۆلکەیەك، سەربازێکم لە سەرگردۆلکەکە بینی، سەر بازەکە دەستێکی بەرز کردبۆوە بە دەنگی بەرز قسەی لە گەڵ ئێمەدا دەکرد، سەربازەکە بە عەرەبی دیگووت: کاکە انی ما اندل تەریق، وین تەریق ؟.

کە سەربازەکەم بینی چاوم گێرا ئاودرێك لە نزیکمەوە بو، خۆم خستە ئاودرەکەوە و تفەنگەکەم ئامادەکرد بۆ تەقەکردن، لەم کاتەدا سابیرعوبێدش گەیشتە هاوشانم، پێش ئەوەی وەڵامی سەربازەکە بدەینەوە حوسێن هەیبەییش گەیشتە لامان کە چوار پێنج هەنگاوێك نێوانمان بوو، کابرای عەسکر قسەکانی دووبارە کردەوە، ئێمەش پێمان باش نەبوو بە زوویی لەو ئاودرەی کە هەرسێکمان کردبومان بە سەنگەر دەرچین، لەوە دەترساین ئەمە فێڵێکی سەربازی بێ، لێی گەڕاین کابرای عەسکر چەندجارێك قسەکەی دووبارە کردەوە، ئەمجا بە پارێزەوە لە ئاودرەکە دەرچوین و بە ئاماژەی دەست و بە قسەش بانگی کابرای سەربازمان کرد، بێتە پێشەوە، سەربازەکە بەرەو ئێمە داگەڕا و ئێمەش بەرەو لای ئەو چوینە پێشەوە، کە گەیشتینە لای یەك دەبینین سەربازەکە تفەنگی پێ نیە، من کە بە عەرەبیەکی زۆر خراپ قسەم دەکرد بە سەربازە عەرەبەکەم گووت: وین سیلاحك ؟.

ئەویش ووتی : انا سائق ماعندی سلاح.

هەم گومانمان دەکرد لە کابرای سەرباز و هەم پێمان سەیربو، سەربازێك لەم کاتی شەڕ و ئەنفالەدا چەکی پێ نەبێ ؟!!، سابیر لێی پرسی :

- وین سیارتك ؟.

ئەویش دەستی بۆ پشتی ئەو گردۆلکەکە درێژکرد کە یەکەمجار سەربازەکەمان لەسەری بینی، پێمان گوت با بڕۆین بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەت،

ئـەو لـە پێشـەوە و ئێمـەش بەدوایـدا و پەنجـەشمان لەسـەر پەلاپیتکـەی تفەنگـەکانمان بـوو، تـا گەیشتینەسـەر بەرزاییەکـە و ئۆتۆمبیلەکـەمان لـێ دەرکەوت، ئـەمجا دڵنیـابوین، کە ئـەم سـەربازە بـە تەنهایـە و کەسـی تـری لـە گەڵدانیە ڕێی لێ وون بوە، تازە نەشدەکرا ئیزنـی دەیـن بڕواتـەوە بـۆ شـوێنی خۆی، چونکە ئەو ئێمەی بینی بوو، لەوە دەترساین بۆ بـەیانی یـان هـەر ئـەم شـەو هێـزی دونیـا بێنێتـە سـەرمان، بۆیـە مـن پـێم گـوت : ئۆتۆمبێلەکـەت بسوڕێنەوە، سـەربازەکە لـە قسـەکەی مـن تێنەگەیشـت سابیر حـاڵی کـرد کـە ئۆتۆمبێلەکـەی بسـوڕێنێتەوە، سـەربازەکە تـرس لـە دەم وچـاوی نیشـت و دەیویسـت بڵـێ، بـۆ ؟، کاتێـك بـینی ئێمـە سـورین لەسـەر سـوڕاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی، بێ دەنگ سواری ئۆتۆمبێلەکـەی بـوو سوڕاندیەوە بـەرەو دوا، واتە بەرەو چەم و دارەکەی کە خۆمانی لێ بوین، ئێمـە سـواری ئۆتۆمبیلەکـە بـوین و بـەرەو لای هاوڕێکانمـان دەگەڕاینـەوە لـە ڕێگـای گەڕانـەوەمان توشـی حـاکم شـەوکەت و هاوڕێـانی دیکـەش بـوین کەبـەرەو لای ئێمـە دەهـاتن، ئەوانشمان سواری ئۆتۆبێلەکە کرد و هەندێکی تـر ڕۆیشـتین، باوکممـان بـینی لەسەر ڕێیەکەمان وەستابوو پـێ دەکـەنی، بـاوکمش سـواری ئۆتۆمبێلەکـەبوو، هەمومان بە ئۆتۆبێلەکەوە گەڕاینەوە ناو دارو چەمەکە، دکتۆرجمال و بـاوکم و حـاکم شـەوکەت و کـاکم محمـد، عـەرەبیان بـاش دەزانـی، لـە سـەربازەکەیان پرسی :

-تۆ چیت دەکرد لێرە، بۆچی هاتی بۆ ئێرە ؟.

سـەربازەکە ووتـی : مـن دوو فرسـانم، واتـە جـاش، م بـرد بـۆ سـەر چـیای خاڵخالان، لەکاتی گەڕانەوەمدا ڕێم لێ هەڵەبوو، نەمـدەزانی بـۆ کـوێ دەچـم، تا گەیشتمە لای ئێوە.

باوكم زۆر دەمێك بوو دەیگوت :

- ئاخ ئەگەر كەسێكی دووژمن دەكەوتەبەر دەستم لەم كاتەیا، خۆم دەمزانی چۆنی دەكوژم.

ئەم قسەیەی رۆژی چەند جارێك دووبارە دەكردەوە، منیش بە پێكەنینەوە ڕوم لە باوكم كرد و وتم : –باوە، ئەوە ئێستا سەربازیكی دوژمن لەبەر دەستە، فەرموو، بزانین چۆنی دەكوژی !.

باوكم زۆر لەناخەوە ووتی : ئەوەی غیرەتی هەبێ، چۆن دیل دەكوژێ !!..

هەموو دامانە پێكەنین، باوكم ڕوی لەسەربازە عەرەبەكە كرد و دڵنیایی تەواوی پێیدا، كە هیچ نەترسێ و ژیانی پارێزراوە.

ئمجا باوكم وەك ئەوەی تازە بەبیری بێتەوە، ڕوی لەمن كرد و

ووتی : باشە گەوجە تۆ بەسەرمندا تێپەڕیت،من ئەوەندە بانكتم كرد تۆ بۆ ئاوڕت لە من نەدایەوە ؟!!.

قسەكەی باوكم زۆر سەیربوو بەلامەوە، من بە هیچ جۆرێك باوكمم نەبینی بوو، خۆ ئەگەر باوكمم ببینیایە، یەك هەنگاوش بە دوای ئۆتۆمبیلەكەدا نەدە ڕۆیشتم، ووتم :

- باوە وەڵا من تۆم نەبینیوە، ڕووم لە سابیر و حوسێن كرد، ووتم :

- ئەی ئێوە باوكمتان بینی ؟.

ئەوانش گوتیان نەوەڵا !.

باوكم ووتی: وەڵا ئێوە هەرسێكتان دوا بە دوای یەك بە تەنیشت ئەو بنە كفرەدا تێپەڕین كەمن لە ناویدا خۆم مات كردبوو.

باوكم ووتی : كە ئەم سیارەیەم لێ دەركەوت، من هێشتا بەتەواوی خۆم پۆشتە نەكردبۆوە، خێرا خۆم خستە ناو ئەو بنە كفرەی تەنیشتم و دەسم

دایە بڕنەوەکەم، هەتا من جێی خۆم کردەوە لە ناو بنەکفرەکەو تفەنگەکەم هەلگرت، ئەم سەیارەیە لە من تێپەڕی و بەرە و ئێوە هات، منیش گوێمم بەم سەیارەیە نەدا و خۆم بۆ سەیارەی دوەم و سێیەم ئامادەکرد، بڕیارم وابوو سەیارەی دوەم و سێیەم دەرکەوێت، من تەقەیان لێ بکەم و پێشیان پێ بگرم، هەتا ئێوە بەئاگادێنەوە و خۆتان دەربازکەن من مەشغوڵیان کەم بە خۆمەوە.

باوکم ووتی : کاتێك ئێوە بە تەنیشتمدا تێپەڕین، هەتا لێم ڕەت نەبوون منیش ئاگام لە ئێوە نەبوو، من مشت و ماڵی تفەنگەکەم لە سەیارەی دیکەی دووژمن خۆش کردبوو.

حوسێن هەیبەیی ووتی :

- وایە مام حوسێن، تۆ ڕاستەکەی، تۆ مەشغوڵی پێشەوە بویتە و ئێمەش پەرۆشی گیانی تۆبوین و پێمان وابوو ئەمانە هێزێکی زۆرن و تۆ لەسەر ڕیگەکەیان بویتە و تۆیان دەسگیر کردوە، بۆیە کەوتینە شوێن سەیارەکە هەتا تۆیان لێ بسەنینەوە.

باوکم بە بڕوا بەخۆبونێکی زۆرەوە بە حوسێن هەیبەیی ووت.

- من بە دیل ناگیرێم.

ئەو شەوە لە ترسی مێشولەی چەم و دارەکە نەماتوانی لەناو چەمەکەیا بخەوین، شوێنیکی دور لە چەم و دارەکەمان هەڵبژارد بۆخەوتن، شوێنێکی تەخت وپاك بوو، نزیك لە جۆگە ئاوی چەمەکە و دور لە ویزە ویزی مێشولە، نەماندەزانی دەبێ چی بکەین و ئەم بار و دۆخە تاکەی وادەبێ، هیچ ئاگایەکشمان لە دیوی ئەو دیوی خاڵخاڵان نەمابوو، نەماندەزانی لە دوای ڕۆیشتنی ئێمە چی بەسەر ئەو خەڵەدکدا هات، ئای هەر بەڕاستی ئەو

شەوەی ئێمە شیوو دۆڵەکانی ئەوێمان جێ هێشت، بۆ بەیانی جاش و جەیش هێرشیان بۆ ئەو ناوچەیە کرد ؟، خۆ ئەگەر هێرشیان کردبێتە سەریان، ئـەوا ئێستا ئەو خەڵکەی لەوێ جێمان هێشتن هەموویان یان کوژراون یـان گـیراون و ئـەنفال کـراون، ئـەو جاشـە بـە مـام ئـەنوری وتبـوو، ئـەوەی دەگـیرێ سـواری سەیارەی سەربازی دەکەن و کەس نازانی بۆ کوێیان دەبەن، هـەر ئاواشـیان لـە خەڵکی گوندەکانی گردخەبەر وبەشێك لە خەڵکی گونـدی قەسـرۆك کردبـوو، لە پێش چاوی خزمە جاشەکانیان بە سوکایەتی پێ کردن و تێهەڵدان سـواری ئۆتۆمبیلیـان کردبـون و لـە پـاش ڕاپـێچ کردنیـان هـیچ کـەس سـۆراخیانی نەدەزانی، کەس نەیدەزانی بۆ کوێ بران و چیان بەسەر هێنان !.

ئێسـتا ئێمـە نـازانین سـبەینێ چـیمان بەسـەر دێ، ئـەم بـارو دۆخـە تاکـەی بەردەوام ئەبێ !، تۆ بڵێی حکومەتی عێراق هەر چی هێزی هەیە لـە جـاش و سوپا، لەم ناوچانە بیکێشێتەوە و ئەو خەڵکە کەمەی کە بەر چـەنگی ئـەنفال نەکەوتون، جارێکی تر بتوانن بچنەوە گوندەکانیان و درێژ بە ژیان بدەن ؟!!، زۆر زەحمەتە، ئەو ژیانەی دە پازدە ڕۆژ بـەر لـە ئێسـتا هـەرگیز ناگەڕێتـەوە، ئـەبێ خـەڵکی گونـدی گردخەبـەر چیان بەسـەر هـاتبێ ؟!، ئـەو هـەمو پیـاوە ئیشکەر و ماندوە، ئەو هەمو کوڕە قۆزە، کچە جوانەکانی گردخەبەر دەتگوت گوڵـوکن کاتێـك پـەموویان دەچـنی، ئێسـتاش دەنگـی پێکـەنین و قاقـای بـە ئەنقەستی کچە جوانەکانی گردخەبەر لە گوێمدا دەزرینگێتەوە.

ئەی ئێمە !، ئێمە ئەبێ توشی چی بین ؟!!، لەکەسەوە دیارنیە، دایکم دەبیـنم هەمیشە دووعا دەکات و داوا لە خـودا دەکات تـەیرن ئەبابیلـە بنێرێتـە سـەر سـوپای ئـەنفال، تـوو بڵێـی خـودا لـەناو ئـەم هـەموو ژاوە ژاوو زوڵـم و زۆرەی سەر زەوی ئاگای لەدایکم بێ و گوێ لە دووعاکانی بگرێ ؟؟!!.

دیسان بەیانی پێش خۆر هەڵات هەستاین و چوینەوە ناو چەم و دارەکە، ئـەم سەربازەش کە دوێنێ گرتمان بوبە بەڵا بە ملمانەوە، نازانین چی لێ بکەین !، وەك منالّ پەنای باوکمی گرتوە و بە بست لە باوکم جیانابێتـەوە، لـە ترسی هەڕەشـەکانی باوکشـم کـەسمان نـاوێرین قسـەیەکی کـالّی پـێ بلّـێین !، بـەرەڵا کردنیشی هەڵەیەکی پڕ مەترسی گەورەیە، ئەی خۆ ناشکرێ تا سـەر لـە گـەلّ خۆماندا بیگێڕین ؟!.

پێش نیوەرۆ ئێمە لەبن دارەکانی چەمەکە دانشتبوین، باوکم و دکتـۆر جمـال و هـاوڕێ ئـارام هاتنـەوە، کـە نەمانـدەزانی ئـەم ماوەیـەی وون ببـون لـە کـوێ بونە، خۆیان بە پێکەنینەوە باسی سەفەرەکەیان کرد، وتیـان : چـوین بـۆ لای ئـەو مالّـە مـەڕدارەی کـە دوێـنێ بـەیانی لـە سـەر نیمچـە ئەشکەوتکە بووبـە بۆلّـەبۆلّمان، چـوین هەنـدێك لایـان دانشـتین، بـۆ ئـەوە چـوین هـەتا هـیچ لـە دلّیاندا نەمێنێ، زۆرقسـەی خۆشمـان پێکـەوە کـرد، دکتـۆر جمـال ووتـی : مـام حوسێن پێیانی گوت : ئێمە جگەرەمان پێ نەماوە و لە مالّ ئێوەش میـوانین، لەسەرئێوەیە جگەرەمان بدەنێ، ئەوانش جگـەرەیان داپێمـان و چایان بۆمـان لێ ناو، دکتۆر وتی، هەوالّی خاوەن مالّمان پرسی وتیان : خاوەن مالّمان کوێخا مەتار، ئێمە خەلّکی گوندی قەفارین، بـە هـۆی مەڕەکانمانـەوە تـا ئێسـتا لێـرە ماوین و لەم مەترسیەیا ژیان بەسەرەبەین، دکتۆر وتی:

- وتمان ئەی مام کوێخا لە کوێیە ؟.

-وتیان لە شارە، هاکا هاتەوە.

ئەمە هـەوالّێکی سـەیربوو بەلامانـەوە، بـۆ کـەس هەیـە تـا ئێسـتا و لـەم بـارو دۆخەیا هاتوچۆی شار بکات ؟!!.

کاتی نیوەڕۆ بوو، بڕیارماندا خێرا نانێك بخۆین بچینە لای کوێخاکەی گوندی قەفار، کە پێیان دەگوت، کوێخا مەتە، ئەوەندەی نەبرد نانمان خواردوو هاوڕێ ئارام، حاکم شەوکەت و من خۆمان کۆکردەوە و تفەنگەکانمان لە شان کرد و چوین بۆ لای مام کوێخا، ئێمە کە چوین کوێخا هاتبۆوە، بە خێرهاتنەوەی کوێخامان کرد ودانشتین، هەواڵی شارمان لەکوێخا پرسی، کوێخا ووتی :

- شار هیچ باش نیە، وەزع خراپە.

پرسیاری ئەو خەڵکانەمان کرد کە لەلایەن حکومەتەوە دەس گیر دەکرێن کوێخا ووتی :

- کەس نازانێ بۆ کوێیان دەبەن و چیان بەسەر دێنن، دەڵێن، دەیان بەن بۆ شارەکانی خواروی عێراق،

وتمان، مام کوێخا تۆ لێرە دەمێنیتەوە یان دەچیتەوە بۆ شار ؟.

مام کوێخا ووتی : وەڵا من عەسر دەچەمەوە بۆشار.

ووتمان، چۆن دەچیتەوە، ئەی مەترسی نایەتە ڕێت ؟!.

کوێخا وتێ : نا، من هەندێك خزمم جاشن، ئێوارە لای مەغریب دەچمە ڕەبیەکانیان و بەیانیش لەسەر جادەکە سیارەم بۆ ڕادەگرن و دەچمەوە شار.

وتمان : ئێمە هەندێك ژن و منداڵمان لە گەڵن، ئەتوانین بیان نێرینەوە بۆ شار ؟.

کوێخا ووتی : بیاندەنە دەس منەوە، من ئەم عسرە لەگەڵ خۆما دەیانبەمەوە بۆ شار !!.

وتمان بەڵام ئێمە چۆن قبوڵەکەین تۆ ژن و منالی ئێمە بەریتە ناو ڕەبیەی جاشەوە ؟!!.

کوێخا ووتی : جا خۆ منیش ئەوە قبوڵ ناکەم.

وتمان: ئەی چۆن دەیانبەیتەوە ؟.

ووتی : ئەگەر ئێوە بیان نێرنەوە، ئەوا من عەسرێکی دەرەنگ بەڕێ دەکەوم، ئەوانش لەگەڵ خۆم دەبم، بە پێیان دەڕۆین هەتا کەلێك لەو خوارەوەیە ئێوە شارەزانین، لەو کەلە دەبێ چاوەڕێ بکەین هەتا شەو دادێ، ئنجا بەڕێدەکەوین هەتا دەرەنگانێکی شەو، من دەبێ بە پێی ژنەکان بڕۆم، وەڵا دەکەومە دوای نیوە شەو، شیوێك لە پاڵ ڕەبیەکە هەیە، لەو شیوە ژن و مناڵەکان دادەنەم و خۆم دەچمە لای خزمەکانم، حاڵیان دەکەم و بەیانی لە ڕۆژهەڵاتا، هەر سیارەیەك بێ بە جادەیا بۆمان ڕابگرن و دوو دوو دەیانخەمە ناوسەیارەیە و بەڕییان دەکەم.

ووتمان : باشە ئێمە ڕازین و مەمنونشت دەبین، بەڵام چۆن ئێمە بزانین کە ئەوان بە سەلامەتی گەیشتونەتەوە شار ؟.

مام کوێخا ووتی : من سبەینێ دوای نیوەڕۆ دێمەوە ئێرە، ئەگەر منیش نەهاتمەوە ئەوا خزمێکم دێتەوە ئێرە، ئێمە هەر دەبێ ڕۆژی جارێك سەر لە ژن و منالی خۆمان بدەینەوە، هەواڵی سەلامەتی ئەوانشتان بۆ دێنینەوە.

کوێخا ووتی، بەڵام هەر ژنەو دە دینارم دەوێ.

وتمان : بەسەرچاو، دە دینارەکە کێشە نیە دەتدەینێ، بەڵام سەلامەتی ژنەکان گرینگە.

کوێخا دڵنیامانی کرد کە ژنەکان سەلامەت دەبن و ئێمەش زۆر بە خۆشحاڵیەوە داوا سادەکەی مام کوێخامان قبوڵ کرد.

مام کوێخا ووتی : ئەگەر وایە سەعاتێ دوانیکە ژنەکان بێننە ئێرە و خۆشتان ئەوەندەی دەکرێ بێن، وەرن لە گەڵیان.

زۆر بـه خۆشـحاڵیەوە مـام کوێخامـان جێ هێشت و دڵنیامـان کـرد کـەمتر لـە خولەکێکی دیکە، ئێمە ژنەکان دێنین و دەگەینە ئێرە.

بــە خێرایــی گەڕاینــەوە بــۆ لای ژنــەکان، پێمــان گــوتن، خێراکــەن خۆتــان ئامادەکــەن لــە گــەڵ کوێخــا دەتانێرینــەوە بــۆ شــار، ئەمــە هــەواڵێکی چاوەڕوانەکرابوو بۆ ئەوانش زۆر خۆشحاڵبون و بـە خێرایـی کەوتنـە خۆیـان، بـەلای ئێمـەوەش ئەگـەر ژنـەکان بـە سـەلامەتی بگەیشـتنایەتەوە شـار و لـەم مەترسیە ڕزگاریـان ببوایـە، خـەمێکی گـەورە و بـارێکی گـەورەترمان لـە کۆڵ دەبۆوە، ئەو کات ئێمـە سوکەڵە تـر دەبـوین و بـﻫ هـەموو کونێکدا دەچـوین، هەواڵماندا لە گەڵ باکیشما کـە ئـەویش لـە گـەڵ مـام کوێخـا بـڕوا و ئاگـای لـە ژنەکانش دەبێ، بەڵام باوکم ووتی، مـن نـاڕۆم، چۆن دەتـوانم ئێـوە لێـرە جێ بێڵم !.

لە نیو دەمژمێر کەمتر ژنەکان هەموو ئامـادەی ڕۆیشـتن بـون، دایکـم، پـەیمان خوشکم، ڕێواس ژن هاوڕێ ئارام، زەینـەب ژن دکتـۆر جمـال کـە منـاڵێکی بـەر مەمکانی پێ بوو، مـیم قـودرەت دایـك شـەوکەت و ڕەمـزی، ژنەکـەی حوسـێن هەیبەیی مناڵێکی بەرمەمکان و چـوار منـاڵی دیکـەی خـوار و ژوری پـێ بـوو، ژنەکان خۆیان حەوت ژن بون بێ لە منالەکان، کەوتینـە ڕێ و چوینەلای مـام کوێخا، ئەوەندەی نەبرد کوێخاش ئامادەبوو، هەموو بـە کۆمـەڵ کەوتینـە ڕێ، چەن هەوارز و نشێوێکمان بڕی و ماوەیەکی بـاش لـە گـەڵ کوێخـا و ژنەکانـدا ڕۆیشتین، خۆر لە زەردە بوو گەیشتینە پەنای گردێکی گەورە، سێبەری گـردە گــەورەکـە زەویــەکی زۆری داپۆشـی بـوو، لـە سـێبەری ئـەو گـردە گەورەیـە دانشتین، کوێخا وتی :

- لێرە بەدواوە ئیتر ئێوە دەبێ بگەڕێنەوە، هێشتا بۆ ئێمەش زوە، لێرە ئسراحەتێك دەكەین ئێوە بگەڕێنەوە، خۆرئاوابێ ئێمەش دەڕۆین.

لەو سێبەرە تاوێكی باش لە گەڵ ژنەكان دانشتین، ئەوەی پێشتر پێمان گوتبون لە بابەتی تەكبیرو چی بكەن و بچنە كوێ لە گەڵیان دوو بارە پێمان گوتنەوە، لە پاشان ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای هاوڕێ بە جێماوەكانمان و ئەوانش كەوتنەڕێ.

زۆر دڵمان بە ژنەكانەوە بوو، دڵیشمان بە قسەكانی كوێخا خۆش بوو، هەر چۆنێك بێ لەم دەرفەتە باشترمان بۆ هەڵنەدەكەوت ژنەكان لەو مەترسیە گەورەیەی ئەنفال ڕزگار بكەین.

بۆ سبەینێ دوای نیوەڕۆ كە ئێمە هێشتا دوو دڵ بوین لەوەی كوێخا، یان خزمەكەی كوێخا گەڕاوەتەوە لە شار، هێشتا نەماندەزانی زوە یان كاتی ئەوە هاتوە بچین سۆراخی ژنەكان بكەین، كاكم محمد لە گەڵ حوسێن هەیبەیی هاتن و خۆشحاڵیەكی زۆیان پێوە دیاربوو، هێشتا نەگەیشتبونە لامان گوتیان : ئێستا لای ماڵی كوێخا بوین، هەواڵمان پرسی كوێخا لە شار هاتۆتەوە ؟، وتیان خزمەكەی كوێخا هاتوە، چوین بۆ لای و هەواڵی سەلامەتی ژنەكانمان پرسی، ئەو پیاوەی خزمی كوێخا پێمانی گووت: بەڵێ خێزانەكانتان ئەمڕۆ پێش چێشتەنگاو هەمویان بەسەلامەتی گەیشتەوە كركوك و لە ڕەحیماوە دابەزین، بەو ناونیشانەی یەكێك لە ژنەكان گوێی گران بوو، كابرا وتبوی من خۆم ئەوانم بینیوە كە لە ڕەحیماوە لە ئۆتۆمبێل دابەزیون.

كابرا ڕاستی دەكرد، ژنە گوێ گرانەكە دایكم بوو، زۆر خەفەتمان لە گوێ گرانیەكەی دایكم دەخوارد، باوكم زۆر بردی بۆ لای دكتۆر و زۆر هەوڵی لە

گەڵــدا نەشــتەگەری بــۆ گوێیــە گرانەکــەی بکــەن، دایکــم ڕازی نــەبوو نەشتەرگەری بۆبکرێ، ئـەوا ئێستا ئـەو گوێ گرانیـەی بـوو بـە ناونیشانێکی باش، کە دڵنیامان دەکات بە سەلامەتی گەیشتونەتە شار و لە مـەرگی حـەتمی و لـە چـنگی ئـەنفال ڕزگاریـان بـوە، بەڕاسـتی هـەواڵێکی زۆر خـۆش بـوو، هەمووومان واماندەزانی لە نوێ لە دایك بوینەتەوە.

ئێمـە لـەو بـار دۆخـەی کـە تێـی کـەوتبوین زۆر بیرمـان لـە ژیـانی خۆمـان نەدەکردەوە، یان بەلامانـەوە زۆر گـرینگ نـەبوو، داخـوا دەژیـن یـان دەمـرین، ئەوەنـدەی نیگـەرانی کـەس وکـار و خەڵکەکـە و وەزعەکـە بـە گشـتی بـوین، ئەوەنــدە بیرمــان لــە ژیــانی خۆمــان نــەدەکردوە، ئێســتا دوای بەســەلامەتی گەیشــتنی ژنــەکان دەتــوانین هەناســەیەك هەڵکێشــین و بــەر چــاوی خۆمــان ڕوونتر ببینین.

ئەم ئێوارەیە دڵخۆشـترین لـە ڕۆژانـی ڕابـردوو، نانمـان خـوارد، سـەیرمان کـرد خواردنمان لەکەمیە، برنجمان هەر بەشی ئێوارە مابوو کـە برنجهسورەیەکمان لێ کرد و ئەویشـمان خـوارد، ڕۆن و شـەکریش هـەر وەهـا زۆر لـە کـەمی بـوو، وەك پێشتر باسمان کرد لەو شیوو دۆڵانەی خاڵخاڵان خواردنی وشکە، زەخیـرە زۆربوو، بـەڵام ئێسـتا لێـرە، لـە شـیوو دۆڵـەکانی گونـدی تەپـەکوڕە و تەرەقـە خۆراك بە دەس ناکەوێ، ئەوەی هەبوە یـان خـوراوە یـان کـە جـاش و جـەیش گەیشــتوە پێــی بردویــەتی و هــیچ زەخیرەیــەك لێــرە دەس ناکــەوێ، بــۆ پەیداکردنی خـواردن دەبـێ بـڕۆین بـۆ ئـەو شـوێنانەی کـە هێشـتا مەترسـیان لەسەرە یان خەڵەکەکە نەیتوانیوە بگاتەوە پێیان، هەیبەیی بڕیارماندا بچین بۆ پەیداکردنی خۆراك، لەگـەڵ حوسـێنا تفەنگـەکانمان کـردە شـان وکەوتینـە ڕێ، ڕێیــەکی زۆرمــان بــڕی، هیچمان دەس نەکـەوت، هــەتا گەیشــتینە خــوار

گونـدی مۆردخـواده و هەنـدێکی تـر ڕۆیشـتین گەیشـتینە نێـوان گونـدی مۆرخوادە و گوندی ئاوبارە، لەو نێوانەدا توشی مـەلا عبـدالرحمان و وشیاری کوڕی بوین، مەلا عبدولڕحمان ئاوبارە یـەکێك بـوو لـە کۆنترین پێشمەرگەی ناوچـەکە، لــە شەسـتەکانەوە ئــەم پیـاوە چـەکی پێشـمەرگایەتی لەشـان نەکردبۆوە، ئەزمونی زۆری لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەبوو، ئێستا حاکمی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی سـنوری کرکـوك بـوو، شـەوێکی تاریـك بـوو ئێمـە گەیشـتینە مـەلا عبـدالرحمان و کـاك وشـیار، ئـەم کـوڕ و باوکـە زۆر پەلـەیان بوو، هیچ نەدەوەستان، تەنانەت بەڕێوە و وەك لە کۆڵ خۆکردنەوەش وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەیان دەدایەوە، ئێمە هەواڵی خۆیان و مـاڵ و منـاڵ و فـەوزی کوریمان لێ پرسین، ئـەوان بـە وەڵامێکی کـورت و بەپەلـە وەڵامیـان داینـەوە، لەپاشان ووتمان :

- کـاك مـەلا ئێمـە بـەدوای خـواردن و زەخـیرەدا دەگـەڕێن، ئێـوەش شـارەزای ئێرەن دەبێ لە کوێ خواردنمان دەس کەوێ ؟.

ئەوان دیسان هەر بەڕێوە وتیان، بچن بۆ شیوو دۆڵەکانی گونـدی مەحمـەخان و تەکباسـان، ئــەو شـوێنانەی ئـەوان دەیـانگوت زۆر دووربـوو، بـە ئاسـانی نەدەگەیشتین پێی، ئەوان لە تاریکیا وون بون و ئێمـەش هەنـدێك گەڕاینـەوە بۆ دواوە، بە هیـوای ئـەوەی لـە دۆڵـەکانی گونـدی مۆردخـوادە شـتێکمان دەس کەوێ، ئێمە بەڕێوە بوین لە پاڵ گا بەردێکا ئاگرێکمان بـینی، بـەرەو ئاگرەکـە چووین، بینیمان سێ پیاوبوون مەنجەڵێکی ڕەشیان خستۆتە سـەر ئاگرەکـە و بـە دیـارە مەنجەڵـە ڕەشـەکەوە دانشـتبون قسـەیان دەکـرد، ئـەوان ئێمـەیان نەبینی، مـرۆڤ کاتێـك بـەدیار ئـاگرەوە دادەنیشـێ نـاتوانێ چوار دەوری خـۆی ببـینێ، بـەڵام ئـەو کەسـەی سـەر ئاگرەکەیـە لـە دورەوە دیـارە و دەبینـدرێ،

ئێمەش هەتا نەچوینە سەر ئاگرەکەو سلاّومان لىٚ نەکردن، ئێمـەیان نـەبینی، پیاوەکـان بـە گـەرمی پێشوازیان کـردین و داوایـان لێمـان کـرد لایـان دانشین، ئیمەش کە ماوەیـەکی زۆر بـوو بـە ڕێوە بـوین و دۆڵ و شـیوی زۆرمـان بـڕی بوو، ماندوو ببوین، لایان دانشتین و من جگەرەیەکم داگیرساند، وەك خۆیـان باسیان کرد، پیاوەکان ئەو ئێوارەیە لە شارەوە هاتبون، لە تەکیـەی کاکەمەنـد و چەمچەماڵەوە هاتبون، هەواڵی شارمان لىٚ پرسین، ئەوانش وتیان، کـە وەزع هـیچ بـاش نیـە، بـەڵام هـەر کەسێك دەگاتـەوە شـار و ئەگـەر کەسێکی خـۆی هەبىٚ پەنای بدات لە مـردن ڕزگـاری دەبـىٚ، بـەڵام هـەر تـرس لەشارا هەیـە و خـەڵکانیکش هـەن کـە خەبـەر لـە کەسـە گـەڕاوەکان دەدەن و زۆر جار ئـەو شوێن و ماڵەش بۆ پیاوانی دەوڵەت دەس نیشان دەکـەن کـە کەسـە قاچاخەکە خۆی لىٚ حەشارداوە، چێشتی ناو مەنجەڵە ڕەشەکە لـە کوڵانـدا بـوو، مەنجەڵـە ڕەشـەکەیان داگـرت و چێشـتەکەیان خسـتە دوو سـىٚ قاپلەمـەی فافۆنـەوە و یـەکێك لـە قاپلەمـەکانیان بـۆ ئێمـە هێنـا، شـۆربای بـرنج بـو بـە مریشـك، نانەکـەمان پێکـەوە خـوارد و چایەکەمان دەم بـوو، چـامان خـوارد و ئـەوان گوتیان : ئێمە دەبىٚ بگەڕێینـەوە بـۆ چەمچەماڵ. ئـەوان بـۆ سـۆراخی مـەڕ و مانگـا جـىٚ ماوەکانیـان هـاتبوون، دوو سـىٚ مانگاشـیان پـىٚ بـوو کـە لـە نزیـك ئاگرەکە دەلەواڕان، ئەوان خۆیان کۆکردەوە و ئەو برنج و ڕۆن و شەکرەی کـە مابۆوە، کە هەریەکـەیان بڕێکی بـاش بـوو، خستیانە نـاو کونـە شاخێکەوە و سەری کونە شاخەکەشیان بە تـاوێرە شـاخێك داپۆشـی، ئێمـە یارمـەتیانمان دا لــە شــاردنەوەی خۆراکــەکانیان، پــاش مــاوەی ئاگرەکــەمان لەگەڵیانــدا کوژاندەنەوە، ئەوان بەرە و چەمچەماڵ و ئێمەش بەرە و خوار لێـك دابـڕاین، چەند خولەکە ڕێیەك لە ئاگردانەکە دورکەوتینـەوە، دڵتیـابوین لـە ڕۆیشـتنی

ئـەوان، لەگـەڵ حوسـێن گەڕاینــەوە سـەر کونەشـاخەکە و تاوێرەبەردەکـەمان لادا، برنـج و ڕۆن و شەکرەکەمان دەرهێنایەوە کە پـێش چـەند خولـەکێك بـە دەستی خۆمان خستبومانە ئەم کونەوە، ڕۆنەکە کە سێ چوار گودیلەیەك بوو خستمانە ناو برنجەکەوە، حوسێن برنجەکە و منیش شەکرەکە، بە کۆڵماندادا و گەڕاینەوە بۆلای هاوڕێکانمان.

کــە گەیشــتینەوە لای هاوڕێکانمــان کــات نزیکــی بەربــەیان بــوو، هــەموو هاوڕێکانمـان خـەوتبوون، بـە گەڕانـەوەی ئێمـە هەنـدێکیان بـە خەبـەر هـاتن، لەوانـەباوکم و شـەماڵ و سـابیر، دوای ماندوونـەبون ووتیـان، شـەو دوای ئێـوە دوو سێ کـەس هاتنـەلامان، پێشـتر نەماندەناسـین، باسـی ئـەوەیان دەکـرد، کـە گوایە هێزی جاش و جەیش لە سنوری گردخەبەر و قەسرۆك کشاونەتەوە و ئەو ناوەیان چۆڵ کردوە، شـەماڵ ووتـی : ئـەو پیاوانـەی هـاتبوون، باسـی ئـەم سەربازەشیان کرد کـە ئێمـە لـە گـەڵ خۆمـان دەیگێـڕین، ئـەوان ووتیـان، ئـەم خەڵکـە تـاك و تەرایـەی لێرەمـاون و ئـەم هـەرد و دۆڵانـەیان کردۆتەپەناگـە، هەمویان لەوە دەترسن، حکومەت بە هێزێکی زۆرەوە بەسەر ئەم ناوەدا بـدات و بەدوای سەربازە وون بوەکەیاندا بگـەڕێن و ئـەو خەڵکـەش توشی بەڵایـەك ببن.

مەترسی ئەو پیاوانە لە جێی خۆیدا بوو، ئێمـە پێشـتڕش بیرمـان لـەم بابەتـە کردبوەوە، بەڵام تا ئێستا چارەسـەرێکی گونجاومـان نەدۆزیوەتـەوە، هاوڕێیـان شەرواڵێکی کوردیان کردبـوە پێـی سـەربازە عەرەبەکـە، بـەم کـارەش هەنـدێك سەربازەکەیان لە چاوی خـەڵك شـاردبۆوە، ئێمـە مەترسـی ئـەوەشمان هـەبوو، خەڵکی دووژمن لەم ناوەدابن و شوێنی سەربازەکە بە دووژمن بگەیێنەوە.

وتمـان، باشـه جارِی مانـدوین ئێسـتا بـا بخـەوین بـەیانی هەسـتاین بـیر لـەم کێشانە دەکەینەوە.
ئـەم دۆڵ وشـیوانە وردە وردە خـەڵکی لـێ زیـاتر دەبـوو، ئـەو پێشـمەرگە و سەربازە هەڵاتوانەی کە لەملا و ئەولا خۆیان حەشار دابوو، بە هـەر رِێگایـەك بیسـتبویان کـە هێـزی حکومـەت لێـرە نـەماوە دەهاتنـە ئـەم شـێوو دۆڵانـە، هەنـدێکیان دەمانـەوە و هەندێکشـیان وەك رِێ رِەو بێـرەدا تێپـەرِ دەبـوون، بەرەوە شێخ بزێنی خواروو، هەواڵی ئەوەش هەبوو، کە گوایە هێـزی دووژمـن ناوچەی شێخ بزێنی خواروو دەشتی هەولێرشیان چۆڵ کـردوە و ئێسـتا جـاش و جەیشـی لـێ نـەماوە، دەیـانگوت : حکومـەت ئـەو جـاش و جەیشـەی کەلـەو سنورانەدابوونە کۆی کردونەتەوە بۆ ئەنفالی ناوچەی بادینان بردونی.
ئـەو شـەوە خـەوتین و بـۆ سـبەی لای نیـوەرِۆ لـە خەوهەسـتاین، هەنـدێك قسەمان کرد دەربارەی چۆڵکردنی سنوری خاڵخـاڵان برِیارمانـدا دەسـتەیەکی چەند کەسی ئەم شەو بچینەوە بۆ دۆڵ و شیوەکانی خاڵخاڵان، بـۆ ئـەوەی بـە چاوی خۆمان بارودۆخی ئەوێ ببینین، دوای نیـوەرِۆ نانـە سـاجیەکی زۆرمـان کـرد، ئـەو برادەرانـەی کـە دەبـوو بچـینەوە بـۆ سـنوری گونـدی قەسـرۆك و گردخەبەر، برِیك نانەساجیمان خستە کۆڵـە پشتەکانمانەوە مـەتارەی ئاومـان پرِکـردو عەسـرکەوتینەرِێ، ئـەو هاورِێیانـەی کـە دەچـوینەوە بـۆ ئـەو دیـوو خاڵخاڵان، سابیر عوبێد، شەمال، شەوکەت و من.
ئێمە پێش خۆر ئاوابون گەیشـتینەوە ئـەو چـەم و دارەی کـە شـەو و رِۆژێکـی پرِ مەترسیمان تێدا بەسەر برد، کەلە چەمەکە دەرچوین دونیـا تاریـك بـوو، ئـەم جارەیـان بـێ دەربەسـت و بـێ تـرس تربـوین، خۆمـان و تفەنگـەکانی دەسمـان، شارەزاییشـمان لـە رِێگاکـە پەیـدا کردبـوو، بـێ منـەت و بـێ تـرس

دەڕۆیشتین، کەلی نێوان خاڵخاڵان و اسحابە درێژمان بڕی و کەوتینە سنوری گوندی دارەختیار، هیچ هەست و خوستێك نەبوو، گەیشتینە ژوور ئاوایی دارەختیارەوە، ئەو زەرعات و شینایيانەمان بینی کەلە لێواری ڕێگاکەمان چێندرابوون، هەموی تەڕ و تازە ئاو درابوون، کەرێکشمان بینی لەوێ بەسترابۆوە، ئەمانە نیشانەی ئاوەدانی بوو لە ناوچەکە، بەڵام هیچ کەسێکمان نەبینی، هەندێك بانگە بانگشمان کرد، کەس وەڵامی بانگەکانی ئێمەی نەدایەوە، ئێمە ئەوێمان تێپەڕاند و بەر ئەو شوێنە ڕۆیشتین کە پێشتر لێی بوین، لە ڕێگا هیچ شتێکی ترمان نەکەوتە پێش چاو کە نیشانەی ئاوەدانی بێ، لەسەر ڕێی ڕۆیشتنمان هەندێك دۆشەکی ئسفەنج و لێفە و بیژنك و بوتڵە غاز و خاکەناس و شتی ترمان دەبینی، کە ئەمانە نیشانەی باش نەبون و سەرمان لە وەزعی ناوچەکە دەرنەدەکرد، جارجارە دەوەستاین و هەوێستەیەکمان دەکرد، گوێمان دەگرت، هیچ دەنگێکمان نەدەبیست، درێژەماندا بە ڕۆیشتن تا گەیشتینە ئەو شیوو دۆڵەی کەپێش چەند ڕۆژێك لێی بوین و بە سەدان خەڵکی لێ بو لە ژن و پیاوو منداڵ، هیچ نیشانەی ئاوەدانی یان خێرمان نەدەبینی، من بە هاوڕێکانم گووت:

-هاورێیان هیچ شتێك لێرە نابیندرێ کە نیشانەی باش بوونی پێوە دیاربێ، بۆیە من پێم باشە نەخەوین هەتا کەسێك دەبینینەوە.

هیچ کەسمان نەبینی، بڕیارماندا لە شوێنێك ڕاکشێین، چونکە زۆر ماندوو بوین، خەومان لێ کەوتبوو، کاتێك بەخەبەر هاتین هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو، بەڵام دونیا بە تەواوی ڕووناك ببوەوە، چاومان بە دیمەنی دەور و بەرمان کەوت، سام گرتمانی، ئەو ناوە بەتەواوی شێوابوو، بە سەدان دۆشەك و لێفە و کەل و پەلی دیکەت دەبینی بە ناو ئەو دۆڵانەدا پەرش و

بڵاو ببونەوە، بوتڵ و سێ کوچکەی غاز و ئارد و ڕۆن و نیسك و نۆك و هەزاران شتی ترت دەبینی لەو ناوە هەڵڕژابون و پەرت ببون، تاك و تەرا چۆلەکە و کۆترە باریکەکانی چیای خاڵخاڵانمان دەبینی، لێرە هەڵدەفڕین و لەولا دەنیشتنەوە، بەڕاستی سەرمان لەم بارودۆخە سوڕمابوو، بڕیارماندا بچین بەرەو خوار، بەرەو ئەو بەستە پانەی کە دەچوەوە گوندی قەسرۆك، هەتا دەڕۆیشتن دیمەنی پەرش و بڵاوی ناوچەکە زیاتر و سامناك تر دەبوو، گەیشتینە بەستە گەورەکە، لەگەڵ شەماڵ هاوڕێکانمان جێ هێشت و بە پارێزەوە چوینە ناوەندی بەستەکە، کەلەوێوە گوندی قەسرۆکمان لێ دەردەکەوت، خۆمان کردە ناو بنە کفرێکەوە و دووربینێکی خراپۆکەمان پێ بوو، دووربینەکە لای شەماڵ بوو، شەماڵ کە دیاربووماندوو ببوو، دووربینەکەی دایە دەس منەوە، منیش لەناو بنە کفرەکەیا دانشتم و بە دووربینەکە سەیری گوندی قەسرۆکم کرد، چیم بینی !!، لە تەختاییەکی گوندەکە دەیان ئیفای سەربازی و ئۆتۆمبێلی بچوکتری سەربازیم بینی بە شێوەیەکی ئەندازەیی وەستێندرابون، سەربازێکی زۆر لەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون، قەسرۆك کرابوو بە سەربازگەیەکی گەورە، شەماڵ کەتا ئێستا بە دیارمنەوە بە پێوە وەستا بوو، ووتی، هیچ دیارە ؟.

منیش هیچ قسەم نەکرد، دووربینەکەم دایەوە دەس شەماڵ، شەماڵ دووربینەکەی نا بە چاویەوە و سەیری ئەو شوێنەی دەکرد کە من بینیم، شەماڵ بە هێواشی لە تەنیشت من دانشت و ووتی:

-هاوڕی عاسی خۆ ئەوە قەسرۆك بوە بە معسکر.

سەر سوڕمان بەڕوی هەردوکمانەوە دیاربوو، شەوکەت و سابیرش کە هێشتا لەو بەرمانەوە و لە قوڕگی دۆڵەکەدا لە ناو هەندێك بنە قەمیشا بە پێوە

وەستابوون، چاوەڕوانی هەواڵیان لە ئێمەوە دەکرد، کە هیچ هەواڵێکیان لە ئێمەوە نەبیست و بینیان ئێمە هەر سەیری ئاڕاستەی گوندی قەسرۆك دەکەین، خۆیان نەگرتوو، ئەوانش بە پارێزەوە گەشتنەلای ئێمە، نەمان هێشت ئەوان بە پێوە بوەستن، دامانیشاندن و دووربینەکەمان دایە دەسیانەوە، ئەوانش دیمەنی سەربازگە گەورەکەی قەسرۆکیان بینی، هەمومان تاس بردبوینەوە، ترسمان لێ نیشت، نەماندەزانی چۆن بگەڕێنەوە دواوە، بڕینی نێوان ئەو بنە دار کفرەی کە ئێستا لێیی دانشتوین و قورگی دۆڵەکەمان بە لاوە زەحمەت ببوو، بە ئاسانی و بە پارێزێکی کەمەوە هاتین، بەڵام بە ترسێکی زۆرەوە و یەك یەك گەڕاینەوە بۆ قورگی دۆڵەکە.

کە گەیشتینەوە ناو دۆڵەکە چەند خولەکێك وەستان و قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ چی بکەین، من دووان لەو هۆدە ژێرزەمیانەم پێ دەزانی کە لە قولایی چیای خاڵخالانا دروست کرابون، شوێنێکی قایم بوو بۆ خۆ حەشاردان، کە شوێنەکەم بە هاوڕێکانم گووت، ئەوانش شوێنەکەیان پێ باش بوو، جارێکی تر بەناو دیمەنی پەرش و بلاوی کەل وپەلی دەرهێندراوی ناو دۆڵەکە گەڕاینەوە بەرەو سەرەوە، بەرەو قولایی ناو چیای خاڵخالان، ڕێی گەڕانەوەمان پارێزراو بوو، بە ناو قامیشەلانی چڕی دۆڵەکەدا ڕێمان دەکرد، لەماوەی بیست خولەکێك دا گەیشتینە ئەو شوێنەی کە بۆی دەچووین، جگە لە دوو هۆدە ژێر زەمینیەکە، ئەو دەور و بەرە پەناو پەسێوی دیکەشی لێ بوو کە دەکرا مانگێکش بە سەڵتە زەلامی لێی بمێنیتەوە، شوێنێکی باش و گونجاو بۆ مانەوەمان هەڵبژارد، کاڵاکانمان لە پێ کردەوە و دانشتین، ئەو ڕۆژەمان هەتا عەسر بە قسەی خۆش و باسی بار و دۆخی کوردستان و ئەنفال بەسەر برد،

كه عەسر داهات ئیتر ترسمان نەما و لە پەناگاكەمان دەرچوین و كەوتینە گەڕان بەناو ئەو دۆڵ و شیوەدا، هەرچیت بویستایە لەوێ دەست دەكەوت، تەنانەت گۆلك و مانگای بە جێ ماویشی لێ بوو، من لە گەڕانەكەمدا جگە لەو دوو هۆدە ژێرزەمینەیە، هۆدەیەكی دیكەشم دۆزیەوە، كە پڕبوو لە شت ومەكی وەردەواڵە، پێیەچوو كەل و پەلی دوكانێكی یەكێك لەم گوندە نزیكانەبێ و خاوەنی دووكانەكە شتەكانی ناو دووكانەكەی هێنابێتە ناو ئەم هۆدەژێر زەمینیە، ئەوەی من لە ناو ئەم هۆدەیە دۆزیمەوە و زۆر جێی بایەخ بوون بۆمان، دوو كلۆش پاكەت جگەرەی بەغدا و قتویەكی گەورەی شیری نیدۆ بوو، هەمومان هەردەگەڕاین و پاش گەڕان، لای هۆدەژێر زەمینەیەكان كۆبوینەوە، هێشتا كات زوو بوو بۆ ئەوە نەدەبوو بۆ گەڕانەوە بكەوینەڕێ، هەر چوارمان دانشتبوین، پیاوێكمان لێ دەركەوت سوار پشتی كەرێك ببوو بە دۆڵەكەدا سەردەكەوت بەرەو لای ئێمە دەهات، پێمان باش نەبوو زوو خۆمانی لێ ئاشكراكەین، وتمان :نەك بە بینینی ئێمە سڵ بكاتەوە بڕوات لە دەسمان، لە دوێنێ شەوەوە كە گەیشتبوینە ئێرە ئەمە یەكەمین كەس بوو كە دەیبینین، نەماندەویست ئەم كەسەشمان لە دەس بچێ، لێیگەڕاین هەتا هاتە نزیكمان، ئنجا خۆمان لێی ئاشكرا كرد و بانگمان كرد بۆ لای خۆمان، كابرای سەرپشتی كەرەكە زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیرمانی كرد، پێی سەیربوو كە ئێمەی لەوێ بینی بوو، كابرا هات بۆ لامان و لە كەرەكەی دابەزی، ئێمەش چوین بەرەو پیری ماندوونەبونمان لێ كرد، كابرا هاتە لامان دانشت، پێی دەچوو ئەویش دەمێك بێ خەڵكی تری نەبینی بێ، بە بینینی ئێمە خۆشحاڵ دیاربوو، ئەو ووتی : ئەوە چیەكەن لێرە ؟!، لەكەیەوە لێرەن ؟!!.

ئێمەش باسی خۆمانمان بۆ کرد و مەبەستی گەڕانەوەمان بۆ ئێرە بۆ باس کرد، کابرا ووتی : دوای ئەوەی ئێوە لێرە ڕۆیشتون، بۆ شەوەکەی پێش بەرەبەیان، جەیش و جاشێکی زۆر هێرشیان کردە سەر ئەم دۆڵ و شێوانە، سەربازەکان هەموویان مغاویربوون، جلی عەسکری بەڵەك بەڵەکیان لە بەردابوو، هەرچی ئێوە لێرە دیتوتانەو ئەو خەڵکەی لەم دۆڵ و شیوانەدابوون، هەموویان گیران، ئەگەر بڵێم تاقە یەك کەسشیان لێ دەرنەچوە نابێتە درۆ.

لێمان پرسی، ئەی لای ڕەزانی قەمیشە و ئەولایە ؟.

ووتی : ئەوەی لە ڕەزانی قەمیشە خۆی شاردبۆوە هەر زوو گیران، کابرا دەیگووت:

- کە جەیشەکە هوجمیان کرد بۆ ئێرە، هەر بە تەقەوە دەهاتنە پێش، لەم شێوو دۆڵانە بەس هاڕەی تەقەی تفەنگ و زرمە ئاڕ بی جی و دەنگی بی کەی سی دەهات.

ئەو پیاوە بەتەمەنە، ئەوەشی بۆمان گێڕایەوە کە سەربازە مغاویرەکان چەن زاڵم و بێ ویژدان بوونە لە لێدان و گرتنی خەڵکی ئەم دۆڵ و شیوانە، کابرا دەیگوت:

- بەس گوێیت لە زیرەی منالْ و هاواری ژن و پاڕانەوەی پیاوەکان دەبوو، ئەو پیاوە بەتەمەنە کە بەڕیکەوت و وەك خۆی دەیگوت: خودا نەجاتی داوە و چاوی عەسکرە مغاویرەکانی لە ئاستی ئەو کوونە کوێر کردوە کە ئەم لەناو بنە قەمیشێکدا خۆی تێدا شاردۆتەوە، کابرا بە دەم هەناسە هەڵکێشانێکەوە کە هەزاران ئاخ و کەسەری تیابوو، گوتی:

- ئــەو ڕۆژە، دەتگـوت ڕۆژی حەشــرە، خــەڵکی ئێــرە ڕۆژی حەشــریان دی، بڕواناکەم لەو دونیاش خودا لەمەیدانی حەشرا ڕایان بکرێتـەوە، ئـەوان ڕۆژی حەشری خۆیـان لێـرە بـینی. بـە قسـەکانی پیـاوە بەتەمەنەکـە، ئـەم شیعرەم بیر هاتەوە .

*دوێنێ شەو*

*لە خەوما مرد بووم ،*

*لە بەردەم بارەگای یەزدانا*

*بە ترس و لەرزەوە*

*بێ ئومێد*

*چاوەڕێی پسوولەی دۆزەخ بووم،*

*ئەو کاتەی نۆرەم هات*

*خوا فەرمووی:*

*لەبەر چی ئەوەندە دەترسی؟!*

*بەهەشت جێی کەسێکە*

*لە سایەی دۆزەخی بەعسدا*

*ژیا بێو*

*نەبوو بێ بە بەعسی..*

بۆیە ئێمە وەکو میللەتی کورد، رۆژی حەشـری خۆمـان لـەم دونیـا بـینی، لـە سایەی دۆزەخی بەعسدا ژیاوین و نەشبوین بە بەعسی.

کاتی ئـەوە هـاتبوو ئێمـە بـە ڕێ بکـەوین، خـوا حافیزیمـان لـەو پیـاوە کـرد و خۆمان توند کردەوە، هەنـدێك لـەو نانەساجیەی کـە پێمـان بـوو دامانـە ئـەو

پیاوه بەتەمەنـە، بـەڵام ئـەو گـووتی، بۆخۆتـانی هـەڵگرن، مـن خـواردنم زۆر لایە.

ئێمە خۆمـان کۆکردەوە و کەوتینـە ڕێ، ئـەو پیـاوە دڵ پـڕ لـە خەمـەمان بـە تەنیایی و ئەو چۆڵەوانیە سپارد،لەڕێگەکە ڕاهاتبوین، لەسـەر خـۆ و بـە دوای یەکدا ڕێمـان دەبـڕی هـەتا لـە حوشـتر ملیش ئـاوابوین هـیچ پارێزێکمـان لـە ڕۆیشتن و قسەکردن نەکرد، لەو دیوو حوشـتر ملـەوە و هـەتا ڕێیـە گڵەکـەمان بڕی، تفەنگەکانمان گرتە دەسـەوە و هەنـدێك خێـرا دەڕۆیشـتن، کـە لـە جادە خاکیەکە پەڕینەوە تفەنگەکانمان کردەوە شـان و هـەتا لای هاوڕێکانمـان یـەك پشوو هاتین.

که گەیشتینەوە لای هاوڕێکانمان باوکم به خەبەربوو،

ئەو گوتی : من چاوەڕوانی ئێوەم دەکرد، دەمزانی ئەم شەو دێنەوە، باوکم که بینی ئێمه کەیف خۆش نین، ئەویش بە دەنگێکی مات پرسی : چی بـوو، هەواڵی ئەو دیوو چی هەبوو ؟.

لـــەم کاتـــەیا هاوڕێکـــانی دیکـــەشمان بـــە دەنگـــی ئێمـــە و بـــاوکم بـــە خەبـەرهاتبون، هـاتن هـەمویان لێمـان کۆبونـەوە، ئێمـەش هـەمو شـتەکانمان بۆیـان گێڕایـەوە، ئـەوەی خۆمـان بینیمـان و ئـەوەی پیـاوە بەتەمەنەکـەش بۆمانی گێڕایەوە، هەمویان خەمبار و بێ دەنگ بوون، هیچ هیوایەکمان بـەوە نەما کە سوپای ئەنفال ناوچەکە چۆڵکات و جارێکی تر ژیان لەم سنورە دەس پێ بکاتەوە، دوا قسەی ئەو شەوەمان ئەوەبوو، که دەبێ بـەیانی خـەمێك لـەو سـەربازە بخـۆین کـە تـا ئێسـتا لـە گەڵمانـە و ئـەو دۆڵ و ئـەو دۆڵ لـە گـەڵ خۆماندا دەیگێڕین، من ڕووم لە باوکم کردو ووتم، باوە، تۆ دەبێ بەیانی ئـەو سەربازە بدەیتە دەس ئێمە و چارێکی بۆ بدۆزینەوە، دڵنیابـە کارێـك ناکـەین

تـۆ پێـت نـاخۆش بـێ، هـەروەها دەبـێ بـیرش لـەوە بکەینـەوە، ڕێگایـەك بدۆزینەوە کە تـۆش بڕۆیتـەوە بـۆ شـار، منداڵەکان بدۆزیتـەوە و ئاگـات لێیـان بێ.

باوکم وتی : ئێوە ماندون جارێ بخەون، خواکەریمە هەتا بەیانی.

بەیانی هەر وەکوو ڕۆژەکانی پێشوتر زوو لە خەو هەستاین، لـە گـەڵ سـابیر و شەوکەتا سەربازەکەمان برد و ڕۆیشتین، چارەیەکی گونجاومان بـۆی دۆزیـەوە و گەڕاینەوە، باوکم پرسی:

- چیتان لە عەسکرەکە کرد ؟!.

وتم : بردمـان هـەتا نزیکـی ڕەبیەکـەی خاڵخـاڵان، ڕەبیەکـەمان نیشـاندا و خۆشمـان لـە دوورەوە چـاوە دێرمـان دەکـرد، هـەتا نزیـك ڕەبیەکـە کەوتـەوە چاومان پێوەی بوو، ئیتر نازانین دوای ئەوە چی ڕویداوە.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ دوای نیوە ڕۆکەی دوو پیاوی هاوتەمەنی باوکم، کـە خزمـی ماڵە مەڕدارەکە وکوێخاکەی قەفار بـوون، دەچوونەوە بـۆ شـار، باوکیشـم بـوە هاوسەفەری ئەوان و لە گەڵ ئەو دوو پیاوەدا بەرەو شار بەڕی کەوتن.

ئەو دۆڵەی ئێمـەی لـێ بـوین، ببـوە ڕێـڕەوی پێشمەرگە و خـەڵکی قاچاغ لـە حکومەت، پێشمەرگەی هەموو لایەنەسیاسیەکانی عێراق و کوردستان بە بـەر لـوتی ئێمـەدا تێپـەڕدەبوون، ئیمـەش کـە تائێسـتا لـەم دۆڵانـە مابوینـەوە و نەڕۆیشـتبوین بـەرەو سـەرکردایەتی شۆڕشـەکەمان، هۆیەکـەی ئـەوەبوو، کـە سـوکە هیوایـەکمان بـەوە مـابوو، کـە سوپای ئـەنفال ناوچـەکانمان چۆڵکات و ژیان سەر لەنوێ دەس پێبکاتەوە، بەڵام بەڕۆیشتنمان بۆ ئەو دیـوی خاڵخاڵان و ئـەو حـاڵ و وەزعـەی کـە لـەوێ بینیمـان ئـەو سـوکە هیوایەشـی لامـان نەهێشـت، بۆیـە ئێمـەش بیرمـان لـەوە دەکـردەوە، کـە لـەم ڕۆژانـەدا بـەرەو

سەرکرایەتی شۆڕش بکەوینە ڕێ، سەرکردایەتی شۆڕش بارەگایان لە گوندی زیخان و خەتێ ی خۆشناوەتی دانابوو، حکومەتی بەعسی عێراق کە هێزەکانی خۆی لەم ناوچانە و وەك دەیانگوت، لەناوچەکانی شێخ بزێنی خوارووو و دەشتی کۆیە و هەولێر کێشابووەوە، هەموو ئەم هێزانەی لەسەر سەرکردایەتی شۆڕشەکە کۆکردبۆوە کە لە سنوری خۆشناوەتی جێگیر بوو.

ڕۆژانە دەیان کاروانی پێشمەرگە و چەکداری لایەنە سیاسیەکانی عێراق و کوردستانمان دەبینی کە بە بەر ئەو دۆڵەدا تێدەپەڕین ئێمە بنەمان تیا خست بوو، پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و چەکدارەکانی حزبی دەعوەی اسلامی، کە ئال حکیمەکان سەرکردایەتیان دەکرد و پێشمەرگەکانی پارتی، ئەمانە دەستەو تاقمی بچوك بچوك بوون، تەواوی سنورەکە لە ژێر حوکم و قەڵەم ڕەوی هێزەکانی ئێمەدا بوون کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرکردایەتی دەکرد، ئەم هێز و تاقمانەش بە ئیجازەی یەکێتی لەم سنورانە جەولەیان دەکرد، هەروەك چۆن هێزەکانی یەکێتیش بە ئیجازەی پارتی لە سنوری بادینان جەولەیان دەکرد، ئەمە ڕێکەوتنێك بوو لەنێوان هەردوو سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی ئمزا کرابوو.

بۆ مێژوو دەیڵێم، بەرپرسەکانی ئێمە لە سنوری کرکوك هیچیان لە ئاستی بەر پرسیارێتیدانەبوون، هیچیان نەیانتوانی ئەو هێزانەی کە ئەوان فەرماندەییان دەکرد لە هەڵوەشان و لێك دابڕان بپارێزن، هەمویان خۆیان لە هێزەکانیان دەشاردەوە، جا هەربیانویەکیان هەبوبێ بۆ ئەم کارەیان، گرینگ نەیانتوانی سەرکردایەتی پێشمەرگەکان بکەن لەوەها تەنگانەیەکدا، هەر ئەوبێ سەرکردایەتی کردنە بوو وای کرد، سەدان پێشمەرگە لەو شیوو دۆڵانە سەرگەردان بسوڕێتەوە و دواترش بەناچاری تەسلیم بە ڕژێم ببنەوە، دەیان

لەو پێشمەرگانە کوژران و چەندین پێشمەرگەش بە دیلی کەوتنە دەست دووژمن.
ڕەنگە بەس دەستەکەی ئێمە لەبەر یەك هەڵنەوەشایین، ئێمەش هەموو هاوڕیی یەکتری بوین و بە هاوڕێەتی یەکمان گرتبوو، هیچ کەسێکمان بەر پرسی دەستەکەنەبوین، بەڵام هەمیشە ڕاوێژمان بەیەکتر دەکرد و گوێیمان لە یەکتر دەگرت.
نازانم چۆن چۆن، بەڵام بیستبوم ڕێبوار گەیشتۆتە ئەم سنورە، ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە ئێمە بدۆزێتەوە، من پێم وابوو مامۆستا عزیز و مامۆستا ئازایشی لە گەڵدایە، ئەم دوو برایە دوو مامۆستای شۆڕش بوون، دواتر عزیز بوو بە پێشمەرگە و ئازادیش هەر بە مامۆستایی مایەوە.
لە دوای تێکچوونی کفتوگۆی نێوان شۆڕش و ڕژێم لە ساڵی نۆسەد و هەشتاو پێنج، حکومەتی عێراق دەرگای هەموو خوێندگەکانی لە سنوری دەسەڵاتی شۆڕش داخست و مامۆستاکانیشی کێشایەوە بۆ شارەکانی کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدابون، شۆرش بۆ ئەوەی پڕۆسیسی خوێندن نەوەستێ، خەڵکانی خوێندەوار و دڵسۆزی دەکردە مامۆستای خوێندنگە داخراوەکان، ئەم دوو برایەش لەو خەڵکە تێکۆشەر و خوێندەوارە بوون و بە خۆ بەخش وانەیان بە مناڵانی گوندەکان دەگوتەوە.
منیش مەبەستم بوو ئەم هاوڕیانەم بدۆزمەوە، ئەگەر لە گەڵ ئێمەدا بونایە پارێزراوتر دەبوون.
ئێستا دوای نیوەڕۆیە، ئێمە لە یەك دوو کونە شاخی قایم خۆمان پەنا داوە، خوارمانەوە دۆڵێکە، لە ناوەندی ئەم دۆڵە بچوك و هەندێك تەنگە گۆمێك ئاوی ڕوونی لێیە، کە وا لە پیاو دەکات، جارجارە مەیلی بچێتە مەلە

کردن، یەك دوو جار بیری ئەوەم بۆهات بچم مەلەیەك لەو گۆمە ئاوە ڕوونـە بکـەم، بـەڵام دوایـی وازم لـە بـیری مەلـە کـردن هێنـا، کوڕێـك ئـەمڕۆ هـاتبوە لامـان، پێشـتر ئـەم کـوڕە لـەلایان کـەرتێکی پێشـمەرگەی سـنوری گوندەکـەی ئەوانـەوە لـە سـەر کێشـەیەکی بچـوکی سـادە بەنـد کرابـوو، ئـەو کـوڕە نـاوی نەعمان بـوو، حـەزی دەکـرد لـە گـەڵ ئێمـەدا بمێنێتـەوە، ئێمـەش ڕێمانـدا لـە گەڵمان بێ، من دوای ئەوەی وازم لە بیری مەلە کـردن هێنـا، دەمویسـت شـیوو دۆڵەکانی ئـەم نزیکانـە بگـەڕێم بـە دوای ڕێبـوار و هاوڕێکانی دیکەمـدا، پـێم خـۆش بـوو بـێ تـاخم و تفـەنگ ئـەم گەڕانـە بکـەم، بـڕوام وابـوو، ئاوهـا سوکەلەتردەبم بۆ گەڕان و کەمتر ماندوو دەبم، تاخم و تفەنگەکـەم لای کـاکم محمد دانا و پێمگوت : من زۆرم پێ ناچێ، تۆش ئاگات لـە اسماعیـل بـرام بـێ، نەهێڵی بچێ لەو گۆمە مەلە بکات، من دەمویست بەڕێکەوم، ئەو کوڕەی ناوی نەعمان بوو، ووتی، منیش لە گەڵتا دێـم، ئـەو جلێکـی کـوردی ڕەشـی لەبـەردا بوو، بـەڵام جلـەکانی مـن خـاکی و پێشـمەرگانەبوو، پێکـەوە لـە گـەڵ نـەعمان کەوتینـەڕێ، هەنـدێك لـە کـون و کەلەبـەری ئـەو دۆڵـەمان پشـکنی، نـەعمان گلەیی ئەوەی دەکرد، کە گوایە کێشەکەی ئەم بچوك بوە و نـەدەبوو لـە پـێش چاوی خـەڵکی گوندەکـەی ئـەم بەنـد بکـرێ و ئـاا لـەم وردە گلەییانـە، منـیش سەرم داخستبوو گوێم بـۆ گلەییـە سادەکانی ئـەو گرتبـوو، لـە پـڕا دوو هـەلی کۆپتـەرمان لێ دەرکەوت، کە زۆر بەنزمی و ڕێك بە ناو دۆڵەکـەدا دەهـاتن، تـا کۆپتەرەکان نەگەیشتنە سەرسەرمان نە ئاگاداربوین و نە گوێشمان لـە دەنگـی کۆپتـەرەکان بـوو، دووکۆپتـەری ڕەش، ئەوەنـدە بـە نزمـی دەفـڕین بـە نـاو دۆڵەکەدا، ئەگەر سایەق یان تەقەکەری کۆپتەرەکـەت پێشـتر دیتبوایـە، ئێسـتا زۆر بـە ئاسـانی دەمـان ناسـینەوە، ئێمـە لـەم کاتـەدا بـە هـەورازێکی ڕوتەنـدا

سەردەکەوتین، کۆپتەرەکان کە گەیشنە سەر ئێمە و ئێمەیان بینی، گیانمان بەوە بوو، ڕووی ڕەشاشی کۆپتەرەکان لە دەستی لای ئێمەوە نەبوو، کۆپتەرەکان بە خێرایی سوڕانەوە بۆ ئەوەی تەقە لە ئێمە بکەن، لەو ماوە کورتەدا، ئێمە هەریەکەو بەلایەکدا هەڵاتین، نە من ئاگام لە نەعمان ما و نە ئەویش ئاگای لە من و گلەییەکانی ما، من بن گەوەڕە شاخێکم بە دی کرد، خێرا خۆم خستە بن گەوەڕەشاخەکەوە، ئەم بن گەوەڕە شاخە لە تەقەی کۆپتەرەکە نەیدەپاراستم، بۆیە زۆر بەخێرایی چاوم بەدوای شوێنێکی قایم تردا گێڕا، کونە شاخێکم بەدی کرد کە لەبن گا بەردێکی گەورەدا بوو، بە خۆمم گووت : خۆم دەخەمە ئەو کونە شاخەوە، ئەگەر کوون بوو ئەوە دەچمە ناوی و ئەگەریش کوون نەبوو، ئەوە لێرەبم یان لەوێ کۆپتەرەکە هەر دەم کوژێ، بە خێرایی خۆم فڕێدایە ناو کوونەکەوە، کونەکە، کونێکی زۆر گەورەبو لە ژێر گابەردێکی زەبەلاحابوو کە ساروخش نەیدەبڕی، کە بە توندی خۆم خستە ناو کوونە شاخەکەوە، سەیرەکەم، ڕێبوار و پێشمەرگەیەکی تر کە ناوی بێستون بوو، لە ناو ئەو کوونە شاخەدابوون، لەم کاتەدا کۆپتەرەکان گەیشتنە سەرمان و بە ڕەشاشەکانیان تەقەیان لە کون وکەلەبەری ئەو ناوە کرد، من کە چەکم پێ نەبوو، تفەنەگی ئەو پێشمەرگەیەم وەرگرت کە ناوی بێستون بوو، بۆیە تفەنگەکیم لێ وەرگرت، چونکە من کەوتبومە سەر کونی شاخەکە و دەرەوەم لێ دیاربوو، ئەوەی لێ دەترساین ئەوەبوو، سەربازەکانی ناو کۆپتەرەکە بە پەڕەشوت بۆمان بێنەخوارەوە، کۆپتەرەکان یەك دوو جار هاتن و چوون و ئەو ناوەیان دابێژا، بەڵام تەقەی کۆپتەرەکان هیچ کارێکی لە ئێمە نەدەکرد، ئێمە شوێنمان زۆر قایم بوو، دوای دەس ڕێژی یەکەمی کۆپتەرەکان، کە کەمتر لە دوو خولەك

دەبوو، من بانگی نەعمانم کرد، دوو سێ جار بە دنگی بەرز، هاوارم کرد، نەعمان، نەعمان، نەعمان وەڵامی بانگەکەی منی دایەوە و گوتی، کە شوێنی من زۆر قایمە و خەمی ئەوم نەبێ.

کۆپتەرەکان چەند جارێکی تر بەسەرماندا خولانەوە و دەسرێژی تەقەیان لێ کردین، بەڵام هیچ سودی نەبوو، پاش ماوەیەك کەنازانم چەندی خایاند، کۆپتەرەکانش فڕین و لە ئێمە دوور کەوتنەوە.

بەم جۆرە من ڕێبوارم بینیەوە بەڵام بێ مامۆستا عزیز و ئازاد بوو.

ئەم دۆڵ و شیوانە بەکەڵکی ژیان و مانەوە نەمابون، هەم خۆراکی تێدا نەبوو هەم دەوڵەت بە ئاوەدانی دۆڵەکەی زانی بوو، ئیتر شتێکیش نەمابوو ئێمە چاوەڕیی بکەین، بۆیە بڕیارماندا، بەرەو شێخ بزێنی خوارووو بچین.

بۆ ڕۆژی دواتر، بە شەو لە جادەی قیری نێوان ڕێدار - تەق تەق پەڕینەوە، ئەو ڕۆژە لە پەنا و پەسێویی لێوار زێ خۆمان پەنادا، بۆ شەوەکەی بە کەڵەکێك کە هی پیاوێکی خەڵکی ناوچەکەبوو، سەری بە چوار دینار لە ئاوی زێ پەڕاندمانیەوە ، یەکەم گوندی کە لەو بەری ئاوی زێ پێی گەیشتین گوندی سێ گرتکان بو، سێ گرتکان گوندێکی گەورە بو، بەڵام ئەنفال ئەو گوندەشی کاول خاپور کردبوو، شەو لە دۆڵێکی تەنگی پشتی گوندی سێ گردکان خەوتین، ئێمە شارەزای ئەم سنورە نەبوین، بەڵام دەمانزانی جەیش و جاش لە هەموو سنوری دەشتی هەولێر نەماوە و حکومەت هەموو هێزەکانی لەم سنورانە کێشاوەتەوە، یان بۆ ئەنفالی سنوری بادینان بردوونی یان لەسەرسەرکردایەتی شۆڕش هێزەکانی کۆکردۆتەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە بەڕێوە بوین، لای ئێوار گەیشتینە شوێنێك، کانی و ئاوێکی لێ بوو، دوو سێ داری سەوزی گەورە سێبەرێکی فێنکیان لە

کانی و ئاوەکە کرد بوو، ئەم شوێنە خوار گونـدی قەمبـەرەوە بـوو لـە دەشـتی هەولێر، لە بن ئەو دار و لەسەر ئەو کانی و ئاوە بارگەو بنەمان خست، بـەڵام بارگەی ئێمە ئەم جارە تـەنیا ئـەو شـتانەبوو کـە بـە کۆڵی خۆمانـەوە بـوون، وەك پێشتر کەر و وڵاغمان پێ نەبوو.

بۆ بەیانی بارگەمان گواستەوە بۆ دۆڵێکی خوار کـانی و ئاوەکـە، شـوێنەکەمان بن ڕەوەزە شاخێکی قایم بوو، هەم ئاو و سێبەری هەبوو هەم بۆ ئـەوە دەبـوو خۆمان لە هێرشی ئاسمانی لە ناکاو بپـارێزین، لێـرە پێشمەرگە و تـاك وتـەرا خەڵکیش دەبیندران، خەڵك لێرە بە پێ دەچونە ئۆردگای بنەسڵاوە، کە ئێمە لەبەر نەشارەزاییمان، نەماندەزانی بنەسڵاوە چیەو و نە دەمـانزانی کەوتۆتـە کوێوە، بەڵام لە عەسر بـەدواوە خـەڵکێکی زۆرمـان دەبـینی بـەرەو بنەسـڵاوە دەکەوتنە ڕێ، دوایی تێیگەیشتین، بنەسڵاوە ئۆردوگایەکـە لـە نزیـك هـەولێر، ئـەم ئۆردوگایـە هێـزی دەوڵـەتی تێدایـە، بـەڵام سـنورەکانی ئـەم ئۆردوگایـە ، پێشـــمەرگەو خـــەڵکی قاچـــاخ دەتـــوان بەشـــەو بچـــنە نـــاو ئۆردوگاکـــەوە، پێداویستیەکانی خۆیان دابین بکەن یان کەس و کاریان ببین و پاشان بێنـەوە ئەم هەردو شیوو دۆڵانە.

ئێمە نەکەس و کارمان لەوێ هەبوو نەشـارەزای ڕێگـەو بـانی ناوچـەکە بـوین، بۆیە بیرمان لەوە نەکردەوە بچینە بنەسڵاوە، بەڵام سابیر عوبێـد ڕۆیشـت بـۆ بنەسڵاو، من داوام لە سابیر کرد، ئەگەر بـۆی کـرا هـەواڵیکی بـاوك و دایکـم و خوشکەکانم بپرسێ، لە گەڵ سابیر خزمایەتی لە نێوانماندا هەبوو، کـچ خـاڵی دایکـم خێزانـی سـابیر بـوو، بـەو هۆیـەوە دەکـرا کـەس و کارمـان ئاگایـان لـە یەکتری هەبێ و هەواڵی یەکتر بزانن.

به سابیرم گووت : ئەگەر باوکمت بینی یان هەواڵت زانی، پێی بڵێ، هەوڵبدەن جنسیەی نفوسی اسماعیل برام دەربهێنن و ئەگەر تۆبۆت کرا و گەڕایتەوە لە گەڵ خۆت بیهێنە، اسماعیل برام لەدایك بوی نۆ سەد خەفتا و یەك بوو وهێشتا ناوی بۆ سەربازی نەهاتبوو، بەڵام نفوسەکەی اسماعیل لە گوندی گردخەبەر جێمابوو، ئەگەر اسماعیل برام پێناسی پێ بوایە، دەکرا بگەڕێتەوە شار و لە گەڵ باوکم و ئەواندا بژێت، لە مەترسی ئێرە و لەم ژیانە سەختەش ڕزگاری دەبوو، سابیر ڕۆیشت، بە دوای ئەو دا، شەوکەتیش ڕۆیشت، شەوکەت تەنیا یەك شەو لە بنەسلاوە مابۆوە، بەڵام ئیتر نەگەڕایەوە لای ئێمە و لە ئێمە دابڕا، شەوکەت سەربەستی بینی بوو، سەربەست کە لە بنەڕەتدا ناوی لوقمان بوو، جێگری فەرماندەی تیپی بیست وپێنجی خاڵخالان بو، ئیتر حاکم شەوکەت و ڕەمزی برای لە گروپەکەی ئێمە دابڕان چوونە پاڵ ئەوان.

هەرچەندە ئێمە پێمان خۆش بوو، ئەگەر شەوکەتیش نەگەڕێتەوە، بەڵام ڕەمزی هەر لەگەڵ ئێمەدا بمێنێتەوە، ڕەمزی کوڕێکی ڕوح سوك و بێ دەنگ بوو، من هیچ کاتێك لە اسماعیل برام جیام نەدەکردەوە، هەروەها ڕەمزی لای ئارام و شەماڵش خۆشەویست بوو، ڕەمزیش هاوڕێیەتی ئێمەی پێ خۆش بوو، بەڵام نەدەکرا لە براگەورەکەی جیابێتەوە .

پێش دابڕانی ئەم هاوڕێیانەمان، حوسێن هەیبەیی و براکەشی لە ئێمە دابڕابوون.

ئێمە ئێستا دەستەکەمان ئەمانە بوین، شەمال، ئارام، محمد برام، ڕێبوار، دکتۆر جمال، اسماعیل برام و من.

ماوەیەکی باش لە سنوری دەشتی هەولێر و لە هەڵەتی گوندی قەمبەر مابنەوە، مانەوەکەمان زیاتر بە هۆی نەشارەزاییمانەوە بوو، بۆ گەیشتن بە سەرکردایەتی شۆڕش دەبوو، هەموو ناوچەی دەشتی هەولێر ببڕین و بگەینە، دەشتی کۆیە، لە دەشتی کۆیەوە لە جادەی نێوان کۆیە - هەولێر بپەڕینەوە، کە ئەو جادەیە زۆر مەترسی داربوو، خەڵك و شارەزای سنورەکەش نەیاندەتوانی بە ئاسانی لەو جادەیە بپەڕنەوە، دەیان پێشمەرگە کەوتبونە بۆسەی دووژنەوە لەسەر ئەو جادەیە، بۆیە نەدەکرا ئێمەش بە نەشارەزایی مل بنەیین بەو مەترسیەوە، زۆر هەواڵی جێی پەرینەوەی جادەکەمان لە شارەزاکانی ئەو سنورە دەپرسی، هەمویان یەك قسەیان دەکرد، ئەویش ئەوەبو : پەڕینەوە لەو جادەیە و لەم کاتەدا زۆرمەترسیدارە.

ڕادێۆیەکی بچکۆلەمان پێ بوو، لە کاتی پەخشی ئیزاعەکەمان ڕادێۆکەمان دەکردەوە، بەو هۆیەوە ئاگاداری هەواڵ و دەنگوباسەکان دەبوین، شەڕ لە کوێیە و لە کوێ دوژمن شکا و دوژمن هێرش بۆ کوێ دەکات، ئەو شەوە لە ناو بەرنامەکانی پەخشی ڕادێۆکەماندا، بانگەوازێکی بۆ ئێمەش تیابوو، ئەمە جاری دوەم بوو سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێی ڕادێۆوە بانگەوازی بۆ ئێمە، پێشمەرگەکانی تیپی خاڵخاڵان بڵاو دەکردەوە، جاری یەکەم سەرکردایەتی داوای کردبوو، بەپەلە هەموو تیپ پەیوەندی بکەین بە مەڵبەندی سێ وە لە بالیسان، ئەو کات لە گەڵ کاك سەربەست، کە جێگری فەرماندەی تیپ بوو قسەمان کرد، سەربەست وەلامی ڕوونی نەداینەوە، بەوەی بەدەم بانگەوازەکەوە دەچین یان نا، بەلام بانگەوازی ئەم شەو جیاوازتربوو لە جاری پێشوو، بانگە وازەکەی ئەم شەوی ئیزاعەکەمان، داوای دەکرد، پێشمەرگەکانی تیپی بیست وپێنجی خاڵخاڵان، پەیوەندی نەکەن بە جێگری

فەرمانـدەی تیپەکەیانـەوە، پەیوەنـدی بکـەن بـە سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە لـە دۆڵی بالیسان.

ئێمە وەك التزامێکی ئەخلاقی و هاوڕێیەتی، چووین بۆلای کاك سەربەست و لە ناوەڕۆکی بانگەوازەکە ئاگادارمـان کـردەوە، ئـەویش گـوێی لـە بانگەوازەکـە ببوو، پێمانی گووت:

ئێوە خۆتان سەربەستن لەوەی کە چی دەکەن.

ئێمە داوامان لێ کرد، بێت لەگەڵماندا و هـەمووکان پێکـەوە بـڕۆین بـەرەو سـەرکردایەتی، بـەڵام ئـەو سوپاسـی ئێمـەی کـرد کـە ڕەچـاوی هاوڕێیـەتی نێوانمـان کـردوە و دووبـارە خۆمـانی سەربەسـت کـردەوە، لـە نێـوانی چـون و نەچونمان بە دەم بانگەوازەکەوە.

بۆ ڕۆژی دوەم، لە ڕۆژانی پێشووتر لە خەوهەستاین و خۆمان کۆکردەوە و بەرەو سەرکردایەتی و دۆڵی بالیسان کەوتینە ڕێ،

هەر چەندە بارو دۆخی جادەکە نەگۆڕابوو، بەڵام ئێمە بڕیامان وابـوو، بـە هەر جۆرێك بێ دەبێ، بڕۆیین و پەیوەندی بکەین بـە سـەرکردایەتیەوە، ئـەو ڕۆژە هەتا عەسر بەڕیوە بوین، لای عەسر گەیشتینە گوندی گۆپتەپەی نزیك شـاری کۆیـە، لـە ڕێـی هاتنمـان تۆشـی بێسـتانێکی تـرۆزی بـوین، هەنـدین لـە ترۆزی بێستانەکەم ڕنـی، هەنـدێکمان لـە ترۆزیەکـە خـواردوو هەندێگیشـمان خستە کۆڵە پشتەکانمانەوە.

لە بەرزاییەکانی پشتی گوندی گۆپتەپە بـوین، دوو سێ پێشـمەرگەمان بـینی، هـی دەشـتی هـەولێر بـون، پێیەچـوو ئـەوانش تـازە گەیشـتبنە ئێـرە، هـەواڵی ڕێگەو شوێنی پەڕینەوەمان لەوانیش پرسی.

له دورەوە ڕێیەکەیان نیشان داین، دوو داری گەورەی نزیک جادەکەیان وەك نیشانەیەك پێ گوتین، کە دەبوو ئێمە لای دەستی چەپی دوو دارەکەوە لە جادە بپەڕینەوە.
دونیا هێشتا عەسر بوو، هاتینە ناو گوندی گۆپتەپە و لە ئاوایی دەرچوین، لە نزماییەکی ژوور ئاواییەوە هاوڕێکانمان جێ هێشت.
شەماڵ و من پێش هاوڕێکانمان بەڕێ کەوتین، دەمانویست بە چاوی ڕوونـاك سـەرجادەکە ببینین، بۆ ئەوەی هەر بۆسەیەك یان جم و جوڵێك هەبێ ببینین و نەکەوینە بۆسە و تەپکەی دوژمنەوە، لە گەل شەماڵا ئەوەندە چوینە پێش ڕوەو جادە کە ڕێکە ماوەی داین، لە چالاییەك وەستاین و ئیتر پێشمان تەختایی بوو هەتا سەر جادەکە، لەوێ بە وردی لە جادەکەمان ڕوانی، هیچ جموجوڵێکی دوژمنان بەدی نەکرد کە نیشانەی بۆسە دانانی پێوە دیاربێ، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو، بچین بە شوێن هاوڕێکانی دیکەشماندا و بکەوینە ڕێ، من گەڕامەوە بە شوێن هاوڕێکانمانا، هەتا گەیشتینەوە ئەو شوێنەی لە گەڵ شەماڵا پێکەوە لێی دانشتبوین، کە ئەو نەدەبوو لەو شوێنە هەستێ هەتا ئێمەش دەگەین، کاتێك ئێمە گەیشتینەوە هەمان شوێن، شەماڵ لەو شوێنە نەمابوو !!، من بە هاوڕێکانم گوت : من و شەماڵ لێرە بوین، بڕیارمان وابوو شەماڵ لێرە نەجولێ هەتا من دێم بە شوێن ئێوەدا و دەگەینەوە لای، ئێ بڕواش ناکەم شەماڵ بەم زەویە تەختەیا و بە پێش چاوی دوژمنا چوبێتە سەر جادە.
نەماندەزانی چی بکەین !، ناچار کەوتینە بانگ مردنی شەماڵ، چەند جارێك لە سەر یەك و بە دەنگی بەرز بانگی شەماڵمان کرد، لە بانگەبانگی ئێمە، ڕەبیەکان کە لەسەرجادەکە و نزیکی شوێنی پەڕینەوەکامان بون، بە

ئاگا هاتن و کەوتنـە تەقـە کـردن لێمـان، فیشـەکیان بـەو شـوێنانەوە دەنـا کـە ئێمە لێیەوە بانگی شەماڵمان دەکرد، زۆرمـان بـانگ کـرد، لـە کۆتاییـا، شـەماڵ وەڵامی بانگەکانی ئێمەی دایەوە، بەڵام لـە نزیـك یـەکێك لـە ڕەبیـەکانی سـەر جادەکەوە وەڵامی داینـەوە، تەقـەی جاشـەکانی نـاو ڕەبیەکـە زیـاتربوو، بـەڵام ئێمە هەر کۆڵمـان نـەدا لـە بـانگ کردنـی شـەماڵ، هـەتا بـە ئاراسـتەی دەنـگ، شەماڵ هاتەوە لامان.

بە شەماڵم گووت : تۆ بۆوات کرد، ئەی بڕیارنەبوو توو لەوێ نـەجولێی هـەتا ئێمە دەگەینە لات ؟!.

شەماڵ ووتی : من ویستم هەتا ئیوە دێن، من بچمە سـەرجادەکە، بـەڵام ئـیتر ڕێم لێ هەڵەبوو، ئاوهاوە ڕۆیشتم.

ئـەمیش دەردی نەشـارەزایی، هەرچـۆنێك بـوو، سـەرەڕایی ئاشـکرا بونمـان لـە چـەکداری نـاو ڕەبیەکانـەوە، بـەڵام هـەر سـوربوین لـە سـەر پەڕینـەوە لـە جادەکە، تەقـەی زۆرمـان لـێ کـرا، تەنانـەت گولەیـەکی هاونیشیان پێوەنـاین، بـەلام ئیمـە هـەر کۆڵمـان نـەدا و بـەرە و جادەکـە پێشـڕەویمان کـرد، دوان، سیانێکمان پێمان هەلگرت و هەندێك کەوتینە پێش.

دونیا بە تەوای تاریك ببوو، ئێمەش خێرا ڕیمـان دەکـرد، گەیشـتینە لای دارە گـەورەکان و بـە دەسـتە چـەپی دارەکانـا چـوینە سـەر جـادە، هـیچ بۆسـەیەك لەسـەر جادەکـە نـەبوو، کەسـیش لـە سـەر جادەکـە تەقـەی لـێ نـەکردین، هاوڕێکانی دیکەشمان بە دواماندا گەیشتنە سەر جادەکە و هەموو پێکـەوە لـە جادە پڕ مەترسیەکە پەڕینەوە.

کە لە جادەکە پەڕینەوە، کەوتینە بناری چیای بـاواجی، گەیشـتینە یەکـەمین ڕەوەزە شـاخی بـاواجی، محمـد بـرام و ئـارام لـەبن ڕەوەزە شـاخەکەیا سـەر و

جگـەرەیان داگیرسـاند، منـیش کـە ئـەوانم بـینی جگـەرەکانی دەسـتیان سـور دەچووەوە، منیش حەزم چوە جگەرە و جگەرەیـەکم داگیرساند، هێشتا تـاك و تەرا دەنگی تەقـەی هـەوایی دەهات کـە ڕەبیـەکانی سـەر جادەکـە، بـە هـەوادا دەیان تەقاند.

ئێمـە چـەند دڵ خـۆش و ئاسـودەبوین کـە بەسـەلامەتی ئـەم ڕێیـە پـر مەترسـیەمان بڕیبـوو، سـەد ئەوەنـدەش مانـدو و برسـیی بـوین، زۆرش تونیمان بوو، هیچ ئاوێکمان لەو شاخە پێ نەدەزانی، بەڵام ئەو ترۆزیەی کە لە ڕێگادا ڕنیبومان و ئێستاش هەندێکی کەمی لـە کۆڵـە پشتەکانماندا مـابوو، زۆر سـودمان لێـی بـینی، ترۆزیەکـە هـەم بـۆ تـوینێتی بـاش بـوو هـەم بـۆ برسێتیش، لـە کۆڵـە پشتەکانماندا هـەر یەکـە و دوو سێ نانـە سـاجیمان پێ مابوو، بەڵام لە بەر تونێتی زیاتر نەماندەوێرا نانەساجیەکان بخۆین.

ڕەوەزە شاخەکەمان جێ هێشت و کەوتینە ناو قـوڵایی شـاخی باواجیـەوە، بـە هـۆی نەشارەزاییمانەوە یـەك دوو جار ئـەو تولـە ڕێیـەمان لـێ وون بـوو کـە دەمانی گەیاندە سەرشـاخەکە، هـەر چۆنێك و دوای مانـدووبونێکی زۆر تۆڵـە ڕێیەکەمان دیتەوە، ئـەو شـەوە، ئـارام لـە هـەمووومان نـا ئـارامتر و مانـدووتر بـوو، دوای زیـاتر لـە دەمـژمێرێك گەیشـتینە سـەر شـاخی بـاواجی، بـەڵام ئەوەندە ماندوو بوین، توانای ئەوەمان نەمابو یەك هەنگاوی تر ڕێگە بکەین، هەتا بڵێی توینوشمان بوو.

بـێ هـیچ ڕێکـەوتنێکی پـێش وەختـە، هەریەکـەوە لـە ئاسـت خۆمانـەوە درێـژبوین، کاتێـك بـە ئاگـا هاتینـەوە خـۆر تـەواوێك بـەرز بـوو، خۆمـان کۆکردەوە و هەستاین، کاتێك ویستمان بکەوینەڕێ، کانیـەك ئاومـان بـینی کـە چەند هەنگاوێکی کەم لەو جێیەوە دووربو کە لێی خـەوتبوین، چـوینە سـەر

کانیەکە، تێر ئاومان خواردەوە و دەست و دەم وچاوان شۆرد و کەوتینـە ڕێ بـەرەو گونـدی سێ نـان لـە دۆڵـی سماقولی، ناوچـەکە ئـازادبوو، هـەر کاتێـك بتویستایە دەتوانی ڕێبکـەیت، نـەدەنگی کۆپتـەر دەهات و نـە هێـزی جاش و جەیشیش لەو ناوە هەبوو.

پـێش نیـوەڕۆ گەیشـتینە سـەر ڕووبـارە ئاوێـك لـە گونـدی سێ نـان، ڕێبـوار سـنجاقێکی کـردە قـولاب و کەوتـە ڕاوە ماسـی ، هەنـدێك ماسـی ورد بـە قولابەکەوە بوون، نیوەڕۆ هەر لەسـەر ئـەو ڕوبـارە نـانی نیوەڕۆمـان خـوارد و دوای نیـوە ڕۆ کەوتینـە ڕێ بـەرەو گونـدی سمـاقولی گرتـك و پاشـان بـە شـاخەکەی پشتی سماقولیا هەڵگـەڕاین، بۆئێـوارە پـێش مـەغریب گەیشـتینە شارۆچکەی هیران،

ئـەو شـەوە لـە هیران و لـە بارەگایـەکی پێشمەرگە ماینـەوە کـە شـاخەوان عبـاس بەرپرسـیان، سـەرەتا زۆر بەگـەرمی بـە خێرهاتنیـان کـردین و بـە خۆشحاڵیەوە وەریان گرتین، دوای مانگێك و شانزە ڕۆژ، ئـەو شـەوە یەکـەمین شەو بوو، کە بـە بێ ئیشکگر و بـە ئاسودەیی خـەوتین، بـەیانی بـە ئـارەزوی خۆمان لە خەو هەستاین، ئێمە ئەگەردە ڕۆژیش بخەوتینایە هێشتا ماندوێتی لەشمان دەرنەدەچوو.

ئێوارە پێش خەوتن شاخەوان عباس هـات گـووتی، سبەی میـوانی ئێمـەن، گۆلکێکتان بۆ سەردەبڕین، دەزانین ئێوە زۆر ماندون.

بەڵام بۆ بـەیانی شـتەکان گۆڕان، هـەر شـاخەوان خـۆی هاتـەوە بـۆ لامـان، دانشتوو ووتی:

-برادەران، ئێمە شەو بە جیهاز پەیوەندیمان بە سەرکردایەتیەوە کرد و هەواڵی گەیشتنی ئێوەمان بە ئەوان دا، ئەوانش، واتە سەرکردایەتی، وتیان زوو بەڕێیان بکەن با بێن بۆ لای ئێمە.

شاخەوان ووتی : ئێمە بە ئۆتۆمبێل هەتا نزیکی گوندی کوونەفلوسە دەتان بەین، ئێستا برادەرانی سەرکردایەتی لەوێ چاوەڕوانی ئێوە دەکەن.

دوای ئەم قسانەی شاخەوان عەباس، ئێمە بە ئۆتۆمبێلی ئەوان کەوتینەڕێ بەرەو کوونەفلوسە، ئەوەندەی ڕێی ئۆتۆمبێل هەبوو بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشتین وکە ڕێی ئۆنۆمبێلیش نەما، بە پێ شاخی هەورێمان بڕی و بۆ ئێوارە پێش مەغریب گەیشتینە لای هەڤاڵانی سەرکردایەتی لە گوندی خەتێ.

بە گەیشتنمان خێرا هەواڵیاندایە برادەرانی سەرکردایەتی، ملازم عومر و کۆسرەت رەسوڵ کە هەردوکیان ئەندام مەکتەب سیاسی بوون و سەرکردایەتی شەڕەکانیان دەکرد لەوێ

بە خۆشحاڵیەوە پێشوازیان لێ کردین و بە گەرمی وەریان گرتین.

ئێمە یەکەمین مەفرەزەی پێشمەرگەی خاڵخاڵان بوین، گەیشتینە لای سەرکردایەتی.

هەر ئەو کاتەو هەر بە پێوە، ئەو دوو هەڤاڵە هەندێك قسەیان لەگەڵ کردین و ملازم عومر ووتی : ئێمە دەزانین ئێوە چەند ماندون و چەند لە زەحمەتیا بوونە، بە خێربێن سەر چاوانمان، ئێوە ماوەیەك لای ئێمە بمێننەوە میوانی ئێمە بن.

ژورێکیان لە نزیك خۆیانەوە داپێمان و وتیان ئێوە تەنیا، بخەون و بخۆن، هەتا تەواو دەحەسێنەوە، نە ئیشك بگرن و نە بەهیچ لایەکدا بڕۆن.

ئێمەش سوپاسی هەڵوێستیانمان کرد و چووینە ئەو ژورەی بۆیان تەرخان کردبوین.

کاتێک پێشمەرگەکانی ئەویمان بینی ئنجا تێگەیشتین، خۆمان چەند ماندوو چلکنین، هەمومان سەر و ریشمان هاتبوو، ئەوەندە برسیمان ببوو، ئەوەندە نانەساجیمان خواردبوو، هەموو دەم وچاومان قوپابوو.

دواتر کە پێشمەرگەکانی ئەو بارەگایە ببون بە هاوڕێمان، دەیانگوت:

-سەرەتا کە ئێوە هاتن، ئێمە لێتان ترساین، دەتگووت، اصحاب الكهفن و تازە لە ئەشکەوتەکەوە دەرچوونە.

هەفتەیەك تا دە رۆژ میوانی ئەو هەڤاڵانەی سەرکردایەتی بوین، بە تەواوی حەساینەوە، ڕیشمان تاشی و خۆمان شۆرد، پێڵاوی نوێیان بۆ هێناین، ئەوبڕە پارەیەی کە چەند مانگ جارێك ئەدرا بە پێشمەرگە، ملازم عومر داوای لێ کردین لیستێکی ناوەکانمانی بۆبکەین، بۆ ئەوەی ئەو بڕە پاریەمان بۆ سەرف بکات، لیستێکمان کرد وبۆمان برد، ملازم عومر بڕیاریدا بڕەپارەی سێ مانگمان بەسەر یەکەوە بدرێتێ، هەر مانگی بۆ هەریەکەمان پەنجا دیناری دیاری کردبوو، ئەمەش بۆ ئێستامان پارەیەکی زۆر بوو، هەرچەندە ئێمە لەو شاخ کێوانە ئەوەندە پێویستمان بە پارە نەبوو، بەڵام وەك باوکم دەیگوت، پارە ڕەفیقە.

بۆ ئەوەی نەبین بە میوانێکی ڕەزا گران، ڕۆژێك خۆمان داوامان کرد ئەگەر شوێنێك هەیە و پێویستی بە پێشمەرگەیە، ئەوا ئێمە حەساوینەتەوە و ئامادەین بۆ هەر شوێنێك بچین، وەك مەحوی شاعیر لە دێرە شیعرێکی دا دەڵێ:

دەبێ عاشق کە دی بێزارە یاری، بێ بڕۆ، بڕوات..

هەر چەندە ئێمە هیچ بێزاریەکمان لە هیچ کەسێك نەبینی، بەڵام وامان بەباشتر زانی، کاك کۆسرەت ناوی چەند تیپێکی پێشمەرگەی دیاری کرد و خۆمانی سەر پشك کرد، کە دەچینە لای کام لەم تیپانە، ئێمەش داوامان کرد بچینە لای تیپی بیست ویەکی کرکوك کە پێشتر تیپی خۆمان بوو، فەرماندە و پێشمەرگەکانیشی هەموو لە هاوڕێ دێرینەکانی خۆمانن، تیپی بیست ویەك کە بارەگای تیپ لە گوندی شیرێ بوو، سیروان کوێخا نەجم فەرماندەی تیپ بوو، لەگەڵ سیروان لە ڕەحیماوەش هەرهاوڕێی گەرەك بوین.

سوپاسی هەڤاڵانی سەرکردایەتیمان کرد و ئەوانمان جێ هێشت و بەرەو گوندی شیرێ بەڕێ کەوتین، لە ڕێگای چوونمان، توشی حاکم شەوکەت و ڕەمزی برای و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە بوین کە تازە دەگەیشتنە ئەم سنورە، هەندێك پێکەوە دانشتین و ئێمە خۆشحاڵی خۆمان دەربڕی بە سەلامەتی گەیشتنیان، شەوکەت نامەیەکی دایە دەستم، لە سابیر عوبیدەوە بۆمن نوسرابوو، سابیر لە نامەکەیدا باسی ژیانی کرد بوو لە بنەسلاوە، بۆ هەواڵی ماڵ باوکم، هەواڵی ئەوانشی تیا نوسی بوو، بەڵام بۆ جنسیەکەی اسماعیل، نوسیبوی باوکت خۆشی تا ئێستا بێ جنسیە دەگەڕێ.

سابیر دوای ڕۆیشتنی ئێمە لە ناوچەکە، هاتبووەوە زۆر بە شوێن ئێمەدا گەڕابوو، ئێمەی نەدۆزیبۆوە، شەوکەت و ئەوانی بینی بوو، ئەم نامەیەی بەواندا بۆ ناردبوین، سابیر خاوەنی بەڵێن بوو، ئەو کە ڕۆیشتەوە بۆ بنەسلاوە، وتی مردن نەبێ هەر دێمەوە بۆ لاتان و ئەوەندەی هەواڵی ماڵەوەشم دەسکەوێ هەواڵتان بۆدێنمەوە، هەرواش بوو.

پێش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی شیرێ، شیرێ هێشتا ئاوەدانی تێدامابو، پێشمەرگەکان لە دەرەوەی گوندەکە و لە ژێر سێبەری داربەڕوەکاندا بنکەو

بارەگایـــان خســـت بـــوو، هەنـــدێك پێشـــمەرگەش لـــە نـــاو مەزگـــەوتی گوندەکـەدابوون، شـیرێ ئەکەوێتـە بنـاری شـاخی ماکۆکـەوە، هـەوارازێکی سەختی هەیە پێی دەڵێن، هەوارزی شیرێ، ڕێگایـەکی پـان و خـۆش بـۆ سـەری شیرێت دەبا، بەڵام ڕێگاکەی زۆر هـەوارازە، ئـەڵێن :پیاوێکی شاری کـە کـەمتر شـاخ و گونـدی بـینی بـوو، کـەپێان گـووت بـوو، ڕێیـەك هەیـە لـەم گونـدەوە دەچێتە سەر شاخ، کابرای شاری تـەلاقی خواردبـوو کـە ڕێ نیـە خـەڵکی ئـەم گوندە بگەێنێتە سەرئەو شاخە.

چـیرۆکێك هەیـە لێـرە باسـی سـەردەمی فتوحـاتی ئـسلام دەگێڕێتـەوە، چـیرۆکەکە دەمـاو دەم خـەڵکی بـۆ یـەکتری دەگێڕێتـەوە، ئـەڵێن : کاتێـك لەشکری اسلام بە سەرکردایەتی خالدی کوری وەلید و سعدی کـوری وقـاص و قـەقاع ناوێك هێرش دەکەنـە سـەر ناوچـەی خۆشـناوەتی، لـەو سـەردەمەیدا، میرێـك بـە نـاوی مـیر ئـەنگورێ، میرایـەتی لـەم سـنورەدا دەکـات، کاتێـك لەشـــکرەکەی اســـلام قاصـــید دەنێرنـــەلای مـــیر ئـــەنگورێ و داوای خـــۆ بەدەستەوەدانی لێ دەکەن، میر پیاوێکی مێردەبێ غیرەتـی ڕێگـەی نـادا هـەروا بـە ئاسـانی مەملەکەتەکـەی ڕادەسـتی ئـەو قەومـەبکات کـە لـە عەربستانەوە هێرشیان بۆ سەر دەسەڵاتەکەی هێناوە، میر بە قاصیدەکە دەڵێ، ئێـوە چیتان لـە ئێمـە دەوێ، بۆچـی هاتونەسـەر مـەم لەکـەتی ئێمـە ؟!، قاصـید، دەڵـێ، گەورەی من کەناوی خالیدە، دەیەوێ ئێوەبکات بە اسلام و دەبێ ئێوە لـە ژێـر بەیداخی اسلامدا ژیان بکەن.

میر دەڵێ، ئێمە خودا دەپەرستین و ئـاینی خۆمـان هەیـە و ئـەوتا دەبیـنن، پەرستگای خودا پەرستیمان هەیـە و خـودای پەرسـتی تێـدا دەکـەین، بـڕۆ بـە گەورەکەت بڵێ، بچێتەوە بۆ مەملەکەتی خۆی و لە ئێمە دورکەوێتەوە.

لەپاش ئەم کفتووگۆیە، قاصیدی خالد دەگەڕێتەوە بۆ لای خالد، پاش چەند ڕۆژێك لەشكری اسلام هێرش دەكەنە سەر ئەم ناوچەیە، شەڕێكی توند و خوێناوی بەرپا دەبێ، لەشكری اسلامە عەرەبەكان گەلێك زۆر دەبن، دوای چەند ڕۆژێكی تر لە شەڕی خوێناوی، لەشكری میر ئەنگوریێ دەشكێنن و دەس دەكەن بە كوشت و كوشتار و تالآن كردنی سەروەت و سامانی ناوچەكە، دلێن، اسلامە عەرەبەكان، ژنەكانیان بەدیل دەگرت و پیاوەكانیان سەردەبڕی، لەم شەڕەدا میر ئەنگوریێ خۆشی دەكوژرێ، ژنی میر ئەنگوریێ بە چەند سوارێكەوە خۆی لەم شاخانە قایم دەكات، ژنی میر هەوڵدەدات، هەمو ئەو جەنگاوەرانەی لە دەستی لەشكری عەرەبە اسلامەكان هەلآتون خۆیان گەیاندۆتە ئەم شاخانە، ئەوانیش كۆدەكاتەوە، ژنی میر ئەنگوریێ، چل جەنگاوری ئازا و چاپك كۆدەكاتەوە و لە پڕا هێرش دەكاتە سەر عەرەبە اسلامەكان و شەڕێكی ئازایانەیان لە گەڵدا دەكات، هەتا ژنی میر وهەر چل جەنگاوەرە هاوڕێكەی دەكوژرێن.

ئێستا، گۆری ژنەكەی میرئەنگوریێ و گۆڕی عەرەبە اسلامەكانی كە بەدەستی لەشكرەكەی ژنی میر كوژراون، لە نزیك یەكترن، ئێستا خەڵك دێن، زیارەتی گۆری عەرەبە اسلامەكان دەكەن و حەوت بەردش دەگرنە، گۆڕی ژنی میر ئەنگوریێ و پێی

دەڵێن، كچە كافرە !.

ئێستاش دۆڵێك هەیە لە خۆشناوەتی، پێی دەڵێن، دۆڵی ئەنگوریێ.

دوای نان خواردنی نیوەڕۆ لە گەڵ كاك سیروان، قسەمان كرد، ئەو بەگەرمی بەخێرهاتنی ئێمەی كرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی كە بەسەلامەتی دەرچوین وگەیشتوینەتە ئێرە، پاشان داوای لێمان كرد، بچینە

سەر شاخی ماکۆك، لە قوتەی کلاوی دێوانە کە دەڕوانێتە سەر گوندی هەرتەل، ئیشك بگرین.

لە دوای قسەکانمان سیروان گوتی : ئەو ئوتۆمبێلە وازەی ئێوە گرتبوتان و لە ناو چەمەکە شاردبوتانەوە، من چوپی ناو تایەکانیم دەرکرد و لە ئاوی زێ پێی پەڕینەوە.

ئێمەش پێکەنین و دەس خۆشیمان لێ کرد.

چەند شەو و ڕۆژێك لە کلاوی دێوانە ماینەوە و پاشان گەڕاینەوە گوندی شیرێ، ئەوەندەی نەبرد، هاوڕێکانمان کە سالێك پێش ئێستا چبوون بۆ بادینان وردە وردە گەیشتنەوە لامان، هێرشی ئەنفال بادینانشی گرتبۆوە و هەموو سنوری بادینان کەوتبوە دەستی حکومەتی عێراق و سوپای ئەنفال.

جوتیاریش ، گەیشتەوە لامان لە شیرێ، جوتیار یەکێك بوو لە هاوڕێکانی شار و سەردەمی منداڵیمان، خۆشحاڵبوین بە گەڕانەوەی و ماوەیەکی زۆر لە شیرێ پێکەوە بوین، من و جوتیار جگەلە هاوڕێی گەڕەك و پێشمەرگایەتی، هاوڕێی زیندانیش بوین.

دوای ماوەیەك مانەوەمان لە شیرێ، ڕۆیشتین بۆ مەلەکان، مەلەکان دەکەوتە سەر چیای کاروخ، ئێمە دەستەکەی خۆمان، بارەگامان لە کانی کەنێردانا و هەاوڕییانی تیپی بیست ویەکیش لە سەرچاوەی مەلەکان جێگیربوون.

هەردی و ڕزگارعلی لە بادینانەوە گەڕابونەوە و چەندین پێشمەرگەی دیکەشمان بۆ دەستەکەمان زیاد ببوو، لە دەستەیەکی هەشت نۆ کەسیەوە ببوین بە کەرتێکی سی، سی وپێنج کەسی.

ئێمە لە کانی کەنێر بوین، عەسرانێك ئاسۆی برای شەهید دکتۆر حمیدم بینی، بینینی ئاسۆ لەو شوێن کاتەدا زۆر سەیربوو بەلامەوە، بینینی ئاسۆ

بۆمن هەم خۆشحاڵی و هەم جێی سەر سوڕمان بوو، داوام لێ کرد لای ئێمە بمێنێتەوە، ئەو شەوە ئاسۆ لای ئێمەلە کانی کەنێر مایەوە، هەواڵی ماڵیانم پرسی، ئاسۆ ووتی، ماڵمان لە هەولێرە، لەخانوەکانی نسیج، ڕستن وچنین، نیشتە جێین، هەرچەندە من هیچم لێی نەپرسی، بەڵام لەوە حاڵی بوم، ئاسۆ بەکاری نهێنی و تایبەت لە شارەوە هاتوە بۆلای سەرکردایەتی شۆڕش.

پێنج سەد دینارم دا بە ئاسۆو پێم گووت: بەتەواوی نازانم ماڵ باوکم لە کوێن، بەڵام ئەگەر هەولبدەیت بیاندۆزیتەوە و ئەم پارەیەیان بدەیتێ، زۆرباشەبێ.

ئەو شەوە زۆر قسەو باسمان کرد لە گەڵ ئاسۆ، بۆ بەیانی ئەو لە شارۆچکەی ڕانیەوە گەڕایەوە بۆ هەولێر.

هێشتا لە کانی کەنێربوین لە ناو شاخی کاروخ، هەندێك پێشمەرگەی تیپی بیست ویەك، بە بەردەم ئێمەیا تێپەڕین بەرەو سەرچاوەی مەلەکان دەڕۆیشتن، یەکێك لەو پێشمەرگانە سەرتیپ حەساری بوو، سەرتیپ ڕادیۆیەکی بەدەستەوە بوو، کە ئێمەی بینی ووتی:

-برادەران، ئەوە شەڕی عێراق – ئێرانش وەستا.

ئەم هەواڵە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، ئەمە مەعنای ئەوەبوو، حکومەتی بەعس ئەو هێزە زەبەلاحەی بۆ شەڕی عێراق – ئێران دروستی کردبوو، کە بە هەموو جۆرە چەکێکی مۆدیرن پڕ چەك کرابوون، دەس بە تاڵەبێ و ئەو هێزە لەسەر ئێمە کۆدەکاتەوە، ئەم هەواڵە هەمووومانی پەشۆکاند.

بۆ کەسێك کە سەربازە ولە بەرەکانی جەنگە، ئەمە هەواڵێکی خۆشە و ئەبێتە هۆی شادی و ئاهەنگ گێڕان، بەڵام بۆ ئێمە و بۆ کورد بە گشتی ئەبێتە دڵتەنگی و ترسێکی گەورە.

سەرتیپ حەساری هەر بەدەم ڕێوە قەسەکانی کرد و هەواڵەکەی داینێ، بەڵام ئەم هەواڵە بوبە جێی گفتووگۆی زۆر لە نێومان.

دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ئاگاداردار کراینەوە، خۆمان ئامادەکەین، هێزەکەی ئێمە دەچینە گوندی گەرەوانی خواروو، گەرەوان دەکەوێتە نزیک شاری ڕەواندوزەوە، ڕەواندوزی وەستا ڕەجەب، ڕەواندوزی پاشای کۆرە و خانزادی سۆران، میرمحمد، پاشای کۆرە و خانزادی سۆران لەم شارەوە میرایەتی میرنشینەکەیاندەکرد،

لای عەسرێکی درەنگ و بەماندویێتی گەیشتینە تەنگە شاخەکەی سەروی گەرەوان، لە گەڵ کاك ڕزگار پێکەوە ڕێمان دەکرد و هێشتا مابومان بۆ تەنگە شاخەکە، تۆپ بارانی دووژمن دەستی پێکرد، لورەی چەند گولە تۆپێك هات ونزیك ئێمە بە عەرد دەکەوتن، وردە وردە تۆپ بارانەکە زیاتردەبوو، هەمو گولە تۆپەکانش لە ناو ئەو دۆڵە و دەورو بەری ئەو ڕێگایەی دەدا کە ئێمە پێدا دەهاتینە خوارەوە، گەیشتینە ناو تەنگە شاخێك کە لای دەستی چەپمانەوە شاخێکی بەرز بوو، لەو ناوە ئەو شاخە بەرزە ئەشکەوتێکی گەورەی تیابوو، گولە تۆپەکان لە پشتی شاخەکەوە دەهاتن و لە ناو دۆڵەکە زرمەیان دەهات، گولە تۆپێك لە شاخی بەرامبەر ئەشکەوتەکەی دابوو، پارچەیك لە گولە تۆپەکە گەڕابوەو لە ناو ئەو ئەشکەوتەدا پێشمەرگەیەکی شەهید کردبوو، ئێمە گەیشتین، هێشتا تەپ وتۆزی کولە تۆپەکە نەڕەوی بۆوە و تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکەش لە ئەشکەوتەکە دەرنەهێندرابوو، تەرمی خوێناوی پێشمەرگەکەمان لە ئەشکەوتەکە دەرهێنا، پێشمەرگە شەهیدەکە پێشمەرگەی ئەو هێزەبوو کە ئێمە دەمان گۆڕین.

ئەمە پێشوازیەکی ناخۆش بوو بۆ ئێمە، بەهەرحاڵ، ئێمە شوێنی ئەوانمان گرتەوە و ئەوانش، خۆیان کۆکردەوە و تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکەیان خستە سەرشان ئەو ناوەیان چۆڵکرد.

ئێمەش دوای ڕۆیشتنی ئەوان، هێزەکەمان دابەشکرد بە سەر شاخ وقوتە و تەپۆلەکەکان و ئەو شوێنانەی پێش ئێمە پێشمەرگەی لێ جێگیرکرابوو، .

ئەو شەوەی ئێمە لەوێ جێگیربوین هیچ هێرشێکی دوژمن نەکرایە سەرمان، بۆ عەسری ڕۆژی دواتر، فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق، کە لە جۆری سیخۆی بوون، هاتنە سەرمان و بە ڕوکێتی کیمایی هێرشیان کردە سەرمان، ئێمە هیچ زیانێکمان بەر نەکەوت لەو بۆردومانە کیمایەدا، بەڵام چەند پێشمەرگەیەك لە بەرامبەر ئێمەبوون، بە بەری چیای هندرێنەوە، توشی ڕشانەوە و سوربونەوەی چاویان ببون، ئەو پێشمەرگانە، پێشمەرگەی تیپی بیست ویەکی کرکوك بوون.

دوای عەسرێکی درەنگ و پێش مەغریب، ئەو پێشمەرگەیە هات کە بە هێستڕێك خواردنی بۆمان دەهێنا، لە گەڵ ئەو خواردنەی کە بۆمانی هێنابوو، کاغزێکیشی پێ بوو بۆ من، بروسکەیەك بوو لە جیهازەکەوە بۆ من نێردرابوو، لەو کاغزەدا، داواکرابوو، من بگەڕیمەوە بۆ سەرچاوەی مەلەکان، بۆ کاری پێویست.

من و ئەو پێشمەرگەیەی کە هێسترەکەی پێبو پێکەوە هاتینەوە بۆ سەرچاوەی مەلەکان، هۆی گەڕانەوەم پرسی، ووتیان،

- کەس و کارت هاتونە بۆلات، لە گوندی گوڵان چاوەڕیت دەکەن.

ئەمە هەواڵێکی خۆش بوو لە ناو هەموو ناخۆشیەکاندا، کەواتە هەموو باش و سەلامەتن، گەڕامەوە کانی کەنێر، کاکم محمد و اسماعیل برام لە عەسرەوە ڕۆیشتبوون بۆ لای ماڵەوەمان، منیش بە پەلە کەوتمە ڕێ.

شەوێکی درەنگ گەیشتمە گوندی گوڵان، تماشام کرد هەموویان هاتون، دایکم و باوکم و خوشکەکانم بە گشتی لەوێن، لە ماڵێك لایاندا بوو، کابرایەکی بەتەمەن بوو، ناوی حاجی محمد بوو.

ماوەیەك بوو، خەڵکی زۆر لە کەس وکاری پێشمەرگە لە شاری ڕانیەوە، بە دۆڵی شاوڕێدا دەهاتنە دیدەنی کور و برا پێشمەرگەکانیان، ئەو دۆڵە بە دەس کورەکانی هەباسا غاوە بوو، مامنداغا و سواراغا و ئەوانی تر، کورەکانی هەباساغا چەکداری حکومەت بوون، بەڵام هەمیشە پێیەکیان لە ناو شۆڕش و لەگەڵ شۆڕش بوون، حکومەتیش بۆ ئەوان کێشەی دروست نەدەکرد و ئەو ڕێیەی بۆ هاتوچۆ کردبۆوە، کەس وکاری پێشمەرگەش دەیانتوانی لەو ڕییەوە بە ئاسانی بێ کێشە بێنە لای، کوڕ و مێردە پێشمەرگەکانیان، لەو ماوەیەدا بەسەدان، ژن سەردانی پیاوەکانیان کرد، لە گوندی گوڵان، ڕاوێژ و تەکبیریان دەکرد، چی بکەن و چی نەکەن، یان دایك و باوکی پێشمەرگە دەهاتن و کوڕەکانیان دەبینی و بێ سەرئێشە دەگەڕانەوە.

کەس وکاری ئێمەش هاتبون و لەوێ، لە گوڵان بەیەکترشاد بوینەوە.

ئەو شەوە پێکەوە، لە مەیدانێکی چۆڵ و تەختایی ماڵ حاجی محمد خەوتین، بۆ بەیانی کە دەبوو باوکم و ئەوان بڕۆنەوە، باوکم وەك هەمیشە، بابەتێکی دەگوتەوە ولێی بێزار نەدەوبوو، ئەویش ئەوە بوو، دەیویست ژنێك بۆ من بێنێ.

من بە پێکەنیەوە بە باوکم گووت:

-باوە گیان ئێستا کەی وەختی ژن هێنانە حەیاتم، خەڵك ژن خۆی لێ بەڵایە.
باوکم زۆر لەسەرخۆ ووتی:
-بۆ وەختی ژن هێنان نیە ؟!، ئەوەتا من لە دوێنێوە لێرەم، چەندین پێشمەرگەم دیوە، ژنەکانیان هاتوون بۆلایان و پێکەوە بەرەو دیوی ئێران ڕۆیشتونە.
باوکم ڕاستی دەکرد، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دابوو، لەماوەیەکی نزیکدا هەموو هێزەکانی بکێشێتەوە سەر سنوری ئێران، ئەوە ماوەیەکیش دەبێ ڕیگەی داوە، هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە ژنیان هەیە و خێزاندارن، بە ژن و خێزانەوە بڕۆنە دیوی ئێران، بۆئاسانکاریش، نوسراوێك بۆ ئەو پێشمەرگانە دەکات، کە بە خێزانەوە دەچنە دیوی ئێران و بڕیکش پارەیان دەداتێ، سەرکردایەتی شۆڕش ئەو کاغزەی دەیدا بە پێشمەرگە خێزاندارەکان، کە دەچوونە دیوی ئێران، مۆری فەرمی لێدەدا و لەوێ، لە سەرسنور نوێنەری یەکێتی و نمایندەی ئێران، نوسراوەکیان لێ وەردەگرتن و کاغزێکی دیکەیان دەداپێیان، کە نمایندەی ئێران کاغزەکەی بە مۆری فەرمی ئێرانی مۆر دەکرد، بەو کاغزە ئێرانیەیان دەگوت ( برگەی تردد ).
ئیتر ئەو کەسەی ئەو برگەی ترددەی پێ بوایە هیچ کەسێك دەستی نەدەخستەڕیی و ئازاد بوو، لە هەر شارێك لە شارەکانی ئێران نیشتەجێ بوایە.
زۆر لە هاوڕێکانمان نوسراوی سەرکردایەتیان وەرگرتبوو، بە ماڵ و خێزانەوە چبوونە ئێران.

باوکم زۆر دەمێك بوو، دەویست من ژن بێنم، زۆرجار بێ پرس و ئاگاداری خۆم، داخوازی کچی بۆم کردبوو، بەلاّم من نەدەچوومە ژێر باری حەزەکەی باوکم.

جارێك کە هێشتا لە گردخەبەربوین، بە باوکمم گووت : باوە توو بۆچی دەتەوێ ژن بۆ من بێنی وئەوەندە سوری لەسەر ئەوەی من ژن بێنم ؟!.

باوکم بە دەنگێکی مات، ووتی : توو دەکوژرێی، دەمەوێ پێش ئەوەی لە دەستم بچی ژنت بۆ بێنم.

ئێستاش ئەوەتا جارێکی تر باوکم، ئەم بابەتی ژن هێنانەی هاوردۆتەوە بەر باس.

به باوکمم گووت : باوە نازانم بلّیم چی !!.

باوکم ووتی : هیچ مەلّێ، من ئەمرۆ دەڕۆمەوە و ئێوارە، دەچمە لای حاجی محمد و داوای مرواری کچی لێ دەکەم بۆ توو.

چێشتەنگاوی ئەو ڕۆژە باوکم و هەموو منالّەکان گەڕانەوە بۆ هەولێر، هێشتا سواری ئەو جێبە نەببون کە دەیانی بردە ڕانیە، بە باوکمم گووت، باوە من بە ئاسۆیا، ئاسۆ کوڕەکەی حمەدەمین بارام، پێنج سەد دینارم بۆت ناردوە، ڕەنگە ئەو نەیتوانی بێ ئێوە بدۆزێتەوە، ئەو بەمنی گووت، مالّمان لە خانوەکانی نسیجە، لە هەولێر، ئەگەر مەجالت بوو، بچۆ سەردانیان بکە.

باوکم و ئەوان سواری ئۆتۆمبێلە جیبەکە بوون و بەرەو ڕانیە کەوتنەڕێ .

دوای گەرانەوەی مالّەوە، بە ڕیکەوت توشی کاك وریا ئاجەلەری بووم، کاك وریا هاودەمێکی باش بوو، هەمیشە باسی بابەتە تایبەتیەکانمان بۆ یەکترّدەکرد، باسی بابەتی ژن هێنانو و داواکەی باوکمم بۆ کاك وریا

گێڕایەوە، کاك وریا، لایەنگری قسەکانی باوکم بوو، ئەویش هانیدام ژن بێنم و لە گەڵ هاوڕێکانم بەرە و ئەو دیوو بڕۆم، کاك وریاش باسی ئەوەی کرد و ووتی:

-هەر چەند ڕۆژێکی ترە شۆڕش هەموو هێزەکانی دەباتە سەر سنوری ئێران، ئیتر ناتواندرێ شەڕی هێزەکانی دوڵەتی عێراق بکرێ وبەم شێوەیەی ئێستا، بەتایبەتی شەڕی نێوان عێراق – ئێرانیش وەستا، دوڵەتی عێراق هەموو هێزەکانی دەس بەتاڵ بوونە و ئەیناخاتە شەڕی ئێمەوە.

وریا ئاخجەلەری خۆشی، پڕۆسەیەکی ژن هێنانی بەدەستەوە بوو، دوای هەندێك هەواڵدان، گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەم هەولانەی بۆ ژن هێنان سەرکەوتونابێ، بۆیە وازی لێ هێنا.

بەلام بەردەوام هانی منی دەدا کە، ئەمە کاریکی باشە و سست مەبە لە ئەنجامدانی.

دوو ڕۆژ دواتر باوکم گەڕایەوە بۆ گوندی گولان، باوکم کەیف خۆش دیاربوو، باوکم ووتی:

-حاجی محمد هەندێك بە زەحمەت ڕازی بوە، بەلام هێشتا هەندێك کێشەی بچوك ماوە، ئەمڕۆ سبەی ئەویش چارەسەردەکەین، من بۆیە هاتم، هەتا پێت بلێم، کە تۆ نەڕۆیتەوە بۆ سەر شاخ و دەسمان نەکەویتەوە، هەر لێرە بمێنەوە، خوا یاربێ لەم یەك دوو ڕۆژەدا بە بوکەوە دێینەوە بۆلات.

باوکم باسی ئەوەشی کرد، کە چوە و ماڵ ئاسۆی برای شەهید دکتۆر حمیدی دۆزیوەتەوە، ئاسۆ پارەکەی دابوو بە باوکم، وەك ئاسۆ باسی کردبوو، زۆر هەوڵیداوە و گەڕاوە بە شوێن ماڵماندا بەلام نەیتوانیوە باوکم بدۆزێتەوە.

باوکم جارێکی تر گەڕایەوە بۆ هەولێر، دوو ڕۆژ پاش گەڕانەوەی باوکم، بەیانیەك لای چێشتەنگاو، مام حاجی محمد دەرکەوت، مرواریشی لەگەڵ بوو، من کە ئەوانم بینی، بە شەرمەوە بەرەو پیریان چووم، مام حاجی ، پیاوێکی ساخ وسەرڕاست بوو، هەندێکش تورە دیاربوو، بەڵام کە دەکەوتیە گفووگۆلە گەڵیدا، پیاوێکی قسە خۆش ونەرم ونیان بوو، لە ڕەحیماوە ماڵ ئەمان کۆلانێك لە پێش ماڵ ئێمەوە بوو.

من و مرواری پێشتر هیچ پەیوەندیەکی خۆشەویستی باس کراو، یان ڕاگەیندراو لە نێوانماندا نەبوو، بەڵام پەیوەندیەکی ڕووحی لە نێوانماندا هەبوو، یەك دوو ساڵ پێش ئێستا باسی ئەم بابەتە کرابوو، بەڵام لە بەر هەندێك کێشەی بچوك بابەتەکە دواخرابوو.

من کە بەرەو پیریان چووم، ئەوان تازە لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیبوون، جانتایەکی بچوکی کەل وپەلیان پێ بوو، من جانتاکەم بۆ هەلگرتن و بردیانم بۆ ماڵی خانەخوێکەمان، کابرای خانەخوێش، هەر ناوی حاجی محمد بوو.

گەیشتینە ماڵی خانەخوێکەمان، ئەمان دانشتن و ژنی خاوەن ماڵەکە ئاوی هێنان، دوای دانشتن و ئاو خواردنەوە مام حاجی ووتی : ئەی حوسێن نەگەیشتوە ؟.

منیش ووتم : نەوەڵا جارێ نەگەیشتوە، قەرارە ئەویش بێ ؟.

مام حاجی ووتی : بەڵێ، ئێستا ئەو لە ڕێیە، دیارە ئەوان درەنگ تر بەڕێ کەوتوون.

لەم قسانەدابوین، باوکم و ئەوانش گەیشتن، مام حاجی ووتی، نەمووت، ئێستا دەگەن.

ماڵ ئێمە بە گشتی هاتبوون، دایکم و هەموو خوشکەکانم،
بە گەیشتنیان قەرەباڵخی دروست بوو.
باوکم ڕووی لە مام حاجی کرد ووتی : حاجی توو لە ئێمە ئازاتر بوی.
مام حاجی ووتی. نا، ئێوەش ئازان، بەڵام ئێوە قەرباڵختربوون.
کە باوکم وئەوان گەیشتن من ئەرکم سوکتربوو، باوکم بە منی
گووت : بچم مەلایەك پەیدابکەم.

لە گەڵ کاك وریا هەموو گوندەکە گەڕاین، مەلامان دەس نەکەوت، بێ مەلا هاتینەوە، ئەمانش هەردوو لایان پەلەیان بوو دەبوو پێش نیوەڕۆ کارەکە جێ بەجێ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ شار، کاك وریا هاتە مجلیسەکەوە، هەندێك قسە و بابەتی گشتی بۆباسکردن.

کاتی نانی نیوەڕۆ بوو، هەر دولا نان و خواردنێکی زۆریان لە گەڵ خۆیان هێنا بوو، هەر زوو نانی نیوەڕۆ خورا، باوکم و مام حاجی چوونە ڕانیە، لە ڕانیە چبوونە مزگەوتی گەورە، لەوێ لە پەناوە مەلای مزگەوتەکەیان حاڵی کردبوو، بە وەکالەت ئێمەیان لە یەکتر مارە بڕی بوو، مەڵاکە بە دەست و قەڵەمی خۆی کازێکی بۆ ئێمە نوسی بوو، لە کاخزەکەدا ئەوە بەیان کرابوو، کە ئێمە بە شەرعی خودا و بە وەکالەتی باوکی هەر دوکمان، لە یەکتر مارەکراوین، مەلاکەی ڕانیە بۆمانی نوسیی بوو، ئێستا ئێوە حاڵاڵی یەکترن.
ئەوان گەڕانەوە بۆ شار وخواحافیزیمان لە یەکتر کرد،
کەس نەیدەزانی کەی یەکتر دەبینینەوە.
سواری ئۆتۆبێلێکی جێب بوون و ڕۆیشتن.
اسماعیل براشم لەگەڵیاندا ڕۆیشتەوە بۆ شار.

من و بۆكێ ماینەوە، منیش خێرا كەوتمە خۆ، هێسترێكی باشم بە كرێ گرت، دوو پەتوو كە پێشترلە سەرشاخەوە دامگرتبوو، خستمە سەر پشتی هێسترەكە، هەندێك خواردن بۆ ڕێگا و شتی پێویستی ترم كڕی، هەموو ئەو پیداویستیانەی كڕیبوم، خستمە هەگبەی سەر پشتی هێسترەكەوە، كاكم محمد گەڕایەوە بۆ سەرچاوەی مەلەكان، بڕیاربوو لەوێوە بچێت بۆ خەتێ، بۆ ئەوەی نوسرای ڕۆیشتنمان بۆ ئێران بۆ بێنێ و لە ڕێگا بگاتەوە پێمان.

عەسری ئەو ڕۆژە ١٦/ ٨/ ١٩٨٨، دەستەیەك لە هاورێكانمان بە خێزانەوە لە گوندی گوڵانەوە بەڕێ دەكەوتن بەرەو ئێران، ئەمە هەلێكی باش بوو بۆ من، منیش بڕیارمدا لە گەڵ ئەواندا بكەومەڕێ.

ئەو جادە قیرەی لە ڕانیەوە دەهات و دەچووە گوندی پڵینگان، لە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراقدا بوو، دەبوو بەشەو لەو جادەیە بپەڕینەوە.

دوای عەسر هەموو هاوسەفەرەكانمان ئامادەی ڕۆیشتن بوون، من و بووكەخانیش ئامادەببوین، كە كاروانەكمان كەوتەرێ. من بووكێم، خستە سەر پشتی هێسترەكەو خۆشم تفەنگەكەم كردەشانو هەموو پێكەوە بەرە و ئێران بەڕێكەوتین ..

# ئەلبومی وێنەکان



15 /10/ 1988 لەگەڵ هاوسەرەکەم، ئێران - پارکی سەقز



گوندی گوڵان -بناری چیای کاروخ ..



شەهیدان　سەید برایم　حاکم شەوکەت



عادل چیمەنی　عاسی حوسێن　ڕێبوار



عاسی حوسێن محمود



شەهید ئاسۆ



شەهید دلاوەر کوێخا شریف سەیدان



شەهید علی عاسمان



دکتۆر حمید



پەخشانی هاوسەری



ئارامگای شەهیدان، دکتۆر حمید و پەخشانی هاوسەری .

لە نێوان گۆری هەردوکیان، گۆڕی کوڕپەکەیانە کە دوای مەرگی دایکی ئەویش گیانی سپارد .




1.عادل فەقێ میرزایی 2.عەبدوڵا باوەفەتی 3. هیوا ڕەش 4. عاسی حوسێن .
5.ڕزگار کریم




ژمارە 3 لەناو ئەم وێنەیەدا، شەهید پشتیوان کوچك نەخشینەییە .
7.دلاوەرکوێخا شەریف، 9 سالح سەیدانی. ،



شەهید ئازاد هەورامی و هاوسەرەکەی



کۆبونەوەی هەڤاڵ مام جلال ، ئارمردە ، نێوان بانە - بلەکێ 1989



ئارام                    شەماڵ



شەهید   تاریق مەلا عی ( باپیرە)



هەڵگرتنی تەرمی پێشمەرگەیەکی شەهید، لەلایەن هاوڕێکانیەوە



کۆمەڵێك پێشمەرگە بە سواری تراکتۆر..

**سوپاس و پێزانین....**

١- **زۆر سوپاس و پێزانینم بۆ هاورێم رزگار سابیر حەساری، کە ئەرکی پێداچوونەوەو هەڵەچنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.**